# لەخۆرئاواوە

چەند باسێک دەربارەی ئەدەب و هونەری خۆرئاوا

بەرگی یەکەم

ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:

عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ)

٢٠٢١

ناوی کتێب: لەخۆرئاواوە، چەند باسێک دەربارەی
ئەدەب و هونەری خۆرئاوا - بەرگی یەکەم
بابەت: ئامادەکردن و وەرگێران
نووسەر: عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ)
دیزاین: فرمێسک موئەیەد
تایپ و هەڵەچنین: عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ)
تیراژ: ٥٠٠
چاپخانە: کوردستان
ساڵی چاپ: ٢٠٢١
لەچاپکراوەکانی ناوەندی هونەر و ئەدەبی کرێکاریی هانا
HANA هانا
ناوەندی هونەر و ئەدەبی کرێکاریی هانا
www.hana.se

مافی لەچاپدانەوەی ئەم کتێبە بۆ نووسەر عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ) پارێزراوە.

ئەم بەرهەمە پێشکەشە بەو ئینسانانەی کە لە تاریکایی جەهەنەمی کۆمەڵی بۆرژوازیدا، بەدوای تروسکاییەکدا وێڵن، تا بتوانن کاروانی ڕزگاریبەخشی بەشەرییەت بگەیێننە دوامەنزڵگا.

# پێڕست


١-پێشەکی نووسینی سلێمان قاسمیانی...............................ل٧

٢-لەبەرایی کتێبەکەوە.................................................ل٩

٣-هێلن ئادەمز نووسەری نابینای سۆشیالیستیی ئەمریکی................ل١٢

٤-(لوویز میشێل)ی شاعیررۆڵی شۆڕشگێرانەی لە (کۆمۆنەی پاریس)دا.....ل١٩

٥-جەنگ و بێرتۆڵد برێشت دوو ئایکۆنی سارد و گەرم .................ل٣٤

٦-پابلۆ نیرۆدا..ئەو شاعیرەی بۆ ژیان مرد!..............................ل٤٦

٧-هاینریش هاینە شاعیری ڕادیکاڵی کرێکاریی ئەڵمانی....................ل٥٦

٨-نیکۆلا ڤاپتزارۆف شاعیری مۆدێرن – ڕادیکاڵی کرێکاریی بولگاریا ...ل٦٥

٩-لەیادی سەد ساڵەی ئیعدامکردنی جۆ هیڵ...............................ل٧٢

١٠-ڤیکتۆر خاراشاعیر و هونەرمەندی شۆڕشگێڕی شیلی....................ل٨٣

١١-فلپ لیڤین ..دەنگی کرێکارانی ئەمریکا لە شیعر........................ل٩٣

١٢-میلێنا ئەو عەشقەی کافکا پێوەی دەتلایەوە کێ بوو؟ ................ل١٠٤

١٣-چارلز بیۆکۆڤسکی شاعیرێکی هەمیشە مەست ........................ل١١٣

١٤-ئێدگار ئاڵن پۆ شاعیرێک لەگەڵ خواردنەوەدا وەکووو دوانە وابوون...ل١٢٦

١٥-قوتابخانە شیعرییەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم لە ئەمریکا...ل١٣٨

١٦-مانیفێستی ئەدەبی کرێکارانی لەشفرۆش ...........................ل١٥٨

١٧-هایموندۆ ئەهودە سوبرینیو لەنێو خۆڵ و خاشاکەوە بەرەو ناو و ناوبانگ....ل١٦٨

١٨-ڕوانینێک لە بزووتنەوەی شانۆی نەیتیڤەکان لە کەنەدا..............ل١٧٤

١٩-سەرنجێکی خێرا لەسەر شانۆی ئەزموونگەری کرێکاران لە کەنەدا........ل٢٠١
٢٠-کلتوور و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان لە شانۆنامەی ١٥ چرکەی فرانسۆ
ئاغشەمبوو..................ل٢٢٤
٢١-تراژیدیای جەنگ لە شانۆگەری دڵی سەربازی دەیڤد فرێنچدا...........ل٢٤٢
٢٢-ئێدوارد ئەلبی بەردەرگای تۆنی بەرنادات...........................ل٢٧٠
٢٣-ها جین و ڕۆمان و زمانی ئینگلیزیی..................................ل٢٨٥
٢٤-دوو نووسەر و دوو خودکوژی فێرجینیا وۆڵف و سلڤیا پلات ...........ل٢٩١
٢٥-کێرڤی کاریگەری سۆشیالیزم لای دۆرتی لیڤسەی شاعیری کەنەدی.......ل٣٠٦
٢٦-فلز ویتلی پیتەرس یەکەمین ژنە شاعیری کۆیلە لەمێژووی ئەمریکا......ل٣٢٢
٢٧-پاشکۆ ئەستێرە سوورەکان............................................ل٣٣٤
٢٨-ئەناتۆلی لۆناشارسکی، ڕەخنەگری مارکسیستی ڕووسی ................ل٣٣٥
٢٩-ئالیکساندەر بۆگدانۆف، نووسەر و ڕۆشنبیری کرێکاریی ...............ل٣٣٩
٣٠-جان ڕید، ڕۆژنامەنووسی سۆشیالیست و شۆڕشگێڕی ئەمریکی ...........ل٣٤٥
٣١-ڕیچارد ڕایت، شاعیر و ڕۆماننووسی کۆمۆنیستی ئەمریکی................ل٣٥٢
٣٢-گرانڤڵ هیکس، نووسەر و ڕەخنەگری ئەدەبی مارکسیستیی...............ل٣٥٩
٣٣-تاکیجی کۆبایاشی، ڕۆماننووسی پرۆلیتاریای یابانی .................ل٣٦٤
٣٤-جان لەنن، هونەرمەندی شۆڕشگێڕ و کرێکاریی بەریتانی.................ل٣٧١
٣٥-لوویز براینت، ڕۆژنامەنووس و خەباتگێڕی سۆشیالیستی ئەمریکی ......ل٣٧٦

٣٦-ڕەیمەند هێنری ولیەمز، ڕۆماننووس و ڕەخنەگری مارکسیستی بەریتانی....ل٣٨٠
٣٧-گیورگی پلیخانۆڤ، نووسەر و ڕەخنەگری ئەدەبی مارکسیستی...........ل٣٨٤
٣٨-کێنت فیرینگ، شاعیر و ڕۆماننووسی مارکسیستی ئەمریکی ..........ل٣٨٩
٣٩-مایک گۆڵد، ڕۆماننووس و ڕەخنەگری ئەدەبی پرۆلیتاری ئەمریکی....ل٣٩٢
٤٠-تێری ئیگلتن، بیرمەند و ڕەخنەگری ئەدەبی مارکسیستی ...........ل٣٩٦
٤١-کلۆڤیس هوگس، شاعیری کۆمۆنەی پاریس.........................ل٤٠٢
٤٢-ئالیکساندەر تۆما، شاعیری شۆڕشگێڕ و مارکسیستی ڕۆمانیا...........ل٤٠٥
٤٣-مەکسیم گۆرکی، نووسەری کرێکاریی و باوکی ڕێبازە ڕیالیزمی سۆشیالیستی.......ل٤٠٧

# پێشەکی

ناوەندی هونەر و ئەدبی کرێکاریی هانا، خۆشحاڵە بە ئامادەبوونی بەرهەمێکی تازەی ئەدەبی لە لایەن نووسەر و شاعیری بە توانای کرێکاریی، عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ). کتێبی «لە خۆرئاواوە» بەرهەمێکی بەنرخە بۆ ناساندنی ٤٠ نووسەر و هونەرمەند لە وڵاتانی خۆرئاوا. زۆربەی هەرە زۆری ئەم نووسەرانە بە جۆرێک پەیوەستن بە چینی کرێکار و خەبات بۆ ژیانێکی ئینسانی و یەکسان. دیارە ئەم نووسەرانە سەرەڕای ئەم هاوبەشییە، جیاوازە زۆریشان هەیە هەم لە شێوەی نووسین و خولقاندنی بەرهەمی ئەدەبی و هونەری و هەم لە باری ئایدیولۆژی و هەم لە سەر بۆچوونیان بۆ خەبات و چۆنیەتی گۆڕانی کۆمەڵگە. ئەم کتێبە خۆی لەم کێشەیە نەداوە و نەچووەتە سەر باسی هەڵسەنگاندنی ئایدیولۆژیکی و سیاسی نووسەرانی ناوبراو و بەرهەمەکانیان بەڵکوو ناساندنێکی گشتییە و عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) زۆر بەکەمی بیر و بۆچوونی خۆی لە سەر نووسەرەکان و بەرهەمەکانیان خستووەتە ڕوو. ئەوەی ئێمە دەیخوێنینەوە، لە زۆربەی کاتدا، پێشکەشکردنی ئەو زانیارییە گشتییانەیە کە هەر کەس زمانێکی ڕۆژئاوایی بزانێ، دەتوانن بە گەڕانێک لە ئینتەرنێتدا ئاگاداری بێت. دیارە کە ئەو نووسینانە و ئەو زانیارییانەی لە سەر ئینتەرنیت (و لە دەرەوەی ئینتەرنێتیش) لە سەر نووسەر و هونەرمەند دەنووسرێ، بێ لایەن نییە و ڕەنگی ئاسۆ و جیهانبینی پێشکەشکارەکەی پێوەیە و بە مانایەک جۆرە نیگایەکە کە خوێنەر دەبێ لێی ئاگادار بکرێتەوە. ئەم لایەنە لەوانەیە وەکوو لایەنێکی لاوازە ئەم کتێبە بێت. دیارە

ئەگەر نووسەری «لە خۆرئاواوە» بیویستبایە ئەم پێداچوونەوە بکا بە سەر تێکستەکانی ئەم کتێبە لە سەر ٤٠ نووسەر و هونەرمەند، ئەوا بارستایی کتێبەکە دەگەیشتە چەند هێندەی ئێستا و زەمەنێکی ئێجگار گەورەتریشی دەویست تا ئامادە بکرێت و بخرێتە بەردەم خوێنەری کورد. ئەم کتێبە دەکرێ بە لانیکەمەوە وەکوو بەشێک لە ئەنسیکلۆپێدیایەک بێت بە کوردی لە سەر هەندێک لەو نووسەر و هونەرمەندانەی خۆرئاوا کە پەیوەستن بە هونەر و ئەدەبی کرێکاریی. لەم ڕوانگەوە ئەم بەرهەمە کارێکی زۆر بە نرخە و «ناوەندی هونەر و ئەدەبی کرێکاریی هانا» دەستخۆشانە دەکات لە عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) و هیواداری کاتێکی خۆشە بۆ خوێنەرانی ئەم بەرهەمە.

سلێمان قاسمیانی

٢٠٢١-٩-٢٠

# لە بەرایی کتێبەکەوە

پێشـەکی نووسـین بـۆ کتێبێکـی هەمەچەشـن و هەمەجـۆری وەک ئـەم کتێبـە، ئاسـان نییـە. ڕاستییەکەی؛ سـەرەتا ویستم بێ پێشـەکی ئـەم کتێبـە بەچـاپ بگەیێنـم، بـەڵام دواتـر هاتمـە سـەر ئـەو ڕایـەی کـە خوێندنـەوەی ئـەم کتێبـە؛ هەنـدێ پرسـیار دەورووژێنێـت کـە دەبێـت ڕۆشـناییان بخەمـە سـەر. سـەرەتا (ئامادەکـردن و وەرگێـران) یـان (نووسین و وەرگێـران) شتێکی زۆر کۆن نییـە لـە جیهانـی نووسـیندا، بەتایبەتـی لـە دونیـای نووسـینی کوردیـدا. ئـەم جـۆرە نووسـینە یـان بابەتـە؛ نـە وەرگێڕانـی بابەتێکـی دیاریکـراوە و نـە نووسـینێکی بابەتێکە لەلایەن ئامـادەکارەوە، بەڵکوو تێکەڵییەکە لە وەرگێران و ئینجا نووسین. بەواتایەکـی تـر؛ ئەمجۆرە بابەتانـە تێکەڵییەکن لـە خوێندنەوەی هەمەلایەنەی بابەتێکی دیاریکراو و کۆکردنەوەی زانیاری و ئینجـا وەرگێڕانـی ئیقتیباسـاتی پێویست بۆ بابەتەکە و دەوڵەمەنـد کردنـی. دیـارە لێـرەدا پرسـیاری ئـەوەش دێتـە پێشـەوە ئـەی ئـەوە دزینـی ئەدەبـی یـان پلاجیاریـزم نییە؟ بەبـڕوای من نەخێر، چونکە سـەرچاوەکان دیاریکـراون و ئاماژەیـان پێـدراوە. واتـە وەرگێرانـەکان و زانیارییـەکان بـە سـەرچاوە پشتڕاسـت کراونەتـەوە. ئەمـە ئـەو کۆدەیـە کە نووسـەران پشتیان پێبەسـتووە لـە نووسین و ئامادەکردنـی بابەتەکانیـان. ئەمـە خاڵـی جیاکـەرەوەی بابەتێکـی زانسـتی و پلاجیاریزمە. چونکە لـە پلاجیاریـزم ئامادەکارەکە دێت هەمـوو شت و زانیارییـەکان بەنـاوی خۆیـەوە وەکوو ئادیـای خۆی و زانیـاری خۆی دەنووسـێت و بـڵاو دەکاتـەوە، لەکاتێکـدا لـە بابەتـە زانسـتییەکە نووسـەر یـان ئامـادەکار دێت ئاماژە بـە نـاوی سـەرچاوەکان دەدات

و ژێدەر و پەراوێزە پێویستیان بۆ دەنووسێت. لە پلاجیاریزم بیرۆکە، تێڕوانین، توانا، سەلیقە، میزاج و مودی نووسەر دەدزرێت و بێرێزەیەکی زۆر بە خاوەن بابەتەکە یان نووسینەکە دەکرێت، لەکاتێکدا لە بابەتی ئامادەکردن و وەرگێراندا دوو خاڵی گرنگ لەبەرچاو دەگیرێت :
یەک: وەک سەرچاوە ناوی سوود لێوەرگیراو دەنووسرێت و ئاماژە بەناوی نووسەر و ناوی بابەتی دەست بۆ بردراو دەکرێت.
دوو: ئامادەکار هەوڵ دەدات جگە لە پەراوێز دانانی پێویست، بەرچاوڕوونی پێویستیش بەخوێنەر بدات، کە قسەکانی خۆی و قسەی وەرگیراو بەئاسانی بناسرێنەوە.
لەئەمڕۆی جیهانی تەکنەلۆژیدا و لەم سەردەمەی ئینتەرنێت، دزینی بابەت و دەستبردن بۆ ئەرک و نووسینی کەسانی دی تا بڵێی بەربڵاوە و کۆنترۆڵکردنیشی ئاسان نییە. بۆیە کارکردن بەئاراستەی پێچەوانەی ئەو دۆخە نەخوازراوەی دنیای ئینتەرنێت، ئەرکی نووسەرانی خاوەن ئیلتزام و هەڵگرانی بەرپرسیارێتین. نووسەرانێک کە دەیانەوێت دژ بەو بێمۆراڵییە بجەنگن، لەڕاستیدا کەسانێکنکە خۆیان بەخاوەن کێشەی مرۆڤایەتی دەزانن و نووسینەکانیشیان هەر لە هەمبەر مرۆڤایەتیدا دەنووسن.
دوای ئەم ڕوونکردنەوەیە پێمخۆشە ئاماژە بەو ڕاستییەش بکەم کە هیچ پلانێکی لەوەوپێش داڕێژراو لەنووسینی ئەم کتێبەدا لەئارادا نەبووە. بابەتەکانی ئەم کتێبە، جەنگ، خۆشەویستی، خواردنەوە، پەیوەندی کۆمەڵایەتی، تێکۆشانی چینایەتی، شیعر و شانۆ و تەنانەت کورتەی ژیاننامەی نووسەران و هونەرمەندان و ڕەخنەگرانی مارکسیستین، کە لە کاتی جیاجیا ئامادەکراون و نووسراون و زۆربەشیان لە گۆڤار

و ڕۆژنامەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستان لە پانزە ساڵی ڕابردوودا بڵاو بوونەتەوە. ئومێدەوارم بتوانم بە کۆکردنەوەی ئەم بابەتانە لەم کتێبە، جەستەی کەنەفتی ئەدەبی کوردی ڕابچڵەکێنم و بیرکردنەوەی خوێنەر بەرەو ئەو ئاراستەیە وەربچەرخێنم کە ئەدەب و هونەری ڕادیکاڵی، مەیدانێکی گرنگی خەباتە بەدرێژایی مێژووی کۆمەڵگەی چینایەتی کە بەپێی توانای خۆیان ڕۆڵیان گێڕاوە لە هۆشیارکردنەوەی خەڵک بە ئامانجە ئینسانییەکان. ئەم کتێبەش وەک هەوڵێکی بچووکی من هەر هەمان ئامانجی هەیە، ئەویش زەنگی وریاکردنەوەی خوێنەری کوردزمانە لە مەترسی لەدەستدانی سەلیقە و چێژ و بەهای ئیستاتیکیی ئەدەب و هونەر.

عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

ئایاری ٢٠٢١

لەخۆرئاواوە،
چەند باسێک دەربارەی ئەدەب و هونەری خۆرئاوا - بەرگی یەکەم

# هێلن ئادەمز کێللەر



## نووسەری نابینای سۆشیالیستیی ئەمریکی

هەستەکانی بینین و بیستن وەک دوو هەستی ئینسانیی، هۆکارێکن بۆ تێگەیشتن و کۆمیونیکەشن. یانی هۆکارێکن بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و مەعریفەی چواردەوری ئینسان. سەختە مرۆڤ بە بێ ئەو هەستانە بتوانێت گۆ بکات و ناوی شتەکان فێر ببێت، بەڵام ئەم سەختی و زەحمەتییەی دووچاری ئەم ژنە نووسەرە سۆشالیستە بۆتەوە، مایەی ڕامان و دواجاریش مایەی دەستگرتن و ئافەرینێکی گەورەیە کە نەک هەر توانی بەسەر ئەو گرفتە گەورەییەدا زاڵ ببێت، بەڵکوو توانی ببێتە ڕێنیشاندەری هەزاران کەسی تر کە بەهرەمەندن لەو هەستانە. هێلن بێ بیستن، توانای بیستنی چرپە و نەخشەکانی ستەمکارانی هەبوو و شیدەکردنەوەو هەروەها بەبێ بینین و بێ چاو، توانی ئەو شتە هەرە ورد و دیتەڵانە ببینێت کە چوار دەوری مرۆڤیان داوە و ئینسانیان کردۆتە کۆیلە. ئەو ژنە ئەمریکییەی کە توانی بیسەلمێنێت کە مرۆڤی خاوەن پێداویستی تایبەت نەک هەر مرۆڤێکی ئاساییە، بەڵکوو گەر هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و ئابووری و هەروەها ژینگەی تەندروستی بۆ بڕەخسێنرێت، دەتوانێت وەک هەر ئینسانێکی تر بەهرەکانی خۆی پەرە پێبدات و داهێنان بکات. هێلن ئادەمز کێللەری نووسەر و هەڵسوڕاوی سیاسی لە ٢٧ی حوزەیرانی ساڵی ١٨٨٠ لە ویلایەتی ئالاباما لەدایکبووە. لەتەمەنی نۆزدە مانگیدا بەهۆی نەخۆشییەوە هەستەکانی بینین و بیستن لەدەست دەدات. پاشان تا تەمەنی حەوت ساڵی هەر بە ئاماژە و زمانی جەستە وتوبێژی کردووە. لەتەمەنی حەوت ساڵیدا ئاشنا دەبێت بە ئانا سولێڤان کە فێری خوێندن و نووسینی دەکات. دوای چەند ساڵ

لە خوێندن و بڕینی قۆناغەکان بە سەرکەوتوویی، دەچێتە کۆلێژی ڕادکلیف لە زانکۆی هارڤەرد. هێلن لانی کەم تا ئەو کات یەکەمین کەسی نابینا بووە لەمێژوودا کە بەکالۆریۆس لە کۆلیژی هونەر بەدەست هێنابێت. ساڵی ١٩٢٨ تا ١٩٦٨ لە ڕێکخراوی نابینایانی ئەمریکا کاری کرد. هێلنی نووسەر چواردە کتێبی نووسی، لەگەڵ سەدان وتار و بابەت لەسەر گەلێ کێشە و ئاریشەی سیاسیی و کۆمەڵایەتی گرنگ. ناوی هەندێک لە کتێبەکانی هێلن:

یەک: بەسەرهاتی ژیانم ١٩٠٣

دوو: گەشبینی ١٩٠٣

سێ: ئەو جیهانەی تێیدا دەژیم ١٩٠٨

چوار: ئاینەکەم ١٩٢٧

پێنج: یاداشتەکانی هێلن کێڵلەر ١٩٣٨

شەش: دەرگای کراوە ١٩٥٧

حەوت: مامۆستا خاتوو ئانا سولڤیان

هەشت: هێلن کێللەر لە سکۆتلاند

نۆ: با باوەڕدار بین

هێلن کێللەر نزیک بە ٥٠٠ وتار و بابەت و کۆڕی سازداوە و پشتیوانی ژنانی خاوەن پێداویستی تایبەت و مافەکانی کرێکاران و ئاشتی بۆ جیهان بوو. هەروەها ئەم نووسەرە کەڕ و نابینایە؛ سەپۆرتی سۆشیالیستەکانی دەکرد و لە ساڵی ١٩٠٩ بوو بە ئەندامی حیزبی سۆشیالیستی ئەمریکا. هێلن داکۆکی لە مافەکانی ڕەشپێستەکان دەکرد و ساڵی ١٩٢٠ بوو بە دامەزرێنەر و ئەندامی یەکێتیی ئازادییە مەدەنییەکانی ئەمریکا. لە ساڵی ١٩٣٣



کتێبێکی بەناوی (چۆن بووم بە سۆشیالیست) لەلایەن گەنجە نازەیەکانەوە قەدەغە کرا. (هێلن) یش نامەی پرۆتیستۆی نارد بۆ ئەڵمانیا سەبارەت بەم قەدەغەکردنە. چیرۆکی ژیانی ئەم ژنە کەڕ و نابینای کە بریتییە لە ژیاننامەی خۆی و مامۆستاکەی ئانا، لەژێر ناوی( بەسەرهاتی ژیانم) دواتر کرا بە فیلم. ئێستا شوێنی لەدایکبوونی هێلن کراوەتە مۆزەخانە. ئەمە سەرباری ئەوەی کە بەهۆی ڕادیکاڵبوون و سۆشیالیستبوونەکەی، جموجۆڵەکانی ئەم

خانمە هەڵسوڕاوە بەردەوام لەژێر چاودێری دەزگای هەواڵگری ئەمریکی (ئێف بی ئای) دا بووە.

هێلن کێللەر لەبوارەکانی دەستەبەرکردنی مافی دەنگدان بۆ ژنانی ئەمریکی لە هەڵبژاردنەکاندا، هەر ئاکسیۆێک بۆ ئاشتی، کۆنترۆڵی سکپڕیی و منداڵبوون و ئاکسیۆنە سۆشیالیستییەکاندا هەڵسوڕاو بوو. لە ساڵی ١٩١٥ لەگەڵ جۆرج کێسلەر ڕێکخراوی خێرخوازە نێونەتەوەیی هێلن کێللەر دادەمەزرێنن، کە کار بۆ کۆمەکیکردنی لێکۆڵینەوەکان لەبوارەکانی بینین و تەندروستی و چارەسەرە سروشتییەکان دەکرد. هێلن یارمەتی دارایی گەلێ ڕێکخراوی ئینسانیی کردووە و هەروەها پەیوەندی لەگەڵ ژمارەیەک لە سەرۆکەکانی ئەمریکا هەبووە. جگەلەمەش هێلن پەیوەندی بە ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتییە ناودارەکانی جیهانەوە هەبوو وەکوو ئالیکسەندەر گراهام بیڵ و چارلی چاپلن و مارک توەین. هێلن و مارک توەین هەردووکیان هەڵسوڕاوی ڕادیکاڵ و چەپ بوون. هێلن ئەندامی حیزبی سۆشیالیست بوو و لەنێوان ساڵانی ١٩٠٩ تا ١٩٢١ بەنووسین گەلێ وتاری پشتیوانی بۆ چینی کرێکاری ئەمریکا نووسیوە. کێللەر ساڵی ١٩١٢ پەیوەست دەبێت بە ڕێکخراوی کرێکارانی پیشەسازە جیهانییەوە(IWW)(١)و بۆ ماوەی دوو ساڵ لە ١٩١٦ ەوە تا ١٩١٨ ژمارەیەک وتاری بۆ نووسین. لە ساڵی ١٩١٢ ؛ کاتێک کرێکارانی نەسیجی لۆرانس مان دەگرن، هێلن پاڵپشت و پشتیوان و هاندەریان دەبێت. (٢)لە ساڵی ١٩١٦دا لەتەمەنی ٣٦ ساڵیدا هێلن دەکەوێتە پەیوەندی سۆزدارییەوە لەگەڵ سکرتێرەکەی کەناوی (پیتەر فەیگن) بوو.

پیتەر ڕۆژنامەنووس بوو لە کۆتایی دەیەی بیستەکان، ئەو ماوەیەی ئانا سولڤیان نەخۆش بوو، بەشێوەیەکی کاتیی دەبێتە سکرتێری هێلن. ئەم دوو عاشقە بەدزە خانەوادەکەی هێلن کێڵلەرەوە ئەڵقە دەگۆڕنەوە و ئیتر بە نیاز دەبن هاوسەرگیری بکەن، دواتر خانەوادەکەی ئاگادار دەبێتەوە و ڕێگری لەو هاوسەرگیرییە دەکەن. ئەمەش هێلن نائومێد دەکات کە کاریگەری بەسەر تەواوی ژیانییەوە دەدانێت. پاشان لەدرێژەی ژیان و چالاکییەکانیدا گەشت بە ٣٩ وڵاتی جیهاندا دەکات لەپێناو پشتیوانی ئینسانە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان. لەو وڵاتانەش ئیسرائیل، میسر، سوریا، یابان، بەریتانیا، لوبنان، ئوردن. ساڵی ٢٠٠٥ بۆلیوود فیلمێکی لەسەر کچێک کە ناوی میشێڵ بوو، بەرهەمهێنا. ئیلهامی ئەو فیلمە لە ژیانی (هێلن) ەوە وەرگیرابوو. ساڵی ٢٠٠٣ وێنەی ئەم ژنە سۆشیالیستە چووە سەر ٢٥ سێنتی ئەمریکا. هێلن کێڵلەر لە یەکی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٨ لە تەمەنی ٨٧ ساڵیدا چاوی لێکنا و ماڵاوایی لە خەبات و هەڵسوڕان و نووسین کرد.

هەندێک لە وتەکانی هێلن کێللەر

*هەر شتێکمان بوێت دەتوانین بیکەین؛ ئەگەر بەجیددی لەسەری بووەستین و دەستبەرداری نەبین.

*پیاسەکردن لەگەڵ هاوڕێدا لە تاریکیی، باشترە لەپیاسەکردن بە تەنها لەڕۆژی ڕووناکدا.

*ڕوو لەتیشکی خۆر بکە و ئیتر سێبەرەکان نابینیت.

*بە تەنها کاری زۆر کەم دەتوانین بکەین، بەڵام بە کۆمەڵ دەتوانین زۆر کار ئەنجام بدەین.

*تاکە شتێک لە کوێریی خراپتر بێت ئەوەیە دیمەنت لەبەرچاو بێت، بەڵام نەتوانیت بیبینیت.

هێلن کێللەر زۆرجار لەلایەن گوێگرانی کۆڕەکانییەوە پرسیاری لێکراوە و ئەویش بەوپەڕی سادەییەوە وەڵامی داونەتەوە. ئەمەش نموونەی چەند پرسیار و وەڵامێکە:

پرسیار: قارەمانی دڵخوازە تۆ کێیە؟

وەڵام: یوجین دێبس ئەو کەسەی ئازایەتی ئەوەی هەبووە کارگەلێک ئەنجام بدات کە کەسانی تر نەیان وێراوە ئەنجامی بدەن.(٣)

پرسیار: بەلای تۆوە سێ پیاوە مەزنەکەی ئەم سەردەمەی ئێمە کێن؟

وەڵام: ڤلادمیر لینین و تۆماس ئەدیسۆن و چارڵی چاپلن

پرسیار: ڕات چییە بەرامبەر بە سەرمایەداری؟

وەڵام: تەمەنی سووبەخشی خۆی تێپەڕاندووە.

پرسیار: ئەی رات چییە بەرامبەر سۆڤیەتی ڕووسیا؟

وەڵام: یەکەمین هەوڵێ ڕێکخراوی کرێکارانە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەک کە ژیانی مرۆڤ و ئاسوودەیی جێی بایەخ بن. نەک موڵکایەتی چینی خانەدانەکان بپارێزێت.

# (لوویز میشێڵ)ی شاعیر و ڕۆڵی شۆڕشگێرانەی لە (کۆمۆنەی پاریس)دا



# سەرەتا

لوویز میشێلی شاعیر و خەباتکاری سۆشیالیست،بێ هیچ گومانێک گرنگترین فیگەری سیاسی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە بووە، کە بەدڵنیاییەوە یەکێک بووە لە ژنە هەرە بەهێزەکانی سەردەمی خۆی. میشێڵ چ بە نووسین یان بە وتارە ئاگرینەکانی؛ کاریگەری زۆری لەسەر هەزاران ژن و پیاوی فەرەنسی و ئەوروپی هەبووە، بۆ هۆشیاکردنەوەیان سەبارەت بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی بۆ هەژاران و چینی کرێکار. دەسەڵاتدارانی فەرنسا؛ لە هێزە ئەم ژنە شاعیرە سۆشیالیستە شۆڕشگێڕە کە دواتر دەبێت بە (ئەنارکیست) زۆر ترساون. میشێڵ شەو و ڕۆژی پێکەوە گرێ دەدا لەپێناو گەیشتن بە ئامانجە چینایەتییەکانی کرێکاران. ئەم ژنە شاعیر و سۆشیالیستە لە ٢٩ی ئایاری ساڵی ١٨٣٠ لە فەرەنسا لەدایکبووە. لەسەر دەستی دایک و نەنک و باپیری گەورە دەبێت. میشێل پەروەردەیەکی جوان پەروەردە دەکرێت و خۆشەویستی ئینسان و تەنانەت ئاژەڵیش وەکووو زەندەوەرێکی خاون مافی ژیان، دەبێتە بەشێک لە پێکهاتەی ئینساندۆستی ئەم ژنە شاعیر و خەباتگێڕە. هەربۆیەش ژمارەیەک ئاژەڵی لەماڵەوە ڕاگرتووە. پێبەپێی گەشە و گەورەبوونیشی، هاوسۆزەی و تێگەیشتنی سەبارەت بە چەوسانەوە باڵا دەکا. ئەمەش وای لێدەکات ساڵ لەدوای ساڵ غەریزەی یاخیبوون سەبارەت بە نادادپەوری کۆمەڵایەتی بەرەو ڕێگەیەکی شۆڕشگێرانەی ببات. بەرەو ئەو باوەڕەی ببات کە خەبات بکات لەپێناو دنیایەکی بێ ستەم و چەوسانەوە. لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٨٥٣ دەبێتە بەڕێوەبەری

قوتابخانە و بەردەوامیش ئارەزووی ئەوەی هەبووە سەردانی پاریس بکات. لە پاریس ئەو هەستەی لا دروست دەبێ کە خەڵک لێرە دەتوانن زۆر بە چاکی دژی دەسەڵاتی ئیمپراتۆر، تێبکۆشن. لە پاریس فۆکسی چووە سەر وانەبێژی و نووسینی شیعر و خوێندنەوە. هەر کاتێکیش بۆی بلوایە؛ ئامادەی ئەو کۆڕ و موحازەراتانە دەبوو کە دەربارەی فیزیا و کیمیا و یاسا بوون بۆ ئەوەی تینوویێتی میشێل بۆ مەعریفە بشکێنن. شەوانیش کاتێک دەگەڕایەوە بۆ ماڵ ئەو قوربانیانەی دەبینی کە بە شەقامەکانی پاریسدا بڵاو بوونەتەوە. میشێڵ لە شیعرێکیدا گوزارشتی لەوە کردووە کە چۆن ئەو قوربانییانە دەستیان لە ڕوحی گیر کردووە.

تاوانباران و لەشفرۆشانم بینی و
کەوتمە قسەکردن لەگەڵیان
ئێستا ڕوونی دەکەمەوە
گەر پێتوایە لەوەتەی هەیە هەر وا بوونە
دەبێ ئێستا ئەم جنسی ئەهریمەنانە
دەستیان چۆتە خوێن و خراپەکاری پیرۆزە
بەدووی خۆیان ڕابکێشن
تۆ وات کرد ئەو هەموو خەڵکە ببنە نێچیر
ڕێک بەوجۆرەی کە ئێستا هەن.(١)

میشێل لە ساڵی ١٨٦٥ ەوە لەڕێگەی ڤیکتۆر هیوگۆی ڕۆماننووس کەوتە بڵاوکردنەوەی شیعرەکانی. ناوەڕۆکی شیعرەکانی لوویز وەک دەبینین لە پەیوەندییەکی نزیکدان لەگەڵ خەڵکی هەژار و ستەمدیدەی پاریس و فەرەنسا. لە بواری بەدەستهێنانی مافەکانی ژنانیش، لوویز میشێل و دەستەیەک لە ژنان و پیاوانی سۆشیالیست و خەباتکار (کۆمەڵەی داواکاری بۆ مافە مەدەنییەکانی ژیان) وەک مانیفێستێک لەساڵی ١٨٦٩ دا دەنووسن و کار بۆ جێخستنی دەکەن.

## جەنگ و لوویز میشێڵ

کاتێک لە ١٤ی تەمموزە ساڵی ١٨٧٠ جەنگ لەنێوان ئەڵمانیا و فەرەنسا هەڵگیرسا. پاریسیش لەلایەن سوپاس بروسیا گەمارۆ درابوو. لەو کاتەدا لوویز میشێل بۆ یەکەمجار لە ئوتێلی دی ڤیڵ دەستگیر دەکرێ بە تاوانی ئەوەی کە لەگەڵ ئەندری لیۆ خانم توانی کۆمەڵەی خۆبەخش پێک بێنێت و دەست بدەنە چەک بۆ یارمەتیدانی ستراسبۆرگ بۆ دوا بەرەنگاری دژ بە سوپای بروسیا. لە ٢٧ ئەیلوول ئازاد دەکرێ، بەڵام ستراسبۆرگ لەلایەن سوپاس بروسیاوە داگیر دەکرێ. سەباری ئەمەش لوویز گەشبینانە درێژەی بەچالاکییەکانی خۆیدا. لوویز بوو بە سەرۆکی لیژنەی هوشیارکردنەوەی ژنان لە مۆنمارتەر. ئامانجیشیان ئامادەکردن و دەستەبەرکردنی شوێن و خواردن بوو بۆ ئەو کەسانەی کە پێویستییان پێبوو. ئەوە بوو جارێکی تر بە تومەتی ڕێکخستنی خۆپیشاندان لەبەردەم ئوتێل دی ڤێڵ دەستگیر کرایەوە. میشێل بەتوندی ئەو تۆمەتەی ڕەت کردووە و ڕایگەیاند (من

بەهیچ جۆرێک هیچ خۆپیشاندانێکم ڕێکنەخستووە تا لەگەڵ حکومەت وتووێژ بکات چونکە بڕوام بە حکومەت هەر نییە).(٢) لە مانگی کانوونی دووەمی ١٨٧١ باریس خۆی بەدەستەوەدا و بروسیا ڕێی بە فەرەنسییەکاندا حکومەتێکی نوێ هەڵبژێرن. ئەوحکومەتە زۆربەی زۆری لایەنگرانی پاشایەتی تێدا بوو کە خەریکی پلان دانان بوون سوپای نیشتمانی نەهێلن و کۆماریخوازەکان دەستگیر بکەن، بەڵام سەرنەکەوتن بەهۆی ئەوەی خەڵک کەوتنە دژایەتیکردنیان و ئینجا هەڵاتن بۆ فەرسای. بۆیە لە ١٨ ی ئازاری ١٨٧١ خەڵکی پاریس شارەکەیان گرتە دەست و کۆمۆنە سەربەخۆکانیان دامەزراند کە خەڵک خۆی حوکمی خۆی دەکرد.

## کۆمۆنەی پاریس

کۆمۆنەی پاریس شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بوو هەوڵی دەدا ئازادی و یەکسانی بۆ خەڵکی پاریس دەستەبەر بکات. لوویز میشێڵ وەک زۆر جەنگاوەری تر خۆی بە تەواوەتی تەرخان دەکات بۆ کۆمۆنەی پاریس. لەسەنگەرەکاندا شەڕی کرد و خۆی تەرخان کرد بۆ ئەو کێشە مەزنە. ئامادەی گیانبەختکردن بوو لەپێناو ئازادیدا. لوویز لە بیرەوەرییەکانیدا ئاوا دەربارەی خەبات دەنووسێت (لە بیر و هۆشی مندا لە شەوێکی بەهاردا هەست بە تاریکییەکی نەرم دەکەم. ئەویش ئایاری ساڵی ١٨٧١ە. وە ڕەنگدانەوەی گڕی سووری ئاگریش دەبینم، ئەویش پاریسە کە گڕی گرتووە و ئەو گڕەش سبەینێیە.)هەروەها دەڵێت( ئۆو..من چ دڕندەیەکم،حەز لە بۆنی باروت و بۆنی چرە



**لوویز میشێل بە جلوبەرگی سەربازەیەوە لە دەورانی**

**دەسەڵاتی کۆمۆنەی پاریسدا**

دووکەڵ و ساچمەی نێو هەوا دەکەم. بەڵام لەپێش هەموو شتێکەوە من دڵسۆزە شۆڕشم.(٣)

ئەم شاعیرە تا توانی جەنگا لە پێناو ئازادی و یەکسانیدا. لە سەنگەرەکانەوە بە تفەنگەکەی بەرگری لە کۆمۆنە دەکرد. لوویزە شاعیر لە بەڕێوەبەری قوتابخانەوە و ژنێکی قژ ماش و برنجی پەنجا ساڵییەوە، بوو بە قسەکەر و ڕابەری ڕێکخراوی ژنان بۆ بەرگری لە کۆمۆنەی پاریس و یارمەتی دەری برینداران و باڵەخانە بۆ باڵەخانە



**تابلۆی لوویز میشێڵ کاری هونەری هونەرمەندی فەرەنسی جەی جیرارد ساتۆری ١٨٧١**

دەچوو تا ڕیزەکانی ژنانی ئامادەساز بکات.
لە کۆمۆنەی پاریسدا ئازادییەکی بەربڵاو بە فیعلی بوونی هەبوو. ئازادییەک دوور لە هەموو گزە و فزەیەکی بۆرژوازییانە، لەوێدا کۆمۆنارەکان گرنگترین بڕیارە شۆڕشگێڕەکانی خۆیان دەرکرد کە دواتر ئەو بڕیارانەی کۆمۆنە بوونە بنەمای بڕیارگەلێک کە فەرەنسا لە هەنگاوەکانیدا بەرەو عەلمانییەت نای، وەک (بڵاوکردنەوەی پەروەردەی گشتی بەسەر پەرشتی جول فیری، ساڵی ١٨٨٣ خوێندن

بووە خۆڕایی لە دەزگا دەوڵەتییەکان، ساڵی ١٨٨٦ بڕیار درا پەروەردە تەنها کاری مامۆستا عەلمانییەکان بێت.)(٤)

لوویز دوای ڕووخانی کۆمۆنەی پاریس

دوای ڕووخانی کۆمۆنەی پاریس لوویز میشێل ناچار بوو خۆر ڕادەستی دەسەڵاتداران بکات ئەگەر نا دایکی گوشباران دەکەن. میشێل لەگەڵ دەستگیرکراو و چالاکوانەکانی تر بە پێیان لە فەرسایەوە بۆ ساتۆری دەبردرێن. بەدرێژایی ڕێگا هەندێکیان گۆڕەکانیان پێ هەڵدەکەنن و هەر لەوێ گوشبارانیان دەکەن. لە کۆی خۆیدا سی هەزار پیاو و ژن و منداڵ ئیعدام دەکەن. لە ١٦ دیسەمبەری ١٨٧١ لوویز میشێل لە



**ژنانی زیندانی بەشداربوو لە کۆمۆنەی پاریس کە بە پێیان دەگوازرێنەوە بۆ زیندانی ساتۆری ساڵی ١٨٧٣.**

تەمەنی سی و شەشساڵیدا لەلایەن حکومەتی فرسایەوە دەدرێتە دادگا بە تاوانی ئەوەی:
یەک: هەوڵدان بۆ ژێرەوژور کردنی حکومەت.
دوو: هاندانی خەڵک بۆ چەک هەڵگرتن.
سێ: لەبەرکردنی جلی سەربازە و چەک کردنە شان.
چوار: ساختەکردنی دۆکیومێنت.
پێنج: پلاندانان بۆ کوشتن.
شەش: دەستگیرکردنی نایاسایی و ئەشکەنجە و کوشتن.
کاتێکیش لێیان پرسی ئەگەر شتێکی هەیە بۆ بەرگریکردن لە خۆی، لوویز میشێڵ وەڵامی دایەوە: (نامەوێت بەرگری لەخۆم بکەم و وە ناشمەویت کەس بەرگریم لێبکات. من بەتەواوەتی بەرپرسیاری سەرجەم چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆمم، بە تەواوەتی قەبووڵمە و بێ هیچ خۆلادانێک. ئاواتەخواز بووم دژایەتی داگیرکاری فرسایم بە سەنگەری گڕ و ئاگر بکردایە. من هیچم دەستنەکەوت خۆم دەستپێشکەری کارەکانی خۆمم.)(٥)

## میشێل لە دوا ساڵەکانی ژیانیدا پاریس سەرەتای سەدەی بیستەم

لوویز میشێل جگە لەوەی جەنگاوەرێکی کۆمۆنە بووە، لەهەمان کاتیشدا شاعیریکی بەوەفا بووە سەبارەت بە هاوڕێ کۆمۆنارەکانی و بەرگرێکارێکی سەرسەخت بووە لە هاو سەنگەرانی و ئەو بەرگریکردنەش بە کردەوە و هەروەها لە بەرهەمە شیعرییەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەوەتا لەشیعری گوڵەمێخەکی سووردا کە بۆ یادی کۆمۆنار تیوفیل فریە نووسیوە، کە تیوفیل وەک کۆمۆنارێکی شۆڕشگێڕ ڕەتی دەکاتەوە دان بە دادگای سەربازە بنێت و سەرەنجام ئیعدام دەکرێت.

براکانم!
ئەگەرڕۆژێ گۆرستانی سارد بوو بەجێگام
وەک دوا هیوا
چەن گوڵەمێخەکی سووری پشکووتوو
بخەنەسەرگۆڕەکەم.
لەدوایین رۆژەکانی ئیمپراتۆریدا
ئەوکاتەی خەڵک هەڵسابوون
مێخەکی سوور بزەی تۆبوو
باسی ژیانی دووبارەی هەموومانی بۆ دەکردین.
ئێستاش بپشکوێ
لەژێرسێبەری تاریک و تەنگی زیندانەکاندا
بپشکوێ لەپەنازیندانییە خەمبارەکە و



**میشێڵ لە دوا ساڵەکانی ژیانیدا پاریس سەرەتای سەدەی بیستەم**

بێژەکەچەن خۆشمان دەوێ.
بێژە کە لەمسەردەمی گۆڕانکارییەدا
هەرداهاتوو دەیباتەوە
بێژە کە سەرکەتووی تەوێڵ بزرکاوی شەڕ
هەروەک دۆڕاوی شەڕ دەمرێ! .(٦)

لوویز میشێڵ نەک تەنها وەک هەڵسوڕاوێکی بزووتنەوەی سۆشیالیستی، بەڵکوو وەکوو ژنێکی فیمینیست لەبازنەی ئیش و کارە فیمینیستییەکانیشدا چالاک بووە. جگە لەوەش ئەم شاعیرە هەر لە بەرایی تەمەنییەوە دەستی کردووە بە شیعر و کورتە درامای نووسیوە و بەردەوام بەرهەمە ئەدەبییەکانی بۆ نووسەرانی ناودار ڤیکتۆر هیوگۆ ناردووە تا ئاخرین ساتەکانی ژیانی. جگە لەشیعر

میشێل کتێبی(کورتکراوەکان)ی نووسیوە کە بریتییە لە یادەوەری خۆی لەسەردەمی کۆمۆنە و دوای کۆمۆنە. ڤیکتۆر هیوگۆش جوانترین شیعری بۆ لوویز میشێڵ نووسیوە.

ئەو کەسانەی کە شارەزان
بەشیعرەکانی ڕەمزاوی و شیرینی تۆ
بە ڕۆژەکان، شەوەکانت، خەمەکانت، بەخشندەیی و فرمێسکەکانت،
بۆ هەمووان
بەلەخۆبوردوویی تر

................
چاکێتی تۆ، سەربەرزەت وەکووو ئافرەتێ
لەڕێی خەڵکا نیگای قووڵی پڕ نەفرەتت
لەهەموو نا مرۆڤەکان
قاچی ئەو منداڵانەی دەستت گەرمی کردوونەتەوە..

ڤیکتۆر هیوگۆ درکی بەو ڕاستییە کرد کە لوویز میشێل جگە لە کاری باشە و خەباتگێڕیی شتێکی تر ناکات، بۆیە بەم دێرانە کۆتایی پێ دێنیت.

ئەوەی ئەوان بە یەکجاری دەشڵەژێنی
دوو روحی لەیەکتەنراون
ئاژاوەی خواوەندانەی ئەستێرە ورشەدارەکان
کەلەناخی دڵی گەورە و پێداگردا
دێتە بەرچاو
هەروەکوو ئەو پرشنگەی کە
لە لەرینەوەی بڵێسەدا دێتە دی.(٧)(*)

## میشێڵ لە دوا ساڵەکانی ژیانیدا پاریس سەرەتای سەدەی بیستەم

دوای نەمانی کۆمۆنەی پاریس لە٧٢ ڕۆژی تەمەنیدا کە پڕ شانازیترین ڕۆژەکانی ژیانی لوویز میشێڵی شاعیر بوو. میشێڵ دوای بیست مانگ، لە ٨ی ئابی ١٨٧٣ دەگوازرێتەوە بە کەشتی سەربازە بەرەو کالیدۆنیای نوێ.(٨) ئەو گەشتە چوار مانگ دەخایێنێت و لەو ماوەیە ئاشنا دەبێت بە هێنری ڕۆشفۆرت کە دەبێتە هاوڕێی ژیانی و هەروەها بە ناتالی لیمیل. میشێل بۆ ماوەی حەوت ساڵ لە کالیدۆنیای نوێ دەمێنێتەوە و لایەنگری خەباتی خەڵکە ڕەسەنەکەی کاناک دەکات.

پێش کۆتایی هێنان بەم کورتە نووسینە بینینی عەزمی پۆڵایینی لوویز کە لە نامەیەکدا بۆ بەرپرسی سەربازە زیندانەکەی دەنێرێت ، ڕەنگە بتوانێت پۆترەیتێکی ڕوونتری شۆڕشگێڕانەی لوویزمان نیشان بدات.

زیندانی فرسای ٢ی کانوونی یەکەمی ١٨٧١

گەورە و بەڕێز

دواجار لەوبڕوایەدام ئەو سێ غافڵکوژییەی سەرلەبەیانی سێشەممە ئەنجام دران، بەڕاستی ڕوویاندا. ئەگەر ناتەوێت ملکەچی ئیجرائاتی یاسایی بیت تۆ بە کردەوە ئەوەندەم لەبارەوە دەزانیت کە گوللەبارانم بکەیت. من ئامادەم و دەشتی ساتۆریش نزیکە. تۆ و هەموو هاوکارانت چاک ئەزانن ک ئەگەر لێرە بە زیندوویی دەرباز ببم تۆڵەی هەموو گیانبازەکان دەکەمەوە.

بژی کۆمۆنە

لوویز میشێڵ(٩)

لوویز میشێڵی شاعیر و خەباتگێڕ دوای گەڕانەوەی بۆ وڵاتی فەرەنسا کەوتە گەشت و گەڕان و بوو بەیەکێک لە ژنە ئانارکیستەکانی فەرەنسا. دواجار(لوویز میشێڵ)ی شاعیر لە ٩ ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٠٥ لە شاری مارسیل لە فەرەنسا چاو لێک دەنێت و ئومێد و خەونە چینایەتییەکانی کرێکاران و ئەزموونە پڕ وانەکانی و دراما و شیعر بەجێدێڵێت.

## سەرچاوە و پەراوێز:


1-Louise Michel edited by Nic Mclillan Published by .Ocean Press NewYork U S A 2004 page 31

2-http://www.iisg.nl/collections/louisemichel/images/a33-045.jpg

Prison Narratives from Boethius to Zana Chapter 6 the radicalization of Louise Michel Nancy Sloan Goldberg Edited by Philip Edward Philips PalgraveMcMillan 2014 page 119

3-http://www.iisg.nl/collections/louisemichel/images/a33-045.jpg

لە یادی ١٤٩ ساڵەی کۆمۆنەی پاریسدا، یەکەم حکومەتی هەژاران لە مێژوودا. نووسینی عەلی سیاسی وەرگیراوە لە٤-ماڵپەڕی

تایبەتی عەلی مەحموود محەمەد سایتی ئەمڕۆ.

5-https://www.marxists.org/history/france/paris-commune/michel-louise/1872/red-carnations.htm

6-Stage politics and Gender, French Women's Drama 1880 – 1923 Chapter 2 Staging the Revolution Louise .Michel Cecilia Beach page 27

7-The Red Virgin Memoirs of Louise Michel translated by Bullitt Lowry and Elizabeth Ellington Gunter 1981


٨- کالیدۆنیای نوێ چەند دوورگەیەکی سەر بە کۆلۆنیالی فەرەنسایە و کەوتۆتە باشووی رۆژئاوای ئۆقیانووسی ئارام.خەڵکە ڕەسەنەکانی ئەم دوورگەیە گەلی کاناکن.

9-The Red Virgin Memoirs of Louise Micheltranslated by Bullitt Lowry and Elizabeth Ellington Gunter 1981

(*) : شایانی باشە بۆ ئەم دوو سێ کورتەشیعرەی لەم نووسینەدا هاتوون سوودم لەوەرگێرانی هاوڕێ سلێمانی قاسمیانی وەرگرتووە.

**تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆڤاری هانا، ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٢١ دا، بڵاوبۆتەوە.**

# جەنگ و بێرتۆڵد برێشت، دوو ئایکۆنی سارد و گەرم



کەنەدا هاوینی ٢٠١٤

کەم نین ئەوانەی لە ژێر بیانووی جیاجیا، دژایەتی شیعر و بەرهەمەکانی (بێرتۆڵد برێشت) یان دەکرد و هەوڵیان دەدا لە بایەخی هونەریی و ئیستاتیکیی و هەڵوێستی بوێرانەی کەم بکەنەوە. ناسیونالیست و لیبڕاڵەکان ڕەخنەی ئەوەیان لێدەگرت کە مارکسییە و مارکسییەکانیش ڕەخنەی ئەوەیان لێدەگرت کە مارکسی نییە. هەندێکی تریش ڕەخنەی ئەوەیان ئاڕاستە دەکرد کە سیاسەت بەهرەکەی کوشتووە. بەڵام برێشت دوور لەو هەرا و زەنایە دەوەستا و پێکەنینێکی گاڵتەجاڕانەی بۆ دەکرد و وەک ئەوەی بڵێ ڕەخنەگران ئەو کەسەی ئێوە باسی دەکەن ئەوە من نیم. لەگەڵ ئەوەشدا دەیزانی ئەم ڕەخنانە نیشانەی ئەوەیە کە ڕەخنەگران بە جیددی برێشت دەخوێننەوە و جێگایەکی بەرزە هەیە لە ئارگیومینت و ڕەخنەکانیان. لەگەڵ ئەوەی برێشت تا دەهات هوشیارتر دەبووەوە و قووڵتر بیری دەکردەوە، زیاتر لە نەهامەتییەکانی کۆمەڵگە دەگەیشت و دەیزانی هۆکاری بنەڕەتی ئەم نایەکسانییەی ژیان چییە و دەبێ چ بکرێ تا ئەم نا یەکسانییە کۆتایی پێبێ. لەگەڵ دەرکەوتنی برێشت وەک نووسەرێکی بەهرەدار و بەتوانا لەسەر ئاستی ئەڵمانیا و ئەوروپا، جەنگیش دێت لە دەرگای ژیانی کۆمەڵگە دەدات. برێشت کەوتۆتە سەردەمێکەوە کە جەنگ ڕەنگرێژی کردووە و مۆری خۆی بە هەموو شتێکی ژیانی مرۆڤەکانەوە ناوە. بۆیە لە بەرهەمە شیعریی و شانۆنامەکانیدا ئەو ڕەنگدانەوەیە بە تۆخی دەبینین. من لەم نووسینەمدا تەنها بەرهەمە شیعرییەکانی دەگرم و

دەکۆشم بزانم برێشت و جەنگ چۆن وەک دوو ئایکۆن دژ بەیەک و بەرامبەر بەیەک دەوەستنەوە. جەنگ وەک دیاردەیەکی نەگریس و شووم لەئەنجامی قەیرانی ئابووری لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەردەکەوێت و بەرپا دەبێت. تەواوی بەریەککەوتنە سیاسییەکان بەرئەنجامی بەریەککەوتنە ئابوورییەکانی کۆمەڵگە چینایەتییەکانە. ئەوە پێداویستییە ئابوورییەکانە لە چەشنی فراوانترکردنەوەی سنووری جوگرافی هێزە کاری هەرزان و بەرهەمهێنانی کاڵا و پەیداکردنی بازاڕ بۆ ساغکردنەوەی کاڵاکان، چوارچێوەی شەڕەکان و مەودای نێوانیان و کورتی و درێژی جەنگەکان دیاری دەکەن. کەوابوو دەتوانین بڵێین جەنگ بریتییە لە بەرئەنجامی قەیرانی ئابووری. ئەوەی لە ژوورەکان و پشت پەردەکانەوە دەگوزەرێن جگە لەم ململانێیە ئابوورییانە هیچیتر نین. سەرکردە سیاسییەکان لە ڕاستیدا سەرکردە و نوێنەری بەرژەوەندی ئابووری چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتین. بەڵام جەنگ میللەتان یان گەلان هەڵی ناگیرسێنن، جەنگ جەنگی حکومەت و دەسەڵاتەکانە لەپێناو فراوانترکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری. جەنگی تەماح و هەڵپەی سوود و کەڵەکەی سەرمایەی بورژواکانە. ئەوانەی لە ژوورە دەست پێڕانەگەیشتووەکان و پشت پەردەکانەوە بڕیارەکان دەردەکەن ئەوانن بڕیار لەسەر چارەنووسی ملیۆنان خەڵکی هەژار و دەستەنگ دەدەن، ئەوانن بڕیار دەدەن مەرگ بکەنە دیاری دەستیان بۆ خەڵکی ستەمدیدە.

کاتێ ئەوانەی سەرەوە دەربارەی جەنگ دەدوێن
سەرجەم خەڵک دەزانێ جەنگ بەڕێوەیە

ئەوانەی سەرەوە لەژوورێک کۆدەبنەوە
ئەی مرۆڤی سەر شەقامەکە، ئەی ئینسانی خاکی
 ماڵاوایی لە هەموو هیواکانت بکە
حکومەتەکان واژووی پەیمانی دەست درێژی نەکردن دەکەن
ئەی پیاوی بچووک
تۆ وەسیەتەکەت ئامادە بکە.(١)

بێرتۆڵدبرێشت گەرچی لە ساڵانی جەنگی جیهانی یەکەمدا کەوتە نووسینی شیعریی نیشتمانیی، بەڵام لە دوای ساڵی ١٩١٦وە وردە وردە ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت و بەتایبەتی کە لە ساڵی ١٩١٨ دەکرێتە سەرباز لە نەخۆشخانەی سەربازە لە شاری ئۆکسبۆرگ. کاریگەرییە تاڵ و ناخۆشەکانی ئەو ئەزموونە وا لەم شاعیرە دەکەن کە هەتا کۆتایی ژیانی ببێتە دوژمنێکی سەرسەختی جەنگ. ئەم لاوە بەدوای ئاڵوگۆڕ و گۆڕانەوە بوو. ئاڵوگۆڕ لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیی و گۆڕان لە جیهانبینی خەڵک و تێڕوانینی خۆی بۆ مەسەلە گرنگەکانی هونەر و ئەدەب. بۆیە بێهۆ نییە کە لە ساڵی ١٩٢٢ لە تەمەنی بیست و چوار ساڵیدا بەپێی قسەی ڕەخنەگری ئەڵمانی هێربێرت ئهێرینگ لەنێوان شەو و ڕۆژێکدا ڕووی ئەدەبی ئەڵمانی بگۆڕێت. (٢) ئۆجین بێرتۆڵد فریدریک برێشتی شاعیر و شانۆنامەنووس و دەرهێنەری شانۆیی و مارکسیست لە ١٠ی شوباتی ساڵی ١٨٩٨ لە ئۆکسبۆرگ –باڤاریا لە وڵاتی ئەڵمانیا لە بنەماڵەیەکی مەسیحی لە دایکبووە. تەمەنی چواردە ساڵان بوو کە جەنگی جیهانی یەکەم دەست پێدەکات. لەتەمەنی حەڤدە ساڵی دەچێتە زانکۆی میونیخ بۆ خوێندنی دراما. لە حوزەیرانی ساڵی

١٩١٦ وه وتارەكانی برێشت لە ڕۆژنامەكان بڵاو دەبنەوە. لە پایزە ساڵی ١٩١٨ دەیكەنە سەرباز. ساڵی ١٩١٩ لەگەڵ پاوڵە بانهۆلزەری كچە هاوڕێی كورێكیان دەبێ بەناوی فرانک. ساڵی ١٩٢٢ جگە لەوەی سەرنجی ڕەخنەگران بەلای خۆیدا ڕادەكێشێ خەڵاتی كلایسیت لەسەر یەكێک لە كارە شانۆییەكانی وەردەگرێت. ساڵی ١٩٢٧ یەكەمین كۆشیعری برێشت بڵاو دەبێتەوە كە سەلیقەی نووسین و توانایی ئەو شاعیرە بە دەردەكەوێت. ساڵی ١٩٢٩ لەگەڵ خانمە ئەكتەر هێلینا وایجڵ هاوسەرگیری دەكات. دوای بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی ئەڵمانیا لەلایەن نازەیەكانەوە برێشت لە ئەڵمانیا هەڵدێ و لەئەوروپا لەهاتوچۆدا دەبێ و خۆی وتەنی هەر ڕۆژەی لە وڵاتێک بەسەر دەبات. برتۆلد برێشت تا ساڵی ١٩٣٠ ورد خەریكی خوێندنەوەی سەرچاوە سۆشیالیستییەكان بوو و بەقووڵی هیگڵ و كارڵ ماركسی خوێندۆتەوە و تا گەیشتە ئەو بڕوایەی كە شۆڕشی ماركسی پێویستییەكی حاشاهەڵنەگرە.پێویستی خوێندنەوەی ئابووری (برێشت) ی گەیاندۆتە ماركس و ئیتر بەردەوام بەدرێژایی ژیانی لەخوێندنەوەی ماركسیزم دانەبڕاوە و تا دنیاش جێدێڵێ هەر هەڵگری بیروباوەڕی ماركس بووە. ساڵی ١٩٣٥ لەسەر چالاكییە جۆربەجۆرەكانی دژی نازییەت ڕەگەزنامەی ئەڵمانی لێدەسەنرێتەوە. ساڵی ١٩٤١ دەچێتە ئەمریكا و لەوێش پاش شەش ساڵ بێئومێد دەگەڕێتەوە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات. ساڵی ١٩٤٩ تیپی بەرلین دادەمەزرێنی و ساڵی ١٩٥٣ دەبێتە سەرۆكی یانەی قەڵەمی ئەڵمانی و ساڵی ١٩٥٤ خەڵاتی ستالین بۆ ئاشتی وەردەگرێت و لە مانگی

ئابی ساڵی ١٩٥٦ لە ڕۆژهەڵاتی بەرلین لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات لە لووتکەی چالاکی و داهێناندا ئەم شاعیرە مەزنەی پرۆلیتاریای جیهان و بە هۆی نەخۆشی دڵەوە کۆچی دوایی دەکات.(٣)برێشت زۆر وریایانە کەوتبووە دژایەتی سیاسەتی جەنگ و کاولکارییەکانی کە ژیانی خەڵکیان کردبووە دۆزەخ. ئەو دەیزانی ئایین هەژاران لە دەستەنگی زیاتر و هیوای درۆزنانە دەهێڵێتەوە. بۆیە هەوڵی دەدا خەڵکی لەو خۆشباوەڕییە دوور بخاتەوە و ڕاستییەکان فێر بن. لەهەمان کاتیشدا بەردەوام و چالاکانە لەدژی نازییەکان دەجەنگا و بەشداری خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان دەکرد و گەشتی ئەنجام دەدا و لە کۆنگرەکاندا وتاریی پڕ جۆشی پێشکەش دەکرد. دەنگی شیعریی برێشت دەنگی خەڵکی چەوساوە و ستەم لێکراو بوو. ئەو پێیوابوو ئەدەب هۆکارێکە بۆ تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەبێ چینی کرێکار بۆ شۆڕشی سۆشیالیستی ئامادە بکرێن. برێشت دەیوت «ئەرکی هونەرمەندەکانی ئەڵمانی دیموکرات، بڵاوکردنەوەی ئیدەکانی کۆمۆنیزمە».(٤) برێشت لەشیعرەکانیدا زۆر بەڕوونی ئاماژە بەو ڕاستییە دەکات کە ئەوەی بەرژەوەندی لە جەنگدا هەیە بۆرژوازی و سەرمایەدارانن نەک کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێش. دەوڵەمەندەکان و دەستڕۆیشتووەکان لە جەنگەکان زیانمەند نابن. دەستڕۆیشتووەکان بەتایبەتی لەڕووی ئابوورییەوە بازاڕ قۆرخ دەکەن و نرخی شتومەک و کاڵا چەند بەرابەر بەرز دەکەنەوە و باجە قورسەکە خەڵکی بەشمەینەت دەیدەن. لەلایەکی تریشەوە ئاشکرایە لە جەنگەکاندا هەمیشە براوە و دۆڕاو هەیە.

لەڕووی سیاسییەوە ڕەنگە لایەنێک یان دەوڵەتێک براوە بێت. بەڵام لە ڕاستیدا چونکە جەنگەکە جەنگی ئابووری و بەرژەوەندییە زەرەرمەندی یەکەم خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشە. بۆرژوازی و سەرمایەداران نەک هەر نادۆڕێن بەڵکوو براوەی هەمیشەیین

جەنگ بەڕێوەیە
ئەمەش یەکەم جەنگ نییە
گەلێ جەنگی تر بەر لەم جەنگە ڕوویداوە
کاتێ جەنگی پێشوو تەواو بوو
سەرکەوتوو و دۆڕاو هەبوو
لای دۆڕاوەکان هەموو خەڵک برسی بوون
لای سەرکەوتووەکانیش هەموو خەڵک برسی بوون.(٥)

برێشت ئەم ڕاستییەی جوان هەست پێدەکرد و لەوەش دڵنیا بوو کە تەنها شۆڕشی کۆمەڵایەتی کرێکارە دەتوانی کۆتایی بە جەنگ و سەرجەم نیزامی سەرمایەداری بهێنێ. ئەوە لای بێرتۆڵدبرێشت ڕوون بوو کە جەنگ ماڵوێرانی و کاولکاری و مەرگ بەدوای خۆیدا دەهێنێ. جەنگ بە مانای کوشتارگایەکە کە ئەوەی مرۆڤ بێت شەرمەزار دەبێت لە ئاستیا. برێشت بە هەموو توانایەکییەوە وەک ئینسانێک و وەک شاعیرێکی ڕادیکاڵ؛ لەدژی ئەم دیاردەیە وەستایەوە. برێشت باوەڕی وابوو کە تەنها هێزە کۆمەڵایەتی چینایەتی کرێکار و خەڵکی ستەمدیدەیە دەتوانی بەر بەم وەحشیگەری شەڕ و ماڵوێرانییە بگرێت.

جەنگ «با» نایبات بەرەو جیهان
جەنگ مرۆڤەکان دەیخولقێنن

ئاشتی وەکووو دار و گەڵا ناڕوێت
ئاشتیش تەنها بە ویستی مرۆڤ نەبێ باڵا ناکات
ئەی گەلان. تۆ تۆ چارەنووسی جیهانی
هێزە خۆت لەیاد بێ
جەنگ یاسای سروشت نییە
ئاشتیش خەڵاتێک نییە بدرێ
دەبێ ڕقمان لە جەنگ بێ
ئێستا دەبێ بە خوێنمژان بڵێین نا..نا..دیسانەوە ..نا
دەست لە ژیان هەڵناگرین
ئەو کات جەنگیش هەڵناگیرسێ. (٦)

وەستانەوە بوێرییەکانی برێشت دژ بە جەنگ سەرباری هەر کەموکوڕییەک نەک هەر جێگای ستایشن، بەڵکوو جێگای لێوردبوونەوە و تێڕامانن. ئەو بەمانای وشەکە لە سەنگەری کرێکار و خەڵکی هەژارەوە بەرامبەر بە سیستەمە جۆراوجۆرەکان وەستاوەتەوە بە سیستیمی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتیش کە خۆیان بە سیستەمی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم ناوزەد دەکرد. «شۆڕشی ئەڵمان شکستی خوارد، بەڵام ڕێگەی برێشت ساخ بووەوە. ئەو بەچواردەوری خۆیەوە دونیایەکی پڕ لە تاوان و وەحشیگەری دەبینی. برێشت دژی ئەم نیزامە بوو و پێی وابوو کە ئەم دونیایە دەبێ بەشێوەیەکی شۆڕشگێڕانە بگۆردرێ، برێشت توانایی هونەری خۆی خستە خزمەت شۆڕش و پێکهێنانی ئەم ئاڵو گۆڕە شۆڕشگێڕانەیە. کۆمۆنیزمی ئاڵمان، شۆڕشی ئۆکتۆبەر و بەتایبەتی نووسراوەکانی لینین برێشتی هێنایە سەر ئەم قەناعەتە کە کرێکاران

دەبێ دەزگای دەوڵەتی بوژوایی تێك بشكێنن و دەسەڵاتی شورایی دابمەزرێنن» (٧) ئەوەتا ساڵی ١٩٥٣ كاتێ شۆڕشی كرێكارانی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات لەسەر دەستی ڤاڵتەر ئۆڵبرێشت و حیزبی بەناو كۆمۆنیستی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات سەركوتكرا، برێشت لە وتە بەناوبانگەكەیدا، بێڕەحمانەترین سەرزەنشتی ئەو حكومەتە دەكات و دەڵێت « ئەگەر ئەم میللەتەتان بەدڵ نییە، بڕۆن میللەتێكی تر بدۆزنەوە.»(٨)

برێشت وەستانەوە بەرامبەر بە سەرجەم بەهاكانی بۆرژوازی بە ئەركی خۆی زانیوە و درێغی نەكردووە. بۆیە شیعریشی هەر بۆ ئەو مەبەستە بەكار هێناوە. واتە برێشت لەڕێگەی شیعرەكانییەوە هەوڵیداوە كرێكار و هەژاران هۆشیار بكاتەوە و بەرژەوەندییەكانیان بپارێزێ. هەر بۆیەش زمانی نووسینی شیعرەكانی زمانێكی سادە و ساكارە. بێ گرێ و گۆڵە و خەڵكی هەژار و كرێكار بەجوانی لێی تێگەیشتوون. برێشت لەسەر زمانی خەڵك ژیاوە و لەوێشەوە زمانی نووسینی خۆی دەوڵەمەند كردووە بەجۆرێك كە داڕشتنە شیعرییەكانی كورت و پوخت و پتەون. بەكورتی برێشت، ئەو شاعیرەی سەرجەم ژیانی تەرخان كرد بۆ دژایەتیكردنی جەنگ و بەرەنگاربوونەوەی بەربەریەتی بۆرژوازی و وەستانەوە لە سەنگەری كرێكار و زەحمەتكێش، هەژارانە و بە برسێتی لە تاراوگە ژیا و لەئەنجامی فشار و ترس ئەم شاعیرە هەر ڕۆژەی وڵاتێكی گۆڕیوە وەك ئەوەی هەر ڕۆژەی پێڵاوێك بگۆڕێ.(٩)

لە كۆتایشدا لەڕاستای ئەم كورتە نووسینەوە دەتوانم كورتەی وتارەكە لەم چەند خاڵەدا چڕ بكەمەوە :

یەک: برێشت سەرباری بەرهەمە شانۆییەکانی کەجێگای بایەخ و خوێندنەوەن، شیعرەکانیشی جێگایەکی بەرزیان لە گۆشەنیگای ڕەخنە و میتۆدەکانی لێکۆڵینەوەوە هەیە.

دوو: برێشت بەتوندی بڕوای بە مارکسیزم و شوشیالیزم هەبووە و بەقووڵی کارڵ مارکس و هیگڵی خوێندۆتەوە.

سێ: هەوڵیداوە بەرژەوەندییەکانی کرێکار و خەڵکی هەژار بپارێزێ و بەرگرییان لێبکات.

چوار: زۆر بە سەختی دژی جەنگ و سیاسەتی جەنگ بووە و هەوڵیداوە سیاسەتە دژی ئینسانییەکانی بۆرژوازی ڕیسوا بکات.

پێنج: زمانی شیعرەکانی سادە و ساکار بووە و شێوازە نووسین و دارِشتنی شیعرەکانی بەجۆرێک بووە کە کرێکار و خەڵکی هەژار بەئاسانی تێیگەیشتوون.

دواجار گەرچی بزووتنەوە شۆسیالیست و مارکسییەکان لە ئەمڕۆی جیهانگیریی جیهاندا لە پاشەکشەدان و لەژێر پاڵەپەستۆی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی بۆرژوازیدان، بەڵام بەبۆچوونی من ئاوڕدانەوە لەم بابەتانە پێویست و گرنگ و جێگای بایەخە. منیش لە درک کردنی ئەم پێویستییەوە ئەم نووسینەم ئەنجام داوە.(١٠)

## پەراوێز و سەرچاوەکان:


١ـ قصائد من برتولد برخت ترجمة و تقديم دكتور عبدالغفار مكاوى دار الكاتب العربي الطباعة والنشر القاهرة ١٩٦٧ ص

2-http://www.poemhunter.com/i/ebooks/pdf/berto- 100-lt_brecht_2012_3.pdf

هەروەها بڕوانە  قصائد من برتولد برخت ترجمة و تقديم دكتور عبدالغفار مكاوی دار الكاتب العربي الطباعة والنشر القاهرة ١٩٦٧ ص ٦

٣- بە بۆنەی سەدەمین ساڵی لەدایکبوونی بێرتۆڵد برێشت  نووسینی فەرەیدون نازری گۆڤاری هانا ژمارە ١٠ ١٩٩٨ لاپەڕە ٦ و ٧

٤- بە بۆنەی سەدەمین ساڵی لەدایکبوونی بێرتۆڵد برێشت  نووسینی فەرەیدون نازری گۆڤاری هانا ژمارە ١٠ ١٩٩٨ لاپەڕە ٥

٥- بڕوانە شیعرەکانی بێرتۆڵدبرێشت بە زمانی ئینگلیزی کە لەم سایتەی خوارەوە بڵاو کراونەتەوە. http://www.poemhunter.com/i/ebooks/pdf/bertolt_brecht_٢٠١٢_٣.pdf

هەروەها بڕوانە  قصائد من برتولد برخت ترجمة و تقديم دكتور عبدالغفار مكاوی دار الكاتب العربي الطباعة والنشر  القاهرة ١٩٦٧

٦- بڕوانە شیعرەکانی بێرتۆڵدبرێشت بە زمانی ئینگلیزی کە لەم سایتەی خوارەوە بڵاو کراونەتەوە. http://www.poemhunter.com/i/ebooks/pdf/bertolt_brecht_٢٠١٢_٣.pdf

هەروەها بڕوانە  قصائد من برتولد برخت ترجمة و تقديم دكتور عبدالغفار مكاوی دار الكاتب العربي الطباعة والنشر  القاهرة ١٩٦٧

٧- بە بۆنەی سەدەمین ساڵی لەدایکبوونی بێرتۆڵد برێشت  نووسینی فەرەیدون نازری گۆڤاری هانا ژمارە ١٠ ١٩٩٨ لاپەڕە ٤

٨- قصائد من برتولد برخت ترجمة و تقديم دكتور عبدالغفار مكاوی دار الكاتب العربي الطباعة والنشر  القاهرة ١٩٦٧ ص ١٩

٩- قصائد من برتولد برخت ترجمة و تقديم دكتور عبدالغفار مكاوی دار الكاتب العربي الطباعة والنشر  القاهرة ١٩٦٧ ص ٢٥

١٠- ئەمڕۆ مارکسیزم وەک زانستی ڕزگاری چینی کرێکار نەک هەر باس ناکرێ بەڵکوو وەک ئیدەیەکی بێکەڵک و بیسوود بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی تەبلیغی بۆ دەکرێ و تا دێت لەبەر چاوی چینی کرێکار و خەڵکی ستەمدیدە ناشیرین دەکرێ. بەهەوڵە بێئەوپەڕەکانی بۆرژوازی جیهانی، مارکسیزم وەک جیهانبینییەکی ناتەواو و ناڕێک دەخرێتە بەرچاو و لەبەرامبەردا دید و جیهابنینی بۆرژوازی بە ڕەونەق و جوان نیشان دەدرێ. ئەم هەوڵە جگە لە ترسی بێئەوپەڕی بۆرژوازی لە مارکسیزم هیچیتر نییە. مارکسیزم چرای ڕۆشنکەرەوەی ڕێگای خەباتی چینایەتی کرێکارانە دژ بە نیزامی سەرمایەداری و حکومەتەکانیان.

**دوو تێبینی:**

**یەک:** ئەم شیعرانەی لەم نووسینەدا ئاماژەیان پێکراوە و بە نموونە هێنراونەتەوە کاتی خۆی لە ساڵی ١٩٩٠ لە عەرەبییەوە وەرمگێڕانە سەر زمانی کوردی و لە نامیلکەی (دیوارەکان دەروخێنین) لەژێر ناوی (دلاوەر حوسێن) وەک کتێبی گۆڤاری ڕابەر ئۆرگانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بڵاوم کردەوە. خۆشبەختانە لەم ڕۆژانە دەقە ئینگلیزییەکەی ئەم شیعرانەم بەرچاو کەوت و ئینجا لەگەڵ دەقە عەرەبییەکە کە لە کتێبی ( قصائد من برتولد برخت) ترجمة و تقدیم دکتور عبدالغفار مکاوی دایە بەراورد کرد و دووبارە وەرمگێڕانەوە سەر زمانی کوردی.

**دوو:** ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی بڵاو بۆتەوە. بەداخەوە ژمارە و ساڵەکە بەردەست نەبوو.

# پابلۆ نیرۆدا

# ئەو شاعیرەی بۆ ژیان مرد!



پابلۆ نیرۆدا شاعیری بەڕەگەز شیلی، یەکێک بووە لە ناودارترین و پڕ کاریگەرترین شاعیری سەردەمەکەی خۆی. یەکێک بوو لە ناسراوترین سیاسییەکانی شیلی کە هەڵگری بیروباوەڕی کۆمۆنیزم بووە و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی شیلی بووە و کاندیدی سەرۆکایەتی وڵاتەکەی بووە. پابلۆ نیرۆدا ناوی شاعیر و دیپلۆماتکار و سیاسەتمەدار نێفتالی ڕیکاردۆ ڕەیس باسۆوالتۆیە کەلە دوانزەی تەمموزە ساڵی ١٩٠٤ لە شاری پاڕاڵ لە وڵاتی شیلی لە دایک بووە. باوکی کرێکاری هێڵی شەمەندەفەر و دایکیشی مامۆستای قوتابخانە بووە و مانگێک دوای لە دایکبوونی پابلۆ نیرۆدا کۆچی دوایی دەکات. باوکی هەر زوو دوای مردنی دایکی لە ساڵی ١٩٠٦ دا دەگوێزێتەوە بۆ شاری تێموکۆ و لەگەڵ خانمێکی تر هاوسەرگیری دەکات کە کوڕێکی هەبووە و پابلۆ لەگەڵ ئەو کوڕە و خوشکەکەی و باوەژنەکەی ژیان بەسەر دەبات. باوکی دژ بە خولیای کوڕەکەی بۆ ئەدەب و نووسین وەستایەوە، بەڵام خەڵکانی تر هانیان دەدا، لەوانە براوەی خەڵاتی نۆبڵ خانمەشاعیر گابریێلا میستراڵ. نیرۆدا یەکەمین شیعری خۆی لە ڕۆژنامەی (بەیانی) لە ساڵی ١٩١٧ دا بڵاو کردۆتەوە. لە ساڵی ١٩١٩ دا خەڵاتی شیعر لە ڤێستیڤاڵی گوڵان دەدرێتێ. تا لە ساڵی ١٩٢٠ پابلۆ نیرۆدا ناوبانگ دەردەکا و خەڵاتی یەکەمی فیستیڤاڵی بەهاری تێموکۆی پێدەدرێت. لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٢١ دا دەچێتە سانتیاگۆی پایتەخت بۆ خوێندنی زانستی پەروەردە بە زمانی فەرەنسی تا ببێتە مامۆستا. لە مانگی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ بە شیعری

(شیعری فیستیڤاڵ)خەڵاتی یەکەم لە فێستیڤاڵی بەهار کە یەکێتیی قوتابیانی شیلی سازەدابوو، وەردەگرێ. پاشان لە دەرکردنی گۆڤاری تیشک کە یەکێتیی قوتابیان دەری دەکرد، بەشداری دەکات. یەکەمین کۆشیعری (کتێبی زەردەپەڕ) لە ساڵی ١٩٢٣ دا بڵاو دەکاتەوە. ساڵی ١٩٢٤ چاپی یەکەمی کۆشیعری (بیست شیعری خۆشەویستی و سرووده بێهیواکان) بڵاو دەکاتەوە. هەروەها کتێبێک لە ژێر تایتڵی (چەند لاپەڕەیەکی هەڵبژاردە لە ئاناتۆل فرانس) لە ساڵی ١٩٢٤ دا کە هەر خۆشی پێشەکی بۆ نووسیبوو، بڵاو دەکاتەوە. ساڵی ١٩٢٥ بەڕێوەبەرایەتی گۆڤاری (ئەسپی پاستۆس) دەگرێتە ئەستۆ. لە ساڵی ١٩٢٦ دا سێ کۆشیعر بە ناوەکانی ( هەوڵی مرۆڤە بێئەوپەڕەکان) و (کۆتاییەکان) و (خاوەن ماڵ و هیواکەی) بڵاو دەکاتەوە. ساڵی ١٩٢٧ تا ساڵی ١٩٣٢ بوو بە باڵیۆزە شیلی لە چەندین وڵاتی جۆراوجۆر. ساڵی ١٩٣٣ چاپی یەکەمی دیوانی (نیشانچی چالاک) و پاشتریش چاپی دووەمی هەمان کۆشیعر بڵاو دەکاتەوە.  هەروەها کۆشیعری (نشینگەی سەر زەوی) بەشی یەکەمی لە هەمان ساڵ بڵاو دەکاتەوە کە سەرجەم بەرهەمەکانی هەشت ساڵی ژیانی ١٩٢٥ تا ١٩٣٣ لە خۆ دەگرێ، بڵاو دەکاتەوە. ژیاننامەکەی لەژێر ناوی «دانی پیا دەنێم کە ژیام»

خۆشەویستیم


کە بینیمان هەردوو تینووین

خوێن و ئاومان خواردەوە

کە زانیمان هەردوو برسین
کەوتینە قەپگرتن لە یەکتر
وەکوو قەپاڵی گڕی ئاگر
زامەکان جێمان دێڵن
بەڵام چاوەڕێم بە
ڕووخۆشییەکەتم بۆ هەڵگرە
منیش گوڵێکت دەدەمێ.

پاشان بە شاعیری ئیسپانی فریدریکۆ گارسیا لۆرکا ئاشنا دەبێت ، کاتیک پابلۆ نیرۆدا لەشەشی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٣٦ دەچێتە شاری بەرشلۆنەی وڵاتی ئیسپانیا و ئێوارە کۆڕێکی شیعریی لەزانکۆی مەدرید ساز دەکا و لۆرکای شاعیر بەڕێوەبەری کۆڕەکە بوو. لە ساڵی ١٩٣٥ دەگوازرێتەوە بۆ باڵیۆزخانەی شیلی لە مەدریدی پایتەختی ئیسپانیا. لە مانگی نیسانی ١٩٣٥ شاعیرانی ئیسپانیا ئاهەنگێکی پێشوازە بۆ ساز دەکەن، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی(کرۆزاریا) بەشی دووەمی کۆشیعری (نشینگەی سەر زەوی) لە مەدرید بڵاو دەکاتەوە. وە لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٣٥ لەژێر چاودێری پابلۆ نیرۆدا گۆڤاری (ئەسپی سەوزە شیعر) لە مەدرید بۆ بڵاو دەکەنەوە.

ڕۆماننووسی کۆڵۆمبی گابرێل گارسیا مارکیز لە بارەی پابلۆ نیرۆداوە دەڵێ « مەزنترین شاعیرە لە سەدەی بیستەم جا بە هەر زمانێک بێت» لە گۆڕەپانی پەکەمبیو لە ساوپاڵوی پایتەختی وڵاتی بەڕازیڵ لە ساڵی ١٩٤٥ پابلۆ نیرۆدا لە سەر شەرەفی



سەرۆکی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕ (لویس کارلۆس پرێستێس) دا شیعری بۆ زیاتر لە سەد هەزار کەس خوێندەوە. پابلۆ نیرۆدا لە ماوەی ژیانیدا چەندین بەرپرسیارەتی دیبلۆماتیکی لە ئەستۆ گرتووە و خولێکیش ئەندام پەرلەمان بووە لەسەر لیستی حیزبی کۆمۆنیستی شیلی. ساڵی ۱۹۲۷ تا ساڵی ۱۹۳۲ بوو بە باڵیۆزە شیلی لە چەندین وڵاتی جۆراوجۆر. کاتێک لە ساڵی ۱۹٤۸ حیزبی کۆمۆنیستی شیلی لەلایەن سەرۆکی ئەوکاتی شیلییەوە قەدەغە دەکرێ بڕیاری دەستگیرکردنی پابلۆ نیرۆدا دەردەچێ، هاوڕێیەکی بۆ ماوەی سیانزە مانگ لە ژێرخانی خانوویەکدا دەیشارێتەوە و هاوسەرەکەشی بەنهێنی لەلایەن پشتیوانکەران و دڵسۆزانییان پارێزرا و ئەو ماڵ و ئەو ماڵی پێکرا تا نەکەوێتە

دەست هێزەکانی دەوڵەتی شیلی. ساڵانی دواتریش نیرۆدا دەبێتە ڕاوێژکاری سەرۆک سەلڤادۆر ئالێندای سۆشیالیست. دوای گەڕانەوەی پابلۆ نیرۆدا لە وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ لە ساڵی ١٩٧١، سەلڤادۆر ئالێندا بانگهێشتی دەکات تا لەبەردەم حەفتا هەزار کەس شیعر بخوێنێتەوە. نیرۆدا بڕوانامەی دکتۆرای فەخری لە زانکۆی ئۆکسفۆرد پێبەخشراوە. ڕەخنەگری ئەدەبی هارۆڵد بروم دەڵێ « ناکرێ هیچ شاعیرێکی رۆژئاوا بە نیرۆدا بەراورد بکرێ کە کەوتبووە پێش سەردەمەکەی خۆیەوە» . شایانی باسە سەلڤادۆر ئالێندا کە بەدەستی هێزەکانی بینوشیە تیرۆر دەکرێ، ئەو هێزە سەرکوتگەرانە دەدەنە سەر ماڵی پابلۆ نیرۆدا. نیرۆدا لێیان دەپرسێ چیتان دەوێ؟ دەڵێن: «هاتووین لە ماڵەکەت بە دوای چەکدا دەگەڕێین». نیرۆداش دەڵێ: «شیعر تاکە چەکی منە». نیرۆدا لە ماوەی شەڕی ئەهلی ئیسپانیا کە ئەوکات باڵوێزە وڵاتەکەی بوو لە مەدرید، لەگەڵ لۆرکای شاعیر و ڕەفائیل ئەلبیرتی و شاعیری پیرۆیی سیزەر ڤەلێژۆ حەلقەیەکی ئەدەبی پێک دەهێنن. ساڵی ١٩٣٤ کچەکەی لە شاری مەدرید لە دایک بوو. نیرۆدا پەیوەندی هاوسەرگیرییەکەی لەگەڵ هاوسەرەکەی بەرەو هەڵوەشانەوە دەچێت و پەیوەندی لەگەڵ خانمە ئەرجەنتینی دالیا دێل کاریل دادەنێت کە بیست ساڵ لە خۆی بەتەمەنتر بوو. کە شەڕی ئەهلی بەرپا بوو نیرۆدا ڕۆڵی خۆی وەک کۆمۆنیستێکی پڕ جۆش بینی و هەر بەو باوەڕە مایەوە تا مرد. یەکێک لە کاریگەرترین کارەسات لەسەر هەست و نەستی



نیرۆدا، کوشتنی لۆرکای شاعیر بوو بەدەستی هێزەکانی فرانکۆی دیکتاتۆر لەسەر وتار و نووسینەکانی. نیرۆدا هاوسەری پێشووی و کچەکەی جێی دەهێڵێ بەرەو شاری مۆنتیکارلۆ و لەوێشەوە بۆ هۆڵەندا. کاتێکیش لە نێوان ساڵانی ١٩٤٠-١٩٤٣ لە مەکسیک باڵیۆز دەبێ؛ هاوسەرگیری لەگەڵ دالیا دەکات و کچەکەشی ماڵڤا لە هۆلەندە لە کەمپی نازییەکان لە تەمەنی هەشت ساڵان دەمرێت.

چاوەکانت پڕ لە نیشتمان و ڕووبارن
چاوەکانت نیشتمانی منن
بە نێویاندا پیاسە دەکەم
لەگەڵ پیاسەکردنمدا جیهان ڕووناک دەکەنەوە
ئەی قەشەنگەکەم

ساڵی ١٩٤٠ کاتێ هەوڵی تیرۆرکردنی لیۆن ترۆتسکی شکستی هێنا، نیرۆدا ڤیزەی بۆ هونەرمەندی شێوەکاری مەکسیکی دەیڤد ئەلفرێدۆ سکویرۆس وەردەگرێت، کە یەکێک بوو لە پێلانگێڕانی ئەو تیرۆرە. دواتر نیرۆدا وتی ئەو کارەم لەسەر داوای سەرۆکی مەکسیک مانوێل ئەڤیلا کاماچۆ کردووە. ئەمەش سکویرۆس دووچاری زیندان و پاشان دەرکردنی لە مەکسیکەوە بۆ شیلی لێکەوتەوە و سکویرۆس لە خانووەکەی نیرۆدا لە شیلی دەگیرسێتەوە. ئەم پەیوەندییەی نیرۆدا سکویۆرس دەبێتە جێی سەرنجی ڕەخنەگران. ئەمەش وا لێکدرایەوە کە نیرۆدا تۆمەتبار کرا بەوەی یارمەتی ئەو تیرۆرەی کردووە.

ساڵی ١٩٥٣ نیرۆدا خەڵاتی ستالین بۆ ئاشتی پێدەدرێت. نیرۆدا باوەڕی بە ستالینیزم هەبووە و ئەمەش قڵشت دەخاتە پەیوەندی نێوان نیرۆدا و ئۆکتاڤیۆ پاز، تا ئۆکتاڤیۆ پاز لە کۆمێنتێکدا دەڵێ « نیرۆدا تا دێت زۆرتر و زۆرتر بە ستالینییەتدا ڕۆدەچێ و منیش تا دێت دڵخۆشییەکەم بە ستالین کاڵتر و کاڵتر دەبێتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئۆکتاڤیۆ پاز پێیوا بوو کە « نیرۆدا گەورەترین شاعیری نەوەکەی خۆیەتی». نیرۆدا سێ خانووی هەبوو لە شیلی کە ئێستا وەک مۆزەخانە بەڕووی خەڵکدا کراوەن. نیرۆدا لە ژیانیدا سی و هەشت کتێبی بەچاپ گەیاندووە و شانزە کتێب بە زمانی ئینگلیزی لەسەر نووسراوە و بڵاو کراوەتەوە و دوو فلیمی لەسەر دەرهێنراوە و دوو کتێبی ئەدەبی لە ساڵەکانی ١٩٥٢ و ٢٠٠٨ لەسەر نووسراوە، ئەمە جگە لە نزیک بە بیست پارچە

شیعری کراوەتە گۆرانی.
ئەی خۆشەویستم تێمبگە
من تۆم سەرتاپا خۆش دەوێ
لە تەوقی سەر تا نووکی پێ
لەناوەوە کە ڕووناکییەکانت تیادا حەشارداوە.

پابلۆ نیرۆدا لە بیست و سێی ئەیلوولی ساڵی ۱۹۷۳ بە شێرپەنجەی پرۆستاست ماڵاوایی لە ژیان دەکات(*) و شیعر و کۆمۆنیزم و خەبات لە پێناو ڕزگاری مرۆڤایەتی بە یەکجاری جێدەهێڵێت. هێزەکانی بینوشیە مۆڵەتیان نەدا پرسەی گشتی بۆ دابنێن ، بەڵام بە هەزاران کەس ئەو بڕیارەیان ڕەت کردەوە و ڕژانە سەر شەقامەکانی شیلی.

(*) ڕوونکردنەوەیەکی پێویست: بەپێی هەواڵێکی سایتی بی بی سی عەرەبی لە مانگی ئۆکتۆبەر و تشرینی یەکەمی ساڵی ۲۰۱۷ دا و لە نووسینێکدا بەناوی (الشاعر التشيلي بابلو نيرودا لم يمت بالسرطان)هاتووە کە شارەزایانی بواری پزەشکی ئەو ڕاستییە پشتڕاست دەکەنەوە، کە نیرۆدا بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەی پرۆستاتەوە نەمردووە، بەڵکوو، دوای لێدانی دەرزەیەک لەلایەن بەکریگیراوانی بینوشییەوە؛ بەهەفتەیەک مردووە.

# سەرچاوەکان:


1-http://www.poemhunter.com/i/ebooks/pdf/pablo_neruda_2011_3.pdf

2-http://en.wikipedia.org/wiki/Pablo_Neruda

3-http://www.newyorker.com/magazine/2003/09/08/the-ecstasist

4-http://www.theparisreview.org/interviews/4091/the-art-of-poetry-no-14-pablo-neruda

5-http://www.bbc.com/Arabic News Octbe and November 2017


**تێبینی: ئەم بابەتە لە هەفتەنامەی هەواڵ،بڵاو بۆتەوە. بەداخەوە ژمارە و ساڵەکەی بەردەست نەبوو.**

# هاینریش هاینە

# شاعیری سیاسی - ڕادیکاڵی ئەڵمانیی



ککریستین جۆهان هاینریش هاینەی شاعیر و ڕەخنەگر و ڕۆژنامەنووسی ئەڵمانی بەهۆی شیعرە بەرابیەکانی کە سەبارەت بە عەشق و خۆشەویستین لە دەرەوەی ئەڵمانیا ناسراوە. شیعرەکانی لەلایەن ئاوازدانەران وەکوو ڕۆبەرت شومان و فرانز شۆبەرت ئاوازیان بۆ دانراوە و کراونەتە گۆرانی. بەڵام شیعرەکانی دواتری هاینە جیاوازن و زیاتر مەغزایەکی سیاسیان هەیە. هاینریش هاینە وەک ئەندامێکی بزووتنەوەی لاوانی ئەڵمانیا ناسرا و بۆچوونە ڕادیکاڵە سیاسییەکانی لەبەر هەمەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە و ئەمەش وا لە دەسەڵاتدارانی ئەوسای ئەڵمانیا دەکات کە بەرهەمەکانی قەدەغە بکەن. هاینە بیست و پێنجساڵی ژیانی لە مەنفا لە فەرەنسا بەسەر بردووە. هاینریش هاینە لە سیانزەی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٧٩٧ لە شاری دوسەڵدۆرف لە ئەڵمانیا لە خێزانێکی جوولەکە لەدایکبووە. کە منداڵ دەبێت دایک و باوکی دەینێرنە بەر خوێندنی زمانی عیبری. پاشان دەچێتە قوتابخانەی کاسۆلیکی و ئینجا زمانی فەرەنسی فێر دەبێت. هاینە لە هەرەتی لاویدا لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا واتە ساڵی ١٨١٤ دەچێتە قوتابخانەی بازرگانی و لەوێ فێری زمانی ئینگلیزی دەبێت کە لەو سەردەمە زمانی ئینگلیزی زمانی بازرگانی بووە. ساڵی ١٨١٦ دەچێتە شاری هامبۆرگ تا لە کۆمپانیاکەی مامی کار بکات، لەوێشدا لە تەمەنی تەمەنی هەژدە ساڵیدا عاشقی کچە مامەکەی (ئێمیلی)دەبێت. پاش ئەوەی مامی بۆی دەردەکەوێ کە هاینە لە بواری بازرگانی سەرکەوتوو نییە، ساڵی ١٨١٩ داوای لێدەکات یاسا بخوێنێت. بۆ ئەم مەبەستەش هاینە دەچێتە زانکۆی

بۆن بۆ خوێندنی یاسا. بەڵام هاینە زیاتر حەزە لە خوێندنی ئەدەب و مێژوو بوو نەک یاسا. کاتێ زانکۆی بۆن بیرمەند و ڕەخنەگری بەناوبانگ ئۆوگست ولهێلم شلیگڵ وەک مامۆستا دادەمەزرێنێ و هاینەش کە گوێ بیستی باسێکی دەبێت دەربارەی ڕۆمانسیزم، هاینە دەبێتە ڕەخنەگری شیعرە بەراییەکانی خۆی و ئینجا وەکوو شاعیرێکی ناسراو لە شاری بۆن ناو و ناوبانگ پەیدا دەکات. هاینە دوو شانۆگەری تراژیدی بە ناوەکانی ئەلمەنسور و ولیام راتکلیف نووسی، بەڵام لە سەر شانۆ ئەو سەرکەوتنەی بەدەست نەهێنا. پاش ساڵێک ژیان لە شاری بۆن، هاینە چوو بۆ زانکۆی کۆتنگن بۆ بەردەوامبوون لە خوێندنی یاسا. هاینە شارەکەی بەدڵ نەبوو هەروەک چۆن خوێندنی یاساشی بەدڵ نەبوو و تا دەهات زیاتر ژیانی ئەرستۆقراتی ئەڵمانیا بێزاری دەکرد. هاینە بەهۆی هەندێ سەرکێشی کۆمەڵایەتییەوە بەتایبەتی مارەبڕینی کچی مامی (عاشقەکەی) بۆ ماوەی شەش مانگ لە زانکۆ دوور دەخرێتەوە و مامیشی ئەمجارە دەینێرێتە زانکۆی بەرلین. لە ئازاری ساڵی ١٨٢١ لە بەرلین ئاسۆیەکی فراوانتر بەڕووی هاینریش هاینەدا دەکرێتەوە، چ لە ڕووی ژیاریی و چ لەڕووی زانست و مێژووی هونەر و ئەدەب. ساڵی ١٨٢١ تێکەڵ بە کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی و زانستیی جولەکەکان دەبێ و تێدەکۆشێ بۆ بەدەستهێنانی باڵانس لە نێوان بیروباوەڕی جوولەکە و ژیانی مۆدێرنە. ساڵی ١٨٢٤ دەست دەکات بەنووسینی ڕۆمانی مێژوویی (هاخامەکانی باشارش) کە هەرگیز نەیتوانی تەواوی

بکات. ساڵی ١٨٢٣ بەرلین بە جێدێڵێ و پەیوەست دەبێت بە خێزانەکەیەوە و ئینجا دەست دەکات بە نووسینی شیعر (گەڕانەوە بۆ نیشتمان). ساڵی ١٨٢٤ دەست بە گەشتێک دەکات و لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٨٢٥ هاینە دەچێتە سەر ڕێبازە پرۆتستانت.
هاینە لیرە بەدواوە بە چڕی دەست بە نووسینی شیعر دەکات و شیعری ئازاد دەنووسێت. کاتێ گەشتی دەریای باکوور دەکات شیعری دەریای باکوور دەنووسێت. لە ئێوارەیەکی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٨٢٦ لە هامبورگ؛ هاینە بە یولیوس کەیمپ ئاشنا دەبێت و ئیتر یولیوس دەبێتە چاپ و پەخشکەری بەرهەمەکانی هاینە. ناوەڕۆکی شیعرەکانی هاینە لەو ساڵانە زیاتر ڕۆمانسییەت و داشۆرین (سەتایەر Satire – هجاء) بووە.
هاینە لە ناوەڕاستی دەیەی بیستەکانی سەدەی نۆزدەهەم سەتایەر و ئایرۆنی و سەرکازم تێکەڵ بە شیعرەکانی دەکات. ساڵی ١٨٢٧ نامیلکەیەکی شیعری تر بڵاو دەکاتەوە و کە دەکاتە بەشی دووەمی دەریای باکوور.
هاینە دەچێتە شاری لەندەن لە بەریتانیا. دوای گەڕانەوەی، گۆتە (جۆهان فریدریک گۆتە) لە شاری میونیخ، پێشنیاری کارکردن لە گۆڤارەکەی خۆی دەدات بەگوێی هاینەدا، بەڵام هاینە دەیویست لەزانکۆ وانە بڵێتەوە و ئەمەشی بۆ نەچووە سەر. ئینجا گەشتی باکووری وڵاتی ئیتاڵیا دەکات و مردنی باوکی گەشتەکەی لێ تاڵ دەکات و دەگەڕێتەوە ئەڵمانیا. ساڵی ١٨٣١ ئەڵمانیا جێدێڵێ و دەچێتە فەرەنسا و هەر ٢٥ ساڵی کۆتایی ژیانی لەو وڵاتەدا

دەمێنێتەوە. لە فەرەنسا هاینە لە نزیک ڕووداوەکانی شۆڕشی فەرەنسەوە دەژێت و لەوێ سەرنجی بەلای سۆشیالیزمی تۆباوی فەرەنسیدا دەچێت. لەگەڵ ئەوەشدا زیاتر دەناسرێت و ئینجا وەکووو پەیامنێری ڕۆژنامەکەی گۆتە دەکەوێتە کارکردن و لەم ڕێگەیەوە دەتوانێت بژێوی خۆی دابین بکات. هاینە بە چەند تاقیکردنەوەیەکی خۆشەویستیدا تێپەڕیێ. بەڵام لە ساڵی ١٨٣٤ لەگەڵ خانمێکی تەمەن نۆزدە ساڵی خاوەن بزنس دوکاندار کرێسێنس یوجین میرات کە نازناوی (ماتیڵد) بوو، ئاشنا دەبێت و هاوسەرگیریی دەکات. هاینە بە یەکێک لە (ئەڵمانیا لاوەکان) دادەنرێت کە لە کارڵ گودزۆڤ و هێنریک لەوب و تیودۆر مەنت و لودۆف وێنبیرگ پێهاتبوو. ئەم گروپە لیبڕاڵ بوون بەڵام چالاکی سیاسییان نەبوو. ساڵی ١٨٤٠ شیعر لە ئەڵمانیا ڕاستەوخۆ ڕووەو سیاسەت وەرچەرخا. هاینەش شانبەشانی شاعیران فێردیناند فرێلیگارت و جۆرج هێروێگ، ڕووی لە شیعری سیاسی کرد. شێوازە نووسینی شیعریی هاینریش هاینە، شێوازێکی سەتایرانە-داشۆرانەی گاڵتەئامێز- بوو دژ بە پاشاکانی پڕووسیا و باڤاریا. بەڵام بەناوبانگترین شیعری سیاسی هاینە، شیعری کرێکارانی چنینی سیلزەیە کە گاریگەری ئەم شیعرە و یاخیبوونی کرێکاران خەڵک بوو بەهۆی ئەوەی پاشای پرووس ناچار بێت دەستوور بۆ خەڵکی وڵاتەکەی بەرەوا ببینێ. شایانی باسە ئەم شیعرە بەناوبانگەی هاینە لە ڕۆژنامەی (بۆ پێشەوە)ی کارڵ مارکس بڵاو بۆوە.

تەنانەت فرمێسکێک

لە چاوی بێ نوورا
نەماوە
لە پشتی دەسگاوە
بە دیانە – کرۆژێ
خەریکی تەونین و
بە دەستی توورەیی دەنووسین
هۆ ئاڵمان
کفنەکەت بۆ ئەچنین
پۆی لەعنەت، تانی قین
بە بەری چنینی کفنەوە
سێ لەعنەت ئەنێرین

ئەم شیعرە ئیلهامی لە خەبات و نارەزایی کرێکاران وەرگرتووە و کە لەپێناو باشترکردنی هەلومەرجی کار لە ساڵی ١٨٤٤ هاتبووە ئاراوە. لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٤٣ فەیلەسوف و شۆڕشگێڕی ئەڵمانیا کارڵ مارکس و جینی هاوسەری دوای داخستنی ڕۆژنامەکەی مارکس لەلایەن پاشای پرووسەوە، دێنە فەرەنسا. مارکس ئاشنای نووسینە بەراییەکانی هاینە هەبوو و لەمانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٨٤٣ هاینە و مارکس یەکتر دەبینن و دەبنە هاورێ. بەڵام ئەم هاوڕێیەتییە لەسەر حیسابی باوەڕ نەبوو. هاینە گەرچی سۆشیالیزمی زانستی مارکسی قەبووڵ نەبوو، بەڵام مارکس و هاینە دژ بە بۆرژوازی بوون. مارکس ساڵی ١٨٤٥ لەژێر فشاری پاشای پرووس حکومەتی فەرەنسا ڕۆژنامەکەی دادەخات و دیپۆرتی بولگاریای دەکات.



هاینە لەگەڵ باوەڕی کارڵ مارکس نەهاتەوە و لە پەراوێزە بازنە سوشیالیستەکانی ئەو سەردەمە مایەوە. کۆمۆنیست بوونەکەی هاینە تێکەڵییەک بوو چونکە پێی وابوو ڕادیکاڵیزم و مەتریاڵیزم گورزە کوشندەیان لە کلتووری ئەوروپی داوە ئەو کلتوورەی کە هاینە ئارەزووی دەکرد و دڵی پێی دەکرایەوە. هاینە لە ڕۆژنامەی لوتیتای فەرنسیزمان ساڵێک بەر لە کۆچی دوایی دەنووسێت « ئەمە دانپیانانە، کە ئاییندە بۆ کۆمۆنیستەکانە».

لە مانگەکانی تشرینی یەکەم و کانوونی یەکەمی ساڵی ١٨٤٣

هاینە گەشتی هامبۆرگ دەکات بۆ سەردانی دایکی و بینین و هەورەها ئاشتکردنەوەی کامپی چاپ و پەخشکەری کتێبەکانی هاینە، کە پێشتر ساردییەک کەوتبۆوە نێوانیان.

لە ئایاری ساڵی ١٨٤٨ هاینە باری تەندروستی باش نابیت و تووشی شەلەلی دەبێ و بۆ ماوەی هەشت ساڵ لەناو جێ دەکەوێت کە هەتامردن درێژەی کێشا. هەر ئەوساڵە لە ئەنجامی هەندێ ڕووداوی سیاسی، هاینە پێ لەسەر باوەڕەکانی مارکس دادەگرێ و دوایش بەرەو ئایین وەردەچەرخی. هاینە هەرگیز نەیوتووە کە بڕوای بە خوا نییە. هاینە لەو ساڵانەدا کە لە ناوجێ کەوتبوو؛ دەکەوێتە داوی عەشقی کەمیلا سێڵدن کە بە بەردەوامی سەردانی کردووە و هاینەی بەسەر کردۆتەوە. لە حەڤدەی شوباتی ساڵی ١٨٥٦ هاینریش هاینە کۆچی دوایی دەکات و لە فەرەنسا لە گۆڕستانی مۆنمارت دەنێژرێت. هاینە زیاتر لە بیست و پێنج کتێبی هەمەجۆر لە شیعر و وتار و شانۆ و بایۆگرافی چاپ و بڵاو دەکاتەوە.

چیدی ڕووت و ڕەجاڵ نابین
بورژواکان!
بۆ ئاوازە کڵیستان
کەوای ساتان
تان و پۆ زێر و زەو و ئاوریشم
لەبەر ئەکەن

کێ ئەو کەوای چنی بۆتان؟
ئێمەی رووتی برسی بێ نان!
ئێمەی کرێکاری کارگەی پارچەچنین
ئێوە ئاوا پۆشتە ئەکەین
کەچی خۆمان رووت و برسین!

**تێبینی: ئەم کۆپڵە شیعرانەی هاینریش هاینە کە لێرەدا دانراون لە وەرگێرانی هاوڕێی شاعیر موسڵح شیخولئیسلامیی(ڕێبوار) ە و من وەکووو خۆیان دامناونەتەوە و لە کتێبی (دەنگ هەڵبڕە) ەوە وەرم گرتوون.**

## سەرچاوەکان:



1-https://en.wikipedia.org/wiki/Heinrich_Heine
words and verse 2- بڕوانە سایتی
2-http://poetrypoem.com/cgi-bin/index.pl?poem-number=190349&sitename=verseofapoet&poemoff-set=0&displaypoem=t&item=poetry

**٣- دەنگ هەڵبڕە موسلح شیخوئیسلام (ڕێبوار) هەڵبژاردەیەک لە شیعرەکانی ڕێبوای چاپی دووەم ئینتشاراتی کانونی یارمەتی بۆ کوردستان کۆڵن ١٩٨٨ لاپەڕەکانی ٩٢ و ٩٣ و ٩٤.**

# نیکۆلا ڤاپتزارۆف

# شاعیری مۆدێرن - ڕادیکاڵی

# کرێکاری بولگاریا



نیکۆلا یۆنکۆڤ ڤاپتزارۆفی شاعیری کۆمۆنیست و شۆڕشگێڕ؛ یەکێکە لە ناسراوترین شاعیرەکانی بولگاریا. لە حەوتی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٠٩ لە شارۆچکەی بانسکۆ لە باشووری ڕۆژئاوای بولگاریا لە بناری چیاکانی پیریین لە خێزانێکی مەکدۆنی شۆڕشگێڕ هاتۆتە دونیاوە. ڤاپتزارۆڤ خوێندنی ئامادەیی لە شاری ڕازلۆگ و قوتابخانەی تەکنەلۆجی دەریاوانی لە شاری ڤارنا تەواو دەکات. ئەم شاعیرە سەر بە نەوەی جەنگی جیهانیی دوومەوە، کە ملیۆنان مرۆڤ چارەنووسی خۆیان بە خەبات لە دژی چەوسانەوە گرێدا بوو و بۆ ئەم مەبەستەش لە ڕیزەکانی شۆڕشگێڕانی چینی کرێکار دژ بە سەرمایەداری جیهانیی و بۆرژوازی لۆکاڵی دەجەنگان. ڤاپتزارۆف لەسەر میراتی هریستۆڤ بۆتیڤ شاعیری ناسیونالیستی بولگاری سەدەی نۆزدەم و مەکسیم گۆرگی و ڤلادیمیر مایاکۆفسکی ڕووسی خۆی بنیادنا. لەمەشدا تەنیا نەبوو بەڵکوو هەریەک لە دەیڤد گەست یان کاودوێلی لە بەریتانیا و فریدریک گارسیا لۆرکا لە ئیسپانیا و نازم حیکمەت لە تورکیا و بێرتۆڵدبرێشت لە ئەڵمانیا و فەیز ئەحمەد فەیز لە هیندستان هاوەڵی بوون. ئەمەش لە کات و سەردەمێکدا ڕوویدا کە بیروباوەڕی سۆشیالیزم و شۆڕشگێڕانە بوو بە هەوێنی هەست و خەیاڵ و ڕۆشنبیریی ئینسانیی. بەڵام ئەوەی ڤاپتزارۆفی لەوانی تر (واتە هاوەڵە شاعیرەکانی سەردەمی خۆی) جیا دەکردەوە و وای کردبوو لەناو دونیای ڕۆشنبیریی شۆڕشگێڕانەی خۆیدا لەسەر پێی خۆی بووەستێ، ئەوە بوو کە

ڤاپتزارۆڤ خۆی کرێکار بوو و ئەزموونی پرۆلیتاریبوونی بە دەستەکانی خۆی تاقی کردبۆوە.

ئەو خەباتە چی بوو
کە بووە هۆی وریابوونەوەی ژیان
لەنێو کەسانێکدا
بۆ تێکشکاندنی باری گرانی
توێژاڵی درۆی سەر ژیانیان

ڤابتزارۆف زۆربەی ژیانی وەک کرێکاری میکانیک (مەکینەچی) بەسەر بردووە و ئەوکاتانەی کاتی هەبووە خەریکی نووسین بووە. ساڵی ١٩٣٢ پەیوەست دەبێت بە حیزبی کۆمۆنیستی بولگاریاوە. ئەم شاعیرە کرێکارە لە تەمەنی زۆر کورتی خۆیدا یەک کۆشیعری لە ساڵی ١٩٤٠دا بڵاو کردۆتەوە. ڤابتزارۆفی شاعیر وەک چالاکوانێکی کۆمۆنیستێک دژ بە حکومەتی بۆریسی سێیەم(١) و لەشکری ئەڵمانیا هەڵدەسوڕا، بۆیە دەستگیر کرا و زیندانیکراو گوللەباران کرا. جگە لە شانازی بولگاریا، ڤابتزارۆف وەک شاعیرێکی مەکدۆنیش جێگای شانازییە.(٢) ڤابتزارۆف لە هەرەتی لاویدا کاتێ لەبەر هەژاری ناتوانێ ئەدەب لە زانکۆ بخوێنێت، ناچار دەبێت کار بکات. سەرەتا وەک دەریاوان کار دەکات و ساڵی ١٩٣٢ بەهۆی کارەکەی سەردانی تورکیا و قوبرس و میسر و لوبنان و ئیسرائیل دەکات. دواتر وەک مەکینەچی(فیتەر) لە کارگەیەک دادەمەزرێ و لەوێ وەک بەرپرسی پاراستنی مافەکانی کرێکاران هەڵدەبژێردرێت. ئیتر

شاعیر بیروباوەڕی مارکسیزم ئاوێتەی بیرکردنەوەی دەبێ و خەونی ژیانێکی یەکسان و دادپەروەر و ئازادبوونی مرۆڤ لەکۆت و بەندی کۆیلەتی، بیرکردنەوەی داگیر دەکات. ڤابتزاروٚف زۆر وەفادار بوو بەرامبەر بە باوەڕەکەی. ساڵی ١٩٣٦ سەرکەوتووانە ڕابەرایەتی مانگرتنێکی ٣٠٠ کرێکاری دەکات و لە ئەنجامی ئەمەش لە ساڵی ١٩٣٨ لە کارەکەی دەردەکرێ. ئەمەش ناچاری کرد لەگەڵ هاوسەرەکەی و منداڵەکەی بەرەو سۆفیا کۆچ بکەن. شاعیر لەلایەن کۆمپانیاکانی ئەو سەردەمەوە ناوی لە لیستی ڕەشدا دەدانێن و کاری پێنادەن و برسێتی و هەژاری و مردنی منداڵەکەی فشاری زۆری بۆ دێنن، بەڵام ئومێدی لێنابڕن، تا کاری لە کۆمپانیای ئاش یان باراش(گەنم هاڕین) دەستدەکەوێت، کە کارەکەش زۆر زەحمەت دەبێ. لەوێ واز دێنێ و ئینجا لە ساڵی ١٩٣٩ لە کۆمپانیای هێڵی شەمەندەفەر دادەمەزرێ. لەوێدا ڤاپتزاروٚف زیاتر لەگەڵ کۆمۆنیست و شۆڕشگێرەکان پەیوەندی دادەمەزرێنی، بەتایبەتی نووسەرە شۆڕشگێرەکان وەکوو گیورگی کاراسلاڤۆڤ و خ ڕادێڤسکی و م. عیسایڤ و ت پاپلۆڤ . هەروەها حەلقەی شاعیرانی مەکدۆنی پێکدێنێ. ڤابتزاروٚف لە نووسین بەردەوام بوو و ژمارەیەک ڕۆژنامە شیعری ئەم شاعیرە شۆڕشگێڕەیان بڵاو کردۆتەوە. شیعری (ڕۆمانتیکا) ی ڤاپتزاروٚف خەڵاتی شیعری بردۆتەوە. پێ بەپێی کات ڤاپتزاروٚف زیاتر لەگەڵ بیروباوەڕی کۆمۆنیستی ئاشنا دەبێت و ئەمەش لەکار و هەڵسوڕانیدا ڕەنگی دەداتەوە. ئەم شاعیرە شۆڕشگێرە

له بواری هونەری و ئەدەبیی چالاک بووە و لەهەمان کاتیشدا له بواری هۆشیارکردنەوەی کرێکاران هەڵسورێنەری حەلقە مارکسییەکان بووە. ساڵی ١٩٤٠ بەشداری واژوو کۆکردنەوەی کرد بۆ بنیادنانی پەیوەندی دۆستانە لە نێوان بولگاریا و یەکێتیی سۆڤییەتی جاران. ئەم چالاکییەی و چالاکییە سیاسییەکانی تری بوونە هۆی دەستگیرکردنی. دوای ئازادبوونی لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٤٠ ڤابتزارۆف بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی بولگاریا، کاری ئەو ڕێکخستن و پەیداکردنی چەک و دۆکیومێنت بوو بۆ بزووتنەوەی بەرگریکاری دژ بە فاشیزم. ساڵی ١٩٤١ کاتێ بولگاریا ڕەزامەندی نیشاندا تا لەشکری نازە بێنە ناو خاکی بولگاریاوە بۆ پاراستن لە پەلاماری هێزەکانی یەکێتیی سۆڤییەت. ڤاپتزارۆڤ خەریکی کاری ژێرزەمینی بوو و هێزە شۆڕشگێرەکانی ڕێکدەخست بۆ بەگژاچوونەوەی ستەم و فاشیزم. لەڕووی شیعریشەوە ڤاپتزارۆڤ لەسەر هەمان ڕێچکەی ترادیسیۆنی هریستۆ بۆتیڤی شاعیر هریستۆ سمیرێنسکی هەنگاوی نا بەڵام مەغزای نوێی بە شیعری بولگاری بەخشی. تایبەتمەندی شیعریی ڤاپتزارۆڤ تووڕەیە و دونیای کۆن ڕەت دەکاتەوە و بیروباوەڕی سۆشیالیستی بە پەرۆشەوە دەردەبڕێ. پاڵەوانی شیعرەکانی کرێکاران و کۆمۆنیستەکانن، وێنەی ئەو ئینسانەی لە ماڵ و لەکار و لە سەنگەری شۆڕشگێران دژ بە چەوسانەوە ئاوێتەی یەکتر بووبوون. شیعرەکانی نمایشی واقیعیەتی شۆشیالیستی ئەدەبی بولگاری دەکات. ڤاپتزارۆڤ تا

دوا ساتەکانی ژیانی خەریکی نووسینی شیعر بووە و دوا شیعری کە بۆ هاوسەرەکەی نووسیوە زۆر کاریگەرە.

هەندێجار کە نووستووی
وەک مێوانێکی ناوەخت دێم
مەهێڵە لەسەر شەقامەکە بمێنمەوە
دەرگاکە کلۆم مەدە
بە هێمنی دێمە ژوورەوە
لەسەرخۆ دادەنیشم
لە تاریکیی لێت دەڕوانم
وەختی چاوەکانم تێر بوون لە تەماشات
ئەوسا ماچت دەکەم و جێت دێڵم.

(کاتژمێر دووی پاشنیوەڕۆی ٢٣ی تەمووزە ١٩٤٢..واتە چەند کاژێرێک بەر لە ئیعدامکردنی)

ڤاپتزارۆڤ چەشنی برێشت مێژووی لە شیعردا تەوزیف کردووە. بەڵام ئەوەی ڤاپتزارۆڤ ئاوڕی شیاوی لێنەدراوەتەوە. ڤاپتزارۆڤ لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٤٢ دەگیرێت و لە بیست و سێی تەمووزە ساڵی ١٩٤٢ لە تەمەنی ٣٣ ساڵیدا بڕیاری ئیعدامی بۆ دەردەچێت و لەگەڵ یانزە کەسی تر گوللەباران دەکرێت. ساڵی ١٩٤٩ ئەکادیمیای دەریایی بولگاریا بەناوی ڤاپتزارۆفەوە ناونرا. لە سێی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٥٣ خەڵاتی ئاشتی نێونەتەوەیی پێدراوە. ڤاپتزارۆڤ لەساڵی ١٩٤٠ تەنها کتێبێکی شیعریی چاپ و بڵاو دەکاتەوە. دواتر لە ساڵی ١٩٥٤ هەڵبژاردەی شیعرەکانی

لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی لۆرێنس و ویشارت بڵاو دەکرێتەوە.(٣) و شیعرەکانیشی لەلایەن شاعیری ئینگلیزی پیتەر تێمپێست وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی ئینگلیزیی. شیعرەکانی ڤاپتزارۆف بۆ ٩٨ زمانی جیهان وەرگێڕدراون. ماڵی منداڵیی ڤاپتزارۆف لە شاری بانسکۆ و نشینگەکەی لە شاری سۆفیای پایتەختی بولگاریا، کراونەتە مۆزەخانە. (٤)

## پەراوێزەکان:

١- بۆریسی سێیەم پاشای بولگاریا، لە سێی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩١٨ لە دایک بووە و لە بیست و هەشتی ئابی ١٩٤٣ مردووە.

٢- مەکدۆنییەکان ئەو گەلەن کەلە ناوەڕاستی نیوە دوورگەی بەڵقان نیشتەجێن و ژمارەیان خۆی لە پێنج ملیۆن کەس دەدات.

٣- دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی لۆرێنس و ویشارت دەزگایەکی بەریتانییەو سەر بە حیزبی کۆمۆنیستی بەریتانییە و ساڵی ١٩٣٦ دامەزراوە. ئەم دەزگایە لە دەزگای پەخشی حیزبی کۆمۆنیست و دەزگای ویشارت کە دەزگایەکی لیبڕاڵی و ئەنتی فاشیستی بوو پێکهات.

٤-وڵاتی بولگاریا لەساڵی ٦٨١ زایینی بنیاد نراوە و سیستەمی پاشایەتی پەیڕەو کردووە و دواتر ئیمپڕاتۆریەتی بێزەنتینی هێناوەتە دەرەوە، ئایینی سەرەکی مەسیحی بووە. پاشان لەلایەن عوسمانییەکانیەوە لە ساڵی ١٣٩٦داگیرکراوە . دەسەڵاتدارانی

بولگاریا زۆر ستەمکار بوونە. تا ساڵی ١٩٤٤ ڕووسیا دەستی بەسەردا دەگریت و ساڵی ١٩٤٦ کۆماری میللی بولگاریا دادەمەزرێنێت و دەبێتە بەشێک لە بلۆکژی وڵاتانی سۆشیالیستی. ساڵی ١٩٩٠ هەڵبژاردنی گشتی ئەنجام دەدرێت و حیزبی سۆشیالیستی حوکمڕانی دەگرێتە دەست، سیستەمی حوکمڕانی پەرلەمانییە و ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی هەشت ملیۆن کەس دەبێت. زمانی ڕەسمی بولگارییەو پایتەختەکەی شاری سۆفیایە.

## سەرچاوەکان:


1-https://en.wikipedia.org/wiki/Nikola_Vaptsarov
2-http://www.revolutionarydemocracy.org/rdv6n1/vaptsarov.htm
3-http://encyclopedia2.thefreedictionary.com/Vaptsarov,+Nikola+Ionkov


**تێبینی: ئەم وتارە لە هەفتەنامەی هاوڵاتی، ساڵی ٢٠١٦، بڵاو بۆتەوە.بەداخەوە ژمارەکەی بەردەست نەبوو.**

# جۆ هیڵ
# شاعیر و هونەرمەندی شۆڕشگێڕ
# و کرێکاریی ئەمریکی لەیادی
# سەد ساڵەی ئیعدام کردنیدا



سەد ساڵ پێش ئێستا لە نۆزدەی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٥، جۆ هیڵی شاعیر و هونەرمەند و هەڵسوڕاوی کرێکاریی ئەمریکی بەڕەچەڵەک سویدی، ئەندامی کارای ڕێکخراوی (کرێکارانی پێشەسازە جیهان – IWW) لەلایەن دەستەی ئیعدامی پێنج کەسی لە زیندانی ویلایەتی یوتا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە بیانووی کوشتنی باوک و کوڕێکی دوکاندار لە شاری ساڵت لەیک لەساڵی ١٩١٥، ئیعدام کرا. بیانووی کوشتنەکەو تاوانێک کە ئەنجام درابوو، کە لە واقیعدا هیچ پەیوەندییەکی بە جۆ هیڵەوە نەبوو، بووە بیانوویەک بەدەست دەسەڵاتدارانی بۆرژوازی ئەوکاتی ئەمریکا، تا هەڵمەتێک دژ بە خەباتی کرێکاران و ڕێکخراوی کرێکارانی پیشەسازە جیهان دەست پێبکەن. هەرچەندە هیچ بەڵگەیەک لەسەر تاوانباربوونی جۆ هیڵ لەبەردەستی دادگا نەبوو، دوای بیست و دوو مانگ زیندانیی، دواجار جۆ هیڵ بە ئیعدام ژیانی لێ سەندرایەوە. لەو بیست و دوو مانگەی زیندان جۆ هیڵ نەک هەر لە نووسین نەوەستا، بەردەوام وتار و شیعری دەنووسی و سروودی کرێکاریی و شۆڕشگێرانەی ئامادە دەکرد. لەدەرەوەش هەڵمەتی ڕزگارکردنی جۆ هیڵ زۆربەی وڵاتانی جیهانی گرتەوە و بە دەیان هەزار نامەی ناڕەزایی و سەدان هەزار واژوو کۆکرایەوە بۆ ئازادکردنی ئەو هەڵسوراوە کرێکارییە. هەروەها ڕێکخراوی کرێکارانی پیشەسازە جیهان بەوپەڕی ئامادەباشی لە پشت هەڵمەتی ئازادکردنەکەوە وەستا، بەڵام جۆ هیڵ پارێزیرەکەی ڕەت کردەوە و وتی « ناتوانم ئەوە

قەبووڵ بکەم هاوڕێکانم خۆیان برسی بکەم بۆ ئەوەی من ڕزگار بکەن.» لەلایەکی ترەوە جگە لە چینی کرێکاری ئەمریکا، گەلێ ڕێکخراوی جەماوەری و کەسایەتی ناوداری ئەوکاتە بەشدار بوون لەو هەڵمەتەدا؛ لەوانە کۆمیتەی ژنانی کالیفۆڕنیا، باڵیۆزە سوید لە ئەمریکا، کچی سەرۆکی ڕێکخراوی مۆرمۆنەکان(١)، وەزەری دەرەوەی ئەمریکا و هەروەها دووجار سەرۆکی ئەوکاتەی ئەمریکا ویڵسن داوای لە حاکمی گشتی ویلایەتی یوتا کرد چاو بە پەروەندەکەی جۆ هیڵ بخشێننەوە. بەڵام هەموو ئەم هەوڵانە لەبەردەم بڕیاری دژی کرێکاری و دژی ئینسانیی دادگا و دەسەڵاتدارانی ئەوکاتی ویلایەتی یوتا لەبەرچاو نەگیران و بڕیارەکە لەبەرژەوەندی سەرمایەداران جێبەجێکرا.

جۆ هیڵ (جۆڵ ئیمانوئێڵ هاگڵاند) هەروەها بە (جۆزەف هیلسترۆم) یش ناسراوە، لە حەوتی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٧٩ لە شاری گەفڵ لە وڵاتی سوید لە دایک بووە. سێیەم منداڵی خێزانێکی نۆ کەسی بووە. کە سیانیان هەر بە منداڵی مردوون. باوکی کرێکاری هێڵی شەمەندەفەر بووە. جۆ هیڵ لە ساڵی ١٩٠٢ لەتەمنی ٢٣ ساڵیدا لەگەڵ برایەکی دەچێتە ئەمریکا و لە ویلایەتی کالیفۆڕنیا نیشتەجێ دەبێ و ناوی خۆی دەگۆڕێ بۆ جۆ هیڵ. زمانی جۆ سویدی دەبێت و دواتر لە ساڵەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم فێری زمانی ئینگلیزی دەبێت. دواتر جۆ هیڵ دەبێت بە شاعیر و سروودبێژی(سروودخوێن)




چینی کرێکار و لە سەندیکا کرێکارییە ڕادیکاڵەکان چالاک و هەڵسوراو دەبێت. جۆ هیڵ لەساڵی ١٩١٠ دەبێتە ئەندامی یەکێک لە ڕێکخراوە کرێکارییە شۆڕشگێرەکان (IWWڕێکخراوی کرێکارانی پیشەسازە جیهان).(٢) جۆ هیڵ خۆی یەکێک لە ڕابەرانی کرێکارانی مانگرتووی بەندەری سان پێدرۆ بوو. ساڵی ١٩١٢ لە ئەنجامی وتارێکی شۆڕشگێڕانەدا دووچاری لێدان بۆوە و پاشماوەی ئازاردان بە بەردەوامی تا مردن لەگەڵیدا

مایەوە. جۆ هیڵ چەپ بوو، کرێکار بوو، سۆشیالیست بوو، شیعرەکانی لە ڕۆژنامەکانی سەندیکاکان و کرێکارانی پیشەسازە و هاوپشتی بڵاو دەکردنەوە. سروودەکانی جۆ هیڵ لە مانگرتن و خۆپیشاندانەکان، لە نارەزاییە دەستەجەمعییەکاندا دەوترانەوە.

هەستن ئەی کرێکارانی جیهان
زنجیرەکان بپسێنن
داوا بکەن مافەکانتان
ئەو هەموو سەروەتەی بەرهەمی دەهێنن
دەچێتە گیرفانی مشەخۆرە چەوسێنەرەکان
بۆچی دەبێ لەسەر چۆک بن
لە بێشکەوە تاکو مردن؟
ئەی ئومێدی بەرزە ئێوە لەم دنیایە
کۆیلە بونە لای سەرمایە؟

جۆ هیڵ دوای ئەوەی لە کالیفۆرنیا کاری دەست ناکەوێت، بڕیار دەدات بچێتە ویلایەتی یوتا و لەوێشەوە ڕۆڵی خۆی ببینێ لە ڕێکخراوکردنی کرێکاران و هەروەها سەرپەرشتی کردنی مانگرتنی کرێکارانی یونایتدی بیناسازە. جۆ هیڵ نامیلکەی (گۆرانییە سوورە بچکۆلەکە)ی لەلایەن ڕێکخراوی کرێکارانی پیشەسازییەوە بۆ چاپکرا و بەخۆرایی بەسەر کرێکاراندا دابەشکرا.(٣)

هەموو ساڵێک ملیارەها سەرف دەکەین
بۆ کڕینی گوڵە و تفەنگ

تاکو سوپا و هێزە دەریاییی ئازیزمان
نەکەونە دۆخی تاڵی و تەنگ
لە کاتێکدا ملیۆنان کەس لە هەژاریدا دەژێن و
ملیۆنانیش بەبەرچاومانەوە دەمرن

جۆ هیڵ وەک ئایکۆنێکی خەباتکارانەی بزووتنەوەی کرێکاری ئەمریکا دژ بە سەرمایەداران، ڕووخسارێکی شیرین و خۆشەویستی بۆ خەڵک و تۆقێنەر بۆ بۆرژوازی دەهاتە ئەژمار. دوای ئیعدامکردنی، تەرمی جۆ دەنردرێتە شاری شیکاگۆ و لەوێ دەسوتێنرێ و خۆڵەمێشەکەی دەکرێتە شەش سەد کیسەی بچکۆلانە و دەنێردرێتە هەموو ویلایەتەکانی ئەمریکا تەنها ویلایەتی یوتا نەبێت. هەروەها دەنێردرێتە زۆربەی وڵاتانی دونیا وەکوو کەنەدا و سوید و ئوسترالیا و نیگاراگوا و لە ڕۆژی یەکی ئایاری ساڵی ١٩١٦ ڕۆژی هاوپشتی و هاوخەباتی چینایەتی کرێکاران، خۆڵەمێشەکەی دەدرێت بەبادا. ساڵی ١٩٨٨ کیسەک لەو خۆڵەمێشە لە لایەن فەرمانگەی پۆستی ئەمریکاوە دەستی بەسەردا گیرابوو، دۆزرایەوە کەلەسەری نووسرابوو « جو هیڵ لە نۆزدەی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٥ لەلایەن چینی سەرمایەدارەوە کوژرا.» و دواتر فەرمانگەی پۆستی ئەمریکا کیسە خۆڵەمێشەکەی گەڕاندەوە بۆ ڕێکخراوی کرێکارانی پیشەسازە جیهان. لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٩٠ ئەو دوا کیسە خۆڵەمێشەی جۆ هیڵ لەلایەن ئەندامانی کۆمیتەی ڕابەرایەتی (ناوەندی) ڕێکخراوی کرێکارانی پیشەسازە جیهان لە ئەمریکا

دەپرژێنرێتە سەر ئاگر.
دەمانەوێ کرێکاران لە هەموو جیهان ڕیکخراو بن
لە ڕیکخراوێکی یەکپارچە و سەرتاسەری
ئەو کاتەی گشت یەک هەڵویست بین
کرێکاران.. ئەوسا داوای مافمان دەکەین
ئەگەر چینی کرێکار تەنها ببینێ و بزانێ
کرێکار خاوەن چ هێزێکی شکۆدارە
ئەوسا چینی چەوسێنەری سەرمایەدار
بەخێرایی لەنێو دەچێ و کۆتایی دێ.(٥)

کاتێ جۆ هیڵی شاعیر و هونەرمەند و خەباتکاری خەباتی چینایەتی کرێکاران لە دژی سەرمایە و سەرمایەداران بڕیاری گوللەبارانکردنی دەبیستێ، نامەیەک بۆ بیڵ هەیوودی سەرۆکی ڕێکخراوی کرێکارانی پیشەسازە جیهان دەنووسێ و تیایدا دەڵێ: « بیڵ ماڵئاوا..من وەکوو شۆڕشگێڕێکی خەمبار دەمرم، کات بۆ پرسەم بە فیڕۆ مەدەن، کرێکاران ڕێکبخەن!». شایانی باسە کاتێ جۆ هیڵ لەبەردەم دەستەی ئیعدامدا دەوەستێ. خۆی هاوار دەکات و دەڵێ « ئەوە منم، ئامادەم، دەی تەقەم لێبکەن.» جێی ئاماژەیە لەپرسەی ئەم خەباتگێڕە کرێکارە زیاتر لە ٣٠٠٠٠ هەزار کەس ئامادە و بەشدار بوون. بۆ ڕۆژی دوای ئیعدامەکەی گۆڤاری (نیویۆرک تایمز) نووسی «جۆ هیڵ وەک قارەمانێک و شەهیدێک مرد.» بەڵی ئەم فیگەرە هەرە ناسراوەی خەباتی چینایەتی بە جەستە مرد، بەڵام لە ڕاستیدا نەمردووە و لەدڵی

هەموو خەباتکارێکی ڕێگای ئازادی و دادپەروەری و سۆشیالیزم بەزیندووی ماوەتەوە و هەتا هەتاش هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە.
تێبینییەکان وەرگێر ئامادەی کردووە:
(١) مۆرمۆن ڕێکخراوێکی ڕۆشنبیریی – ئایینیی تایبەت بە مۆرمۆنییەکانە.. ئەم ئایینە لەسەر دەستی جۆزەف سمیس لە کۆتایی سەدەی نۆزدە هاتە دامەزراندن. لەڕاستیدا ئەم ئایینە هەر بەشێکە لە ئایینی مەسیحی. ئەمڕۆ ئەم ڕێبازە لە ناوەوە و دەرەوەی ئەمریکا پەیڕەوکەرانی زۆرە.
(٢) IWW سەندیکا یان ڕێکخراوی کرێکارانی پیشەسازە جیهان، ڕێکخراوێکی ڕادیکاڵی کرێکارانی جیهانە، لە ساڵی ١٩٠٥ لە شیکاگۆ بە ئامادەبوونی زیاتر لە دوو سەد کەسایەتی سۆشیالیستی و ئانارشیست و مارکسیست کە زۆربەیان ئەندامی حیزبی سۆشیالیستی ئەمریکا و حیزبی سۆشیالیستی کار و ژمارەیەک کەسایەتی ڕادیکاڵی سەندیکایی بوون، دامەزرا. فەلسەفە و تاکتیکی ئەم ڕێکخراوە بریتی بوو لە گرێدانی سەندیکا شۆڕشگێڕەکانی پیشەسازە لەگەڵ لێکهەڵپێکرانی ڕێبازە هەردوو بزووتنەوەی سۆشیالیزم و ئەنارشیستی کرێکاریی.
(٣)گۆرانییە سوورە بچکۆلەکە نامیلکەیەکی سروودی کرێکاری و سۆشیالیستی بوو لەلایەن ڕێکخراوی کرێکارانی پیشەسازە جیهان ئامادەکرا و لەساڵی ١٩٠٩ بڵاو کرایەوە. سروودەکانی نێو ئەم نامیلکەیە گوزارشتن لە خەبات و بەرگری چینایەتی بزووتنەوەی کرێکاریی لە دژی ستەمکاری بۆرژوازی.

(٤) بیڵ هەیوودی یان ولیەم دەدڵی هەیوود (چواری شوباتی ١٨٦٩ – هەژدەی ئایاری ١٩٢٨) دامەزرێنەر و ڕابەری ڕێکخراوی کرێکارانی پیشەسازە جیهان (IWW) و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی سۆشیالیستی ئەمریکا بوو. ژیانی ئەم ڕابەرە سۆشیالیستە پڕە لە هەڵسوڕاوی و خەبات لە پێناو ئازادی و یەکسانی و سۆشیالیزم. کاتێکیش لە نەخۆشخانەی مۆسکۆ کۆچی دوایی دەکات. نیوەی خۆڵەمێشەکەی لە کرملین دەنێژرێ و نیوەکەی تری دەنێردرێتەوە بۆ شیکاگۆ و لەوێ دەنێژرێ.

(٥) ئەم کۆپڵە سروودانە لە کتێبی گۆرانییە سوورە بچکۆلەکەوە وەرگیراون کەلەنووسین و وتنی جۆ هیڵە.

## سەرچاوەکان:

1-https://en.wikipedia.org/wiki/Joe_Hill(writer
2-http://www.aflcio.org/About/Our-History/Key-People-in-Labor-History/Joe-Hill-1879-1915
3-Old Letter Shade New Light on Joe Hill Murder case The New York Times website http://www.nytimes.com/2011/08/27/us/27hill.html?_r=0
4-The Murder of Joe Hill https://libcom.org/history/1915-the-murder-of-joe-hill

5-Joe Hill songwriter to the working class The Socialist Party of Great Britain http://www.world-socialism.org/spgb/socialist-standard/2000s/2000/no-1154-october-2000/joe-hill-songwriter-working-class
6-http://www.skeptically.org/literaryworksofjk/id2.html
7-Freedom from Religion foundation https://ffrf.org/news/day/dayitems/item/14582-joe-hill
8-The death of Joe Hill
9-http://www.onthisdeity.com/19th-november-/1915-the-death-of-joe-hill
I.W.W. Songs to Fan the Flames of discontent .Nineteenth Edition 1923 Printed in U.S.A

**تێبینی: ئەم بابەتە لە هەفتەنامەی هاوڵاتی بڵاو بۆتەوە. بەداخەوە ژمارە و ساڵی بڵاوبوونەوەی بەردەست نەبوو.**

# ڤیکتۆر خارا

# شاعیر و هونەرمەندی

# شۆڕشگێڕی شیلی



لەخۆرئاواوە ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە

عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ)

ڤیکتۆر لیدیۆ خارا مارتینز (ڤیکتۆر خارا)ی مامۆستا و دەرهێنەری شانۆیی و شاعیر و گۆرانیبێژ(سروودبێژ) و هەڵسوڕاوی سیاسی شیلی, لە بیست و هەشتی ئەیلوولی ساڵی ١٩٣٢ لە دێی لۆخین لە نزیک شاری سانتیاگۆ لە خێزانێکی هەژار لەدایکبووە. لەبواری دەرهێنانی شانۆدا، ڤیکتۆر خاراجیاواز بوو. ئەو توانی شانۆی شیلی لە ڕووی دەرهێنانەوە گەشە پێبدات. خارا توانی ژمارەیەکی زۆر شانۆنامە هەر لە شانۆنامە لۆکاڵییەکانەوە تا دەگاتە شانۆنامە کلاسیکییەکانی جیهان و تاکاری ئەزموونگەری شانۆنامەنووسەکان وەکوو شانۆنامەنووس ئان جیلیکۆ، بکاتە بواری ئەزموون و تاقیکردنەوەی هونەریی. سەرباری ئەمەش خارا لە سەردەمی دەسەڵاتی سۆشیالیستی سەلڤادۆر ئەلیندا، توانی ڕۆڵێکی سەرەکی لەنێو مۆسیقارە فۆلکلۆرە نوێیەکان بگێڕێ و بزووتنەوەی گۆرانی نوێی شیلی دابمەزرێنێ، کە ئەمەش بوو بە هەڵسانەوەی دەنگی نوێ لە مۆسیقای باوی شیلی. چونکە مۆسیقای هونەری گۆرانی لە شیلی لەگەڵ بزووتنەوەی (یەکێتیی میللی) زیاتر ناسرا ئەمەش هۆکارێکی بەهێز، هەستیار، پتەو وئیلهامبەخش بوو، بۆیە دەسەڵاتی سەربازە بەپێویستیان زانی دژایەتی هەموو ئەو ئایکۆنانە، هەتا ئەو دەنگە جوانانەی کە تەژی بوون لە مانا و ئیلهام، بکەن. ڤیکتۆر خارا هەر پاش کودەتا سەربازەیەکەی یانزەی ئەیلوولی ساڵی ١٩٧٣ دەستگیر دەکرێت و پاش ئەشکەنجەیەکی زۆر بە گوللە کۆتایی بە ژیانی دەهێنرێت. دواتر تەرمەکەی فڕێ دەدرێتە سەر شەقامێکی شاری سانتیاگۆ. بە بەراودکردنی ناوەڕۆکی سروودەکانی خارا

که دەربارەی خۆشەویستی و ئاشتی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بوون لەگەڵ ئەو شێوازە وەحشییانەی کە خارای پێ تیرۆر کرا، ڤیکتۆر خارای کرد بە ڕەمزێکی بەهێز لە خەبات بۆ مافی مرۆڤ و دادپەروەری سەرجەم قوربانیانی دەست ڕژێمی دژی ئینسانی پینۆشێت.

لەو ڕۆژەوەی چاوم بەڕووی ئەم دونیایە هەڵهێناوە
لەم وڵاتە زوڵم و هەژاری و کوێرەوەری دەبینم
هەست دەکەم زۆر پێویستیم بە گۆرانی وتنە بۆ خەڵک
تەواو بڕوام وایە دەبێ ئینسان ئازاد بێ لە ژیان
خەبات بکات لەپێناو یەکسانی و دادپەروەری

ڤیکتۆر خارا لە خێزانێکی جووتیار لە دایکبوو کە باوکی (مانوێڵ خارا)نەخوێندەوار بوو. بۆیە هانی منداڵەکانی دەدا لەبری چوون بۆ قوتابخانە،کار بکەن و یارمەتی خێزانەکەیان بدەن. خارا لە تەمەنی شەشساڵی لە کێڵگەیەک کاری دەکرد چونکە باوکی نە دەیتوانی پارەی پێویست پەیدا بکات و نە کارێکی بەردەوامیشی هەبوو تا بتوانێ ئەو خێزانە گەورەیە بەخێو بکات. ناچار پەنا دەبات بۆ خواردنەوە و شەڕکردن. دواجار لەپێناو پەیداکردنی کار (مانوێڵ) ی باوک، ماڵومنداڵ جێدەهێڵێ کە ئەوکات ڤیکتۆر خارا هێشتا منداڵ بوو. پاشان دایکی ڤیکتۆر خارا (ئەماندە مارتینز) سەرپەرشتیاری خێزانەکەی دەکات، کۆڵ نادا لە بەخێوکردنی خارا و خوشک و براکانی. هەروەها پێداگری دەکات لەوەی کە هەموو منداڵەکان دەبێ بخوێنن. دایکی خارا خۆی خۆی پێگەیاندبوو. ئەماندەی دایک

گیتار و پیانۆی دەژەنی و هەروەها گۆرانیشی وتووە بەتایبەتی ئەو گۆرانی (سونەتی) ترادیسۆنییانەی کە لە پرسە و زەماوەندەکاندا وتراون. کاتێکیش دایکی خارا دەمرێت، ڤیکتۆر خارا تەمەنی پانزە ساڵان دەبێ. لێی دەگەڕێن ڕێی خۆی هەڵبژێرێت. ئەویش سەرەتا ژمێریاری دەخوێنێ ، بەڵام زوو وازە لێهێنا و کەوتە خوێندن لە قوتابخانەی ئایینی بۆ بوون بە قەشە. دوای دوو ساڵ لە کڵێسا بێهوا دەبێ و قوتابخانەی ئایینی جێدێڵێت. پاشان چەند ساڵێک لە سوپادا خزمەت دەکا و ئینجا دەگەڕێتەوە بۆ شارەکەی بۆ پەیڕەوکردنی خولیاکانی لە مۆسیقا و شانۆ.



ژیانی هونەری ڤیکتۆر خارا لەوێوە دەست پێدەکات کە دایکێکی هونەرمەند پەروەردەی دەکات. ڤیکتۆر خارا خۆی بە قووڵی لەژێر کاریگەری فۆلکلۆری شیلی و وڵاتانی تری ئەمریکای لاتین بوو. بەتایبەتیش لەژێر کاریگەری هونەرمەندانی وەک ڤایۆلێتا پاڕرا و ئەتاهوڵپا یاپانکوی و شاعیر پاپلۆ نیرۆدا بوو. خارا دەستپێکی هونەری لە ناوەڕاستی دەیەی پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە دەست پێدەکات وەختێ لەگەڵ (گروپی کەنکومێن) دەست بە گۆرانی وتن دەکات. لەدەیەی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، لەبواری مۆسیقای میللی تایبەتمەندی لەکارەکانیدا نیشان دەدا و ئینجا تێکەڵ بە بزووتنەوەی مۆسیقای میللی ئەمریکای لاتین دەبێت. یەکەم کاسێتی ساڵی ١٩٦٦ بڵاو دەکاتەوە و تا ساڵی ١٩٧٠ بە تەواوەتی وا لە کاری شانۆیی دەهێنێت و خەریکی مۆسیقا دەبێت. گۆرانییەکانی تێکەڵییەکە لە مۆسیقای میللی سونەتی و هەڵسوڕاوی سیاسی باڵی بزووتنەوەی چەپی شیلی.

ئەگەر گیتار لە خەباتکردنمان چەک بێ
ئەگەر گیتار لە جەنگ هەمان ڕۆڵی چەک بگێڕێ
ئەوەی گیتار دەژەنێ
دەبێ شۆڕشگێڕ بێ.

ئیتر لەو کاتەوە زۆربەی کارە هونەرییەکانی خارا، گوزارشت بوون لە سەنگەری خەباتی خەڵک دژ بە ستەم و زۆرداری دەسەڵاتە چەوسێنەرەکانی شیلی. ڤیکتۆر خارا لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی

سەلڤادۆر ئەلیندا بۆ سەرۆکایەتی وڵات؛ بە تەواوی پشتگیریی لەو هەڵمەتە کرد و بە هونەر بەشداری کرد. سەرەڕای ئەوەش ڤیکتۆر خارا لەڕێی هونەری گۆرانییەوە گوزارشتی لە ژیانی کرێکاران و خەڵکی هەژار کردووە. ئەو هەمیشە لە سەنگەری خەڵکی ستەمدیدەوە دژ بە چەوسێنەران وەستاوە. ئەوەتا لە گۆرانییەک بۆ کرێکارانی کانەکان کە لە هەلومەرجێکی دژوار و ناخۆشدا کاریان دەکرد و دەژیان و خاوەن کاریش لەسەر حیسابی خوێن و ئارەقەی کرێکاران بەهەشتی بۆ خۆی بنیاد ناوە.

من کرێکاری کانی خەڵووزم
ئەڕۆم بۆ کانی خەڵووز بۆ کارکردن
پێشوازە دەکەم لە مردن
من کرێکاری کانی خەڵووزم
چاڵ لێدەدەم
سکی زەوی هەڵدەکۆڵم
ئارەق دەڕێژم
وەکوو خوێن سووور دادەگەڕێم
ئەمانەش هەر لەپێناو خاوەن کار
منیش جگە لە ئازار و ماندووبوون
هیچم پێ نابڕێ
من کرێکاری کانی خەڵووزم
ئەڕۆم بۆ کانی خەڵووز بۆ کارکردن
پێشوازە دەکەم لە مردن
من کرێکاری کانی خەڵووزم

لەگەڵ ئەوەشدا ئینسانم.

دوای ئەوەی بۆرژوازی و باڵی کۆنەپەرست و دژی ئینسانی کۆمەڵگەی شیلی بە هاوکاری و کۆمەکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، توانی لە یازدەی ئەیلوولی ساڵی ١٩٧٣ کودەتایەکی سەربازە دژ بە حکومەتی سۆشیالیستی سەلڤادۆر ئەلیندا ئەنجام بدات. سوپا بە تەواوەتی دژ بە حکومەتی سەلڤادۆر هاتە مەیدان و فڕۆکەکان بۆردومانی کۆشکی سەرۆکایەتی دەکات و سەلڤادۆر ئەلیندا دەکوژرێت و حکومەتەکەی لەنێو دەچێت. بۆ ڕۆژی دواتر، دوانزەی ئەیلوولی ساڵی ١٩٧٣ ، ڤیکتۆر گارا لەگەڵ هەزارانی تر لەلایەن سوپاوە دەستگیر دەکرێت و لە یاریگای سانتیاگۆ دەست بەسەر دەکرێن. لەنێو حەشاماتی دەستگیرکراودا خارا زوو



دەناسرێتەوە. لە یاریگادا کە سوپا کردبوویە زیندان، فاشیستەکان چوار ڕۆژ بە دڕندەترین شێوە ئەشکەنجەی دەدەن و هەردوو قۆڵ و هەردوو مەچەکی دەشکێنن. وەک ئەندرو تایلەر لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (نیو میوزەکەڵ ئێکسپرێس) دا دەڵێ»پەنجەکانی دەستیان بڕییەوە.» تەنانەت هەندێ شایەدحاڵ دەڵێن بە فاس پەنجەکانیان قرتاند. فەرماندەی سەربازە زیندانی یاریگاکە داوا دەکات گیتارێکی بۆ بێنن. ئینجا گیتارەکە لەسەر مێزێک لەناوەڕاست یاریگاکە دادەنێت و بە ڤیکتۆر خارا دەڵێ: « دە ئێستا گیتارەکە بژەنە، گۆرانی بڵێ..کوڕی سۆزانی..گۆرانی بڵێ». ڤیکتۆر خارا ڕازی بوو. خارا بە قۆڵ و مەچەکی شکاوەوە خۆی پەلکێش دەکات و هەڵدەستێتە سەرپێ. دەڵێ هاوڕێیان با گۆرانییەکەمان بڵێین. خارا دەست دەکات بە گۆرانی وتن. گۆرانی بۆ سۆشیالیزم و دادپەروەری و شۆڕش و حیزب دەچڕێ. خارا دەنگی لەنێو یاریگاکە شەپۆلی دەدا، بەڵام لەگەڵ هاوسەنگ بوونی دەنگی شتێکی زۆر سەیر و چاوەڕواننەکراو ڕوودەدا. بەپانتایی یاریگاکە ئەو زیندانیانەی کە چەند ڕۆژ بوو نە خەویان هەبوو نە خواردن، جگە لە ئەشکەنجە و لێدان، هەستانە سەر پێیان و لەگەڵ ڤیکتۆر خارا سرووودەکەیان دەوتەوە. ئەمەش ئەفسەرەکە توورە دەکات و بە دەمانچەکەی گولەیەك لە سەری خارا دەدات. بەمەش خارا دەکەوێتە سەر زەوییەکە، ئینجا بە سەربازەکە دەڵێ کارەکەت تەواو بکە و ئەویش بەر دەستڕێژی گوللەی دەدات و خارا گوللە باران دەکرێت.

ڤیکتۆر خارا دەکەوێتە سەر زەوییەکە و کۆتاییان بە دەنگ و گۆرانی و ژیانی خارا هێنا. هەر لە هەمان کاتێشدا لوولەی چەکەکانی پاسەوانەکان کرانە ئەو خەڵکەی سروودەکەیان دەوتەوە. بە دەیانیان لێ کوشتن و یاریگاکەیان کرد بە قەسابخانە. ئەو تراژیدیایە هەر تەنها مەرگی گۆرانیبێژێکی ناسراو نەبوو، بەڵکوو مەرگی ئومێدیش بوو. جۆرج سەلدانا لە شیعرێکدا جوان وەسفی خارا دەکات دەڵێ :

ئازایەتی ڤیکتۆر خارا لە بیر ناکەین
هەمیشە دژ بە چەوسانەوە دەجەنگا
پەنجەکانیان قرتاند و زمانیان بڕی
ئەو هاواری کرد «شۆڕش» لەسەرەمەرگا

کاتێک تەرمی ڤیکتۆر خارا و خەڵکە کوژراوەکانی تر فڕێ دەدرێنە سەر شەقامەکە، تەنها ڕێگە بە هاوسەرەکەی خارا (جوان خارا) دەدەن کە تەرمەکە بەرێتەوە. ئەویش دوای پرسەی خارا تەواوی شریت و گۆرانی و شیعرەکانی خارا هەڵدەگرێت و شیلی بەجێدێڵی. پاشان جوان خارا دەکەوێتە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی خارا و نووسینی کتێبێک لەسەر ژیان و خەباتی ڤیکتۆر خارا.

ڤیکتۆر خارا بوو بە ئایکۆنێکی نەتەوەیی و چینایەتی لە شیلی. بوو بە ڕەمزە بەرەنگاربوونەوەی ستەم و چەوسانەوە. بوو بە ورەی بەرز و ئومێدی لە شکان نەهاتوو بۆ خەڵکی شۆڕشگێڕ. ساڵی ٢٠٠٣ ئەو یاریگایەی خارای تێدا گوللە بارانکرا، ناوەکەی

گۆڕدرا بە یاریگای ڤیکتۆر خارا. هەروەها لە ساڵی ٢٠١٣ بە هۆی کۆشش و هەوڵی بێپچڕانەوەی بنەماڵەی خارا و هێزە ڕادیکاڵ و شۆڕشگێرەکانی شیلی و جیهان؛ توانرا ١٠ فەرماندە و سەربازە خانەنشینکراوی شیلی دادگایی بکەن و سزایان بدەن.

**سەرچاوەکان:**


1-http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=74743

2-Victor Jara biography Ansectry.ca

http://www.notablebiographies.com/supp/Supplement-Fl-Ka/Jara-Victor.html

3-The Life and Death of Victor Jara

http://www.theguardian.com/music/2013/sep/18/victor-jara-pinochet-chile-rocks-backpages

٤- فیکتور خارا انتصار الفن علی طغیان الراسمال حمید کشکولی موقع الحوار المتمدن العدد ١٦٦٥ ٢٠٠٦/٩/٦


5-http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=74743

The Spirit of socialism in Chile lives on poem – on Pinochet's Capture harry Targ Portside site September 7, .2013

http://www.portside.org/2013-09-08/spirit-socialism-chile-lives-poem-pinochets-capture


**تێبینی: ئەم وتارە لە هەفتەنامەی هاوڵاتی، ساڵی ٢٠١٦، بڵاو بۆتەوە. بەداخەوە ژمارەکەی بەردەست نەبوو.**

# فیلیپ لیڤین دەنگی کرێکارانی ئەمریکا لە شیعر



لەخۆرئاواوە ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

فیلیپ لیڤین؛ لەسەرەتای شیعر نووسینییەوە ئەو بۆشاییە گەورەیەی دەبینی کە ئەدەبی ئەمریکی دەرگیری ببوو، ئەویش هێنانەدەر و بەهێزکردنی ئەدەبی کرێکاران بوو. فیلیپ سوور بوو لەسەر دۆزینەوەی دەنگێک بۆ ئەو کرێکارانەی کە دەنگیان بە هیچ جێگایەک ناگات. ئەمەش لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ گۆڤاری (دیترۆیت مەگەزەن) دا دەردەبڕێ کە دەڵێ: «ببینیم ئەو خەڵکەی کاریان لەگەڵ دەکەم بەجۆرێک لە جۆرەکان دەنگیان بەهیچ شوێنێک ناگات. لە نێو ئەدەبی ئەمریکیدا دەنگیان نەدەبیسترا، کەس قسەی لەگەڵ نەدەکردن. منیش ڕێک وەک گەنجێکی خوێن گەرم هاتم ئەو پەیمانە گەوجێتییەمدا و لەبری ئەوان کەوتمە قسەکردن و ئیتر ژیانم بەو جۆرە بوو. ئەوەی توانیم ئەنجاممدا و یان بەهەرحاڵ هەوڵم بۆدا.» یان لە دیدارێکی تردا دەڵێ: «لە کارگەکان کارم دەکرد و هەوڵی نووسینیشم دەدا، بە خۆمم وت کەس شیعر بۆ ئەم جیهانەی ئێرە نانووسێ، ئەم جۆرە شیعرە هەر بوونی نییە و نابینرێ.ناتوانی بینینی. بۆیە پەیمانم بە خۆم دا و وتم من شیعر بۆ ئەو خەڵکە دەنووسم.» ئەمانە قسەی (فیلیپ لیڤین) ی شاعیری چینی کرێکاری ئەمریکا بەگشتی و کرێکارانی دیترۆیت بە تایبەت، کە شیعرەکانی خۆی کردە ئاوێنەی واقیعی ژیان و خەباتی چینایەتی کرێکاران لە دژی سەرمایەداری ئەمریکا. ڕەخنەگری بەناوبانگی ئەمریکی هێربەرت لەیبۆتز دەنووسێ: «لیڤین لە شیعرەکانیدا هەمیشە و بەبەردەوامی دەگەڕێتەوە بۆ ناو ژیانی کرێکارانی کارگەکان،کە چۆن هەژاری و کۆێرەوەری لە نێو ڕیزەکانی کرێکاراندا جەستەیان تێک دەشکێنێ و ڕوحیان بریندار


دەکات.»
فیلیپ لیڤین لە دەی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٢٨ لە ناوچەی پیشەسازە شاری دیترۆیت لە ویلایەتی میشیگەن لە خێزانێکی کرێکاری جوولەکەی بەڕەچەڵەک ڕووسی لە دایک بووە، منداڵێتی ئەم شاعیرە بە دیاردەی بێکاری و توندوتیژی ڕەنگڕێژکراوە. لە تەمەنی پێنج ساڵیدا باوکی دەمرێ. فیلیپ و براکانی دەکەونە دۆخێکی نالەبار و ناچار دایکیان ئەرکی بەخێوکردنیان لە ئەستۆ دەگرێ. لە تەمەنی چواردە ساڵیدا دەست دەکات بە کرێکاری و لە کۆمپانیایەکی ئۆتۆمۆبێل سازە دادەمەزرێت. ساڵی ١٩٤٦ خوێندنی ئامادەیی تەواو دەکات و دەچێتە کۆلێژ لە زانکۆی وەین لە دیترۆیت، ئەو جێیەی کە فیلیپ تیایدا دەستی بە نووسین کرد و دایکیشی زۆر پشتیوانی بوو. بۆیە فیلیپ دەڵێ: «من زۆر بەختەوەر بووم کە دایکێکم هەبوو هانی دام تا ببم بە شاعیر «.
لە ساڵی ١٩٥٠ بەکالۆریۆس لە هونەر بەدەست دەهێنێ و پاشان لە کۆمپانیاکانی شۆفرلێت و کایدلاک، شیفتی شەوان دەست بە کارکردن دەکات کەپێی وابوو بێماناترین ئیشن، لەگەڵ ئەوەشدا فیلیپ لە سەعاتە پشووەکانی ڕۆژەکانی کارکردنیدا شیعری بۆ کرێکارانی کارگەکەی دەخوێندەوە.

دەرگاکان کلۆم دراون و تەلبەندەکانیش بەپێوەن
دەسەڵاتێکی پۆلایینی دژ بە بەفر
ئەم مۆنەمێنتە خۆڵەمێشییەی عەقڵێش کە بەرگری کەش و هەوا دەکا
لەنارەزایەتی دەستی بێکاری پیاوانی یەکگرتوو دەترسێ

داخورانی لەسەرخۆی عەقڵیان کە هێشتا ئەم تەلبەندە بە پێویست دەزانن.

ساڵی ١٩٥١ لەگەڵ پاتی کانتێرمان هاوسەرگیری دەکات و دوو ساڵ بەردەوام دەبن تاساڵی ١٩٥٣ لێک جیا دەبنەوە. هەر ئەو ساڵە دەچێتە زانکۆی ئایۆئە و لەوێش لەگەڵ شاعیران ڕۆبەرت لۆوێڵ و جان بێریمان دەخوێنێت کە فیلیپ ئەوەی دوایی بە مامۆستای مەزنی خۆی ناوزەد دەکات. ساڵی ١٩٥٤ بڕوانامەی ماستەرەکەی لەسەر جان کیتس بەدەست دەهێنێت و هەر ئەو ساڵە لەگەڵ خانمە ئەکتەر فرانسیس چ ئاڕتێلی، بۆ دووەمجار هاوسەرگیریی دەکات. ساڵی ١٩٥٧ دەگەڕێتەوە زانکۆی ئایۆئە و دەست بە وانە وتنەوە دەکات و لەهەمان کاتیشدا بڕوانامەی ماستەر لە هونەری شێوەکاریی بەدەست دەهێنێ. ساڵی ١٩٥٨ دەچێتە بەشی زمانی ئینگلیزیی لە زانکۆی ویلایەتی کالیفۆرنیا و لەوێ لەلایەن شاعیر یوڤۆر وینتەرز پێشوازە لێدەکرێ و جێگای دەکرێتەوە تا خانوو دەگرێ و دەکەوێتە سەر کارکردن. ئەوجا فیلیپ تا خانەنشین بوونی لە ساڵی ١٩٩٢ لەو زانکۆیە درێژە بە وانە وتنەوە دەدات.

فیلیپ لیڤین وەک شاعیرێکی شۆڕشگێڕی کرێکاریی، هەڵوێستەکانی بەتایبەتی لەڕووی سیاسییەوە ڕوون بووە. فیلیپ ڕەخنەگری نیزامی سەرمایەداری ئەمریکی بوو، دەنگی بڵندی نەخێر و ڕەتکردنەوەی سیاسەتەکانی بورژوازی بووە لەدژی کرێکاران. سەنگەری ئەدەبیی




ئەم شاعیرە کارگەکان و کۆبوونەوەکانی کرێکاران و مانگرتن و ناڕەزایەتییە کرێکارییەکان بوو. لەهەمان کاتیشدا بڕوای بە خەباتی نێونەتەوەیی کرێکاران هەبوو. بەتایبەتی لە جەنگی ئەهلی ئیسپانیادا بەئاشکرا لایەنگری شۆڕشگێڕەکانی کرد لەدژی فاشیستەکان. چارڵس مۆڵیسوۆرس وای لێکدەداتەوە کە فیلیپ کاتێ لە بەرشلۆنە دەبێ، دەبێتە ئەڵقەی پەیوەندی نێوان شۆڕشگێڕەکانی بەرشلۆنە و چینی کرێکاری دیترۆیت. ئەو دەنووسێ: «هەردوو شار لەسەر پشتی تووڕەیی و چەوسانەوەی کرێکاران و شۆڕشی خامۆش بوو لە یەکێ لە خەفەبووەکان وەکووو کڵۆڵ بوون و ترسی ڕەگەزپەرستی لەوی

تر، بنیاد نراون.» هەندێ لە ڕەخنەگران پێیان وایە کە شیعرەکانی فیلیپ تاریک و چاونەترسن. هەربۆیە ڕەخنەگر پاوڵ گرەی پێی وایە کە «قسەکەرەکان(حیکایەتخوانەکان)ی نێو شیعرەکانی فیلیپ (گەریلان) و دوای دۆڕانی جەنگ، کەوتوونەتە نێو جەنگێکی بێکۆتایی. کەچی ڕیچارد هیگۆ جۆرێکی تری خوێندنەوەی هەیە و دەڵێ: «شیعرەکانی لیڤین گرنگن؛ چونکە لەناو ئەو شیعرانەدا ئێمە گوێ بیستی شتەکان دەبین و بایەخیان پێ دەدەین.»

لە سڕەیەکی درێژ و لەژێر باراندا
لە فرۆد هایڵاند وەستاوین
بۆ ئەوەی کارمان دەست بکەوێ
تۆ دەزانی کار یانی چی؟
ئەگەر هێندەت تەمەن هەبێ بتوانی ئەمە بخوێنیتەوە
دەزانی کار چییە
هەرچەندە لەوانەشە نەیخوێنییەوە
خۆت لەبیر کە. ئەمە دەربارەی چاوەڕوانییە
پێیەکانمان لە شلبووندا دەگۆڕین
هەست دەکەی نەرمە بارانێک وەک ئاونگ
بەسەر قژتدا دەبارێ و
بینینت لێڵ دەکا
تا پێت وایە براکەی خۆت لەبەردەم دایە

شێوازە شیعریی فیلیپ لە بەرزترین ئاستی خۆیدا، بەدەستەوەگرتنی

ئاڵۆزە و جوانییە لەپشت فەلاکەتباری ژیانی کۆمەڵایەتی کرێکاران. زۆربەی کات شیعرەکانی وێنای ژیانی ڕۆژانەی ژیاریی ئەمریکای دەکرد. یادەوەری و نۆستالیژیا و ئێش و ئازار و تووڕەیی سێنتڕاڵی گێرانەوەی شیعرەکانی (فیلیپ)ن. کارەکتەرەکانی لەنێو هەر سێ بۆشاییەکانی کاتدا درێژ بوونەتەوە. فیلیپ ئەو خەڵک و جێگایانەی کە بوونیان نەماوە، جارێکی تر دەهێنێتەوە نێو شیعر و زیندوویان دەکاتەوە. هاودڵی و چارەسەری مرۆییانەی بابەتەکانی وەک بەهێزی و چۆنایەتی بەرهەمەکانی، لەگەڵ هاوسۆزەییەکانی کە تەقریبەن و هەمیشە بۆ چەوساوەکان دەربڕیوە. فیلیپ لیڤین مێژووی لەبەرچاو بووە. ئەو نەچۆتە دەرەوەی مێژوو و نە فەرامۆشی کردووە. زۆرجار پێداگری لەسەر بەرژەوەندییەکانی کرێکاران دەیخاتە هەندێ هەڵوێستەوە کە دژایەتی حیزبی سیاسیی لێ دێتە بەرهەم. فیلیپ لە شیعری (حیزبی کۆمۆنیستدا) کە کۆبوونەوەی خۆی لە دیترۆیت لە ساڵی ١٩٤٠ دا بەست، دەڵێ:

ئێمە بەوپەڕی سادەییەوە ئایدیالیستین؟
ئەوەی کە من لێی دڵنیام ئەوەیە کە شتێکی پێویست لە ژیانماندا کەم بوو
وە لەنێو یانەی کۆلیژی خوێندکارانیشدا نەبوو
لە گفتوگۆی ناڕۆشنیشدا نەبوو، لەو وشە بێتامانەی
کە مۆسیقای تایبەت بە خۆی دەیچنێ
پرۆلیتاریا .. بورژوازی .. ترۆتسکی

پاشان دەبینین ئەم شاعیرە ئەوەندەی شاعیری هەست ناسکە،

ئەوەندە ئەهلی پراکتیک نییە و وەک خۆشی لە دیدارێکدا لەگەڵ گۆڤاری (پاریس ڕیڤیوو) دانی پێدا دەنێ و سەبارەت بە سیاسەتی ئیمپریالیستانەی وڵاتانی زلهێز بە تایبەت ئەمریکا لە کاولکاری و بە کۆیلەکردن و داگیرکردندا دەڵێ: «من هیچ شتێک لەم بارەوە ناکەم. من پیاوی کردار نیم. تا ئەو ئاستەی کە من هێندە بە قووڵی ئەخلاقیی نیم بەسەر ترس لە زیندان و ئەشکەنجە و نەفیکردن و هەژاریدا زاڵ ببم. من لەو کەسە بیرکەرەوانەم کە دەچمە گۆشەیەک و دەنووسم. ئەی چیمان پێدەکرێ؟» سەرباری ئەمەش فیلیپ لیڤین؛ ئاریشە مێژووییەکانی سەدەی بیستی لەچەشنی بایەخی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و خیانەتەکانی دوایی ستالین و قەیرانە جیهانییەکانی سەرمایەداری و بە پاشکۆبوونی نەقابە و یەکێتییە کرێکارییەکان بۆ کۆمپانیا گەورەکان و سەرمایەداری دەوڵەتی و کوێرەڕێگای ناسیونالیزم کە تەنانەت بۆ هونەرمەندێکی بیرتیژیش زەحمەتە بیگوازێتەوە نێو هونەر، ئەنارشیزمەکەی بە تەواوەتی بێهێزە کرد لە هێنانە ناوەوەی ئەم ئاریشانەوە بۆ نێو شیعر. لێرەوە دەگەینە ئەو ڕایەی کە فیلیپ ئەوەندەی فۆکسی لەسەر دیتەڵی ژیان و خەباتی کرێکاران بوو، ئەوەندە فۆکسی لەسەر کێشە گەورەکانی دونیای ململانێی سیاسەت نەبووە. ئەمەش ڕەنگە بە خاڵێکی نیگەتیڤ دابنرێ، بەڵام هیچ لە شوناسی چینایەتی کرێکاری ئەم شاعیرە کەم ناکاتەوە.
ژیانی کۆمەڵایەتی و دۆخی ئابووری دەیەی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، بابەتی سەرەکیی شیعرەکانی فیلیپ بوون. نەخشاندنی سەروسیمای چینی کرێکاری ئەمریکی و دۆخی جوولەکە پەناهەندەکان شایەتی دۆخی ژیانی ئەمریکان لەو سەردەمەدا.

ئەزموونی کرێکاری فیلیپ کاریگەری هەبووە لەسەر شیعرەکانی و بەتایبەتیش ئەو جیهانبینییەی کەدواتر بوو بە شوناسی چینایەتی شیعرەکانی. ئەو ئەگەرچی لەڕووی فۆرمەوە لە سەرەتا و دەستپێکدا بە فۆرمێکی کۆنەوە دەستبەکار دەبێ، بەڵام دواتر ئاڵوگۆڕ بەسەر شیعرەکانیدا دێت. لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٧ لە شاری نیویۆرک لەیادی هەشتا ساڵەی لەدایکبوونی فیلیپ؛ ڕێزلێنانێکی بۆ سازکرا و بەشێک لە شیعرەکانی فیلیپ لەلایەن شاعیران یوسف کۆمیونیاکا و گەڵوەی کیناڵ و ئی ئێڵ دۆکتیرۆ و چارڵز رایت و جین ڤەڵەنتاین و شارن ئۆڵدز خوێنرانەوە و هەروەها فیلیپ خۆشی ژمارەیەک شیعری تازەی خۆی خوێندەوە.

تۆ براکەی خۆت خۆش دەوێ
ئێستا لەناکاو بەزەحمەت هەڵدەستی
خۆشەویستیت بۆ براکەت سەردەکا و
کە نە لە تەنیشت و نە لە دواوە و نە لە پێشەوەت نییە
چونکە لە ماڵەوەیە و هەوڵ دەدا بنوێ کە سەرلەبەری شەوی ڕابردوو
لە کۆمپانیای کادیلاک کاری کردووە، بۆ ئەوەی
پێشنیوەڕۆ هەستێت و وانەی زمانی ئەڵمانیی بخوێنێ
هەشت سەعات شەوکاری کردووە تا بتوانێ
گۆرانی واگنەر ئەو ئۆپێرایەی کە زۆر ڕقت لێ دەبێتەوە، بڵێ.

جێوشوێنی فیلیپ لیڤین لە بزووتنەوەی شیعری ئەمریکیی دیارە. ئەم شاعیرە نەکەوتۆتە دەرەوەی جیهانی لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی

ئەدەبییەوە. نووسەران و ڕەخنەگران بە بایەخەوە لە بەرهەمەکانی ئەم شاعیرەیان ڕوانیوە و هەڵیان سەنگاندووە. شاعیر و نووسەر ئێدوارد هیرش دەڵێ: «فیلیپ واڵت وایتمانێکی بەتەوس و گەورەیە لەناو جەرگەی ناوچەیەکی پیشەسازەدا.» دەیڤد بەیکەریش ئاوا فیلیپ و شیعرەکانی دەخوێنیتەوە: «فیلیپ یەکێکە لە دەنگە هەرە پڕ لەریووەکانی دونیای گەواهی و دڵنیایی کۆمەڵایەتیمان، بەوپەڕی ڕوونییەوە دەدوێ. یەکێ لە کارەکانی کتێبە شیعرە هەرە گرنگەکانییەتی لەم سەردەمانەدا. شیعر لەدوای شیعری وەستانەوەیە لەدژی ئەو هەلومەرجە فەلاکەتبارەی کرێکارانی ئەمریکا کە ڕەنگە کرێکاران لە هیچ سەردەمێکدا تێکشکان و وێرانی ئاوایان بەخۆیانەوە نەدیبێ.» کاتێکیش بۆ خەڵاتی لۆریت (وەک شاعیری لۆریت هەڵدەبژێردرێ) جەیمز بیلینگتۆن دەنووسێ: «فیلیپ دەنگێکی زۆر زۆر ئەمریکییە، نازانم لە وڵاتانی تر بەو چۆنایەتییە شیعرت دەربارەی کرێکاری ئاسایی چنگ دەکەوێ.»

فیلیپ لیڤین دەڵێ: «هەمیشە کرێکاران لەناو شیعرەکانمدا بوونیان هەیە، چونکە من لەناویاندا گەورەبووم و من شاعیری یادەوەریم.» نەستی شاعیرانەی فیلیپ، نەستێکی کرێکارانەیە و هەرچۆنێ لەگەڵ یادەوەری ئیش بکات، کارەکتەری کرێکار و خەباتکاری چینایەتی دەبنە تەوەرەی شیعریی ئەو. لەو شاعیرانە بووە کە لە بابەت پەکی نەکەوتووە و شاعیرانە دایڕشتوون. ئەو لە جیهانێکدا بابەت و مەغزای شیعرەکانی هەڵهێنجاوە، کە جیهانێکی پێشکەوتووی پیشەسازە بووە و ئاستی بیرکردنەوە و پێشبینی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی کرێکاران لە ئاستێکی باشدا بووە. فیلیپ لەسەر ژیانی کرێکاران و

دیاردەی بێکاری و مانگرتنی کرێکاران، لەسەر کارفەرما و شوناسی چینایەتی ژیانی کۆمەڵایەتی و لەدەستدانی ئازەزانی نووسیوە. فیلیپ شیعری نووسیوە نەک وتاری سیاسی و دروشم. بۆیە شیعرەکانی جگە لە کتێبەکانی، لە گەلێ ئەنتۆلۆژیاش بڵاوبوونەتەوە.

فیلیپ بیست و یەک کۆشیعر و کتێبێکی نووسین و دوو کتێبی وەرگێڕان و سێ کتێبی چاوپێکەوتن چاپ و بڵاو دەکاتەوە. لەماوەی چل ساڵی پڕ لە بەخشش و داهێنانیدا، دوانزە جار خەڵات دەکرێ و ڕێزە لێدەگیرێ. لە ساڵی ١٩٩٢ لە زانکۆی ویلایەتی کالیفۆڕنیا خانەنشین دەبێ و تا لە چواردەی شوباتی ساڵی ٢٠١٥ لە تەمەنی هەشتا و حەوت ساڵی هەر لە ویلایەتی کالیفۆڕنیا ماڵاوایی لە ژیان و شیعر و داهێنان و خەباتی چینی کرێکار دەکات.

## سەرچاوەکان :


1-https://en.wikipedia.org/wiki/Philip_Levine_(poet

2-http://www.poemhunter.com/philip-levine

3-https://www.poetryfoundation.org/poems-and-poets/poets/detail/philip-levine

4-World Socialist web site

www.wsws.org

Published bythe International Committee of the Fourth (International (ICFI


**تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆڤاری هانا، ژمارە ٢ ی خوولی دووەمی، ساڵی ٢٠١٧، بڵاو بۆتەوە.**

# میلێنا

# ئەو عەشقەی کافکا پێوەی

# دەتلایەوە، کێ بوو؟



فرانز کافکای چیرۆکنووس و ڕۆماننووسی ئەڵمانی (١٨٨٣-١٩٢٤) کە بەپێی بۆچوونی زۆربەی ڕەخنەگران یەکێک بووە لە پڕ گاریگەرترین نووسەر لە سەدەی بیستەم، تەمەنێکی کورت ژیا. ئەم چل و یەک ساڵەی تەمەنی ئەو دەرفەتەی بۆ کافکا نەڕەخساند بەکامی دڵی خۆی چێژ لە ژیان وەربگرێت. ئەم نووسەرە ناودارە لە پەیوەندییە سۆزدارەکانیدا هەمیشە شکست بەدوای شکست چارەنووسی بووە. ئەم شکستانە زۆربەی جار بە بڕیاری خودی کافکا بووە. فرانز کافکا کەسێک نەبووە دوور لە ژن و جیهانی ژن، ئەو بۆشایی خۆشەویستی نەبووە و هەردەم بەجۆریک لە جۆرەکان لە پەیوەندیدا بووە لەگەڵ ژندا. هەروەها کافکا بەردەوام ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، لە پەیوەندی سێکسیدا بووە لەگەڵ ئەو خانمانەی کە پەیوەندی پێوە هەبوون یان خانمگەلێک کە هەر نەیناسیون و تەنها لە شوێنی خاڵی کردنەوەی ئارەزووی سێکس چاوی پێیان کەوتووە. فرانز کافکا لە مانگی ئابی ساڵی ١٩١٤ دا لەگەڵ خاتوو فیلیس باوەر ئەڵقە دەگۆڕنەوە. دوای یەک مانگ، ئەڵقەگۆڕینەوەکە هەڵدەوەشێنێتەوە. ساڵی ١٩١٧ بۆ جاری دووەم لەگەڵ فیلیس باوەر ئەلقە دەگۆڕنەوە و دوای پێنج مانگی جارێکیتر ئەڵقەگۆڕینەوەکە هەڵدەوەشێنێتەوە. ساڵی ١٩١٩ ئەڵقە لەگەڵ خاتوو جولی فۆریتسک دەگۆڕێتەوە و هەر ئەو ساڵەش کاتێ هەموو ئامادەکارییەک دەکەن بۆ هاوسەرگیریی، کافکا هاوسەرگیرییەکە هەڵدەوەشێنێتەوە. ساڵی ١٩٢٣ خاتوو دۆرا دایەمنت دەناسێ. ئەم خانمەش دڵی کافکا بەلای خۆیدا ڕادەکێشێ و کافکا ماوەیەک لەگەڵ ئەویشدا دەبێ، بەتایبەتی

ساڵی بەر لە مردنی لەگەڵ ئەو خانمە ژیاوە. هەرچی خاتوو میلێنایە جیاواز لە پەیوەندییەکانی تری کافکا جێگایەکی گرنگی لە ژیانی کافکا داگیر کردووە. ئەگەر پەیوەندییەکانی تری کافکا ڕووکەشی بووبێتن، ئەوا پەیوەندی لەگەڵ ئەم خانمە زۆر جیددی و قووڵ بووە. دەبێ خاتوو میلێنا جێسێنیسکا چ جادوویەکی لە روحی کافکا کرد بێ کە ئاوا بۆی شێت و تامەزرۆ بوو؟ میلێنا ئەو نووسەر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕە چیکییەی فرانز کافکا عاشقی بوو لە شاری پراگ لە نەمسا لە دەی ئابی ١٨٩٦ لە دایک بووە. باوکی دکتۆری ددان و پرۆفیسۆری زانکۆ بوو لە زانکۆی چارڵس لە پراگ و دایکیشی وەختێ میلێنا تەمەنی تەنها سیانزە ساڵان دەبێ ماڵاوایی لە ژیان دەکات. میلێنا لە تەمەنی بیست ساڵیدا دەکەوێتە ناو جیهانی خۆشەویستی ئێرنست پۆلاکەوە کە کاری وەرگێڕانی دەکرد و یەکێکیش بوو لە گروپی ڕۆشنبیرانی چیکی کە دواتر میلێنای بە کافکا ناساند. باوکی میلێنا لە کاسۆلیکە کۆنسەرڤەتیڤەکان بوو و ئەم پەیوەندییەی میلێنای لەگەڵ ئێرنست پۆلاکی جوولەکە پێخۆش نەبوو. بۆیە بۆ ماوەی نۆ مانگ لە حوزەیرانی ساڵی ١٩١٧ تا مانگی ئازاری ساڵی ١٩١٨ مێلێنای لە نەخۆشخانەی مێشک بەند کرد. وەختێ ساڵی ١٩١٨ لەگەڵ ئێرنست پۆڵاکی ڕۆشنبیر و ڕەخنەگری ئەدەبی هاوسەرگیری دەکات. ئەم هاوسەرگیرییە هەندێ کێشەی کۆمەڵایەتی بۆ میلێنا دروست کرد بەوەی باوکی یارمەتی دارایی لێبڕی و هەموو پەیوەندییەکی لەگەڵ میلێنادا پچڕاند. ئەم هاوسەرگیرییە سەرباری ئەم هەموو قوربانییە، هاوسەرگیرییەکی

سەرکەوتوو نەبوو. ساڵی ١٩١٩ کاتێ لە شاری ڤییەنا خەریکی وتنەوەی زمانی چیکی و کاری ڕۆژنامەوانی بوو، کورتە چیرۆکی توونچی فرانز کافکا دەبینێ و دەیخوێنێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش نامەیەک بۆ کافکا دەنووسێ و داوای لێدەکات کە ڕێی پێبدات ئەو کورتە چیرۆکەی لە ئەڵمانییەوە وەربگێڕێتە سەر زمانی چیکی. ئەم نامەیەی میلێنا سەرەتای پەیوەندییەکی درێژ و بەردەوامی ئەو دوانە دەبێت. میلێنا و کافکا دووجار یەکتر دەبینن، جاری یەکەم چوار ڕۆژ لە شاری ڤییەنا و جاری دوومیش یەک ڕۆژ لە شاری گموند پێکەوە دەبن. کافکا ئیتر لەلای خۆیەوە پەیوەندییەکە تێک دەدا چونکە میلێنا ناتوانێ مێردەکەی جێبێڵێ. ئیتر گفتوگۆی ڕۆژانەی میلێنا و کافکا لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٠ بە بن بەست دەگات. ئەمەش بۆ هەردوولا زۆر قورس بووە. بەڵام لە ساڵانی ١٩٢٢ و ١٩٢٣ چەند نامەیەکی تر دەگۆڕنەوە. میلێنا کورتە چیرۆکی توونچی کافکا و بەرهەمی چەند نووسەری تری وەکووو هێرمان برۆش و فرانس وێرفێڵ و ئەپتۆن سینکلەیر وەردەگێڕێ. میلێنا لە ڤییەنا لە نێوان ساڵانی ١٩٢٣ تا ١٩٢٦ لە چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار دەست بە نووسین دەکات و بەرهەم بڵاو دەکاتەوە و سەرپەرشتی لاپەڕەی ژنان لە بەناوبانگترین ڕۆژنامە و گۆڤاری ئەو کاتەی پراک دەگرێتە ئەستۆ. دوای مردنی کافکا، ساڵی ١٩٢٥ میلێنا لە هاوسەرەکەی جیا دەبێتەوە و دەچێتەوە پراگ. پاشان بۆ جاری دووەم لە ساڵی ١٩٢٧ لەگەڵ نەخشەسازە چیکیی جارمۆر کرێجکار هاوسەرگیری دەکات. میلێنا لە پراگ سەرباری ئەوەی بەردەوام دەبێت لە کاری

ڕۆژنامەوانی سەرقاڵی کتێبی منداڵان و وەرگێڕان بووە. ساڵی ١٩٣٠ میلێنا وەک زۆربەی ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمەی چیکی لە بیروباوەڕی مارکسیزم نزیک دەبێتەوە.

هەرچەندە میلێنا یەکەم خۆشەویستی کافکا نییە و بەر لە میلێنا کافکا پەیوەندی بە زۆر ئافرەتی ترەوە هەبووە و خۆشەویستی کردووە، بەڵام کافکا هەوڵیداوە جیهانی ئەفسووناوی خۆشەویستی لەگەڵ میلێنا ڕەنگین بکا و بیڕازێنێتەوە. پەیوەندی کافکا و میلێنا و عەشقەکەیان جیهانێکە پڕ لە سەرسامی. گەرچی نامەکانی کافکا بۆ میلێنا سەرەتا لە میلێناوە دەست پێدەکات وەختی داوا لە کافکا دەکات مۆڵەتی بدات کورتەچیرۆکی توونچی وەربگێڕیتە سەر زمانی چیکی، بەڵام پەیوەندییەکەیان هەر لەئاستی ئەدەب و وەرگێراندا نامێنێتەوە و پەرە دەستێنی بۆ ئاستی خۆشەویستی و عەشقێکی گەورە. کافکا هەوڵیداوە ئەم عەشقەی لە ناو دێر و پەرەگرافەکانی نامەکانیدا جێ بکاتە و نیشانی مەعشوقەکەی بدات.

میلێنا سەرباری ئەوەی هاوسەری هەبوو(ئێرنست پۆلاکی ڕۆشنبیر و ڕەخنەگری ئەدەبی) کەچی مەعشوقیشی هەبوو(فرانز کافکا). کافکاش دەزگیراندار بووە و میلێنای بە کچەکەی بەرلین ناوی بردووە. ئەم دوو عاشقە وەختێ بۆ ماوەی چوار ڕۆژ لە شاری ڤییەنا پێکەوە دەبن کاریگەرییان بەسەر یەکتردا لە ئاستێکدا دەبێت کە ڕۆیشتنەوەی میلێنا بۆ کافکا ببێتە ئازار. کافکا دەنووسێت « هەرگیز بە بیرمدا نەدەهات کە ڕۆیشتنەوەی میلێنا دەبێتە هۆی ئازارێکی بێکۆتایی». ئەم ئازارە وای لێدەکات بۆ ڕۆژی دوایی لە دەفتەری

یاداشتەکانیدا بنووسێت « هەمیشە میلێنا» یان بنووسیت» چرای نێو تاریکی» (١). کافکا هەستی بە ئارامی و بەختیاری کردووە لەگەڵ میلێنا. کافکا پێیوابوو نووستن لەگەڵ میلێنا زۆر گرنگترە لە نامە سۆزدارەکانی. یەکێک لە سیفەتەکانی میلێنا ئەوە بوو سەرباری هەڵە بێ کۆتاییەکانی، تەمبەڵیشی بۆ ببووە جێگات توانج. هاوڕێ کرێکارە کۆمۆنیستەکانی پراگ یان ڤییەنا پێیان دەوت « تۆ نەخۆش نیت، بەڵکوو خۆت ناتەوێ کار بکەیت».(٢) میلێنا گەرچی پێشتریش نەخۆش بووە، بەڵام ئەم توانجە ڕەنگە شتێ ڕاستی تێدا بێت و ئەم سستی و تەمەڵییە ژیان میلێنای گرتبێتەوە و کاریگەریی هەبووبێت بەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی. بە واتایەکی تر ڕەنگە مردنی کافکا هێندە کاریگەر بووبێ بەسەر ژیان مێلێنا، بۆیە ئەو وەرگێڕ و ڕۆژنامەوانە شۆخە دوای ئەو کارەساتە سەلیقە و تاقەتی کارکردنی نەمابێ. ساڵی ١٩٣٤ هاوسەرگیری دووەمی کۆتایی پێ دێت. دوای داگیرکردنی چیک لەلایەن سوپاسی ئەڵمانییەوە میلێنا سەنگەری خەڵک دەگرێت و دەکەوێتە یارمەتی خێزانە جوولەکەکان. ساڵی ١٩٣٩ دەست بەسەر دەکرێت بە تۆمەتی یارمەتیدانی جوولەکەکان. ساڵی ١٩٤٠ دەنێردرێتە کەمپی ڕاڤێنسبێرگ لە ئەڵمانیا. لە زیندانیش کۆمەک و یارمەتی زیندانییەکانی داوە بەتایبەتی ژنە زیندانییەکان و لەو کەمپەدا دەبێتە هاوڕێیەکی زۆر نزیکی مارگریتا بوبەر نیومن . مارگریتا و میلێنا لە پەیوەندییەکی زۆر توند و تۆڵی ڕوحیدا دەبن و تەنانەت کاتێ میلێنا لە حەڤدەی ئایاری ساڵی ١٩٤٤ لەژێر نەشتەرگەری بەهۆی وەستانی گورچیلەوە لەو کەمپە گیان لە دەست

دەدا، مارگریتا دەنووسێ: « ژیان ئەو مانایەی کە لای من هەیبوو، لە دەستی دا»  یان دەنووسێ « بۆ لە ژیان بەردەوام بم کاتێ میلێنا مرد بێ».(٣) کافکا ژمارەیەکی زۆر نامە بۆ ئەم مەعشوقەی دەنووسێ و دواتر دوای مردنی کافکا لە کتێبێکدا بەناوی «نامەکان بۆ میلێنا» لە ساڵی ١٩٥٣دا بڵاو دەبێتەوە. میلێنای بیست و سێ ساڵ بۆ فرانز کافکای سی و شەش ساڵ ژنە کاریزمایەکی بەهێز بووە و توانیویەتی نزیک لە ڕوحی کافکا بژێت و بیخوێنێتەوە. چونکە کافکا ئەو نووسەرەی دەترسا هاوسەرگیری ڕێگر بێت لە ئەنجامدانی کارەکانی، هەوڵیدا زۆربەی پەیوەندییەکانی لە ڕێگەی نامەوە بەرێتە پێشەوە.(٤) میلێنا سەرباری گەنجی و جوانییەکەی، ڕۆشنبیر بووە و ئەمەش بۆ کافکا جێی بایەخ بووە. دواجار لەڕێگەی خوێندنەوەی نامەکانی فرانز کافکا بۆ میلێنا، دەگەینە ئەو جێگایەی کە میلێنا بناسین و کەسێتی ئەومان بۆ دەرکەوێ. چونکە بەشێک لە نامەکان لە ڕاستیدا وەڵامن بە نامەکانی میلێنا. ئێمە گەرچی نامەکانی میلێنامان لەبەردەستدا نین، بەڵام خۆشی و ناخۆشی، خەم و تەنیایی ڕوحی، تەندروستی و سەرحاڵی میلێنا دەبینین. بە وتەیەکی تر ئێمە لە میانی نامەکانی کافکاوە سێبەری ئەو مەعشوقە دەبینن کە لە هاتوچۆدایە. بۆیە بە بۆچوونی من کەسێتی میلێنا دەکرێ ئاوا ببینین :

یەک: میلێنا ژنێکی شۆخ و شەنگ و جوان، لەوپەڕی گەنجی خۆیدا بووە کە کافکای ناسیوە.

دوو: میلێنا سەرباری کاری ڕۆژنامەوانی و وەرگێڕان، ڕۆشنبیر بووە و پاشخانی مەعریفی هەبووە.

سێ: کەسێک بووە یاخی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پابەند نەبووە بە نەریت و ڕیتواڵی ژیان.

چوار: میلێنا خاوەن کاریزمایەکی بە هێز بووە و کەسێتی ئەم ژنە زۆر بەتوانا بووە و توانیوەیەتی کاریگەری بەسەر دەوروبەری خۆیدا دابنێ و بیانخاتە ژێر ئۆتۆریتەی خۆیەوە.

پێنج: کەسێکی ئازا بووە لە بڕیاردان و بڕیارەکانیشی بێ سڵکردنەوە و ئازادانە داویەتی.

شەش : هەڵوێستێکی مرۆیی جوان و ئینساندۆست لەم مرۆڤەدا بەرجەستە بووەوە و تەنانەت لەسەر ئەو هەلوێستە مرۆییە باجێکی زۆر گەورەی دا.

ژن و عەشق لە ژیانی گەورە نووسەری ئەڵمانی فرانز کافکا بە بێ ئاوڕدانەوە لە میلێنا و پەیوەندی بەم ژنەوە مومکین نییە بتوانین ڕووخساری ئەو عەشقە بە ڕوونی و جوانی ببینین.

**کەنەدا سەرەتای مانگی ٢٠١٤**

## سەرچاوەکان:


1-kafka Letters to Milena
Edited by Willi Haas
Translated by Tina and James Stern
Fifth Printing 1974
Manufactured InThe United states of America page
12 & 13

2-Milena: The Tragic story of Kafka’s great Love
Margarete Buber – Neumann
Translated by Ralph Manheim 1997
http://books.google.ca/books
3-Milena: The Tragic story of Kafka’s great Love
Margarete Buber – Neumann
Translated by Ralph Manheim 1997
http://books.google.ca/books
4-kafka Letters to Milena
Edited by Willi Haas
Translated by Tina and James Stern
Fifth Printing 1974
Manufactured InThe United states of America page 8
Kafka Criticism: Family and Friend The Love of Franz-٥
Kafka
By Nahum N. Glatzer
Schocken 1986
http://themodernword.com/kafka/kafka_crit_family.html
6-http://en.wikipedia.org/wiki/Franz_Kafka

**تێبینی: ئەم نووسینە لە هەفتەنامەی هەواڵ، ژمارە ٦٠٠، ساڵی ٢٠١٥، بڵاو بۆتەوە.**

# چارلز بیوکۆڤسکی

# شاعیرێکی هەمیشە مەست



لەخۆرئاواوە ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

ساڵی ١٩٦٣ لە نامەیەکدا بۆ جان ولیەم کۆڕینگتن دەنووسێ: «یەکێک پرسیاری ئەوەی لێکردم دەتەوێ چی بکەی؟ دەتەوێ ببی بە نووسەرێکی داهێنەر ؟ هەوڵ مەدە.» ئەمە قسەی (هێنریک چاڕلز بیوکۆڤسکی) یە کە دواتر بە هێنری چاڕلز بیوکۆڤسکی ناو دەر دەکا و ناو و ناوبانگی ئەویش نەتەنها لە ئاست و سنووری شاری لۆس ئەنجلس، بەڵکوو لەسەر ئاستی ئەمریکا و جیهان وەک داهێنەرێک لەبواری نووسیندا بڵاو دەبێتەوە. شیعر و چیرۆک و ڕۆمانەکانی ئەم نووسەرە گەرچی بەزمانێکی سادە نووسراون و ڕوو بە خەڵکی هەژاری ئەمریکان، بەڵام هەڵگری ناوەڕۆکێکی ئینسانین کەهەر ئەم هۆیەش بووەتە هۆی ئەو ناو و ناوبانگە و تەنانەت وەرگێڕانی بەرهەمەکانیشی بۆ گەلێ زمانی جیاجیا . هەرچەندە هێنری چاڕلز بیوکۆڤسکی چەندین جار ڕایگەیاندووە کە منداڵێکی نا شەرعییە، بەڵام دۆکیومێنت و تۆمارە فەرمانگەییەکان دەیسەلمێنن کە چاڕلز بیوکۆڤسکی شاعیر و چیرۆکنووس و ڕۆمانووس و شێوەکاری ئەمریکی بەڕەچەڵەک ئەڵمانی؛ لە شانزەی ئابی ساڵی ١٩٢٠ لە ئەڵمانیا لەدایکێکی ئەڵمانی و باوکێکی ئەمریکی بەڕەچەڵەک هۆڵەندی لە دایکبووە. ساڵی ١٩٢٣ خانەوادەکەیان لەئەنجامی داتەپینی باری ئابووری ئەڵمانیا دێنە ئەمریکا لە شاری مەریلاند لە ویلایەتی بەڵتیمۆر دەگیرسێنەوە و دوای ماوەیەک لە شاری لۆس ئەنجلس جێگیر دەبن، کەئەودەم تەمەنی ئەم نووسەرە بەهرەدارە لە سێ ساڵی تێپەڕ نەکردبوو. لۆس ئەنجلس بۆ بیوکۆڤسکی هەر تەنها شارێک نەبووە و بەس، بەڵکوو بابەتی زۆرێک لە بەرهەمە ئەدەبییەکانییەتی.

ئەم منداڵە لە بارودۆخێکی ناتەندروست گەورە بووە و باوکێکی بێکاری هەبووە کە بەردەوام لە بەرامبەر بچووکترین هەڵە ئازاری جەستەیی و دەروونی زۆری داوە و هەفتەی سێجار لەتەمەنی شەش ساڵی تا یانزە ساڵی لێدانی خواردووە. ئەمەش وای کردووە کە چارلس بیوکۆڤسکی لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە گەنجێکی شەرمن و گۆشەگیری لێدەربچێ. نەک هەر ئەوەش بەڵکوو منداڵانی گەڕەک گاڵتە بە ئاکسنتە ئەڵمانییەکەی و جلوبەرگەکانی بکەن کە دایک و باوکی پێیان لەبەر دەکرد. ئەم بەهەرەدارە لەسەرەتای لاوێتیدا ڕوو لە خواردنەوە دەکات و وەک فریادڕەسێک دەیبینێ. بیوکۆڤسکی وەک دواتر ئاماژە بە ئالوودەبوونیی خۆی دەدات بە خواردنەوە و ئەلکهولیزمەکەی و دەڵێ» ئەم خواردنەوەیە(ئەلکهول)ە بۆ ماوەیەکی زۆر یارمەتیم دەدات»(١). لەملاشەوە تاڵاونۆشینەکەی بەدەستی باوک، لەهەرەتی لاویدا تێک دەشکێنێ، لەوەش نالەبارتر لەتەمەنی سیانزە ساڵیدا دەموچاوی زیپکە دەردەکات و ئەمەش دەبێتە هۆ هەراسان بوونی بە تایبەتی لەبواری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیدا. ئەم شاعیرە شەرمن و چاوشکاوە گەرچی لەژیانی کۆمەڵایەتیدا نەیتوانی بەپێی ویستی خۆی لە ئارەزووەکانی بەهرەمەند بێ و کچە جوان و نەشمیلەکان موسارەحە بکات، بەڵام لەبواری خەیاڵ و نووسیندا زوو لەگەڵ کتێب و کتێبخانە دەبنە هاوڕێی یەکتر. ئەگەرچی کتێب و نووسین سێبەر دەخەنە سەر ژیانی بیوکۆڤسکی، بەڵام دواتر خواردنەوە و ژن قورسایی گەورە دەکەنە سەر ژیان و کەسێتی بیوکۆڤسکی. بیوکۆڤسکی هەر زوو کارەکانی هەمەنگوای و د.ە.لۆرانس و فیتزگێرڵد و دۆس پاسۆس

و سنکلەیر لویس و کەلەپووری سەدەی ڕابردووی ئەدەبی ڕووسی دەخوێنێتەوە. لە دەوروبەری جەنگی جیهانی دووەم دەست دەکات بە گەڕان و گەشت و نووسینی بەردەوام. هەر لەو ساڵانە ڕێچکەی ئەدەبی خۆی دەدۆزێتەوە. بیوکۆڤسکی کە باڵەخانەی خۆشەویستییەکی قووڵ و گەورەی لەگەڵ جەین کوونی بەیکەر پێکهێنابوو، بەڵام بەردەوام سەرخۆش بوون و خەریکی شەڕ و دەمەقاڵێ بوون. بیوکۆڤسکی لەو سەردەمەلەتەمەنی ٢٤ ساڵیدا تووشی نەخۆشی شێرپەنجەی خوێن دەبێت و دکتۆرەکەی ئامۆژگاری دەکات کە نابێت جارێکی تر هەرگیز خۆی سەرخۆش بکات چونکە دەمرێت. ئینجا بەناچار وازی لە ئیشەکەی کە کارمەندی پۆست بوو، هێنا و کچە هاوڕێکەشی (girlfriend)ەکەی بە جێیهێشت. بیوکۆڤسکی بێ ڕەچاوکردنی ئامۆژگارییەکانی دکتۆر دەست کردەوە بە خواردنەوە و نووسین. ئەو دەمە (بەربەرە فرای) کە سەرنووسەری گۆڤاری (هارکوین) بوو؛ نەک هەر ڕەزامەندی نیشاندا لەسەر بڵاوکردنەوەی شیعرەکانی، بەڵکوو لەنامەیەکی درێژدا بۆی دەنووسێ و پێی دەڵێ: «تۆ شاعیرێکی گەورەی وەکوو ولیەم بلەیکی مەزن».(٢) پەیوەندی نێوان بیوکۆڤسکی و بەربەرە خانم تا ئەو ڕادەیە دەچێتە پێش کە واز لەکارەکەی دەهێنێت و دەچێتە شاری لۆس ئەنجلس و ساڵی ١٩٥٧ بە فەرمی دەبێتە هاوسەری چارڵز بیوکۆڤسکی و دوای دوو ساڵ لەیەکتر جیا دەبنەوە. ساڵی ١٩٦٠ بیوکۆڤسکی دەگەڕێتەوە سەر کاری پۆست. ساڵی ١٩٦٢ چارڵز بیوکۆڤسکی تووشی شۆکێکی گەورە دێت بە ئەویش بە لەدەستدانی خۆشەویستی یەکەمی(جەین کوونی بەیکەر) و مەزنترین خۆشەویستی

لە ژیانی، کە دواتر دەبێتە مایەی خوڵقاندنی چەندین بەرهەمی ئەدەبی بیوکۆڤسکیش ئەم کارەساتە خەمئامێزە لە ڕۆمانی (پۆست ئۆفیس) دا زۆر هونەرییانە بەرجەستە دەکات. بیوکۆڤسکی ساڵی ١٩٤٤ لەلایەن نووسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدڕاڵی ئەمریکا(FBI) لە فلادیلیڤیا لە ویلایەتی پەنسڤێلیا بۆ ماوەی ١٧ ڕۆژ زیندانی دەکرێت؛ بەبیانووی ڕەتکردنەوەی خزمەتی سەربازە. دواتریش لەسەرەتای ساڵی ١٩٦٧ بیوکۆڤسکی نووسینی گۆشەیەک لە ڕۆژنامەی (ئۆپن ستی) لە لۆس ئەنجلس لە ئەستۆ دەگرێت بەناوی (تێبینییەکانی پیرەپیاوێکی کەنەفت) و پاشان هەر لەلایەن ئەم دەزگایەوە پەروەندە(فایل) بۆ ئەم نووسەرە دەکرێتەوە و تەواوی وردکاری ژیانی دەخرێتە ژێر چاودێرییەوە، ئەویش بەهۆی چاپکردنی کتێبی «تێبینییەکانی پیرەپیاوێکی کەنەفت» کەلەساڵی ١٩٦٩ دا چاپ و بڵاو کرایەوە، کە بریتی بوو لە کۆکردنەوەی کۆی ئەو نووسینانەی کەلە گۆشەکەی خۆی لە ڕۆژنامەیەکی نهێنی لۆس ئەنجلس (ئۆپن ستی) بڵاوی دەکردەوە. هەر ئەو ساڵە لەلایەن جان مارتین دامەزرێنەری دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی(بلاک سپارۆ بووکس) پێشنیاری ڕێکەوتننامەیەکی پێدەگات سەبارەت بەبڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی، ئەمیش واز لەکاری پۆست دێنێت و خۆی تەرخان دەکات بۆ نووسین. لەنامەیەکیدا کە ئەوکات تەمەنی ٤٩ ساڵ بوو. دەنووسێ» دوو هەڵبژاردەم لەبەردەمدا هەیە. یان ئەوەتە لەکاری پۆست بمێنمەوە و شێت بم یانیش لێرە بمێنمەوە و لەسەر ئامێری چاپکردنەکەم برسی بم و خۆم تەرخان بکەم بۆ نووسین. بڕیارمدا خۆم برسی بکەم». (٣)سەرەتای ئەدەبی بیوکۆڤسکی بە نووسینی کورتە

چیرۆک دەست پێدەکات کە ئەوکات تەمەنی ٢٤ ساڵان بوو. لەو تەمەنە بیوکۆڤسکی یەکەمین کورتەچیرۆکی خۆی لە گۆڤاری (چیرۆک) بڵاو دەکاتەوە و دوو ساڵ دواتر؛ چیرۆکێکی تر دەنووسێت و پاشان بۆ ماوەی دەیەیەک واز لە نووسین دەهێنێ. ساڵی ١٩٥٠ لە فەرمانگەی پۆست دادەمەزرێ. یەکەمین کۆشیعری بیوکۆڤسکی لەساڵی ١٩٥٩ دا بڵاو بۆوە.

کاتێ ڕۆیشتی
هەموو شتێکت لەگەڵ خۆتدا برد
یان دەڵێ :
تۆ جارێکی تر ناگەڕێیتەوە.(٤)

لە سەرەتای دەیەی شەستەکان، بیوکۆڤسکی بەرهەمەکانی لە گەڵێ گۆڤار و ڕۆژنامە بڵاو دەکاتەوە. هەر لەو ساڵانە دەبێتە هاوڕێی شاعیری پێشڕەو فرانسیس سمیس. پەیوەندی ئەم دوانە پەرە دەستێنێ. کاتێ فرانسیس سکی پڕ دەبێ هیچیان ئاسوودە و دڵخۆش نابن بەو ڕووداوە. فرانسیسی تەمەن ٤١ ساڵ داوای بیوکۆڤسکی بۆ هاوسەرگیری ڕەت دەکاتەوە. بەڵام هەر پێکەوەش دەبن و ساڵی ١٩٦٤ یەکەمین منداڵی بیوکۆڤسکی لەدایک دەبێ ناوی دەنێن مارینا. لەگەڵ تێپەڕبوونی کات باڵای نووسینی بیوکۆڤسکیش کەڵەگەتتر دەبێ. ساڵی ١٩٦٩ واز لەکاری پۆست دێنێت و خۆی تەرخان دەکات بۆ نووسین. ئیتر لێرەوە بیوکۆڤسکی کەوتە بڵاوکردنەوەی زۆربەی بەرهەمەکانی لەڕۆژنامەی (بلاک سبارو) و بڕواشی بە دەزگای پەخش و بڵاوکردنەوە سەربەخۆکان هەبوو و پشتیوانی دەکردن و

بەرهەمی لێ بڵاو دەکردنەوە. چارڵز بیوکۆڤسکی دانی بە بلیمەتی هەر یەک لە ئەنتوان چیخۆف و فرانس کافکا و ئەرنیست هەمەنگوای، جۆن فانتسی و لویس فەردیناند سیلین ورۆبنسۆن جێفریس و فیودۆر دیستۆفسکی و د.ه.لۆرانس و ئەنتۆنین ئارتۆد و ئی ئی کەمینگزدا دەنێت کە کاریگەرییان بەسەر بیوکۆڤسکیدا هەبووە. ئەمە جگە لەشاری لۆس ئەنجلس کە یەکێکە لە پێکهاتە سەرەکییەکانی بەرهەمەکانی و لۆس ئەنجلس تێکەڵی خوێن و خەیاڵی بووە.

یەکەم کۆشیعری چارڵز بیوکۆڤسکی لەساڵی ١٩٥٩ دا دێتە بڵاوکردنەوە و دوای ئەوەش بیوکۆڤسکی ٤١ کۆشیعر و شەش ڕۆمان و یانزە کۆچیرۆک و نۆ کتێبی نووسین و شانۆنامەیەک دەنووسێت و ژمارەیەک دی ڤی دی و فیلمی خوێندنەوەی شیعری بڵاو دەکاتەوە و هەروەها نۆ کتێب و ژمارەیەک وتاری لەسەرنووسراوە. جگە لەمانەش شریتەکانی چارڵز بیوکۆڤسکی کە بە زمانی ئینگلیزی کۆکراوەی ژمارەیەک چاوپێکەوتنی کورتن و لە ساڵی ١٩٨٧ لە ئەمریکا بڵاو کرانەوە. ئەمەجگە لە نامەکانی کەلە دوو کتێبدا لەساڵەکانی ١٩٨٣ و ١٩٩٣ دا هاتنە بڵاو کردنەوە. ژیانی بیوکۆڤسکی کراوەتە فلیم بەناوی( بیوکۆڤسکی پیرە ڕەشۆک). بیوکۆڤسکی بۆ ئەدەبی ئەمریکا نەک زیادە نەبوو؛ بەڵکوو ئەدەبی ئەمریکی بەبێ بیوکۆڤسکی ڕەنگە بووبایە بەمایەی چەندین پرسیار. چونکە لەمێژووی میللەتاندا گەلێ شاعیر و نووسەری هەمیشە مەست هەبوونە و بەرهەمیان بڵاو کراوەتەوە بەڵام هیچیان بە ئەندازەی بیوکۆڤسکی پڕ بەرهەم نەبوونە. بەرهەمەکانی نەک لە نێوەندی ئینگلیزی زماندا بڵاو ببوونەوە، بەڵکوو

بۆ سەر چەندین زمانی جیهانی وەرگێردراون لەوانە زمانی فەرەنسی و ئیسپانی و ئیتالی و ڕۆمانی و کۆری.

زۆربەی ئەوانەی لەسەر چارڵز بیوکۆڤسکی نووسیویانە جەغد لەوە دەکەنەوە کە هەمیشە بەرەو تەنیایی و گۆشەگیری دوورکەوتنەوە لە خەڵک ڕۆیشتووە و خۆی لە هەڵەی کەسانی تر دوور گرتووە و بەو پێیەی کە هەر کەس بەرپرسیاری هەڵەکانی خۆیەتی. بیوکۆڤسکی وەک قاسم طلاع دەڵێ « ئەم شاعیرە بەناوبانگە هاوچەرخەی ئەدەبی ئەمریکییە فەرهەنگی باوی ڕەت کردۆتەوە(٥)، ئەو هەوڵی دەدا پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان، مرۆڤ و کۆمەڵگە، دیاردەکان ببینێت و وێنایان بکات. خاڵی دەستپێکردنیشی (من) بووە وەک تاک و زاتێک کە ئینتمای تەنها بۆ نیشتمانی شتە نامەئلوفەکان هەبووە. بیوکۆڤسکی پێیوابوو کە بەهرەی مرۆڤ وەک نووسەر لەگەڵیدا لەدایک نابێت، بەڵکوو دەکرێ هەر یەک لە ئێمە ببین بە نووسەر. کریس دیکارسن سەبارەت بە بیوکۆڤسکی دەڵێ « بیوکۆڤسکی حەزە لە مادە بێهۆشکەرەکان نەبووە جگە لە عەرەق».(٦)

واز لە بیرە مەهێنە
بیرە خوێنی بەردەوامە
عاشقێکی بەردەوامە. (٧)

شایانی باسکردنە زۆربەی پاڵەوانی ڕۆمان و چیرۆک و کەسایەتی ناو شیعرەکانی بیوکۆڤسکی کەسانێکی پەراوێزخراو وموعتاد و بێ خانە و لانە و دز و تاوانکارانن. نووسینەکانی بیوکۆڤسکی ڕەنگدانەوەی ژیانی ڕۆژانەی خۆیەتی لەکۆمەڵگەی ئەمریکی مۆدێرن.

ئەم شاعیر هەمیشە مەستە هەستی بەهەر شتێک بکردایە یان هەر شتێکی ببینیایە یەکسەر بە شیعر گوزارشتی لێدەکرد. ئەم ئایکۆنە غەریبە کەخۆی درەوشاوەترین شاعیری ئەلکهولی سەردەمی خۆی بووە، بەهۆی ئەو ڕۆشنبیریی و زانیارییانەی دەربارەی ژیانی شەوانی سەر شۆستەکان و قەراغ شارە هەمیشە قەرەباڵغەکەی هەیبووە، توانیویەتی بەو مەستییەوە جوانترین ڕوئیا ببەخشیتە خوێنەر. بیوکۆڤسکی وەک ئەکرەم قەتریب دەڵێ: « لەبەهەشتی ئەمریکا کرابووە دەرەوە.»(٨)
ئەو هەرچەندە هەموو ژیانی تەرخان کرد بۆ نووسین لە سەر دونیای لۆس ئەنجلس کە مێشک و خەیاڵی داگیرکردبوو و خۆیشی لە هیچ جێگایەک نەدەگیرسایەوە. چونکە ئەمریکا بۆ  بیوکۆڤسکی جگە لە دۆزەخێکی پڕ لە نەهامەتی هیچیتر نەبوو.

دۆزەخ پارچە پارچە و
خشت بە خشت
لە دەوری تۆ دروست کراوە
یان دەڵێ
ئێمە دۆزەخی خۆمان
دروست کردووە و
گلەیی لە خەڵکانی تر دەکەین. (٩)

ئەمریکا سەرباری بەرەوپێشچوونی لەبوارەکانی زانست و تەکنەلۆجیا و بە مۆدێرنەکردن کە وەک تاعون سەرتاپای ژیانی خەڵکی گرتبۆوە، بەڵام لەهەناوی ئەم بەرەوپێشچوونەدا دیمەنە ناوازەکان و وێنە نامۆکانی ژیانی مرۆڤەکان دەبنە شوێنی سەرنجی ئەم نووسەرە.

چونکە سەرجەم داهێنانە گەورەکان پێچەوانەی زەمەن دەکەوتنەوە. لەدۆخێکی وادا کە خودی ژیانی ئەم نووسەرە کە دابەشبووەتە سەر باڕەکان و مەلهاکان و گۆڕەپانی پێشبڕکێی ئەسپ سواری، بیوکۆڤسکی ڕاستگۆیانە گوزارشت لە خۆی دەکات و دەڵێت: «من نووسەرێکی خراپم»،(١٠) بەڵام گەورەترین ڕاستگۆیی لە نووسینەکانیدا بەدی دەکرێت. ڕاستگۆییەکەی بیوکۆڤسکی لە بەرجەستەکردنەوەی ئینسانییەتی ئینسان لە شیعر و نووسینەکانیدا لە خراپترین حاڵەت و دۆخی تێکشکان و کارەساتئامێزەی ڕەنگ دەداتەوە. نووسینەکانی بیوکۆڤسکی لەپەیوەندییەکی بەهێز دان لەگەڵ خەڵک، لەگەڵ ئەو مرۆڤانەی کە ڕەنگە هەر ئاگایان لە نووسین و ئێمە و بیوکۆڤسکی نەبێ. کرداری نووسین لای بیوکۆڤسکی لە نێوان دوو جەمسەری مرۆڤ و کاری نەکردەدا لەهاتوچۆ دایە و بەهاکەشی بەهیچ ناخەمڵێنرێ. ئەوەتا لەشیعرێکدا دەڵێ :

نووسین گەلێ جار تەنها شتە
لەنێوان تۆ و کاری نەکردە
نە خواردنەوە و
نەعیشقی ژن و
نە سامان
ناتوانن هاوتای بن. (١١)

بیوکۆڤسکی ئەگەر چی خۆی زۆر بەئاگاییەوە شوێنی ژیانی دەستەبەرکردووە و ئاگاداری پارەی خۆی بووە و زانیویەتی چۆنی خەرج بکات و هیچ کاتێک و هیچ شەوێ لەسەر شەقامەکانی شار نەماوەتەوە و سەعلوک نەبووە، بەڵام سەرجەم بەرهەمەکانی

ڕەنگدانەوەی ژیانی سەعلوکەکانی لۆس ئەنجلس و ئەمریکایە و دەتوانین بە نووسەری سوعلوکەکانی ناو زەد بکەین.
ساڵی ١٩٦٨ گۆڤاری تایمزە ئەمریکی، بۆکوفسکی بە شاعیری بلیمەتی خەڵکی بەشمەینەتی ئەمریکی ناوزەدکرد. هەر بۆیەشە بیوکۆڤسکی سەر بە ریالیزمی پیس دادەنرێت.(١٢) ساڵی ٢٠٠٦ ئەرشیفی ئەدەبی بیوکۆڤسکی دەبەخشرێتە کتێبخانەی هەنتگتۆن لەسان مارینۆ لە ویلایەتی کالیفۆڕنیا و (زانکۆی میشیگان)یش هەستا بە کڕینی تەواوی ئەرشیفی بەرهەمە بڵاوکراوەکانی بیوکۆڤسکی لە ڕۆژنامەی (بلاک سبارو) دوای ئەوەی ساڵی ٢٠٠٣ ڕۆژنامەکە هاتە داخستن.
هێنری چاڕلز بیوکۆڤسکی لە نۆی ئازاری ١٩٩٤ بەنەخۆشی شیرپەنجەی خوێن(لیوکمیا) لە تەمەنی ٧٤ ساڵیدا(١٣) لە شاری سانپێردۆ لە ویلایەتی کالیفۆڕنیا بۆ هەتا هەتا چاو لێک دەنێ و ماڵاوایی لە نووسین و خواردنەوە دەکات، ڕێک بەماوەیەکی زۆر کەم لەتەواو بوونی دوا ڕۆمانی. لەسەر گۆرەکەشی نووسراوە» هەوڵ مەدە» ئەمەش ئەو دەستەواژەیەیە کە بیوکۆڤسکی لە شیعرەکانیدا بەکاری بردووە وەک ئاماژەیەک بە تەماح و چاوچنۆکی مرۆڤەکان.

## پەراوێز و سەرچاوەکان:

١- ویکیپیدیا ..ژیاننامەی چاڕلز بیوکۆڤسکی
http://en.wikipedia.org/wiki/Charles_Bukowski
٢- مەستی و یاخی... چاڕلز بیوکۆڤسکی لە هۆلیوود نووسینی کریس

دیکەرسن
Drunk and disorderly ..Charles Bukowiski in Hollywood
By Chris Dickerson www.Beatdom.com
٣- ویکیپیدیا.. ژیاننامەی چارڵز بیوکۆڤسکی
http://en.wikipedia.org/wiki/Charles_Bukowski
4-http://www.poemhunter.com/poem/for-jane
٥- قصائد عارية لتشارلس بيوكفسكى ترجمة قاسم طلاع موقع شهريار باللغة العربية
٦- مەستی و یاخی... چاڕڵز بیوکۆڤسکی لە هۆلیوود نووسینی کریس دیکەرسن
Drunk and disorderly ..Charles Bukowiski in Hollywood
By Chris Dickerson www.Beatdom.com
7-http://www.buzzfeed.com/harpercollins/the-10-best-charles-bukowski-quotes-about-drinking-9npd
٨- تشارلس بيوكفسكى الذي كان يعشق النساء و شرب البيرة اكرم قطريب موقح دار الغاوون للنشر و التوزەع
9-Charles Bukowski The Last Night of the Earth Poems NewYork 1992 P.147
١٠- تشارڵس بیوکۆڤسکی دعوة للاحتفاء بالرداءةبوصفها اول و اخر ما توصلت اليه البشرية زياد عبدالله مجلة النذوى عدد ٢٩ لسنة ٢٠٠٩ . هەروەها زیاد خداش لە وتاری (ليس صديقي من لا يعرف بيوكەفسكى) بەوردی باس لە ناسین و پەیوەندی بیوکۆڤسکی و شیعر و ژیان دەکات..بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ليس صديقي من لا يعرف

بیوکەفسکی نووسینی زیاد خداش سایتی الایام کە لە ساڵی ٢٠١٠ بڵاو کراوەتەوە.

11-http://www.bukowskicharles.com/charlesbu-kowskisozleri/charles_bukowski_.pdf


١٢- ڕیالیزمی پیس دەستەواژەیەکە بۆ یەکەمینجار لەلایەن «بیل بوفۆرد» ەوە بەرامبەر بە بزووتنەوەی ئەدەبی باکووری ئەمریکا بەکار هێنرا. نووسەرانی ڕیالیزمی پیس ئەو نەوە نوێیە دەگرێتەوە کە نووسینەکانیان دەربارەی دیاردە ناوازەکانی ژیانی هاوچەرخی ئینسانەکان وەک پیاوی هەڵاتوو یان دایکی شوو نەکردوو یان ئۆتۆمبێل دز یان گیرفانبڕ یان موعتاد بەمادە هۆشبەرەکان. بیوکۆڤسکی بە باوکی ئەم بزووتنەوەیە دادەنرێت و لەپاڵ ئەمیشەوە گەلێ ناوی تر لەم بزووتنەوەیەدا دیارن لەوانە ڕایمۆند کارڤەر، تۆبیاس وۆڵف، ڕیچارد فۆرد، لەری براون، فرێدریک بارسەلیم، کۆرماک مەککارتی، بیدرۆ جوان گەتەرێز، فەرناندۆ ڤێلازکیوز میدینا، کارسن مەککیولەر، جیانا ئانا فلیپس. شایانی باسە گۆڤاری گرانتا ڕۆڵی هەبووە لە دیارخستن و بایەخدان بەم نووسەرانە.

١٣- لە زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە بیوکۆڤسکی ٧٣ ساڵ ژیاوە..کەچی کە تەماشای ساڵی لەدایکبوون و مردنی دەکەین دەبینین ٧٤ ساڵە نە ٧٣ ساڵ. چونکە لە ئابی ١٩٢٠ تا ئازاری ١٩٩٤ دەکاتە ٧٣ ساڵ و نیو. بەڵام دروستترە ٧٤ ساڵ بنووسرێت، سەیر لەوە دایە وەرگێڕە عەرەبییەکانیش کەوتوونەتە هەمان هەڵەوە.

**تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆڤاری بانەڕۆژ، ساڵی ٢٠١٥، بڵاو بۆتەوە. بەداخەوە ژمارەکەی بەردەست نەبوو.**

# ئێدگار ئالّن پۆ

# نووسەرێک لەگەڵ خواردنەوەدا وەک دوانە وا بوون



هیچ ناڕەوا نییە ئەگەر بڵێین ئێدگار ئاڵن پۆ موعتاد بووە بە خواردنەوە، چونکە ژیانی ئێدگار زنجیرەیەکی درێژە لە مەستبوون و سەرخۆشی. ئەم داهێنەرە مەزنەی دونیای ئەدەبی ئەمریکی؛ زۆر زوو لەمنداڵییەوە(لە دوو ساڵییەوە) هەتیو دەکەوێت و خێزانێکی بۆرژوازی لە شاری ڕیچمۆند لە ویلایەتی ڤێرجینیا هەڵی دەگرنەوە. لەبەر ئەوەی ئەو خێزانە نەیانتوانی بەجوانی پەروەردەی بکەن و بەخێوی بکەن، ململانێ و کێشمەکێش دەکەوێتە نێوانیان. ئێدگار ئالن پۆ سەدەیەک پێش سەردەمەکەی خۆی ژیا. هەشتا ساڵ دواتر لە وتارێکی پرسیار وروژێنەری د.ە.لۆرانس سەبارەت بە نووسەرانی ئەمریکای ڕێنیسانس، ستایش کرا. دوورترین شێتگیریی لە مۆدێرنیزم یان داهاتووگەرایی(ئایندەخوازە) فەرەنسی تا ئێستا نەگەیشتونەتە ئەو جێگایەی کە پۆ و مێڵڤیڵ و هاوسۆرن و وایتمان پێیگەیشتن.(١) بەم شێوەیە فلپهۆر دەیەوێ جێگا و شوێنی ئێدگار لە بزووتنەوەی ئەدەبی ئەمریکی و جیهانی دەستنیشان بکات. بەڵام ئێدگار کێ بوو کە سوریالییەکان لەڕادەبەدەر ڕێزیان لێدەگرت؟ پیتەر ئەکرۆید لە دوایین چاپتەری کتێبەکەی سەبارەت بە ژیانی شاعیر و نووسەر ئێدگار ئاڵن پۆ ئاماژەی پێدەکات کە «ئێدگار ئالن پۆ کاریگەرییەکی هەمەلایەنەی بەسەر کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم هەبووە. لە بۆدلێر و ڕەمزگەرایییەوە تا کۆنان دۆیڵ و چیرۆکی پۆلیسی، لە ڕۆمانی خەیاڵی زانستییەوە تا فەلسەفەی نیتشە.(٢) بەڵام ئێدگار بەر لەوەی ببێتە ئەو

دەنگ و سیمبوڵەی ئەدەبی ئەمریکی، باری نالەباری ژیانی کۆمەڵایەتی وای لێدەکات هەر زوو لەتەمەنی حەڤدە ساڵییەوە تێکەڵ بە دونیای سەرخۆشبوون و خواردنەوە و ئەلکهول ببێت. ئەم نووسەرە مەزنە،ئەم ڕابەرەی بزووتنەوەی ئەدەبی ڕۆمانسی ئەمریکی، ئێدگاری شاعیر و چیرۆکنووس و ڕۆژنامەنووس و ڕەخنەگر لە نۆزدەی کانوونی دووەمی ساڵی ١٨٠٩ لە شاری بۆستن لە ویلایەتی ماساچۆستیس لە ئەمریکا لەدایکبووە. ئێدگار دووەم منداڵی دایک و باوکێکی هونەرمەند بوو کە خەریکی کاری نواندن بوون. ئێدگار بە ڕەچەڵەک ئێرلەندییە و باپیری لە ئێرلەنداوە لە دەوروبەری ساڵی ١٧٥٠ هاتۆتە ئەمریکا. باوکی ئێدگار(دەیڤد پۆ) کە کهولی بووە و ئەویش بێ خواردنەوە نەیتوانیوە هەڵبکا، لە ساڵی ١٨١٠ پشت لە ماڵ و منداڵ دەکات و جێیان دەهێڵی و ناگەڕێتەوە. ئەم سەفەرەی باوکی ئێدگار ئاماژە و نیشانەی دارووخانی خێزانەکەی بوو. دایکیشی (ئیلیزابیس پۆ) بۆ ساڵی دواتر لە تەمەنی بیست و چوار ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات. ئەم منداڵە هەتیوە کاتێ دەکەوێتە لای ئەو خێزانە بۆرژوازییەی ویلایەتی ڤیرجینیا،کە ئێدگار پێیوابوو هەرگیز بە فەرمی و یاسایی هەڵنەگیراوەتەوە. لەسەردەمی منداڵیدا ئاسایی دەژین و دواتر کاتی هەراش دەبێ، کێشەی نێوانیان دەست پێدەکات. ئێدگار لە تەمەنی حەڤدە ساڵی لەگەڵ عەشیقەکەی (سارا ئێلمیرا ڕۆیستەر) ئەڵقە دەگۆڕنەوە بەڵام هەرگیز هاوسەرگیری ناکەن، دواتر دەچێتە زانکۆی ڤیرجینیا و دوای خوێندنی یەک کۆرس

ناتوانێ درێژه بە خوێندنەکەی بدات لەبەر بێ پارەیی و دواتر ڕوونی دەکەینەوە کە ئەم بێپارەییە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە. ئێدگار ئاڵن پۆ لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا بەهۆی تەزویرکردنی تەمەنییەوە دەبێتە سەرباز و لەبەندەری بۆستن لەڕیزەکانی هێزەکانی سەربازە ئەمریکا خزمەت دەکات مانگی بە پێنج دۆلار. هەمان ساڵ واتە ساڵی ١٨٢٧ کۆمەڵە شیعرێکی چل لاپەڕەیی بڵاو دەکاتەوە و دوو ساڵ دواتر کۆمەڵە شیعرێکی تر چاپ دەکات. ساڵی ١٨٣١ سێیەم کۆشیعری چاپ دەکات بەناوی (شیعرەکان). لە تەمەنی بیست و چوار ساڵیدا کورتەچیرۆک دەنووسێت و دواتریش وەک ڕەخنەگری ئەدەبی دەست بەکار دەبێت. ساڵی ١٨٣٣ بەهۆی کورتە چیرۆکەکانییەوە خەڵات دەکرێ.لە ژیانی کۆمەلایەتیشدا لە تەمەنی بیست و حەوت ساڵیدا، پۆ کچە ئامۆزای خۆی «ڤرجینیا ئیلزا کلییم» دەبینێ و خۆشی دەوێت کە ئەوکات تەمەنی تەنها سیانزە ساڵان بوو. زۆر کەس پێیان وابوو پەیوەندی خۆشەویستی نێوان ئێدگار و ڤرجینیا وەک پەیوەندی نێوان خوشک و برا وابوو، بەڵام لەڕاستیشدا ئێدگار چەندین شیعری خۆشەویستی بۆ ڤرجینیا نووسیوە و خۆشەویستی خۆی نیشان داوە. تا قەدەر وا لە ئێدگار ئاڵن پۆ دەکات ڤیرجینیا و خۆشەویستی ڤیرجینیا بەهۆی نەخۆشی هەوکردنی سییەکان لە دەست بدات و لەکانوونی دووەمی ساڵی١٨٤٧ ڤرجینیا دەمرێت. لێرەوە خەم و ئازارێکی زۆر ڕوو لە ژیانی ئێدگار دەکات، ئەمەش بەرەو خواردنەوەیەکی زۆر پاڵی پێوە دەنێت.

ئێدگار ئاڵن پۆ لە تەمەنی حەڤدەساڵیدا لە زانکۆی ڤیرجینیا وەردەگیرێ و پارەی خوێندنی ئەو چوار ساڵەی زانکۆی لە قومار دەدۆڕێنێت و تەنانەت نزیکەی دوو هەزار و پێنجسەد دۆلاری ئەوکات قەرزاری قومارخانەکان دەبێت. ئەم خووە بە قومار ئێدگار بەرەو خواردنەوە پەلکێش دەکات و تەناتەت بەپێی ڕاپۆرتی سیستەمی قوتابخانەکەی ئێدگار بە سەرخۆشی دەچێتە پۆلەوە و تاقیکردنەوە دەدات. سەیر لەوەش دایە ئێدگار بەرزترین نمرە لە تاقیکردنەوەکان دێنێت و دەبێتە قوتابی نموونەیی قوتابخانەکەی لە زیرەکیدا.(٣) خواردنەوەی ئەلکهول و ئیدمان بوون بە خواردنەوە هەڵگری مانای کۆمەڵایەتی جیاواز بووە و ئەمەش وا دەکات کە ژیانی ئێدگاری هەمیشە سەرخۆش وا ببینین کە خۆش و ڕێک نەبووە لەلایەک و لەلایەکی ترەوە وەک نووسەرێک نیشانی دەدا کە ئایا شیعر و چیرۆکەکانی ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆی بوونە یان نا. بەڵام دەبێ لەوە دڵنیا بین کە هیچ بەرهەمێکی ئەدەبی ئێدگار لەژێر کاریگەری خواردنەوەوە نەنووسراون. چونکە لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەر تێروانینێک سەبارەت بە خواردنەوەی ئەلکهولی ئەم نووسەرە مەزنە، دەبێ وریا بین چونکە دوژمنانی ئێدگار و ئەوانەی چاویان بە داهێنانەکانیان هەڵنەدەهات خواردنەوەیان وەک سەرچاوەی نەخۆشییەکانی لەقەڵەم دەدا.(٤)بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیێنێ کە خواردنەوە و ئیدمان بە خواردنەوە کاریگەری نەبووبێت بەسەر باری تەندروستی ئەم نووسەرە.

تێکەڵییەکی زەرد و کەفچڕم بۆ تێکە
من دەمەوێ پەرداخێ تر بخۆمەوە
وەکووو پیاهەڵگەڕانی بینینێکی سەیر
لە مێشکی مندا
جوانترن بیر و سەیرترین خەیاڵ
لەدایک دەبێ و دەکوژێتەوە
چ گوێم لە کاتە
ئەمڕۆ بیرە دەخۆمەوە.(٥)

ئێدگار ئاڵن پۆ زیاد لە سنووری خۆی دەیخواردەوە تەنانەت دوای ئەوەی پەیمانی ئەوەش بەخۆی دەدا کە خۆی لە خواردنەوە بەدوور بگرێت. باوک و برای ئێدگاریش بەردەوام دەیانخواردەوە. ئێدگار لە نامەیەکیدا بۆ جان ئاڵن دەنووسێ: « هێنری برای بە تەواوەتی تەسلیمی خواردنەوە بووە و لەتوانایدا نییە هیچ کۆمەکییەک بە خۆی بکات».(٦) ئێدگار گەلێجار بەڵێنی داوە کە ئیتر تەواو خواردنەوە بەسە؛ بەڵام بێکەڵک بووە. ساڵی ١٨٤١ هەندێ دۆکیمێنت لەسەر پەیوەندی نێوان ئێدگار و خواردنەوە هەن. هۆکارەکانی ئیدمانی بوونی ئێدگار بە خواردنەوە پێدەچێت ئەمانە بەشێکی بن وەک ئەندامانی خێزان و هاوپۆلەکانی قوتابخانەیی و خەفەت و ئەو کارەساتانەی کە بەسەریدا هاتوون. یەکەمجار ئێدگار لە ساڵی ١٨٢٦ لە تەمەنی حەڤدە ساڵان وەختی دەچێتە زانکۆی ڤیرجینیا لە دەرەوەی کاریگەری و کۆنترۆڵی دایک و باوک دەست بە خواردنەوە دەکات،کە ئەو کات زۆربەی

گەنجەکان دەستیان دەکرد بە خواردنەوە و قومار و شەڕە دەمانچە. یەکێک لە هاوپۆلەکانی ئێدگار ئاوا باسی ئێدگار دەکات: « یەک پەرداخی پڕ بە ئاو و شەکر بە یەک بین دەخواردەوە».(٧) ئیدگار دوای وازهێنانی لە زانکۆ جاربەجار لە خواردنەوە دوور دەکەوتەوە و تەنانەت کاتێ لە ساڵی ١٨٢٩ واز لە خزمەتکردنی سوپا دەهێنێت؛ لە سێ نامەیدا بۆ ئەفسەر جەی هاورد دەنووسێ « کە خولیاکانی باشن و بەتەواوەتی لە خواردنەوە دابڕاوە «. ئەم ژیانەی ئێدگار لەنێوان خواردنەوە و بەئاگاهاتنەوەدا گەر بەخت یاری بوایەو نۆرماڵ بژیایە و ئەو کارەساتانەی بەسەر نەهاتایە ڕەنگە داهێنانەکانی سێ بەرابەری ئێستا دەبوو. بەڵام ناوازەیی ژیانی کۆمەڵایەتی وای دەکات کە نووسەرێکی وەک فلپهۆر بڕوای وابێت کە» ئەدگار ئاڵن پۆ ئەلکحولیک نەبووە، بەڵکو ئەیخواردەوە وەک نیشانەی خەم و ئازار.›(٨) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە بۆدلێر کە بەرهەمەکانی ئێدگاری وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فەرەنسی، پێیوایە خواردنەوە بۆ ئێدگار ئاڵن پۆ پێویست بووە و خواردنەوە بۆ ئێدگار ئەو سیحری دەربڕینە بووە کە ئەوی گواستۆتەوە بۆ ئەفسونبازە شوێنێکی ناواقع».(٩) خواردنەوەی ئەکهول و چیرۆکی سەرخۆشییەکانی ئێدگار هێندە هەن کە لەگۆشەنیگایەکی ئینسانییەوە لێی بڕوانین و ئەوە ببینین کە سەرخۆشی هەر خۆلەبیربردنەوە نییە، بەڵکوو هەندێجار چوونە دەرەوەیە لە ڕیتواڵ و نەریت و نۆرمەکان. بۆیە ئێدگار لەئەنجامی سەرخۆش بوون دووچاری سزا بۆتەوە و زیندانی

کراوە و خۆشی ئەمە لە نامەیکیدا بۆ ماریا کلێمن دانی پێدا ناوە» لەوساوەی هاتوومەتە فلادلیڤیا یەکجار بەهۆی سەرخۆشییەوە زیندانی کراوم.»(١٠) یانیش لە ئایاری ساڵی ١٨٤٥ دا هەر بەهۆی سەرخۆشی و خواردنەوەوە ولیەم بورتۆن لە کارەکەی دەریدەکات. (١١)بەڵام وەک سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژەی پێدەکەن ئیدگار ئاڵن پۆ هەر بە خواردنەوەی کهول نەوەستاوە، بەڵکوو پەنای بردۆتە بەر ئەفسەنتین (Absinthe)یش.( ١٢) ڕەنگە لێرەشەوە ئەو پرسیارە بێتە پێشەوە ئەی پەیوەندی ئێدگار بە مادە هۆشبەرەکانەوە چۆن بووە؟ گەرچەندە گەلێ ڕای جیاواز هەیە سەبارەت بەم پەیوەندییە بەڵام لە هەموو حاڵەتەکان زۆر زەحمەتە وا بزانین ئێدگار ئاڵن پۆ مادەی هۆشبەری بەکار نەهێناوە.(١٣) ئێدگار ئاڵن پۆ بۆ خۆی ژیا نەک بۆ خەڵک. ئەو وەک نووسەران فلیپ هۆر و ئاکرۆید پێیان وایە کە هەر بەکەڵکی نووسین دەهات. ئێدگار لە سەرتاپای ژیانیدا بێ پوول و پارە بووە و بەردەوام قەرزو قۆڵی کردووە بۆ ئەوەی خواردنەوەکەی زامن بکات. ئەم نووسەرە داهێنەرە لەلایەکەوە دۆخێکی دەروونی ناهەموار و پەنا بردن بۆ خواردنەوە و سەرخۆش بوون و ژیان لە دەرەوەی نۆرماڵ و نەریتە باوەکان وای لێ دەکەن لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە دووچاری ڕەخنە ببێتەوە، لەلایەکی تریشەوە و بەهۆی بایەخدان بە پیشە و کاری ڕۆژنامەگەری و ڕەخنە و سەرنووسەری، بەردەوام خەریکی ماڵ گواستنەوە بووە لە نێوان بەڵتیمۆرک ڕیچمۆند و نیویۆرک هەندێک جار تەنها بۆ ماوەی

مانگێک لە جێگایەک گیرساوەتەوە. ئێدگار ئاڵن پۆ گەرچی هەر خەریکی خۆ خواردنەوە بووە بەرەو غەفڵەت، لەهەمان کاتیشدا لەبواری نووسین و داهێناندا بە داهێنەری چیرۆکی پۆلیسی ئەژمارد دەکرێ. شایانی وتنە لە ناوەڕۆکی شیعر و چیرۆکەکانی ئێدگار غەمباری و تاریکی دوو کارەکتەری سەرەکی و بەهێزن. مەرگی زوو و لەناوەختی ئەم نووسەرە داهێنەرە، تراژیدیایەکە بۆ خۆی. چونکە لەلایەکەوە وا لێک دەدرێتەوە گوایە هۆکاری مردنەکەی خۆکوژی بووە لە ئەنجامی خەفەت. یانیش خواردنەوەی لەڕادەبەدەر کە زۆر زەانی بە تەندروستی ئەم نووسەرە گەیاندووە وەک ئەو زیادەڕییەی کەلەساڵی ١٩٤٨ لە خواردنەوەی (لەودونام) دا کردی و وەک دەڵێن لە قەراغی مردن گەڕایەوە، چونکە پۆ نەخۆشی دیپسۆمانیای هەبووە. (١٤) تا دواجار ئێدگار لە سێی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٤٩ هاوڵاتی جۆزەف وۆڵکەر، ئێدگار ئالن پۆی شاعیر و نووسەری ئەمریکی لەدۆخێکی نالەبار و نیوە ئاگا لەسەر یەکێک لەشەقامەکانی بەڵتیمۆر لە ویلایەتی ماریلاند لە ئەمریکا دەدۆزێتەوە و دواتر دەیگەیێنێتە نەخۆشخانە و چوار ڕۆژ دواتر لەڕۆژی یەکشەممە؛ حەوتی تشرینی یەکەم سەعات پێنجی بەیانی ئێدگار ئالن پۆ بۆ هەمیشە چاوی لێک دەنێ و ماڵاوایی لە ژیان و نووسین دەکات. ئێدگار ئالن پۆ ژیانێکی سەیر ژیاوە. یەکێک لەسەیر و سەمەرەکانی ژیانی ئەو نووسەرە مەزنە ئەوە بوو کە جلی خۆی لەبەر نەدەکرد و جلی خەڵکانی تری لەبەر دەکرد. ئێدگار چل

ساڵ ژیا، بەڵام ئەوەی نووسی دەچێتە خانەی نووسینی جوان و داهێنان. دوا وشە لە کۆتایی ئەم کورتە وتارەدا هێنانەوەی ئەو قسە پڕ مانایەی فلێپهوڕە کەدەڵێ» بەزەیی ئەو شتە بوو کە ئێدگار ئاڵن پۆ بە خۆیدا نەهاتەوە.(١٥)

**کۆتایی مانگی شوباتی ٢٠١٤کەنەدا**

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:

١- فلێپهۆر ئێدگار ئالن پۆ کێ بوو ڕۆژنامەی National Post ژمارە ١٠٧ شەممە یەکی ئازاری ٢٠٠٨ لاپەڕە .WP٧

٢- پیتەر ئەکرۆید Poe: A Life Cut Short ٢٠٠٨ هەروەها بڕوانە وتاری ئێدگار ئاڵن پۆ کێ بوو نووسینی فلێپهور.

٣- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە سایتی Interestingfacts بەتایبەتی ئێدگار ئاڵن پۆ مادە هۆشبەرەکان و ئەلکهول

http://www.interestingfacts.org/fact/edgar-allan-poe-and-alcohol

٤- بڕوانە ئێدگار ئاڵن پۆ مادە هۆشبەرەکان و ئەلکهول

http://www.eapoe.org/geninfo/poealchl.htm

٥- دەڵێن ئێدگار ئاڵن پۆ لەبەر ئەوەی پارەی نەبووە، ئەم چەند دێرەی لەبری پارەی بیرەکان نووسیوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە :

http://ebooks.adelaide.edu.au/p/poe/edgar_allan/p74p/poem65.html

٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٧- نامەی تۆماس گوود تاکەر بۆ دۆگلَس شێرلی لە پێنجی نیسانی ١٨٨٠. بڕوانە کتێبی جۆرج ئێدوار ودبیری (تێبینییەکان، ئێدگار ئالن پۆ و ئۆپفیۆم) ژیانی ئەدەبی و تایبەتی ئێدگار ئالَن پۆ ١٩٠٩ بەرگی دووەم لاپەڕەکانی ٤٢٨-٤٣٠.
٨- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە سایتی Interestingfacts بەتایبەتی ئێدگار ئالَن پۆ مادە هۆشبەرەکان و ئەلکهول
http://www.interestingfacts.org/fact/edgar-allan-poe-and-alcohol
٩- هەرچەندە ئاشکرایە کە نە بۆدلێر ئێدگاری بینیوە و نە ئێدگاریش ڕۆژێک بۆدلێری ناسیوە. بۆیە بەپێی سەرچاوەی (Interestingfacts) بێت قسەکانی بۆدلێر لەخۆرا وتراون. هەروەها بڕوانە فلَپهۆر ئێدگار ئالن پۆ کێ بوو ڕۆژنامەی National Post ژمارە ١٠٧ شەممە یەکی ئازاری ٢٠٠٨ لاپەڕە .WP٧
١٠- نامەی ئێدگار ئالن پۆ بۆ ماریا کلێم حەوتی تەمووزە ١٨٤٧. بڕوانە کتێبی جان ۆرد ئۆستڕۆم نامەکانی ئێدگار ئالن پۆ نیویۆرک چاپخانەی گۆردیان ١٩٦٦ لاپەڕە ٤٥٢.
١١- بڕوانە کتێبی
The Norton Anthology of American literature
Nina Baym General Editor
NewYork 1999 Page 698

١٢- ئەفسەنتین جۆرە خواردنەوەیەکی پاڵێوراوە کە کهول بەپلەیەکی بەرز لە ٤٥٪ تا ٧٤٪ ی تیایدایە. ئەم گیراوەیە لە گەڵا و داری سروشتی و بەتایبەتی گەڵای ئەفسەنتین دروست دەکرێ و پێی دەوترێ ئەفسەنتینی تاڵ و هەندێجار بێڕەنگە زۆربەی جارانیش ڕەنگی سەوزە. ئەم خواردنەوەیە گەلێ جۆری هەیە (زیاتر لە ٢٠٠ جۆر) و لەوڵاتانی وەک فەرەنسا و ئوستراڵیا و ئیسپانیا و جیکسلۆڤاکیا ئەمریکا و سویسرا بەرهەم دێت.

١٣- بڕوانە ئێدگار ئاڵن پۆ مادە هۆشبەرەکان و ئەلکهول http://www.interestingfacts.org/fact/edgar-allan-poe-and-alcohol

١٤- لەودونام Laudunam جۆرە گیراوەیەکە (تێکەڵییەکە) لە تلیاک و خواردنەوەی ئەلکهولی. هەروەها دیپسۆمانیا (Dipsomanya) جۆرە نەخۆشییەکە کەسی تووش بوو هەرگیز تێر خواردنەوەی مەی و ئەلکهول نابێت.

١٥- فلێپهۆر ئێدگار ئالن پۆ کێ بوو ڕۆژنامەی National Post ژمارە ١٠٧ شەممە یەکی ئازاری ٢٠٠٨ لاپەڕە .WP٧

**تێبینی: ئەم نووسینە لە گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٢٠٨ ی ساڵی ٢٠١٤، بڵاو بۆتەوە.**

# قوتابخانە شیعرییەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم لە ئەمریکا

شیعری ئەمریکی گەرچی لە هەناوی ئەدەبی بەریتانیی و وەک درێژە پێدەری شیعری ئینگلیزیی دەستی پێکرد، بەڵام هەر زوو کەوتە پێشبڕکی لەگەڵ شیعریی ئینگلیزیی و دەستەبەرکردنی تەیبەتمەندییەکانی خۆی. سەرەتای سەرهەڵدانی شیعری ئەمریکی لە سەدەی هەڤدەهەم لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆلۆنیالیزم و داگیرکردنی کیشوەری ئەمریکا لەلایەن بەریتانیاوە دەست پێدەکات. لە سەدەی نۆزدەهەمەوە ئیدیۆمی جیاوازە ئەمریکی پەیدا دەبێت، ئیتر شاعیرانی ئەمریکی جێگایەکی گرنگ لە شیعری ئینگلیزیی داگیر دەکەن. مێژووی نوێی شیعری ئەمریکی ئاسان نییە بزانرێ، چونکە بەشێکی زۆر و گرنگی شیعری ئەمریکی لە نێوان ساڵانی ١٩١٠ تا ١٩٤٥ ونە، بەهۆی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان و بەتایبەتی شیعری بزووتنەوەی چەپی ئەمریکی کە لەلایەن فەرمانبەرانی کتێبخانەکانەوە لە دەیەی پەنجاکان فەوتێنران. ئیتر شیعری مۆدێرنی ئەمریکی لەلایەن ئەزرا پاوەند و ت.س. ئیلیۆتەوە لە سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەم پڕ کاریگەرترین شیعر بوون بەزمانی ئینگلیزی. لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم شیعری ئەفریقیی- ئەمریکی و شیعری ژنان بەپانتایی بزووتنەوەی شیعری ئەمریکی کەوتنە بڵاوکردنەوە، تا شیعری ئەمریکی بوو بە نموونە و مۆدیلی شیعری ئینگلیزی. دواتریش لەگەڵ هاتنی سەدەی بیست و یەک؛ شیعری ئەمریکی بەهۆی شیعری ژنان و شیعری ئەفریقیی-ئەمریکی و شیعری ئیسپانیی-ئەمریکی و شیعری چینیی-ئەمریکییەوە گەیشتۆتە ئاستێکی بەرز لە گەشەکردن و بەرەوپێش چوون. دوای ساڵی ١٤٩٠، پەیوەندی بەریتانیا بە ئەمریکاوە گەشەی کرد. لە سەدەی حەڤدەهەم دەتوانین

بڵێین نزیکەی چواردە نووسەر بە جۆرێ لە جۆرەکان لە ئەمریکا بوونە و بەرهەمیان نووسیوە. کارەکانی ولیەم مۆرێڵ لە ساڵی ١٦٢٥ و تۆماس مۆرتن لە ساڵی ١٦٢٧ وەک دەستپێکێک دەکرێ تەماشا بکرێن. کۆنترین شاعیری ژن لە مێژووی ئەمریکا خانمە شاعیر ئانا بردستریت (١٦١٢-١٦٧٢)ە کە بەرهەمەکانی بە زمانی ئینگلیزی نووسراون. ناوەڕۆکی شیعرەکانی ئایینی و سیاسی بوون. هەر لە دەورانی کۆلۆنیالیزمدا گەلێ ناوی تر هەن وەک ئێدوارد تایلەر(١٦٤٥-١٧٢٩) و سامۆئیل دانفۆرس و هەروەها فیلیز ویتلی (کە ژنێکی کۆیلە بوو و لەو سەردەمە شیعری دەنووسی) کە کۆشیعرێکی لە ساڵی ١٧٧٣ دا بڵاو کردەوە. لە سەدەی هەژدەهەمیش فلێپفرێنیو(١٧٥٢-١٨٣٢) و ڕێبیکا هامۆند لارد (١٧٧٢-١٨٥٥) کە ئەمەی دواییان شیعرەکانی دەربارەی سروشت بوون، ئەویش نەک سروشتی دەرەوە بەڵکوو سروشتی مرۆڤ، سەر هەڵدەدەن. دوای سەردەمی کۆلۆنیالیزم و سەربەخۆیی ئەمریکا لە سەدەی هەژدەهەم، گەلێ شاعیری تر لە گۆرەپانی شیعری ئەمریکی ئەسپی توانا و لێهاتوویی خۆیان تاو داوە کە هەر یەکەیان بە ئاستی جیاواز جێ پەنجەیان بە گەشەی شیعری ئەمریکییەوە دیارە لەوانە ولیەم کۆڵن برایەنت (١٧٩٤-١٨٧٨) و ڕاڵف والدۆ ئیمرسن (١٨٠٣-١٨٨٢) و هێنری وادسوردس لۆنگفیلۆ(١٨٠٧-١٨٨٢) و جان گرین لیف ویتەر(١٨٠٧-١٨٩٢) و ئێدگار ئاڵن پۆ (١٨٠-١٨٤٩) و ئۆلیڤەر وێندڵ هۆڵمس(١٨٠٩-١٨٩٤) و هێنری دەیڤد سۆریو(١٨١٧-١٨٦٢) و جەیمس ڕاسڵ لۆوێل (١٨١٩-١٨٩١) و سیدنی لانیەر(١٨٤٢-١٨٨١) و جەیمس وایتکەم ڕیکەی

(١٨٤٩-١٩١٦) ئەم دەنگانە هەوڵیاندا لە دەنگەکانی تری شانشینی یەکگرتوو جیاواز بن. لەم نێوەشدا بەرهەمی دوو شاعیری ئەمریکی واڵت وایتمان (١٨١٩-١٨٩٢) و ئیملی دیکنسن (١٨٣٠-١٨٨٦) بوونە هۆی نوێبوونەوە و سەرهەڵدانی دوو ڕێچکەی شیعری نوێ لە بزووتنەوەی شیعری ئەمریکی. شیعری ئازاد و دەربڕینی ڕاستەوخۆی واڵت وایتمان و ڕێچکەی قسەی نەستەقی تەمومژاوی و گاڵتەئامێزە ئیمیلی کە هەردووکیان مۆری خۆیان بە بزووتنەوەی شیعری ئەمریکییەوە نا. ئینجا لە سەردەمی مۆدێرنیزم و پاشتریش شاعیرگەلی وەک ئەزرا پاوەند (١٨٨٥-١٩٧٢) و ت.س. ئیلیەت (١٨٨٨-١٩٦٥) و وەیڵس ستیڤن (١٨٧٩-١٩٥٥) و هیلدە دوولتڵ (١٨٨٦-١٩٦١) و ولیەم کارلۆس ولیەم (١٨٨٣-١٩٦٣) و ئی ئی کەمئنگز (١٨٩٤-١٩٦٢) و زۆری تر لەسەدەی نۆزدەهەم و بیستەم توانیان پەرە بەو بەرەوپێشچوونەی شیعر بدەن. بەر لە جەنگی جیهانی دووەم نەوەیەک لە شاعیران هاتنە پێشەوە وەک ڕیچارد ئێبەرهارد(١٩٠٤-٢٠٠٥) و هاوتەمەنەکانی کە زیاتر لەسەر شێوازە کۆن دەیان نووسی. پاش کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانیش جان بێریمان(١٩١٤-١٩٧٢) و ڕۆبەرت لۆوێڵ (١٩١٧-١٩٧٧) و سلڤیا پاث(١٩٣٢-١٩٦٣) هاتنە مەیدانی شیعر و ئینجا مێژووی نوێی شیعری ئەمریکی دەست پێدەکات لە خۆی لە گروپی شاعیرانی (بلاک ماونتەین)ەوە دەست پێدەکات تا دەگات بە شاعیرانی ئەمڕۆ. بەگشتی بزووتنەوەی شیعری ئەمریکی بە قۆناغی جیاجیادا تێپەڕیوە و لە ڕێڕەوی گشتی و باوەوە دەچێتە ناو زانکۆ و دەزگا ڕۆشنبیرییەکان و نوخبەی ئەدیب و ڕۆشنبیری ئەمریکی. ڕۆڵی

نوخبەکان تەنها لە دروستکردنی کەلێن و فاسیلە نەبووە لە نێوان خەڵک و نووسەران، بەڵکوو دروستکردنی فاسیڵە بووە لە نێوان بزووتنەوەی ئەدەبی و نوخبەش. واتا بەردەوام و هەمیشە ڕەوتێک لە نووسین هەبووە دژەباو بووە و لەگەڵ ڕەوتی باودا ڕێی نەکردووە. ئەم ڕەوت و گروپانەش لەژێر ناو و تایتڵی جیاجیا چالاکییان ئەنجام داوەو بەرهەمیان نووسیوە و بڵاو کردۆتەوە. من لەم کورتە نووسینە هەوڵ دەدەم تیشکێک بخەمە سەر چوار قوتابخانەی شیعری کە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم ڕۆڵی پێشڕەوییان گێراوە لە بردنە پێشەوەی بزووتنەوەی شیعریی ئەمریکی. ئەمانەش قوتابخانەی شیعریی بلاک ماونتێن و گروپی ڕێنیسانسی سانفرانسیسکۆ و گروپی شاعیرانی بیت یان نەوەی بیت و قوتابخانەی شیعریی نیویۆرکن.

## قوتابخانەی شیعریی بلاک ماونتێن

بلاک ماونتێن؛ ناوی قوتابخانە یان کۆلیژێکە لە نزیک شاری ئاشڤیڵ لە ویلایەتی باکووری کارۆلینا لە ئەمریکا. ئەم قوتابخانەیە لە ساڵی ١٩٣٣ لەلایەن جان ئەندرو رایس و تیۆدۆر دریەر لەگەڵ چەند ئەندامێکی ڕۆلین کۆلێژ، دامەزراوە. ئەم کۆڵێژە جۆرێکی نوێی کۆلێژ بوو لە ئەمریکا کە پێی وابوو خوێندنی هونەر ناوەندی(چەقی) فەرهەنگی لیبراڵە. بنەماکانی فەرهەنگی جۆن دیوی فەیلەسوف و دەروونناس و ڕۆشنبیر ڕۆڵی سەرەکییان گرا لە سەرپێکەوتنی ئەم قوتابخانەیە. ئەم قوتابخانەیە داهێنانێکی ناوازەی داهێنا؛ ئەویش ئەزموونی «فەرهەنگ لەناو دیموکراسی» دا بوو لەگەڵ ئەو

بیرۆکەیەی کە داهێنانی هونەری و ئەرکی پراکتیکی یەکسانن لە گرنگی گەشەی ڕۆشنبیریدا. ئەم کۆلێژە کە سیما هەرە ناسراو و داهێنەرەکان وانەیان تێدا دەوتەوە هەر زوو ناو و ناوبانگی سەرتاپای ئەمریکای باکووری گرتەوە و گەلێ نووسەری تێدا هەڵکەوت. ئەم کۆلێژە لەئاستی ئەدەبی و هونەری بەرزدا چالاک دەکرد و فیستیڤاڵی لەیک ئیدن ئاڕتسی ڕێکدەخست. کۆلیژی بلاک ماونتێن وەک قوتابخانەیەکی ئەزموونگەری هونەری لەماوەی بیست و سێ ساڵیدا واتە لە ساڵی ١٩٣٣ تا ١٩٥٦ ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لە پێگەیاندنی چەندین نەوە و توانی ببێتە شوێنی پێگەیاندنی نزیک بە ١٢٠٠ قوتابی کە بەشێکیان هونەرمەند و نووسەر و شاعیری ئەمریکین. لەم کۆلیژە جگە لە ژانرەکانی ئەدەب، هونەری شێوەکاری و مۆسیقاش بە بەربڵاوی تیایدا دەخوێنران. لە گۆڤاری نیویۆرک تایمزە ئەمریکی لە ساڵی ١٩٩٢ هاتووە «کۆلێژی بلاک ماونتێن مرد، بەڵام قوتابییەکانی بەڕاستی ژیان». لێرەدا بزووتنەوەی شیعریی بلاک ماونتێن یان گروپی شاعیرانی بلاک ماونتێن لە گرنگترین بەشی شاعیرانی پێشڕەوی ئەمریکا و پۆستمۆدرێنیزم لە دەیەی چلەکان و پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو پێک هاتبوو، کە بەرهەمە شیعرییە تازەگەرەکانیان لە گۆڤاری بلاک ماونتێن بڵاو دەکردەوە. ئەم گروپە پێشڕەوە لەدەوری هەر یەک لە شاعیران ڕۆبەرت کریلی و ڕۆبەرت دونکان و چارڵس ئۆلسن و دەنیس لێڤەرتۆڤ کۆببووبوونەوە کە لە کۆلیژی بلاک ماونتێن لە ویلایەتی باکووری کارۆلینا وانەیان دەوتەوە. ئەم گروپە هەوڵیاندا

پشت لەو شێوازە ترادیسیۆنەی ت،س، ئێلیەت بکەن و پەیڕەوی ڕێبازە شێوازە ئازادانەی ولیەم کارلۆس ولیەمز و ئەزرا پاوەندی مۆدێرنیست بکەن. چارڵس ئۆڵسن وتارێکی بەناوی لەبارەی شیعرەوە لە ساڵی ١٩٥٠دا بڵاو کردەوە کە دواتر ئەو وتارە بوو بە مانیفێستی قوتابخانەی شیعریی بلاک ماونتێن. ئۆڵسن بڕوای وابوو پرۆسەی داهێنان کە وزەی شاعیرە؛ لەڕێگەی شیعرەوە دەگوازرێتەوە بۆ خوێنەر.قوتابخانەی بلاک ماونتێن خۆی ئەزموونێکی فەرهەنگیی بوو کە نزیک بە چارەکە سەدەیەک درێژەی کێشا. یەکێک لە فیگەرە هەرە دیارەکانی نێو ئەم قوتابخانە شیعرییە «چاڕلز ئۆڵسن»ە، کەلە ساڵی ١٩٥٠ دا بە نووسینی وتاری «لەبارەی شیعرەوە» توانی بەیانی شیعریی نوێ لە ئەمریکا جاڕ بدات. ئۆڵسن لەم وتارەدا شیعر بە گۆڕەپانێکی کراوە دەچوێنێ. ناوەڕۆکی وتارەکە هەوڵدان بوو بۆ دیاریکردنی شێوازێکی نوێ بۆ شیعر. ئەم شێوازەش ئیشی لەسەر کێشی شیعر دەکرد بەوەی کە پشت بە دێری شیعریی دەبەست. ئۆڵسن پێیوابوو دێری شیعریش یەکەیەکە لەسەر بنەمای هەناسە و دەربڕین دامەزراوە، ئەمە جگە لە بەدەستەوەگرتنی دەربرینی شیعریی جیاواز وەکووو کورتکردنەوەی وشە و بەکارهێنانی هێما. هەروەها ئۆڵسن پێیوابوو هەناسەی شیعریی وزە دەبەخشێتە شیعر. ئامانجی ئەم وتارەی ئۆڵسن گەیاندنی ئەو بیرۆکەیەیە کە شیعر دەبێ وەک کائینێک هەست پێبکرێت کە لە شاعیرەوە بۆ سەر کاغەز و لەوێشەوە لەلایەن خوێنەرێکی ڕۆشنبیرەوە پێشوازە لێبکرێت. ئەم نووسینەی ئۆڵسن کە بوو بە بەرنامەی کاری شاعیرانی قوتابخانەی بلاک ماونتێن دوو بنەمای سەرەکی هەبوو : یەک : شێوە جگە لە

درێژکردنەوەی ناوەڕۆک هیچیتر نییە. دوو : ئیدراکێک پێویستە یەکسەر و ڕاستەوخۆ ڕێخۆشکەر بیت بۆ ئیدراکێکی دی. سەرباری چارڵس ئۆڵسن، قوتابخانەی شیعریی بلاک ماونتێن بە کۆمەڵێ فیگەری تر دەناسرێتەوە لەوانە لەری ئیگنەر، ڕۆبەرت دنکەن، ئید دۆرن، پاوڵ بلاک بێرن، هیڵدە مۆرلی، جۆل ئۆپێنهەیمەر، دەنیس لیڤرتۆف، جانەسن ولیەمز، و ڕۆبەرت کریلی. سروشت و کارکردی قوتابخانەی شیعریی بلاک ماونتێن خۆجیاکردنەوە بووە لە تەواوی تەوژمە باوەکانی ئەدەبی ئەو سەردەمە و هێنانە دەرەوەی جۆرێکی نوێیە لە شیعر کە دواتر مۆرکی کۆلێژەکەی پێوە نرا و بوو بە قوتابخانەیەکی شیعریی نوێ لەبزووتنەوەی شیعریی ئەمریکی.

## گروپی ڕێنیسانسی سانفرانسیسکۆ

ڕێنیسانسی سانفرانسیسکۆ ئەو ناوە بوو لە گروپە لە نووسەران و هونەرمەندان نرا لە کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم کە ناوەندی شوێنی چالاکییەکانیان شاری سانفرانسیسکۆی ئەمریکا بوو. کێنس ڕێکنسرۆسی شاعیر و وەرگێڕ و ڕەخنەگر بەباوکی بزووتنەوەی ڕێنیسانس دادەنرێ. ڕێنیسانس هەر بەتەنها بزووتنەوەیەک نەبوو، بەڵکوو کۆلێجێک بوو لە ژمارەیەک لە کۆمیونیتی کە چوونە سانفرانسیسکۆ لە سەردەمی دوای جەنگی جیهانی دووەم؛ کە بەدوای پاشماوەی کلتووری بۆهیمی ئەمریکییەوە بوون. ئەگەر کێنس ڕێکنسرۆسی بەباوکی بزووتنەوەکە بێتە ئەژماردن، ئەوا مێدلین گلیسن بە دایکی بزووتنەوەکە دەناسرێ. لە دەیەی چلەکانی سەدەی بیستەم کێنس و مێدلین دەبنە هاوڕێی گروپێک لە شاعیرانی

لاو لە زانکۆی کالیفۆڕنیا – بێرکلی کە بریتیبوون لە ڕۆبەرت دنکان و جاک سپایسەر و ڕۆبین بلەیسەر. ساڵی ١٩٤٧ مێدلین گلیسن یەکەمین فیستیڤاڵی شیعری مۆدێرن ڕێکدەخا و دوانزە شاعیر دەهێنێ لەوانە کێنس ڕێکنسرۆس و ڕۆبەرت دنکان و جاک سپایسەر کە شیعر بۆ ژمارەیەک شاعیری لاو و عاشقانی شیعر دەخوێننەوە. ئەم فێستیڤاڵە بە یەکەمین بازنەی پراکتیکی ئەزموونگەری شاعیران لە شارەکە دێتە ئەژمار. لەدەیەی پەنجاکانی سەدەی بیستەم ڕۆبەرت دنکان و ڕۆبەرت کریلی ماوەیەکیان بە وانە وتنەوە لە کۆلیژی بلاک ماونتێن بەسەر برد و وەکوو ئەڵقەی پەیوەندی نێوان شاعیرانی سانفرانسیسکۆ و بلاک ماونتێن کاریان دەکرد. زۆربەی نووسەرانی سانفرانسیسکۆ لە گۆڤاری سید کۆرمان و بلاک ماونتێن بەرهەمەکانیان بڵاو دەکردەوە. دۆناڵد ئاڵن لە کتێبی ئەنتۆلۆجیای شیعریی نوێ ١٩٤٥-١٩٦٠ سەبارەت بە گروپی سانفرانسیسکۆ هەمان بۆچوونی مارجۆری پێرلۆفی هەیە کە دەڵێت: « ڕۆبەرت دنکان گەرچی ئەو سەر بە قوتابخانەی بلاک ماونتین بوو، بەڵام وەک ڕابەری گروپێک لە شاعیران هاتە مەیدان و ئەم گروپە لەئاستێکی فراواندا ناسران و ناو و ناوبانگیان پەیدا کرد. ئەم گروپەش بریتیبوون لە برازەر ئەنتۆنیۆس (ولیەم ئێڤەرسن) و ڕۆبین بلەیسەر و جاک سپایسەر و جەیمس برۆتۆن و مەدلێن گلیسن و هێلن ئادەم و لۆرنس فێرلینگهیتی و بروس بۆید و کیربی دۆیڵ و ڕیچارد دوردن و فلێلامانتیا و ئێبی بۆریگارد و لو وێڵش». لەو سەردەمەی کە ڕۆبەرت دنکان و ڕۆبین بلەیسەر و جاک سپایسەر لە بێرکلی بوون، گرەی سنایدەر و فیلیپ وەیلن و لو وێڵش هەرسێکیان پێکەوە قوتابی

بوون لە قوتابخانەی ڕید کۆلێژ لە پۆرتلاند. ئەم سیانە لەگەڵ کیربی دۆیڵ ناوکی باڵی کەناری خۆرئاوای شاعیرانی بیتیان پێک دەهێنا. گروپی سانفرانسیسکۆ لەسەر تەنها شێوازێکی هونەری و ئەدەبی نەدەگیرسانەوە، ئەم گروپە ڕوویان لە فۆرمالیزم کرد و پشتیان لە مۆدێرنیزم کرد. پەیڕەوکەران و ڕێبەرانی ئەم گروپە لە ڕووی هونەری و سیاسییەوە دژ بەیەک بوون یان لێکجیاواز بوون. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بەرهەمەکانیان (هەڵبەستە دوو خشتەکییەکانیان) بۆ یەکتر دەخوێندەوە وەک وەڵامگۆیەک بۆ کاولکارییەکانی دوای جەنگە جیهانییەکان و ڕێگریی لە گەشە فەرهەنگییەکان. مۆدێرنیزم و سوریالیزمی ئەوروپی و ئەدەب و ئایینە ڕۆژهەڵاتییەکان کاریگەرییان بەسەر گروپی سانفرانسیسکۆوە هەبووە. بایەخدان بە ناوچەگەری وەکووو میرات لە واڵت وایتمانەوە بۆیان مابۆوە. ئەم گۆشەگیرییە لە ڕێڕەوی شیعریی باوی نیویۆرک لەڕووی جوگرافیا و شێوازەوە ناچاریکردن هەندێ گۆڤار و ڕۆژنامەی تایبەت بە خۆیان دەربکەن لەوانە ستی لایتس و ئێڤەرگرین ریڤیو.

## شاعیرانی بیت یان گروپی نەوەی بیت

گروپی شیعریی بیت لەدەیەی چلەکانی سەدەی ڕابردوو لە شاری نیویۆرک و کەنارەکانی خۆرئاوا سەریهەڵدا، بەڵام لە دەیەی پەنجاکاندا شاری سانفرانسیسکۆ بوو بە ناوەندی ئەو بزووتنەوە شیعرییە. دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم؛ شاعیرانی چەپ وەک ئاڵن گینسبێرگ و گرەی سنایدەر و لۆرەنس فێرلینگتی و گریگۆری کۆرسۆ کەوتنە ڕەخنەگرتن لە کلتوور و سیاسەتی

باوی ئەو سەردەمە. ئیتر ئەو شاعیرانە وەکوو نەوەی بیت ناسران و ناوبانگیان پەیدا کرد. شاعیرانی بیت خوازیاری ئاڵوگۆر بوون لە هۆشیاری و بەربەرەکانێی ئەدەبی تەقلیدی. نەگونجانی کۆمەڵایەتی و ترادیسیۆنی ئەدەبی؛ ناوەڕۆکی جەنگی شاعیرانی بیتی پێکدەهێنا. شاعیرانی بیت زۆر لەنزیکەوە تێکەڵاوی بزووتنەوەی ڕێنیسانسی سانفرانسیسکۆ بوون چەشنی کێنس ڕۆکسرۆس و ڕۆبەرت دنکان. چەقی قورسایی کارکردنی شاعیرانی بیت بریتی بوو لە دژایەتیکردنی پەیڕەوی نەریتی کۆمەڵایەتی و ترادیسیۆنی ئەدەبیی. لەنێو ئەم گروپە لە شاعیران مادەی هۆشبەر و وڕێنەکەریان بەکار دەهێنا تا بگەنە بەرزترین ئاستی ئاگایی وەک ڕامان (تەئەمول)کردن و ئەلتەرناتیڤی سێکسگەرایی و ئایینی ڕۆژهەڵاتی. لۆرەنس فێرلینگتیی تواناکانی دەخاتە گەڕ و دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوە دادەمەزرێنێ. لەناوەڕاستی دەیەی پەنجاکانی سەدەی بیستەم ئاڵن گینسبێرگ کتێبی «لووراندن و شیعرەکانی تر» بڵاو دەکاتەوە و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٥٦ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی «ستی لایتس» ی لۆرەنس فێرلینگتیی بدرێتە دادگا بەبیانووی بڵاوکردنەوەی ناپەسندییەوە. ئەم دەزگایە سەرباری بڵاوکردنەوەی زنجیرەی شیعری گیرفان، لۆرەنس فێرلینگتیی کتێبفرۆشی ستی لایتسی لە شاری سانفرانسیسکۆی دامەزراند کە تا ئەمڕۆش دەرگاکەی بە ڕووی خوێنەراندا ئاواڵایە. کتێبفرۆشی ستی لایتس جێگایەکی گرنگی لە مێژووی نەوەی بیت و شاعیرانی بیتدا هەیە. نووسەرانی گروپی نەوەی بیت لە ناوەڕاستی دەیەی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو لە شاری نیویۆرک دیداریان دەبێ. فیگەرە ناسراوەکانی ئەم گروپە

شیعرییە جگە لە ولیەم س بورروە؛ هەموویان لەگەڵ فیگەرەکانی ڕێنیسانسی سانفرانسیسکۆ یەک دەگرن و دەچنە نێو بزووتنەوەی شیعری ڕێنیسانسی سانفرانسیسکۆ. لەدەیەی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو ڕەگەزەکانی پەلهاویشتن و پان و پۆڕبوونەوەی ئەم ڕەوتە شیعرییە خۆی لە ئاوێتەبوون لەگەڵ هیپییەکاندا بینییەوە. شوێنی سەرهەڵدانی گروپی نەوەی بیت، زانکۆی کۆڵۆمبیا بوو لە ئەمریکا. یەکێ لە ڕەفتارە سەیر و سەمەرەکانی ئەم گروپە بەتایبەتی ولیەم س بورروە ڕەفتاری تاوانکارانەی ئەنجامدەدا وەک دزە و بەکارهێنانی مادەی سڕکەر. ساڵی ١٩٤٩ پۆلیس ئاڵن کینسبێرگ لەسەر دزەن دەستگیر دەکات و کارڵ سۆلۆمۆن ئەوەندەی کەسێکی ناشاز بوو ئەوەندە شێت نەبووە. گروپی نەوەی بیت دوای زانکۆی کۆڵۆمبیا و گۆڕەپانی تایمز، گرین ڤلج بووە شوێنی چالاکی و نمایشی بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکان. شاعیرانی بیت لەڕووخسارە هەرە دیارەکانی گرین ڤلج بوون لەدەیەی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو. دوای ئەم جێگایانە سانفرانسیسکۆ و پاسیفیک نۆرس وێست دەبێتە جێگای چالاکییان. شاعیرانی بیت جگە لەوەی کاری ناقۆڵا و ناشازەان کردووە لەهەمان کاتیشدا هاوڕەگەزبازەش جێگەی خۆی هەبووە لەناو ئەم گروپە. کاریگەرییەکانی سەر شاعیرانی بیت سەرباری ڕۆمانسیزمی ولیەم بلەیک، بریتین لە کاریگەری هەریەک لە هێنری دەیڤد تۆریو و ڕاڵف واڵدۆ ئیمرسن و هێرمان مێرڤێڵد و واڵت وایتمان و ئیدگار ئاڵن پۆ و ئیمیلی دیکنسن و جاک بلاک. سوریالیزمی فەرەنسی و شاعیرانی مۆدێرنی وەک لویس فێردیناند و ئەزرا پاوەند و ولیەم کارلۆس ولیەمز و هیڵدا دولیتڵ جێ دەستی

کاریگەرییان بەسەر شاعیرانی بیتەوە دیارە بەتایبەت گرەی سنایدەر و ئاڵن گینسبێرگ. دەستەواژەی نەوەی بیت لەساڵی ١٩٤٨ لەلایەن کێراوکەوە بەکار هێنرا، بەڵام دەستەواژەی بیتنینک (Beatnik) یان ڕۆشنبیریی بیت لە ساڵی ١٩٥٨ لە وتارێکدا هێرب کەین بەکاری هێناوە. هێرب هات پاشگری «نیک» ی رووسی بۆ وشەی بیت زیاد کرد. گروپی بیتنیک هەر تەنها لەئاستێکی بەرتەسکدا نەمایەوە بەڵکوو پەلی بۆ ناو بوارەکانی شانۆ و فیلم و ئەنیمەیشن هاویشت و ئەو قوتابخانەیە چەندین کتێبی بەچاپ گەیاند و مۆزەخانەیەکی تایبەت بەو گروپەش لەلایەن جیری و ئستێڵلا سیمینۆ لە ساڵی ٢٠٠٣ لە کالیفۆڕنیا هاتە دامەزراندن. بوونی پەیوەندییەکی نەپچڕاوە و بەهێز لە دەیەی چلەکان و پەنجاکان و شەستەکان لە نێوان شاعیرانی بیت و قوتابخانەی شیعریی نیویۆرک هەبووە. شاعیران گریگۆری گۆرسۆ و ئاڵن گینسبێرگ و ئەمیری بەراکا و جاک کیراوک و ولیەم س بوروس و دایان دی پریما و دایان واکۆسکی و ئانا وۆلدمان و تولی گوتفێربێرگ و ئید ساندەرس و نوریس ئێمبری و کۆمەڵێ تر کە خوێندکاری زانکۆی کۆڵۆمبیا بوون لەوانە شاعیران کۆوچ و ئاشبێری و ئاڵن و کیروک بوون.

## قوتابخانەی شیعریی نیویۆرک

قوتابخانەی نیویۆرک کەلە دەروبەری دەیەی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لە شاری نیویۆرک دەستی پێکرد، پێکهاتبوو لە شاعیران و نووسەران و سەماکاران و مۆسیقار و شێوەکاران. شاعیرانی ئەم قوتابخانەیە بریتیبوون لە جان ئاشبێری و باربەرە گەست و کێنس

کوۆچ و فرانک ئۆ خارا. ئەم قوتابخانەیە بە توندی لەژێر کاریگەری سوریالیزم و مۆدێرنیزم بوو. شیعرەکانی ئەم قوتابخانە شیعرییە جیددی بەڵام گاڵتەئامێز بوون. هەوڵیان دەدا هەستی شاریی ئاوێتەی کارەکانیان بکەن. هونەری دەربڕینی ئەبستراکت کاریگەری هەبوو بەسەر ئەم قوتابخانە شیعرییە. شاعیرانی ئەم قوتابخانە شیعرییە لە پەیوەندییەکی توند و بەهێزدابوون لەگەڵ هونەرمەندە ئەبستراکتەکان لەوانە جاکسن پۆڵۆک و ویلیم دیکونینگ و مارک ڕۆسکۆ و ڕۆبەرت مازەروێڵ. نەوەی دووەمی قوتابخانەی نیویۆرک لە دەیەی شەستەکانی سەدەی بیستەم هاتنە پێشەوە بریتیبوون لە تێد بێریگان و ڕۆن پاجێت و ئانا وۆلدمان و جۆ برەینارد. هەروەها شێوەکارانیش بریتیبوون لە هارتیگان و جەین فرێلیچەر و مایکڵ گۆڵدبێرگ و لەری ڕیڤەرس. ئەم هونەرمەند و شاعیرانەش کەوتنە ژێر کاریگەری هونەری ئەبستراکتی تەعبیری و بەرهەمەکانیان ئاوێتەبوون بە گاڵتەئامێزە و ڕوحی هاریکاری. ئەم قوتابخانەیە لە ناوەندی شاری نیویۆرکەوە دەستی پێکرد و گەشەی کرد پەیوەندی بە پرۆژەی شیعریی کڵێسای ساینت مارکەوە هەبوو، ئەو ڕێکخراوە شیعرییەی کە لە ناوەڕاستی دەیەی شەستەکانی سەدەی بیستەم هاتە دامەزراندن. قوتابخانەی شیعریی نیویۆرک تا ئەمڕۆش بەردەوام کاریگەری بەسەر نووسەرانەوە هەیە. ئەو کتێبانەی لەم دواییانە چاپ و بڵاوکرانەوە وەکووو کتێبەکانی هەریەک لە دانیاڵ کەین و دەیڤد لێهمان لەڕووی مێژووییەوە بایەخدارن، باس لە گرنگی و بایەخی ئەو قوتابخانە شیعرییە دەکەن کە زیاتر لە نیو سەدەیە خوێنەری خۆی لەدەست نەداوە.

سەرئەنجام لە وردبوونەوە لەو گروپ و قوتابخانە شیعرییانەی نیوەی دووەم یان ناوەڕاستی سەدەی بیستەم دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە دەکرێ لە چەند خاڵێکدا چڕیان بکەینەوە:

یەک: ئەم ڕێڕەو و گروپ و قوتابخانە شیعرییانە وەک یاخیبوون لە ڕێڕەوی باو و خۆجیاکردنەوە لەو ڕێڕەوە هاتوونەتە بوون.

دوو: وەک وەڵامگۆیەک بە کاولکاری کۆمەڵگەی ئینسانی و بێهیوایی بە دواڕۆژ بەرهەمەکانیان خستۆتە بەر دیدە و بڵاویان کردۆتەوە،

سێ: بەگشتی لە ژێر کارتێکردنی ڕەوتی سوریالیزم و مۆدێرنیزمی ئەورووپی بوون.

چوار: ئەم قوتابخانانە لە لێکهەڵپێکران و پەیوەندی بەهێزدا بوونە لەگەڵ یەکتر و ورد ئایاگان لە ئامانج و بەرنامەی یەکتر هەبووە و تەنانەت هەندێ لە شاعیران لەناو زیاتر لە دوو قوتابخانە چالاکبوونە.

پێنج: کاتی سەرهەڵدانی ئەم قوتابخانە شیعرییانە و تەمەنیان هەمووی لەنێوان سێ دەیەدا بووە. دەیەی چلەکان و پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی بیستەم.

شەش: هیچ کام لەم قوتابخانانە بەتەنها قوتابخانەی شیعریی نەبوونە، بەڵکوو قوتابخانەی هونەریش بوون و گەلێ لە هونەرمەندان تێیدا بەشدار و چالاک بوونە.

حەوت: دواخاڵیش ئەوەیە کە بەرهەم و چالاکی هونەری و ئەدەبی ئەم قوتابخانانە توانیویەتی ڕوحی هونەر و شیعریی ئەمریکی بەهێز بکات و شیعریی ئەمریکی لەسەر دەستی شاعیرانی ئەم قوتابخانانە گەیشتە ئەم ئاستە لە گەشەکردن و بەرەوپێشچوون.

**ناوەڕاستی ٢٠١٤ ڤانکۆڤەر - کەنەدا**

## چەند تێبینییەک:

١- فیستیڤاڵی لەیک ئیدن Lake Eden Arts Festival : ڕێکخراوێکی سەربەخۆیە هەوڵدەدات لە ڕێگەی فیستیڤاڵێکی هونەرییەوە کلتوورەکان لێک نزیک بکاتەوە و دۆستایەتی نێوان مرۆڤەکان پەرە پێبدات. ئەم فیستیڤاڵە لەساڵی ١٩٩٥ەوە بووە بە ساڵی دووجار. لە بلاک ماونتین لە کەرەلاینای باکوور دێتە سازکردن. ئەم فیستیڤاڵە لە دەیەی پەنجاکانەوە تا ئەمڕۆ بەردەوام ساز دەکرێ.

٢- بلاک ماونتین ڕیڤیوو Black mountain Review : گۆڤاری شاعیرانی پێشڕەوی قوتابخانەی کۆلێژی بلاک ماونتێن بوو کە لە دەیەی پەنجاکاندا ئەو شاعیرانە شیعر و نووسینەکاناین تێدا بڵاو دەکردەوە. زۆربەی شاعیرانی قوتابخانەی بلاک ماونتێن بەرهەمەکانیان لە گۆڤاری ئۆریجن لە نێوان ساڵانی ١٩٥١ – ١٩٥٦ دا بڵاو دەکردەوە، بەڵام ئەو گۆڤارە تینوێتی ئەو شاعیرانەی نەدەشکان، بۆیە هەریەک لە ڕۆبەرت کریلی و چاڕلز ئۆڵسن دەستیان کرد بە دەرکردنی بلاک ماونتین ڕیڤیوو لە نێوان ساڵانی ١٩٥٤ – ١٩٥٧. ئەم گۆڤارە بەرهەمی زۆربەی ئەو شاعیرە لاوانەی بڵاو دەکردەوە کە دوایی بوون بە سیمایەکی ناسراوی شیعری ئەمریکی.

٣- کتێبفرۆشی و دەزگای چاپی ستی لایتس City Lights : شوێنێکی سەربەخۆ کە شوێنی کتێبفرۆشتن و چاپکردنی کتێب بوو لە شاری سانفرانسیسکۆ لە ئەمریکا. ئەم شوێنە لە ساڵی ١٩٥٣ لەسەر دەستی شاعیر لۆرەنس فێرلێنگتیی هاتە دامەزراندن. ستی لایتس بەڕاستی جێگایەکی سەربەخۆ بوو و خوێنەر و عاشقانی کتێب لە

سەرتاسەری ئەمریکا و جیهان دەهاتن بۆ ئەو کتێبفرۆشە و سەریان لێدەدا. ئەم کتێبفرۆشە تا دێت پەلوپۆ دەهاوێت و گەورەتر دەبێتەوە و ئێستا ساڵانە نزیک بە دوو سەد کتێب چاپ دەکات. ئەم ئاوێتەبوونەی چاپکردنی کتێب و فرۆشتنی ئەزموونێکی جوان و دەوڵەمەندە بۆ هەموو خۆشەویستانی کتێب لە سانفرانسیسکۆ و ئەمریکا.

٤-ڕێبازە بۆهەیمیی Bohemianisim : لە بنەڕەتدا لە هاوڵاتی بۆهەیمی کۆماری چیکەوە هاتووە و بەڵام لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم لە وڵاتی فەرەنسا بە مانایەکی دی بڵاو بۆوە و کە ئەو نووسەر و هونەرمەندانە دەگرێتەوە کە نەریتی ژیانێکی سەیر دەگرنەبەر؛ ئیتر ئەو نەریتە ئاگایانە بیت یان بێئاگایانە. دەستەواژەی بۆهەیمی لەمڕۆدا بەو نووسەر و هونەرمەندانە کە لایەنگری بیرکردنەوەیەکی ئازاد و ڕەهای بێمەرجن و ڕەنگدانەوەی ئەو بیرکردنەوەیەن لە بەرهەمەکانیاندا. ئەم بۆهەیمیانە لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتدا نامۆی بە داب و نەریتی باوی کۆمەڵگە. بۆهەیمی کەسێکە هەمیشە تەنیا و هەژار،بایەخ بە ڕەونەق و جلوبەرگی قەشەنگ نادات و بەردەوام سەرقاڵی هونەرەکەیەتی. باریس خاکی بە پیت بوو بۆ لەدایکبوونی ئەم ڕێڕەوە سەربەستەی ئەدەب و هونەر. تەنانەت گەلێ نووسەری بورژوازە وەک ڤیکتۆر هیگۆ و هینری موجیە بۆهەیمیەت بە شاری پاریسەوە دەبەستنەوە. واتە بۆ ئەوەی بۆهەیمی بیت، دەبی پاریسی بیت، یان خەڵکی پاریس بیت. بەڵام ئەم بزووتنەوەیە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم لە پاریس ون بوو و لە گەلێ شوێنی تری جیهان و بە زمانی غەیری فەرەنسی سەریهەڵدا وەکووو بەریتانیا و ئەڵمانیا و ئەمریکا.

٥-هیپیی Hippie: هیپیی وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لە بنچینەدا بزووتنەوەیەکی لاوانە لەنێو قوتابیاندا و بەتایبەتی قوتابیانی زانکۆ لە ناوەڕاستی دەیەی شەستەکانی سەدەی بیستەم لە ئەمریکا سەریهەڵدا. وشەی هیپیی بۆ وەسفی بیتنیکس بەکات دەهێنرا. نەوەی بیت، هیپیی بەکارهێنا. هیپییەکان گوێیان لە مۆسیقای وڕێنەکردن دەگرت و شۆڕشی سێکسیان بەلاوە پەسند بوو و مادەی سڕکەریان بەکار دەهێنا. دواتر لە دەیەی حەفتاکانی سەدەی بیستەم ئەم دیاردەیە لە زۆربەی وڵاتانی رۆژئاوا بڵاو بۆوە. ماهیەتی ئەم بزووتنەوەیە دژ بەهەموو بەهایەکی سەرمایەدارییە. هیپیی بوون دیاردەی نارازەبوون و یاخیبوونە لە بەڕێوەبەرانی کۆمەڵگە و بایەخدان بە جلوبەرگ و بەرژەوەندی مادی و فەرهەنگی بەسەرچوو. لایەنگرانی ئەم بزووتنەوەیە داواکاری جیهانێک بوون پڕاوپڕ بێت لە ئازادی و یەکسانی و خۆشەویستی و ئاسایش. هەروەها پەیڕەوکەرانی ئەم بزووتنەوەیە بەوە دەناسرانەوە قژیان درێژ دەکرد و جلی شپڕێویان لەبەر دەکرد وەک گوزارشێک لە نزیکبوونیان لە شروشتەوە. هیپیی شوێنی ژیانی تایبەتی نییە و بەردەوام لە گەڕان و سوڕاندایە و ئەوەندەش پارەی پێویستە کە بژێت. ئەم بزووتنەوەیە لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژگار ئەمانیش بەرەو نەمان چوون بەڵام لایەنگرانی ئەم بزووتنەوەیە هەوڵیاندا لە چەندین گروپدا درێژە بە هەناسەی هیپیی بدەن وەک گروپی ژینگەپارێزە و گروپی دژی ئەتۆم و گروپی پشتیوانی لە جیهانی سێیەم و گراپی دژایەتیکردنی جیهانگیریی و گروپی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و جەنگ.

٦- بیتینک Beatnik : بەواتا عەرەبییەکەی یانی (شاذ). بەو شێوازە

کڵێشەییە نەگۆرە دەوترێ کە ببووە ڕووخساری زۆربەی نووسەران و هونەرمەندانی نەوەی بیت کە لە دەیەی پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی بیستەم. دەستەواژەی بیتنیک "Beatnik" یان ڕۆشنبیریی بیت لە ساڵی ١٩٥٨ لە وتارێکدا هێربەرت یوجین کەین بەکاری هێناوە. هێربەرت هات پاشگری «نیک» ی رووسی بۆ وشەی بیت زیاد کرد. گرووپی بیتنیک هەر تەنها لە ئاستێکی بەرتەسکدا نەمایەوە بەڵکوو پەلی بۆ ناو بوارەکانی شانۆ و فیلم و ئەنیمەیشن هاویشت و ئەو قوتابخانەیە چەندین کتێبی بەچاپ گەیاند. ئاستی گەشەی ئەم گرووپە هەر بە وڵاتی ئەمریکاوە نەوەستاوە، بەڵکوو پەلی هاویشتووە بۆ وڵاتانی ئەورووپا و باشووری ئاسیا. ئەندامانی بیتنیک لە شێوازە بەرگ پۆشین و تا دەگاتە بیرکردنەوە لە جیهان و پێداویستییەکانی ژیان خاوەن جۆرێک لە بیرکردنەوەی تایبەت بوونە. ئەم گرووپە هیچ پەیوەندییەکیان بەکۆمۆنیزمەوە نەبووە بەڵام دژی دونیای سەرمایەداری بوون و مەیلیان بەلای لایەنگری سیاسەتی لیبراڵدا هەبووە.

٧- ویستم لەگەڵ ئەم تێبینیانەدا کورتەیەک لە ژیاننامەی ئەو شاعیر و نووسەرانەی لەم وتارەدا ناویان هاتووە دابنێم، بەڵام بینیم نووسینەکە زیاد لە پێویست درێژ دەبێتەوە و بێتام دەبێت. بۆیە ئەم کارەم بۆ خوێنەر بەجێهێشت تا ئەگەر خۆی ئارەزووی زانینی زانیاری لەسەر هەر کەسێک هەبوو دەتوانی گووگڵی بکات.

## سەرچاوەکان:

١- عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) خانمەکەی نێو ئەم شیعرە ئەنسۆلۆژیای شیعری بیانیی کتێب ئامادە بۆ چاپ

٢- شیعری هاوچەرخ دکتۆر سکانلۆن وانەی ئینگلیزی ٣٧١ پایزە

٢٠١٠ دەربارەی شاعیرانی بلاک ماونتێن

umwblogs.org/multimedia-rpt-list/.http://copof١٠
/black-mountain-poets

٢-کورتە ڕێنماییەک سەبارەت بە قوتابخانەی بلاک ماونتێن

http://www.poets.org/viewmedia.php/prmMID/5648

٣- دەربارەی کۆلێژی بلاک ماونتین

http://www.ibiblio.org/bmc/bmcaboutbmc.html

٤- کورتە ڕێنماییەک سەبارەت بە شاعیرانی بیت

http://www.poets.org/poetsorg/text/brief-guide-beat-poets

٥-کورتە ڕێنماییەک سەبارەت بە شاعیرانی گروپی ڕێنیسانسی سانفرانسیسکۆ

http://www.poets.org/poetsorg/text/brief-guide-san-francisco-renaissance

٦- کورتە ڕێنماییەک سەبارەت بە شاعیرانی قوتابخانەی نیویۆرک

http://www.poets.org/poetsorg/text/brief-guide-new-york-school

**تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆڤاری ڕامان، ژمارە(٢١٣)ی ساڵی ٢٠١٥، بڵاو بۆتەوە.**

# مانیفێستی ئەدەبی کرێکارانی لەشفرۆش(١)و دیدارێک سەبارەت بەو مانیفێستە

نووسین و سازدانی: دەیڤد سیلڤەربێرگ

## دەقی مانیفێستی کرێکارانی لەشفرۆش

جاران وا بیر دەکرایەوە کە لەشفرۆشیی ئاستەنگێک بێت لەسەر ڕێی ڕزگاری ژنان. ئێستا بەلای هەندێکەوە، ئێمە نوێنەری خۆڕاگری خەباتی ژنانین لەسیستەمی باوکسالاریی و سەرمایەدارییەداریدا- ئەمەلانیکەم باوەڕی ئەو تاقمە لەلەشفرۆشەکانی سپیپێستی، سێکسواڵ، لەش و ڕەگەزلێکچووی لەش ڕێکوپێکن کەپێویستییان نییە لەگەڵ کڕیارەکانیاندا سێکسیان هەبێت. ئەمانە ئەو کرێکارانەن کەپرۆفایلی ورشەداری میدیاییان پێشکەش دەکرێ وەکوو ئایکۆنی فیمینیستی پیایاندا هەڵدەڵێن. بەڵام»چەترەسوورەکە» (لەشفرۆشی) زۆر بەرینترە جەماوەرێکی گەورە دەگرێتەبەر، وەکوو: یاوەرە دەڵاڵچییەکان (ئەوپیاو و ژنانەی وەکووو هاوژین بەکرێ دەگیرێن)، خوشەویستی کرێگرتە، سەماکەرە ڕووتەکان، ،زۆرانبازانی سێکسی، نمایشکارانی بەردەم زوومی کامیراکان، مۆدیڵکارە ئەفسووناوییەکان و ئەکتەرە کۆوێرەکانی فیلمی پۆڕن و کۆمەڵێکی زۆری جێندەر و ڕەگەز و توانایی تر لەخۆدەگرێت. کار و شوناسی ئێمەپانوپۆڕ و بەربڵاو و هەمەچەشنە بەئەندازەی خودی چالاکی سێکسیی. ئێمەین کە لەسەر شەقامەکان، لەیانەکان، لەژووری ئوتێلەکان و ئاهەنگی شەوانی ژێرزەمینەکان کار دەکەین. ئێمە خەونەکان دەهێنینە دی؛ بۆ ئەوەی جێگایەکمان هەبێت تیایدا بخەوین. ئێمە لە بازارێکدا بازرگانی دەکەین کەسیاسەتمەداران و پۆلیس بەردەوام لەپێناو»بەرگری لەشکۆ و سەلامەتی خۆمان» دەیسووتێنن. ئێمەپاژنەی پێڵاوەکانمان بەرزە و دڵەڕاوکێشمان بەرزتر. ئەمە کۆمەڵێ چیرۆکی هەنسکداری

لەشفرۆشانی دڵشکاو نییە. ئەمە گەواهینامەیەکە لەژیان لەژێرخانی گوتاری سێکسواڵێتییەوە، لە گۆرانی کەنارییەکانی ناو کانەخەڵووزە بەردەکانی سێکس و جێندەر و چین و ڕەگەز و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان. ڕەنگە ئێمە لەسەر مێزەکە سەما بکەین، بەڵام داوای بەردەوامامان ئەوەیە کە لەبەر مێزەکە دابنیشین.
کرێکارانی لەشفرۆشی جیهان، یەکگرن!
ئەمە مانیفێستی کرێکارانی لەشفرۆشانە.

**تێبینی:** چەند وشەیەکی فرە زەحمەت هەبوون لەم دەقە کورتەی سەرەوە کە وەرگێڕانیان بۆ کوردی ئاسان نەبوو، چونکە هاوواتایان لە زمانی کوردیدا بوونی نییە. بەڵام هەوڵمداوە وشەی زۆر نزیک لەواتاکەیان دابنێم. سوپاسی زۆرم بۆ هاوڕێم سلێمانی قاسمیانی(کاکە) کە بەم وەرگێڕانەدا چووەوە و هەندێ سەرنج و تێبینی بەسوودی پێبەخشیم.

## دەقی دیدارەکە

زۆر بە دەگمەن خوێنەری کورد و رۆژئاوا چانسی ئەزموونکردنی خوێندنەوەی شیعر و پەخشان و بینینی ئەو وێنە هێڵکارییانەیان هەیە، کە لەلایەن کرێکارانی لەشفرۆشەوە (کرێکارانی کردە شینەکان) نووسراون و کێشراون. بەڵام لە ساڵی ٢٠١٩، دوو ئەنتۆلۆجیا لەیەک مانگدا بڵاو بوونەوە، کە بروسکەئاسا تیشکیان خستۆتە سەر بەدگۆیی و بەدحاڵیبوونێکی بەربڵاو.

مانیفێستی کرێکارانی لەشفرۆش ، ئەنتۆڵۆجیای نووسین و کاری هونەری کە لەلایەن کرێکارانی لەشفرۆشەوە نووسراون (١٠٤ لاپەڕەیە و لەلایەن دەزگای پەخشی تۆرنترییەوە بڵاو کراوەتەوە، کەی کاسیرەر سەرپەرشتی کردووە و هەروەها هەستڵینگ ڤێرس ، ئەنتۆلۆجیای شیعری کرێکارانی لەشفرۆش (١٩٢ لاپەڕەیە و لەلایەن دەزگای پەخشی ئارسناڵ پاڵپ، بڵاوکراوەتەوە، ئەمبەر داون و جەستن دەچارم سەرپەرشتیان کردووە. ئەم نووسینانەی لەلایەن ئەو کرێکارانەی کە لە بواری لەشفرۆشیدا ئیش دەکەن و نووسراون و لەم کتێبەدا بڵاو بوونەتەوە، بەوە دەناسرێنەوە کە سەکۆیەک فەراهەم ناکەن بۆ دوان دەربارەی بەرزە و نزمی و بێهاوتایی کاری لەشفرۆشی.

مانیفێستی ئەدەبی کرێکارانی لەشفرۆشان بە بیست و شەش کورتەڕۆمان و شیعر و کاری هونەریی، بەوە دەرخستنی نووسین و داهێنانی هونەری ناسک و باوەڕی تایبەت بە کرێکارانی کردە شینەکانی کەنەدا و ئەمریکا و ئوسترالیایە. ئەم ئەنتۆلۆجیایە سەلماندی کە جەماوەری هەیە و لەمانگی تشرینی یەکەمەوە تا ئێستا ئەو ١٠٠٠ دانەیەی کە چاپ بووبوو، فرۆشرا و لەکتێبخانەکاندا نەما.

سایتی گۆڤاری (NOW) کەوتە گفتوگۆ و قسەکردن لەگەڵ کەی کاسیرەری تەمەن ٢٢ ساڵ، ژنە شاعیری لەشفرۆش لە شاری ڤانکووڤەر کە بۆ ماوەی هەژدە مانگیش لە شاری تۆرۆنتۆی کەنەدا ژیاوە، دەربارەی ئەوەی چی هانیدا بۆیەکەمجار ئەو ئەنتۆڵۆجیایە بڵاو بکاتەوە و چۆن ئەو ئازایەتییەی لەخۆیدا بەرجەستە کردەوە؛

کاتێک کە لەسەر ستەیجی شاری تۆرۆنتۆ کراوتر دەربارەی گەڕان و کاری لەشفرۆشی خۆیان دەدوا و هەورەها خۆیان زیاتر لە چ دەقێک لە مانیفێستی ئەدەبی کردە شینەکاندا دەبیننەوە.


سایتی ناو: بۆ ویستت سەرپەرشتی ئەو ئەنتۆلۆجیایە بکەیت؟


کەی کاسیرەر: کاتێک وەک کرێکارێکی لەشفرۆش هاتمە دەرەوە و بەوپەڕی کراوەییەوە کەوتمە قسەکردن لەگەڵ خەڵک، ئەو شتە گەورەیەم بۆ دەرکەوت ئەوە بوو کە خەڵکێکی زۆر لێم نزیک دەبوونەوە و سوپاسیان دەکردم کە لەوبارەوە قسان دەکەم و پێیان دەگوتم کە ئەوانیش کرێکاری لەشفرۆش بوونە و بەڵام هەرگیز ئەو واقیعەی ژیانی خۆیان لەگەڵ کەسدا باس نەکردووە. من ئەمەم چەندیجار گوێم لێبووە. بۆیە منیش ویستم ڕێگایەک بدۆزمەوە، ئەویش بە بەکارهێنانی باسکردنی لایەنی تایبەتی ژیانی خۆم تا یارمەتی خەڵکانی تریش بدەم بۆ ئەوەی ئەوانیش چیرۆکەکانی خۆیان بگێڕنەوە. منیش ئەم بیرۆکەیەم، بیرۆکەی ئەنتۆلۆجیای کرێکارانی لەشفرۆشم بۆ دەزگای چاپ و پەخشی تۆرنتری (کە دوو بنکەی هەیە کە یەکیان لە پۆرتلاندی ئەمریکا و ئەویتریان لە هەرێمی بریتیش کۆڵۆمبیای کەنەدایە) کە ناسراوە بە چاپکردنی کتێب دەربارەی فرە هاوسەری و پەیوەندی ئەلتەرناتیڤانە، باس کرد. خۆشبەختانە ئەوانیش وتیان کە دێنە پشت ئەم پرۆژەیەوە.

سایتی ناو: تۆ وەک کرێکارێکی لەشفرۆش کاتێک شیعرت دەخوێندەوە، زۆر کراوە بوویت دەربارەی ژیانی خۆت، ئەو پرۆسەیە چۆن بوو؟

کەی کاسیرەر: تا ڕادەیەکی زۆر لەسەر شانۆ و لەناو قسەکردن بۆ خەڵکدا گەورە بوومە. دوای ئەوەی بووم بە کرێکاری لەشفرۆش چەند ساڵێکی برد تا کەوتمە نووسین . کاتێکیش لە ساڵی ٢٠١٦ لە گروپی (شیعری سڵەم Poetry Slam)ی تۆرۆنتۆ بووم،(٢) سەرپەرشتیارەکەمان چاڕلی بیتش پێیگوتم (پێمباشە لەسەر ئەزموونی لەشفرۆشیش بنووسیت،ئەگەر پێتخۆشە و ئاساییە بەلاتەوە.) زۆربەیجار خەڵکانێکی زۆر ئەوانەی هاتنە ئەو بوارەوە لەلایەن کۆمەڵگەوە ڕووبەڕووی توندتیژی و گۆشەگیری بوونەوە، بەڵام جێی سەرسوڕمانە ببینین بینەران یان گوێگران نە ڕقیان لێم دەبێتەوە و نە دڵیان کینەی تێدایە، کاتێ شیعرێک دەبارەی ئەزموونی لەشفرۆشی خۆم دەخوێنمەوە.

سایتی ناو: چ دەقێک لەناو مانیفێستی ئەدەبی لەشفرۆشان لەدەقەکانی تر زیاتر ڕوحی دواندووی، جا چ سورپرایز یان بەهێز یان چێژبەخش بێت؟






کەی کاسیرەر: بەلای منەوە دەقێک کە قایلمەندی شەخسیم بوو و ئالوودەی بووم بریتی بوو لە شیعری (ڕۆژێک) کەلەلایەن سترۆبێرییەوە نووسراوە. شیعرەکە دەربارەی ئەوەیە کە چۆن ڕۆژێک واز لە کاری لەشفرۆشی دێنن و سەرباری شتگەلێکی باش – با زۆر خراپیش بێت – لەگەڵ کەسانێکی سەیر، گەڕۆک، بێتوانا، لەش بە تاتوو نەخشێنراوەوە بەرخورد دەکەن. ئەمە ئەو ئەرکەیە کە زۆرترین سەربەستییان تێیدا هەیە. هەروەها دەشزانم ئەو هەستەش ناسینەوەی ئەوەیە کە کارێکی تر نابینم بواری ئەوەم پێببەخشێ تا کۆنترۆڵی ژیانم بکەم کە دەست و پێم ئاوەڵا بکات بۆ پێداگری لەسەر باشبوونەوە و شیعر و ئەو پارەیەی کە پێویستمە بۆ ژیان، پەیدای بکەم. لە فرۆشگایەک ئیشم دەکرد و بەهۆی ترسی دەستدرێژییەوە کە بەوهۆیەوە ترسام بگەڕێمەوە بۆ سەرکار،




دەرکرام. ئەمەش ڕێک وەک سترۆبێریش دەنووسێ ڕەنگە ڕۆژێک وازبێنم ، بەڵام ئێستا کاری لەشفرۆشی دەکەم.

سایتی ناو: ئایا چەند جێی ناڕەحەتیتە کە دەبینیت کرێکارانی لەشفرۆش بەپێی پێویست لە کەنەدا و ئەمریکا لە بوارەکانی هونەر و ئەدەب نوێنەرایەتی ناکرێن؟

کەی کاسیرەر: ئەوە لە هەموو جێگایەک بەپێی پێویست نوێنەرایەتی ناکرێن. زۆر زەحمەتە بۆ ئێمە باسی چیرۆکەکانی ترس لە پاشقوول و توندوتیژی و دەستگیرکردنمان بکەین. میدیا و هۆیەکانی ڕاگەیاندینیش بە دەگمەن بەدروستی تێی دەگەن. جارێکیان دەبووایە لەدەرەوەی خانووی هاوماڵەکەی پێشووم دابنیشم، چونکە دەیانویست سەیری فیلمێک بکەن کە کرێکارانی لەشفرۆش بەناشرینی

دەردەخست و ئازاریان دەدان. بۆیە پێمخۆش نەبوو تەماشای ئەو جۆرە دیمەنانەی کاری لەشفرۆشی بکەم.

سایتی ناو: دەتەوێت خوێنەر دوای خوێندنەوەی مانیفێستی ئەدەبی لەشفرۆشان، چی دەربارەی کرێکاری لەشفرۆش فێر بێت؟

کەی کاسیرەر: بۆ ئەو کەسانەی کە کاری لەشفرۆشی ناکەن، دەمەوێت ئەوە بزانن کە توانای فراوانبوونەوە و جیاوازە چیرۆکەکانمان چۆنن و چۆن گۆشەنیگاکانمان تێکەڵی یەکتر دەبن و سێبەر دەخەنە سەر یەکتر. بۆ ئەوانەشی کە کرێکاری لەشفرۆشن، دەمەوێت ئەوە بزانن کە چەندین دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە هەن ئامادەن و دەیانەوێت لەگەڵ ئەواندا ئیش بکەن و جەماوەرێکیش هەیە دەیەوێت گوێبیستی ئەو شتانە بێت کە کرێکارانی کردە شینەکان دەیڵێن.(٣)

## پەراوێزەکان:

(١) ویستم لە بری لەشفرۆش وەک وشەیەکی ناگونجاو (کردە شین) دابنێم ئەویش وەکوو ئاماژەیەک بە سایتە شینەکان، بەڵام دواتر هاتمە سەر ئەوەی کە لەشفرۆش ڕوونتر و بێپەردەتر گوزارشت لە دۆخەکە دەکات وەک خۆی بهێڵمەوە.

(٢) Poetry Slam جۆرە پێشبڕکێیەکی شیعرییە کە یەکەمجار لە

ساڵی ١٩٨٦ لە ئەمریکا سەریهەڵدا و مارک سمیس یەکەم شاعیر بوو کە ئەم هونەرەی گرتەدەست. کە شاعیرەکان بە نۆبەت شیعرەکانیان زارەکییانە بە ئامادەبوونی خەڵک و گوێگر و دادوەر، دەخوێننەوە. کۆڕی ئەم ستایڵە لە شیعر وتن بەزۆری لە قاوەخانەکان و هەندێکجار چێشتخانەکان دێنە سازکردن، شاعیر هەموو تواناکانی زمان و ئاخاوتن بەکار دەهێنێت بۆ ئەوەی سەرنجی گوێگر بۆ شیعرەکەی ڕابکێشێت، ئەمجۆرە شێوازە شیعرییە تایبەتمەندییەکی شیعری خۆرئاوایە.

(٣) کەی کاسیرەر شاعیرێکی زارەکیی و قسەکەر و ڕێکخەر و هەڵسوڕاوە.

**سەرچاوەکان: سایتی گۆڤاری (NOW) ٢٧ ی تشرینی دووەمی ٢٠١٩**

https://nowtoronto.com/culture/books-culture/a-whores-manifesto-kay-kassirer-sex-work

https://www.amazon.ca/Whores-Manifesto-Anthology-Writing-Artwork/dp/1944934898

**تێبینی: ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی ڕەوت، ژمارە ١٢ ی ساڵی ٢٠٢١، بڵاو بۆتەوە.**

# هایموندۆ ئەهودە سوبرینیو شاعیر و فەیلەسوفی بەڕازیلی لەنێو خۆڵ و خاشاکەوە بەرەو ناو و ناوبانگ



بۆ ماوەی سی و پێنج ساڵ پیرە پیاوێکی بێ خانە و لانە (سەعلوک)، ڕۆژەکانی بە نووسینی کورتەچیرۆک و شیعری جوان بەڕێ دەکات، بێئەوەی لەلایەن جیهانی دەوروبەرییەوە ببێتە جێگای سەرنج. هایموندۆ ئارودا سوبرینیو، تەمەن حەفتاو حەوت ساڵی فەیلەسوف و شاعیری بەڕازیلی، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەدەرەوەی کەپرە لە نایلۆن و مەقەباکە دروستکراوەکەی دادەنیشێ و دەنووسێ و دەنووسێ و هەر دەنووسێ. هایموندۆ خەونی بەوەوە دەبینی کە ڕۆژێک بێت نووسینەکانی بڵاو ببنەوە یان کەسێک بیان خوێنێتەوە، جا هەر کەسێک بێت. بەڵام لە بەهاری ساڵی ٢٠١١ ژیانی هایموندۆ بۆ هەمیشە گۆڕا، کاتێ لەگەڵ ژنێک بەناوی شاڵا مۆنتێریۆ دەبێتە هاوڕێ. شاڵا سەرنجیدا هەرگیز هایموندۆ بێ قەڵەم و کاغەز نییە. هایموندۆ لەناو پارچە کاغەزە بە شەڕەپشیلە ڕەشکراوەکانیدا، پارچە کاغەزێک دەداتە شاڵا کە شیعرێکی خۆیەتی. شاڵا زۆر بە نووسینەکانی ئەم پیرەپیاوە سەرسام دەبێ و لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لاپەڕەیەکی تایبەتی بۆ دەکاتەوە تا شیعرەکانی بڵاو بکاتەوە. پاشان نە شاڵا و نە هایموندۆ پێشبینی ئەوەیان نەدەکرد کە ڕوویدا. هەر کە بەرهەمەکانی هایموندۆ لە ئەنتەرنێت بڵاو دەبنەوە، بەلێشاو پشتیوانی لێدەکرێ. خەڵکی شار کەوتنە گەڕان بە دوایدا و ستایشیان دەکرد و دیاریان دەدایێ و سەریان لێدەدا. تا ئێستا لاپەرەکەی لە فەیسبووک زیاتر لە سەد هەزار ١٠٠٠٠٠ فانی هەیە، بەڵام لە دەرەوەی ناو و ناوبانگی هایموندۆی تازە دۆزراوە، کەسێکی پێشبینینەکراو پەیدا دەبێ. برا

له مێژه ونبووەکەی هایموندۆ، دوای ئەوەی له فەیسبووک پێوەندی دادەمەزرێنن، براکەی داوای لێ دەکات تا لەگەڵی بژێت. هایموندۆ لەماوەی ٣٥ ساڵدا نەک تەنها بۆ یەکەمین جارخۆی خاوێن کردەوە، بەڵکوو ئێستا ماڵی هەیە و کەسێکی خۆشەویستیشە. هایموندۆ و شاڵا تا ئەمڕۆش هاوڕێی نزیکی یەکترن.

## هایموندۆ ئێستا سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی شیعرەکانییەتی

هایموندۆی شاعیر و نووسەر له یەکی ئابی ساڵی ١٩٣٨ له شاری گویاس له بەڕازیل لەدایکبووە. له تەمەنی بیست و سێ ساڵیدا دەچێتە ساوباڵوی پایتەخت و وەک باخەوان و کتێبفرۆش دەست بەکارکردن دەکات. له کۆتایی دەیەی حەفتاکان و سەرەتای دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ڕێک لەسەروبەندی کۆتایی دەسەڵاتی دیکتاتۆری سەبازە له بەڕازیل دەبێت بە سەعلوک و لەسەر شەقامەکاندا ژیان بەسەر دەبات. لەو مێژووەوە تا ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆر شیعر و چیرۆک دەنووسێت و ئێستاش له بەڕازیل دەژێت.

**چەند وتەیەکی هایموندۆی شاعیر و نووسەر**

•ژیان کورتە ئەگەر ساتەوەختێک هەبێت بۆ سۆراخی هەست و سۆزت و شتێک بکەی بۆت گرنگ بێت، ئەوا ئەو ساتەوەختە ئێستایە.

•ئومێد قورسترین شتە کە مرۆڤ بتوانێ هەڵیبگرێ.

•باشترە ڕقیان لێت بێتەوە لەسەر ئەوەی کە خۆت بیت نەک

خۆشتیان بوێ لەنەر ئەوەی کە خۆت نەبیت.
•تۆ لەدایک بووی بۆ ئەوەی ڕاستەقینە بیت نەک بێ کەموکوڕی (کامڵ) بیت.
•ئێمە ئەمەین. ئێمە حەوت ملیار ڕوحی تەنیاین بیر لەم گۆی زەوییە دەکەینەوە هەوڵ دەدەین خۆمان لەو هەستە قورسەی سینگمان ڕزگار بکەین.
•ئومێد قورسترین قورساییەکە کە مرۆڤ بتوانێ هەڵیبگرێ. ئەوەش فەوتانی ئایدیالیستە.

ژیان
ژیان دەرفەتە لێی بەهرەمەند بە
ژیان جوانە ڕێزە لێبگرە
ژیان خەونە دانی پیا بنێ
ژیان بەرەنگاربوونەوەیە دیداری بکە
ژیان ئەرکە تەواوی بکە





ژیان گەمەیە یاری پێبکە
ژیان بەڵێنە جێبەجێی بکە
ژیان داخوپەژارەیە بەسەریدا زاڵبە
ژیان گۆرانییە بیچڕە
ژیان خەباتە قەبوڵی بکە
ژیان تراژیدیایە ڕووبەڕووی ببەوە
ژیان سەرکەشییە لێی پڕکێش بە
ژیان بەختە بیخوڵقێنە
ژیان ژیانە بۆی بجەنگە.(*)

(*) ئەم وتانە و شیعری ژیان لە ئەنتەرنێتەوە وەرمگرتوون، بەو ئومێدەی بتوانم لە ئایندەدا ئەم باسە فراوانتر بکەمەوە.

**ئەمەش شیعرێکی زۆر کورتی  هایموندۆیە:**

من پۆلیسی لاشەی خۆمم
لە گۆڕستانی هەڵە لەدەستدراوەکاندا
کار دەکەم


## سەرچاوەکان :

1-Little things.comhttp://raimundo.littlethings.com/.raimundo-homeless
2-https://en.wikipedia.org/wiki/Raimundo_Arruda_Sobrinho

# ڕوانینێک لە بزووتنەوەی شانۆی نەیتیڤەکان لەکەنەدا

## کورتە ناساندنێکی مێژوویی سۆسیۆ ـ دیمۆگرافیانەی نەیتیڤەکانی کەنەدا

مرۆڤە سەرەتاییەکانی کەنەدا (نەیتیڤەکانی کەنەدا)، پانزە هەزار ساڵ دەبێت لەسەر ئەم خاکە دەژێن. بەپێی ئاماری ساڵی ٢٠٠٦، ژمارەی نەیتیڤەکانی دانیشتوانی کەنەدا ملیۆنێک و سەد و حەفتا و دوو هەزار و حەوت سەد و نەوەد کەس بووە. نزیکەی پێنج هەزار ساڵ لەمەوبەر ژمارەیەکی زۆر کۆمەڵی نیشتەجێ بوون پەیدابوون و گەشەیان کرد. دەوروبەری ساڵی ١٧٠٠، ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە خەڵکی نەیتیڤ لە خۆرئاوای کەنەدا (لە هەرێمی بریتیش کۆڵۆمبیا) نیشتەجێ بوون، واتا زیاتر لە سەدا چلی نەیتیڤەکانی کەنەدا (سەد و پێنچ هەزار کەس زیاتر بوون) لەم هەرێمەدا ژیانیان دەبردە سەر. نەیتیڤەکان لەدوای هاتنی پیاوی سپی بۆ ئەم کیشوەرە وەنەبێت ژیانێکی ڕێک و نۆرماڵیان بەسەربردبێت، بەڵکوو لەژێر بەرداشی جەنگی ئەهلی (کە لە ڕاستیدا جەنگی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانی بەریتانیا و فەرەنسا بوو لەپێناو قەڵەمڕەوی سیاسی و دابینکردنی سامانی سروشتی کە بەسەدان هەزار مرۆڤیان تێدا فەوتاند، ئەمە سەرباری جەنگی خۆ بەخۆ لە نێوان تیرەکان و هۆزەکان لەسەر خواست و ویستی سەرۆکەکانیان یەکتریان کوشتووە و جەنگ و شەڕیان بەرپا کردووە)، بوون بە گەورەترین قوربانی جەنگ. نەیتیڤەکان لەو سەردەمانەدا دووچاری قات و قڕی و لەنێوچوونی بە کۆمەڵ بوون لەڕووی جەستەیی و فەرهەنگی و کولتورییەوە. نەیتیڤەکان



**شانۆ وەک شوێنێک بۆ پەیڕەوکردنی خوونەریتی بیروباوەڕی ئایینی و کۆمەڵایەتی نەیتیڤەکان**

لە کەنەدا ژمارەیان زیاتر لە یەک میلیۆنە واتا سەدا چواریی سەرجەم دانیشتوانی کەنەدا پێکدەهێنن و بە پەنجا و سێشێوەزاری جیاواز قسە دەکەن کە سەر بە یازدە زمانی بنەڕەتین. نەیتیڤەکانی کەنەدا بەسەر

حەوت جێگای کلتووری گەورە دابەش بوونە کە ئەمانەن:
یەک: ئالگۆنکیان کە ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی ودلاند دەگرێتەوە
دوو: ئیرۆقوەین کە باشووری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی ئۆنتاریۆ دەگرێتەوە.
سێ: ڕوباری مەکەنزی کە ڕوباری مەکەنزە و ودلاند و باکووری ڕووباری چورچڵ دەگرێتەوە.
چوار: پلەتیۆ کە بەرزاییەکانی هەرێمەکانی بریتش کۆڵۆمبیا و یۆکن دەگرێتەوە.
پێنج: پلەین کە سەرجەم مێرگەکانی کەنەدا دەگرێتەوە.
شەش: کەناری ئۆقیانوسی ئارامکە کەنارەکانی هەرێمی بریتش کۆڵۆمبیا دەگرێتەوە.
حەوت: جەمسەری باکوورکە هەرێمەکانی یۆکن و کوبێک و لابرەدۆر دەگرێتەوە.
نەیتیڤەکانی کەنەدا سەر بە حەڤدە هۆز یان خێڵ یان بنەماڵەی گەورەن کە بەپانتایی کیشوەری ئەمریکای باکوور بڵاو بوونەتەوە. ئەو خێڵ و هۆزانە بریتین لە مۆنتاگنەیسی و نایکاپی،هورۆند،ئەلگۆنکینس، جیپیوای، میکماک، مالیسییت،



**مۆنۆمێنتی ڕزگاربووانی جەنگی نەیتیڤەکان لە شاری ئۆتاوای پایتەختی کەنەدا**

کرییس، ئابێناکیس، پینۆبسکۆتس، ئیرۆقیۆس، ئینیوت، تیلینگیت، هایدە، کەناری سیمشاین، کواکیۆتڵ، نوتکا، سایۆکس. لە بەرامبەر سەرجەم هەوڵەکانی وڵاتە ئیمپریالیستەکانی بەریتانیا و فەرەنسا، نەیتیڤەکان بەناچاری دەستیان دایە شێوازێک لە خەبات بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو سیاسەتە دژی مرۆییانەی کە لە سەر ئەم خاکەی خۆیان و لە دژیان پیادە دەکران. سیاسەتی ئیمپریالیزمی بەریتانی و فەرەنسی سیاسەتی کوشتن و لە نێوبردنی خەڵکە ڕەسەنەکانی سەر ئەم خاکە بووە. تەنانەت

له تاریکترین مێژووی ئەم کیشوەرە بەکارهێنانی ژمارەیەکی بێشوماری نەیتیڤەکان بوو، لەجەنگێکی ئیپمریالیستانەی نێوان بەریتانیا و فەرەنسا لە نێوان ساڵانی ١٧٥٤ــ ١٧٦٣ کە بووە هۆی کوژرانی ژمارەیەکی زۆری لە خەڵکی نەیتیڤ. لەو ساڵانەدا ژمارەیەکی زۆری هۆزە نەیتیڤەکان لە نێوان ئەو دوو هێزەدا دەژیان، فەرەنسا و بەریتانیا کەوتنە سەربازگیری (تەجنید کردن)ی نەیتیڤەکان و ناونووسکردنیان و بە کارهێنانیان لەپێناو بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووری و سەربازەیەکانیان. یەکێک لەو سیاسەتانەی ئیمپریالیزم، سیاسەتی لاوازکردن و لەبەریەک ترازاندنی خەڵکی نەیتیڤ بوو. خەڵکی نەیتیڤەکان لە گرووپی گەورە گەورەدا دەژیان، بەڵام دروستکردنی شاری نوێ و خواستی بەردەوامی نەیتیڤەکان بۆ خوێندن و چوونە قوتابخانە و ئاشنابوون بە شارستانیەتێکی نوێ کە لە ئەورووپاوە هێنرابوو و کۆچکردنیان بۆ ئەو شارانە بووە هۆی بچووکبوونەوەی ئەو گرووپانە و لاواز بوونیان. چونکە بێگومان بەدڵنیاییەوە دەتوانین ئەوە بڵێین کە تا هاتنی ئەورووپییەکان، نەیتیڤەکان نەخوێندەوار بوونە و ئەوەی هەبووە جگە لە وێنە و نەخشەکانی سەر دار و سەما و تەپڵ لێدان، ئەوانی تر هەمووی زارەکی بووە. دوای داگیرکردنی ئەم کیشوەرە لەلایەن ئەورووپییەکانەوە، شارستانی ئەورووپی دەگاتە سەر ئەم خاکە و قوتابخانە و خوێندەواریش پەرە دەستێنن و بوار بۆ نەیتیڤەکان دەرەخسێت سوودمەند بن و فێری خوێندەواری ببن. لەوێشەوە ئیتر ئەدەبی زارەکی دەگۆڕێت بۆ ئەدەبی سەر



**وێنەی نەیتیڤەکان(مرۆڤە سەرەتاییەکان)ی کەنەدا**

کاغەز(نووسراو) و کاریگەری نەیتیڤەکان بەسەر مێژووی وڵاتی کەنەداوە دەست پێدەکات. لێرەوە دەتوانین ئەوە بڵێین کە وەک دژەکردارێک لەبەرامبەر کۆڵۆنیالیزم و سیاسەتەکانی، نەیتیڤەکان هەوڵی پان ئیندیانیزمیان دەدا. چونکە کۆر و کۆمەڵەکانیان لێک دەترازان و لەبەریەک هەڵدەوەشانەوە و تا دەهات بچووکتر و بچووکتر دەبوونەوە. پان ئیندیانیزم ئەو فەلسەفەیە یان بزووتنەوەیە ئاشتیخوازە بوو هەوڵی ئەوەی دەدا کە یەکڕیزی و یەکگرتوویی



**شانۆی سەندەربێردی نەیتیڤەکان**

لەنێوان گروپ و هۆز و تیرەکانی نەیتیڤەکان بەهێز بکات. یان بەزمانێکی تر کە لە ئینسکلۆپیدیای کەنەدا نووسراوە پان ئیندیانیزم بزووتنەوەی بەرگری خەڵکە ڕەسەنەکانی کەنەدایە لەبەرامبەر توانەوەیان و زاڵدەستی کۆڵۆنیالیزم کە لەبنچینەشدا بەگوزارشتی سیاسی و ئایینی و هاوکاری دەناسرێتەوە.(٤) دیارە پاش ئەو هەموو کارەساتە تراژیدیایانەی کەبەسەر نەیتیڤەکان و



**نمایشێک لەفیستڤاڵێکی نەیتیڤەکان لە کەنەدا**

کلتوورەکەیاندا هات و پاش دووچاربوونی جۆرێک لە توانەوە و لەنێو چوون، دواجار بەهۆی خەبات و تێکۆشانیان توانیان لانی کەمی مافەکانیان بەدەست بهێنن و حکومەتی فیدراڵی کەنەدا ناچار بکەن جۆرێکلە فەرمانڕەوایی زاتیان بۆ بسەلمێنێت. دەسەڵاتی یاسایی بنچینەیی نەیتیڤەکانی کەنەدا لەژێر چەتری حکومەتی فیدراڵی کەنەدا دایە. تا سەرەتای ساڵانی دەیەی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو و ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری نەیتیڤەکان بەوردی لە ڕووی یاساییەوە لەلایەن (یاسای نەیتیڤەکان – یان یاسای خەڵکە ڕەسەنەکانی کەنەدا) وە ڕێکدەخراو بەڕێوە دەبرا. لەوکاتەوە خولیا و ئارەزووی حکومەتی کەنەدا و کۆمەڵەی

نەیتیڤەکان بەرەو پێش چوونی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە لە فراوانکردنەوەی ئۆتۆنۆمی بۆ خەڵی ڕەسەنی ئەم کیشوەرە و نیشانکردنی یەکەم ڕۆژی هاوین بیستویەکی حوزەیرانی گشت ساڵێک وەک ڕۆژی تایبەت بەخۆیان. ئەمڕۆ نەیتیڤەکان لە کەنەدا سەرباری بەهرەمەندبوونیان بە کۆمەڵێک ئیمتیازات بەتایبەتی لەڕووی داراییەوە کە حکومەتی فیدڕاڵ بۆی دابین کردوون، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بەدەست هەندێک دەردەوە دەناڵێنن وەکوو دووچاربوونێکی بەرفراوان بە مادە بێهۆشکەرەکان و نەخۆشی ئایدز. گەشەکردنی ئەم گرفتانەش بۆتە هۆی شێوازێک لە قەلاچۆکردنی هێمنانەی نەیتیڤەکان و توانەوەی لەسەرخۆیان. گەرچی چەندین مەڵبەندی هۆشیارکردنەوە و چارەسەرکردن لەئارادان بۆ چارەسەرکردنی ئەم دەردانە، بەڵام تا دێت کێرڤی تەشەنەکردنی دەردەکان ڕوو لەسەرە.(٥)



**وێنەیەک لە سەمای نەیتیڤەکان**

# سەرهەڵدانی شانۆی نەیتیڤەکان

لەبەرایی مێژووەوە نەیتیڤەکان لە ڕێگەی نمایشەوە گوزارشتیان لەخەم و ئازار یان خۆشییەکانیان کردووە. ناوەڕۆکی ئەو نمایشانە زیاتر پەیام بووە سەبارەت بە سروشت و دیاردەکانی، یاخود گفتوگۆ بووە لەگەڵ خواوەند و باوەڕە ئاینییەکانیان. سروشتی ئەم چالاکییە کۆمەڵایەتییەی نەیتیڤەکان دەتوانین بڵێین جگە لە کۆمەڵێ هونەر و نەریتی خۆڕسکی هیچیتر نەبووە و لەڕاستیدا خاڵی بووە لە هۆشیاری شانۆیی و لە مەعریفەی پێویست کە ئەو نمایشانە بکات بە هونەرێکی بەهێز و خاوەن ڕێڕەوی دیاریکراو. بۆ ماوەی چەندین سەدە خو و نەریتە کۆمەڵایەتی و ئاینییەکانی نەیتیڤەکان ڕووخسارێکی گرنگ بووە لە بۆنە و ئاهەنگەکانیان(٦). شانۆی نەیتیڤەکان بەبەراورد بە بزووتنەوەی شانۆی کەنەدی زۆر کەمتر جێگای بایەخ و مشتومڕ بووە. هۆیەکەشی لەلایەکەوە بابەتیی بووە ئەویش هەوڵدان بووە بۆ فەرامۆشکردنی هونەری نەیتیڤەکان، لەلایەکی تریشەوە خودی شانۆی نەیتیڤەکان لەو ئاستەدا نەبووە تا بەجددی سەرنجی ڕەخنەی شانۆیی بەلای خۆیدا ڕابکێشێت. «خەڵکە ڕەسەنەکانی کەنەدا دراما و نەریتە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانیان وەکو بەشێک لە بۆنە و ئاهەنگەکانیان بەسەدان ساڵ پێش هاتنی ئەوروپییەکان بۆ کەناری جیهانی نوێ نمایش کردووە. لەڕاستیدا ئەوەی کە ئەمڕۆ وەک شانۆی خەڵکە ڕەسەناکان دەیبینین

چەشنی شانۆگەرییەکانی تۆمسۆن هایوەی زۆر جار پشت بە میتۆلۆژی (زانستی ئەفسانە)ی نەیتیڤەکان دەبەستێ.»(٧) ئەگەر شانۆی ئەوروپی بەپێی بۆچوونی مێژوونووسی شانۆیی دەیڤد گراندەر لەساڵی١٥٨٣ هاتبێتە کەنەدا(٨)، ئەوا شانۆی نەیتیڤەکان بەهەزاران ساڵ بەر لەو مێژووە بوونی هەبووە و نمایش کراوە.

لە ڕووی زەمەنییەوە شانۆی ئەوروپی لە کەنەدا بە بەراورد بە شانۆی نەیتیڤەکان زۆر تازەیە بەڵام لە ڕووی ناوەڕۆک و تەکنیکەوە زۆر جیاوازن. ئاشکرایە شانۆی ئەوروپی زۆر لە ئاستێکی هونەری بەرزتردایە بەبەراورد بە بنەما هونەرییەکانی شانۆی نەیتیڤەکان؛ بە تایبەتی لەسەدەی حەڤدەهەمەوە شانۆی ئەوروپی لە کەنەدا کەوتە نمایشی کاری بلیمەتەکانی شانۆنووسانی وەک مۆلێر و شەکسپیرو هەروەها پییر کۆرنی و جان راسین و پاشتریش لەسەدەی هەژدەهەم هۆڵەکانی شانۆ لەکەنەدا بنیادنران(٩). کەچی بەپێی لێکدانەوەی ڕۆبەرت وەیلش ساڵی ١٩٦٧ سەرەتای ڕاستەقینەی بزووتنەوەی شانۆی کەنەدیە(١٠).هەرچی شانۆی نەیتیڤەکانە بەپێی لێکدانەوەی یڤیتی نۆلان ساڵی ١٩٨٢ بە سەرەتای دەستپێکی شانۆی هاوچەرخی نەیتیڤەکان دادەنرێت.(١١)، کەچی بە بڕوای ولیەم تۆی لە دەیەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو تەنها سێ شانۆگەری نەیتیڤەکان هاتۆتە نمایشکردن کە یەکێکیان لە شەشەمین فیستیڤاڵی شانۆی جیهانی لە ساڵی ١٩٧٧ نمایش کرا.(١٢) لە ساڵی ١٩٨٢ وەک یڤیتی نۆلان ئاماژەی پێدەکات دوو

ڕوداو هەن کە دەستنیشانی سەرەتاکانی شانۆی هاوچەرخی هیندییە سوورەکانن و پێویستە لێرە ئاماژەیان پێبکەین.
یەک: لە شاری تۆرۆنتۆ گروپێک لە هونەرمەندان هاتن بەیەکەوە جێگایەکیان دامەزراند کە نووسەران و ئەکتەران و دەرهێنەران و نەخشەکێشان و تەکنیککارانی نەیتیڤەکان پێکەوە کار بکەن تا شانۆیەک دامەزرێنن کە گوزارشت بێت لە ئەزموونی نەیتیڤەکان. (نەیتیڤ ئێرس پێرفۆرمینگ ئارت) ئەو شوێنە بوو کە دامەزرا و لەگەڵ کۆی چەند بەشێکی کارا و داهێنەر سەریهەڵدا کە پێی دەگوترا «وێنەکانی نەیتیڤەکان لە گۆڕاندا».
دوو: لەهەمان کاتدا، لە شاری ساسکاتوون لەهەرێمی ساسکاچوان؛ شانۆنامەنووسی ماریا کامبڵ لەگەڵ ئەکتەر و شانۆنامەنووس لیندا گریفسز و دەرهێنەر پاوڵ تۆمپسۆن کاریان بۆ بەرهەمهێنانی (شانۆگەری جێسیکا) دەکرد. گەشتی داهێنانیان لە (کتێبی جێسیکا)دا دۆکیومینت کراوە کە وەک دەقێکی کتێب بۆ بەرەنگاربوونەوەی شانۆی خۆرئاوا کە دەستوپەنجە لەگەڵ ئەزموونی نەیتیڤەکانی لەم وڵاتە نەرم دەکات(١٣).
لەنێوان ساڵانی ١٩٨٢- ١٩٨٦دا ژمارەیەک شانۆگەری نووسران و نمایشکران و لەساڵی ١٩٨٤ شێرلی چیچو هۆڵێکی شانۆیی دامەزراند کە بووە هۆی دوو بەرابەر بوونی ژمارەی تیپە شانۆییەکانی نەیتیڤەکان لە کەنەدا(١٤). لەساڵی ١٩٩٧ یەکێک لە کۆنترین و گەورەترین تیپی پرۆفێشناڵی شانۆیی» پیریەر ثیەتەر ئیکسچەینج» شانۆگەری « فەیروێڵ»ی مێتی

نەیتیڤەکان، ئیان ڕۆز، بەرهەمهێنا. ئەم شانۆگەرییە یەکێک بوو لە سەرکەوتووترین شانۆنامەکانی نەیتیڤەکان کە خەڵاتی حاکمی گشتی کەنەدا لە ئەدەب و درامای ساڵی ١٩٩٧ پێبەخشرا و دواتریش لەشارەکانی تۆرۆنتۆ و ڤانکووڤەر بەرهەمهێنرایەوە و چووە فیستیڤاڵی ئیدینبێرگ فرینگ. لەساڵی ٢٠٠٨ یشدا نەیتیف ئێرس پێرفۆرمینگ ئارت و مەڵبەندی هونەری نەتەوەیی لەشاری ئۆتاوای پایتەختی کەنەدا، شانۆگەری «مردنی سەرۆک یان مەرگی سەرۆک» کە لە شانۆگەری یولیۆس سیزەر یان یولیوس قەیسەر»ی ولیەم شەکسپیرەوە وەرگیراوە بەرهەم هێنایەوە بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا دیدگایەکی پیاوی سپی بۆ ژیان، سێبەری خستبووە سەر دەقەکە.

## شانۆی نەیتیڤەکان بەچی دەناسرێتەوە؟

**تایبەتمەندییەکانی شانۆی نەیتیڤەکان دەتوانین لە چەند خاڵدا نیشان بدەین:**

یەک: ئینتمای شانۆگەرییەکان سەرباری ئینتما بوون بۆ سەردەم و هاوچەرخ، ئینتماشە بۆ سروشت و مرۆڤ و بڕوا ئاینییەکان، ئینتمایە بۆ ڕابردوو و خۆبەستنەوەیە بە ئەفسانە و کلتوور و زەندووڕاگرتنی زمان و ناو و جێگاکان و جێکردنەوەیانە لەشانۆگەرییەکان، هێمایە بۆ بوونی پەیوەندییەکی بەهێز و پتەوی نەیتیڤەکان بەخاک و سروشتەوە. سروشت و خاک نە تەنها وەک.



**دیمەنێک لە سەمای نەیتیڤەکان**

دوو: ستایڵی شانۆگەرییەکان زیاتر شاردنەوەی واقیعی کاراکتەر بووە و هەوڵدان بووە بۆ نمایشکردن یان بەرجەستەکردنەوەی ئەو کاراکتەرانەی کەدەسەڵاتیان بەسەر مرۆڤدا دەشکێت. بەواتایەکی تر نیشاندانی ڕۆڵی چارەنوسسازە ئەو کاراکتەرانەیە بەسەر ژیان و ئایندەی مرۆڤ. ئەو دیدە میتافیزەقییە سەر دەکێشێتە پەنابردن بۆ خواکان بەهەموو جۆرەکانیانەوە (ترس، شەڕ، ڕووناکی، ژیان، دەریا، و هەروەها خواوەندەکانی تریان کە زۆربەیان ئاژەڵن)(١٥)، یان ململانێی نێوانیان هەمیشە بابەتی سەرەکی دراما بەدەمامکەکانی نەیتیڤەکان بووە. دیارە لەگەڵ لەدایکبوونی شانۆیەکی پرۆفیشناڵی بەهرەمەند بەڕەگەزە هونەرییەکان کە ئەویش لەڕێگەی مەڵبەندی هونەری نەتەوایەتی نەیتیڤەکان و تۆمسۆن هایوەی شانۆنامەنووسەوە لە کۆتایی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٦ هاتە بوون، ئەم ڕەگەزە بایەخی هونەری خۆی



**دیمەنێک لەشانۆگەرییەکی نەیتیڤەکان**

لەدەست نەدا و بگرە لەجاران زیاتر بوو بە پێبەخشینی ئایدێندیتی نەیتیڤبوون بە دەقە شانۆییەکان.

سێ: ئاستی تەکنیک و دەستبردن بۆ ئەو مەتریاڵانەی کە سەربەجیهانی نەیتیڤەکانن، چونکە ڕەگەز و ماتریاڵە شانۆییەکانی خۆرئاوا لەگەڵ شێوە و ستایڵی شانۆی نەیتیڤەکان نەدەگونجا. شانۆنامەنووسە نەیتیڤەکان لەدەقەکانیاندا پەنایان دەبرد بۆ ژمارەیەک دیسیپلینی خۆماڵی خۆیان لە چەشنی دەمامک لەسەر شێوەی رووخساری ئاژەڵ و سەمای ڕەسەنی مێژوویی و دێرینی خۆیان، گۆرانی وتن، کارەکتەری فێڵباز، جووڵە، گێڕانەوەی

حیکایەت و گوزارشتکردن لە مرۆڤبوونی خۆیان و ڕێزگرتن لە مردوو.

چوار: بوون و هەستپێکردن بە ئامادەیی کارەکتەری فێڵباز یان فریودەر لە دەقە شانۆییەکانی نەیتیڤەکان. بەپێی میتۆدۆلۆژی و لێکۆڵینەوە فۆلکلۆری و ئاینییەکانی نەیتیڤەکان، کارەکتەری فریودەر خواوەندە، یان خواوەندی ئافرەتە یان ژنە یان پیاوە یان ڕوحە یان ئاژەڵێکە کە ڕۆڵی فریودەرانە دەگێڕێت لە بێڕێزەکردن بەرامبەر یاساکانی ژیان و ڕەوشت و هەڵسوکەوت. ئەم ڕەگەزە ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت لە بە نەیتیڤکردنی دەقە شانۆییەکان و پێدانی ناسنامەی نەیتیڤ بوون بە دەق.

ڤالیری شانز لە ساڵی ١٩٩٧ لەنامەی ماستەرەکەی هەوڵ دەدات ژمارەیەک ئافرەتی شانۆنامەنووسی نەیتیڤ بدۆزێتەوە دەربارەیان بنووسێت. ئەوانەی ڤالیری دۆزەنەوە و چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کردن وازەان لە نووسین بۆ شانۆ هێنابوو(١٦). بەپێی بۆچوونی یڤیتی نۆلان پیاوان زیاتر سەرکەوتوون وەک لە ژنان لە بواری نووسین بۆ شانۆ(١٧). لە شانۆنامەنووسە دیار و بەرچاوەکانی نەیتیڤەکانی کەنەدا وەکوو تۆمسۆن هایوەی، ئیان ڕۆز، دانیاڵ دەیڤد مۆسس، ماریا کلەمێنت، درو هایدن تایلەر، شێرلی چیچکو، مارگۆ کەین، مۆنیک مۆجیکا، یڤیتی نۆلان، ماڵینی ج موورەی، مایکڵ لاورێنچووک، ئاڵانیس کینگ، کێنس ت ولیەم، کاڤن لۆرینگ، ئەو نووسەرانەن هەر یەک بە شێوازێک و بەجۆریک شانبەشانی هونەرمەندانی تر

و دەرهێنەران و ئەکتەران کە مێژووی نوێی شانۆی نەیتیڤەکان بەشانازییەوە باسیان دەکات، ڕۆڵی درەوشاوەیان هەبووە و هەیە لەبەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی شانۆی نەیتیڤەکان لەکەنەدا. بەڵام ئەوەی شانۆی نەیتیڤەکان دەکاتە شانۆی نەیتیف وەک نۆلان پرسیار دەکات ئایا بریتییە لە مەغزای کۆلۆنیالیزم و ڕزگاربوون لە مەینەتی، وابەستەبوون بەخاک یان گێڕانەوەی ئەو چیرۆک و حیکایەتانەی کە زیاتر لە پانزە هەزار ساڵە دەوترێنەوە؟ یان تەپڵ لێدان و دەنگی ترپەی دڵی خاکی دایک و گۆرانی وتن و دەربڕینی هەستی مرۆییە؟ ئایا زمانی نەیتیڤەکانە کە تا دێت دوور دەکەوێتەوە و زمانی ئینگلیزی جێگای دەگرێتەوە؟ شانۆی نەیتیڤەکان بەئاگایی تەواوەوە بەستراوەتەوە بە ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو وەک بیرهێنانەوەیەک بۆ بینەران کە ئێمە ئێستا لەسەر ئەم خاکە دەژین وە ئەو خەڵکانەی پێشتر لێرە ژیاون بۆ ئێمە هێشتا لێرەن(١٨).

لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵ و تەقەللایانەی کە تا ئێستا لەبواری هونەری شانۆی نەیتیڤەکان دراوە و لەگەڵ دەستپێکردنی هەزارەی سێیەما، شەپۆلێک لەهونەرمەندانی گەنج لەمەیدانن؛ کە لەهەوڵی بەدەستهێنانی شارەزایی پرۆفێشناڵن و پەیوەندییەکی بەهێزەان بە ڕەچەڵەک و مێژووی خۆیانەوە هەیە. لەکۆتایشدا ئەم نووسینە بەو قسەیەی یڤیتی نۆلان تەواو دەکەم کە لە کۆتایی نووسینەکەی لەسەر هەڵسەنگاندنی شانۆی نەیتیڤەکان دەنووسێت: « نزیک بە سێ دەیە دەبێت کە بۆ یەکەمجار شانۆی نەیتیڤەکان لە

کەنەدا بە دەرکەوت و وەک مرۆڤی نەیتیڤ کۆڵنەدەر، زۆرجار نادیار و نەبینراو، هەژار بەڵام لەسەر پێی خۆی وەستاو و مکوڕ لەسەر ئەوەی چیرۆکەکانی ئەم خاکە بگێڕێتەوە.»(١٩)

**ئابی – ئەیلوولی**
**٢٠١٢ڤانکووڤەر - کەنەدا**

## چەند تێبینییەک:

یەکەم: سەرجەم وێنەکانی ناو ئەم نووسینە لە کۆمەڵێ سایت و ماڵپەڕی تایبەت بە شانۆی نەیتیڤەکان لە ئینتەرنێتەوە وەرگیراون.

دووەم: یڤیتی نۆلان ژنە شانۆنامەنووسی نەیتیڤەکان لێکۆڵینەوەیەکی نووسیوە لەژێر ناوی» هەڵسەنگاندنێکی گشتی شانۆی نەیتیڤەکان لەکەنەدا» کە بەڕاستی بایەخی کلتووری ومێژوویی خۆی هەیە و ئەم نووسینەی من زۆرتر بەپشت بەستن بەو وتارەی یڤیتی نۆلان نووسراوە.

سێیەم: کاتێ وشەی کیشوەر یان ئەمریکای باکوور بەکار دەهێنم مەبەستم ئەوەیە کە مرۆڤە بەرابیەکانی سەر ئەم خاکە واتە نەیتیڤەکانی کەنەدا و ئەمریکا یەک شێوەژیان و یەک کلتوور و یەک مێژووی هاوبەشیان هەیە. ئەوانیش وەکوو ئێمەی کورد سنوورێکی دەستکرد لەتی کردوون و کردوونی بەدوو بەشەوە. بۆیە ئاماژە و مەبەستەکانی ناو ئەم لێکۆڵینەوەیە گەرچی تا ڕادەیەکی زۆر ڕوو بە نەیتیڤەکانی کەنەدایە بەڵام نەیتیڤەکانی ئەمریکاش دەگرێتەوە.

چوارەم: کورتەی بایۆگرافی شانۆنامەنووسە دیارەکانی نەیتیڤەکان لە ئینسکلۆپیدیای شانۆی کەنەدی و ویکیپیدیا وە ئامادەم کردوون.

**کورتەیەک لە بایۆگرافی هەندێک شانۆنامەنووسی نەیتیڤەکانی کەنەدا**

تۆمسۆن هایوەی : شانۆنامەنووس و ڕۆماننووس و نووسەری منداڵانی نەیتیڤەکان لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٥١ لە هەرێمی مانیتۆبا لە کەنەدا لەدایکبووە، لە تەمەنی شەش ساڵی تا پانزە ساڵی دەچێتە قوتابخانەی گای هیڵێ تایبەت بە نەیتیڤەکان و لەلایەن قەشەیەکەوە دەستدرێژی سێکی دەکرێتە سەر و لە قوتابخانە ڕا دەکات و ئەم ڕووداوە کاریگەرییەکی قووڵ بەسەر ژیان تۆمسۆن جێدەهێڵێ. ساڵی ١٩٧٥ بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە مۆسیقا بەدەست دەهێنێت و ساڵی ١٩٧٦ یش بروانامەی بەکالۆریۆس لە زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی وێسترن ئۆنتاریۆ وەردەگرێت. ساڵی ١٩٨٦-١٩٨٩ ژمارەیەک شانۆنامە بڵا دەکاتەوە. لەنێوان ساڵانی ١٩٨٦ – ١٩٩٢ بەڕێوەبەری مەڵبەندی هونەری نەتەوەیی نەیتیڤەکان بووە لە شاری تۆرۆنتۆ لەهەرێمی ئۆنتاریۆ. تۆمسۆن هایوەی هەشت بڕوانامەی فەخری پێبەخشراوە لە زانکۆکانی کەنەدا. ساڵی ١٩٩٤ بوو بە ئەندامی شەرەفی هونەر لە کەنەدا. لەساڵی ٢٠٠٠ گۆڤاری مەکلینی کەنەدی وەک یەکێک لە سەد گرنگترین کەسایەتی لە مێژووی کەنەدا هێنایە ئەژمار. ساڵی ٢٠٠١ خەڵاتی دەستکەوتی مرۆڤە ڕەسەنەکانی لەبواری هونەر و کلتوور پێبەخشرا. تۆمسۆن تا ئێستا هەژدە کتێبێکی بەچاپ گەیاندووە.

دانیاڵ دەیڤد مۆسس: دانیاڵ شاعیر و شانۆنامەنووسی نەیتیڤەکان لە مانگی شوباتی ١٩٥٢ لە گوندی ئۆهزوەکان لە هەرێمی ئۆنتاریۆ لە دایکبووە. بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانکۆی یۆرک بەدەست هێناوە و هەروەها بڕوانامەی ماستەری لە هونەری شێوەکاری

و بڕوانامەی نووسینی داهێنان لە زانکۆی بریتیش کۆڵۆمبیا وەرگرتووە. دانیاڵ بۆ ماوەی حەوت ساڵ سەرۆکی مەڵبەندی هونەری نەتەوەیی نەیتیڤەکان بووە. ساڵی ٢٠٠٣ دەچێتە بەشی دراما لەزانکۆی کوین وەک پرۆفیسۆری یاریدەدەر دەست بەکار دەبێت. دانیاڵ لەساڵی ١٩٧٩ وە وەک شاعیر و شانۆنامەنووس و سەرنووسەر و وتارنووس و مامۆستا لە ژمارەیەک لە زانکۆی و کۆلێژەکانی کەنەدا کاری کردووە. دانیاڵ هۆمۆسێکسواڵە و تا ئێستا دوانزە کتێبی بەچاپ گەیاندووە.
درو هایدن تایلەر: شانۆنامەنووس ڕۆماننووس و ڕۆژنامەنووسی نەیتیڤەکان لەتەمموزە ١٩٦٢ لە ناوچەی کورڤ لەیک لەهەرێمی ئۆنتاریۆ لە کەنەدا لەدایکبووە. تایلەر دوو ڕەگە و ڕەگێکی قەوقازەیە و ڕەگێکی تری نەیتیڤەکانە. درو هایدن تایلەر سەرەتا لەڕادیۆ و تەلەفیزیۆن دەستی بەکارکردن کرد و لەساڵی ١٩٨٩وە بە تەواوی خۆی تەرخان کرد بۆ شانۆ. ئێستاش لەزانکۆی وێسترن ئۆنتاریۆ خەریکی وانە وتنەوەیە. تا ئێستا بیست و پێنج کتێبی بەچاپ گەیاندووە.
درو هایدن تایلەر ئاوا سەرگوزشتەی خۆی دەگێڕێتەوە کەچۆن بووە بە شانۆنامەنووس. تایلەر دەڵێت: « کاتێک تۆمسۆن هایوەی لەساڵی ١٩٨٨ داوای لێکردم ببم بە نووسەر لە «نەیتیڤ ئێرس پیرفۆرمینگ ئارتس.» ئەوکات قەت شانۆنامەم نەنووسیبوو و زۆر کەمیش شانۆگەریم بینیبوو. سەرجەم سی ڤی نووسینەکانم بریتیبوو لە یەک ئەڵقەی تەلەفیزیۆنی CBC بەناوی « بیچکەمەر

– سواڵکەری کەنار دەریا» بەو جۆرە تۆمسۆن دەیویست جێگاکە(ئەو بۆشاییە) پڕ بکاتەوە. دەستم کردە کار کردن بێ ئەوەی بزانم چی دەکەم. ڕێنماییەکی جوانم لە لایەن تۆمسۆن هایوەی و دەرهێنەر لەری لویسەوە دەکرا. بەڵام من دەست و پێ سپی بووم و کاڵایەک نەبووم بەباڵای ئەو شوێنەدا، بۆیە ئەو شانۆنامەیەی کە نووسیشم ڕەنگدانەوەی ئەو دۆخە بوو. ئەو زەانەش تراژیدیا نەبوو بۆ جەماوەری شانۆی کەنەدی. پاشان لەری لویس بوو بە بەڕێوەبەری هونەری شانۆی « دێ بە جاە مو جیگ» بەواتای حیکایەتخوان یان چیرۆک گێڕەڕەوە. لویس ۆرکشۆپێکی هەبوو و دەبوایە یەکەمجار شانۆگەرییەک نمایش بکات و داوای لێکردم ئەگەر شانۆنامەیەکی تری بۆ بنووسم.
وتم « نەخێر من زۆر باش نیم لە نووسینی شانۆگەری».
لەری وتی « لە بەرامبەردا پارەت دەدەمێ» .
منیش وتم «بۆ کەی دەتەوێت؟»
شانۆگەری( تۆرۆنتۆ ئات دریمەر ڕۆک) نمایشکرا و سەرکەوتنی بەدەست هێنا و خەڵاتی فلۆید س چاڵمەرسی بردەوە و گەلێ بەرهەمهێنانی تری بەخۆوە بینی. دوای نمایشکردنی شانۆگەرییەکە هاوڕێیەکم کە سەرجەم کارە ئەدەبییەکانی منی بینیبوو باوەشی پێداکردم و وتی(درو وابزانم تۆ ڕێگای خۆت دۆزییەوە).
یڤیتی نۆلان: شانۆنامەنووس و دەرهێنەر و دراماتۆرگی نەیتیڤەکان لە شاری پرنس ئەلبێرت لە هەرێمی ساسکاچوان لە دایکێکی نەیتیڤ و باوکێکی ئێرلەندی لەدایکبووە. یڤیتی

نۆڵان لە شاری وینیپیگ گەورە بووە و لەساڵی ١٩٩٧ زانکۆی مانیتۆبا تەواو دەکات و پاشان لەگەڵ ژمارەیەک تیپی هونەری و شانۆ دەست بەکار دەبێت لە شارەکانی مانیێۆپا و وایت هۆرس و یۆکن. کاری دەرهێنانی بۆ شانۆنامەی شانۆنامەنووسانی وەک میچ چینێست، درو هایدن تایلەر، فلێئادەمز، جۆرج رایگا و ماری کلێمێنت کردووە. لەنێوان ساڵانی ١٩٩٨ – ٢٠٠١ سەرۆکی کۆمەڵەی شانۆنامەنووسانی کەنەدی بووە و لە زانکۆی براندۆن وانەی وتۆتەوە و لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٣ – ٢٠١١ لە شاری تۆرۆنتۆی هەرێمی ئۆنتاریۆ بەڕێوەبەری مەڵبەندی هونەری نەتەوەیی نەیتیڤەکان بووە و سێجار خەڵات کراوە.
ئییان ڕۆز: ڕۆماننووس و شانۆنامەنووسی نەیتیڤەکان لە هەشتی نیسانی ساڵی ١٩٦٨ لە مەکریری لە هەرێمی مانیتۆبا لەدایکبووە. ساڵی ١٩٩٢ بەکالۆریسی لە بوارەکانی فلیم و شانۆ لە زانکۆی مانیتۆبا وەرگرتووە. ڕۆز بۆ شانۆ و فلیم و تەلەفیزیۆن و ڕادیۆی نووووسیوە و هەروەها بۆ چەندین ساڵ ژمارەیەک دەقی شانۆیی نووسیوە. کە شانۆنامەی فەیروێڵ بەناوبانگترینیانە و خەڵاتی حاکمی گشتی کەنەدای بۆ درامای ئینگلیزی پێوەرگرت. ئییان ڕۆز چواردە کتێبی بەچاپ گەیاندووە و سێجاریش خەڵات کراوە.

## سەرچاوەکان:

١-یڤیتی نۆڵان هەڵسەنگاندنێکی گشتی شانۆی نەیتیڤەکان لە کەنەدا مەڵبەندی هونەری نەتەوەیی شانۆی ئینگلیزی

http://www4.nac-cna.ca/pdf/eth/aboriginal_theatre.pdf
٢-یڤیتی نۆڵان هەڵسەنگاندنێکی گشتی شانۆی نەیتیڤەکان لە کەنەدا مەڵبەندی هونەری نەتەوەییشانۆی ئینگلیزی
http://www4.nac-cna.ca/pdf/eth/aboriginal_theatre.pdf
٣-نەیتیڤەکان لە کیشوەری باکووری ئەمریکا باوەڕیان بە تاک خودایی نییە و ئەوان ژمارەیەکی زۆر خودا دەپەرستن کە ئەمانە هەندێکیانن: ئرپۆتماکین، ڕاڤین، کایۆتی، کواتیی، مانابۆزهۆ. ویندیگۆ. ئەهاتویا – تاجی، ئەکولوجوزە، سیدنا، واکان – تاکان، مانیتو ، سەندەربێرد(خوای هەورەتریشقە)، کایتی(خوای ورچ)، وەهاندا، ئەکۆما، ماسەوی(خوای شەڕ)، ئەهتا، کواوتیهت، ئالوت، ئەگوگوس، ئەلگۆنکیون... تاد. ئەم خواوەندانە هەر یەکە لە جێگایەک دەپەرسترێن. هەروەها بڕوانە
http://www.aaanativearts.com/indian_gods.h
http://www.godchecker.com/pantheon/native_american-mythology.php
٤-ئینسکلۆپیدیای کەنەدا ...پان ئیندیانیزم http://www.thecanadianencyclopedia.com/articles/panindianism
٥-بیابانێکی پڕ لە دووکەڵ کۆمەڵێ شیعری ئینگلیزی و نەیتیڤی کەنەدی وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) دەزگای ئاراس ٢٠٠٦ . هەروەها بڕوانە http://en.wikipedia.org/wiki/Aboriginal_peoples_in_Canada
لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بەلامەو سەیر بوو لەکاتی ئامادەکردنی

ئەم لێکۆڵینەوەیەدا وەختێ خەریکی گوگڵکردنی دوایین ئامار بووم لەسەر ژمارەی دانیشتوانی نەیتیڤەکان لە کەنەدا لەسایتێکی فەرمی حکومەتی کەنەدا باسی ئەوە دەکات کەلە ساڵی ٢٠١٧ واتە لەساڵیادی ١٥٠ ساڵەی دروستبوونی کەنەدا دا ژمارەی دانیشتوانی نەیتیڤەکان دەبێتە چوار ژمارەی تەواو و یەک لە سەدای ژمارەی هەموو دانیشتوانی وڵاتی کەنەدا

http://www.statcan.gc.ca/daily-quotidien/050628/.
dq050628d-eng.htm

٦-گۆڤاری ئەم گۆڤارە کانوونی دووەم و شوباتی 2007http://
www.thismagazine.ca/issues/2007/01/nativetheatre.
php

٧-گۆڤاری ئەم گۆڤارە کانوونی دووەم و شوباتی 2007http://
www.thismagazine.ca/issues/2007/01/nativetheatre.
php

٨-شانۆی خەڵکە ڕەسەنەکانی کەنەدا – ئینسکلۆپیدیای شانۆی کەنەدی- http://www.canadiantheatre.com/dict.pl?ter-
m=Aboriginal%20Theatre

٩-مێژووی‌شانۆی‌کەنەدی–ئینسکلۆپیدیای‌شانۆی‌کەنەدی-http://
٢٠٪www.canadiantheatre.com/dict.pl?term=History
of%20Canadian%20Theatre

١٠-مێژووی شانۆی کەنەدی – ئینسکلۆپیدیای شانۆی کەنەدی-
http://www.canadiantheatre.com/dict.pl?term=His-
tory%20of%20Canadian%20Theatre

١١-مێژووی شانۆی کەنەدی – ئینسکلۆپیدیای شانۆی کەنەدی-
http://www.canadiantheatre.com/dict.pl?term=History%20of%20Canadian%20Theatre
١٢-لێکۆڵینەوەی گوندوڵە ویلک سەبارەت بە درامای نەیتیڤەکان زانکۆی ئۆنسابروک 2010 /-2011http://www.londoncanadianstudies.org/Journal/26/26-5.pdf
١٣-یڤیتی نۆلان هەڵسەنگاندنێکی گشتی شانۆی نەیتیڤەکان لە کەنەدا مەڵبەندی هونەری نەتەوەیی شانۆی ئینگلیزی
http://www4.nac-cna.ca/pdf/eth/aboriginal_theatre.pdf

١٤-یڤیتی نۆلان هەڵسەنگاندنێکی گشتی شانۆی نەیتیڤەکان لە کەنەدا مەڵبەندی هونەری نەتەوەیی شانۆی ئینگلیزی
http://www4.nac-cna.ca/pdf/eth/aboriginal_theatre.pdf
١٥-یڤیتی نۆلان هەڵسەنگاندنێکی گشتی شانۆی نەیتیڤەکان لە کەنەدا مەڵبەندی هونەری نەتەوەیی شانۆی ئینگلیزی
http://www4.nac-cna.ca/pdf/eth/aboriginal_theatre.pdf
١٦-یڤیتی نۆلان هەڵسەنگاندنێکی گشتی شانۆی نەیتیڤەکان لە کەنەدا مەڵبەندی هونەری نەتەوەییشانۆی ئینگلیزی
http://www4.nac-cna.ca/pdf/eth/aboriginal_theatre.pdf
١٧- یڤیتی نۆلان هەڵسەنگاندنێکی گشتی شانۆی نەیتیڤەکان لە کەنەدا مەڵبەندی هونەری نەتەوەییشانۆی ئینگلیزی
http://www4.nac-cna.ca/pdf/eth/aboriginal_theatre.pdf
١٨- یڤیتی نۆلان هەڵسەنگاندنێکی گشتی شانۆی نەیتیڤەکان لە

کەنەدا مەڵبەندی هونەری نەتەوەییشانۆی ئینگلیزی
http://www4.nac-cna.ca/pdf/eth/aboriginal_theatre.pdf
١٩-یڤیتی نۆلان هەڵسەنگاندنێکی گشتی شانۆی نەیتیڤەکان لە کەنەدا مەڵبەندی هونەری نەتەوەیی شانۆی ئینگلیزی
http://www4.nac-cna.ca/pdf/eth/aboriginal_theatre.pdf

**تێبینی: ئەم نووسینە لەگۆڤاری (واتە)، ساڵی ٢٠١٣،بڵاو بۆتەوە. بەداخەوە ژمارەکەی بەردەست نەبوو.**

# سەرنجێکی خێرا لەسەر شانۆی ئەزموونگەریی کرێکاران لەکەنەدا

## سەرەتایەکی کورت

ئەم کۆمەڵگە مۆدێرنەی مرۆڤایەتی سەرتاپا دەرگیری کێشمەکێش و ململانێی بەردەوامی نێوان چینەکانە. چین و توێژە جیاجیاکانیش لەهەوڵی ئەوەدان زۆرترین کارێک بکەن کە بەرژەوەندییە چینایەتییەکانیان بپارێزن و تای تەرازووی هێز لەم ململانێ بەردەوامە بەلای خۆیان و بەرژەوەندییەکانیان بشکێننەوە. وەک ئاشکرایە لە کۆمەڵگەی نوێی مرۆڤایەتی دوو چین تیایدا مۆری خۆیان بەدیاردە و ڕووداوەکانەوە دەنێن. وەک ئاشکرایە ئاستی ململانێی کۆمەڵایەتی چینایەتی پەیوەستە بە گەشەی هێزەکانی مادیی ئەو ئەو کۆمەڵگەیەوە. بۆیە هونەرەکەشی ڕەنگدانەوەی ئەو ململانێ چینایەتییەن. لە کۆمەڵگەی چینایەتیی چینە کۆمەڵایەتییەکان لەدوو چینی دژ بەیەک و ڕاوەستاو بەرامبەر بەیەک پێک دێت کە هەریەک هەڵگری تایبەتمەندی و بەرژەوەندی تایبەت بەخۆیەتی. لەسیستەمی سەرمایەداری؛چینی باڵا یان سەرمایەداری خاوەن هێز و سوپا و زیندان و دامودەزگا و حیزب و میدیای زەبەلاح و ئەدەب و هونەری خۆیەتی و تەواوی دیاردە و دەرکەوتەکان لەڕەوتی ململانێی چینایەتی بەسوود و قازانجی خۆی بەکار دەهێنێت. دەرکەوتەکانی دیاردەگەلی وەک ئایین و نادادپەروەی کۆمەڵایەتی و بێکاری و ستەم لە ژنان و تاد بەئەندازەی سوود و قازانجیان بۆ سەرمایەداران، بەو ئەندازەیەش کۆت و زنجیرن لەدەست کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش. چینی کرێکار لەم جەنگە چینایەتییەدا دەست بۆ گەلێ ئامراز دەبات بۆ بەگژاچوونەوەی ستەمی بۆرژوازی لەوانە شۆڕش و مانگرتن و

خۆپیشاندان و دەرخستنی نارەزایەتی و لەهەمان کاتیشدا دەست بۆ ئەدەب و هونەری چینایەتی وەک پێویستییەکی ئەو خەباتە دەبردرێت. ئەدەب و هونەری کرێکاریی بەدرێژایی مێژووی خەباتی چینی کرێکار ڕۆڵی گێڕاوە لە جۆشدانی خەبات و بەرچاوڕوونکردنەوەی ئەم چینە بنیادنەرە کە تەواوی ژیانی گۆی زەوی لەسەر ئارەق و ڕەنجی ئەم دامەزراوە. ئەدەب و هونەری کرێکاریی وەک بەشێک لەپانتایی تێکۆشانی چینی کرێکار دژ بە ستەمی سەرمایەداری ناسنامەی خۆی لەخەبات و ناڕەزایەتی ئەو چینە خۆیەوە وەردەگرێت. پایەکان و بنەماکانی ئەم هونەرە چینایەتییە خۆی لەلێکهەڵپێکرانی هونەر بە شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار بنیاد دەنێت.

## وڵاتی کەنەدا و لەدایکبوونی بزووتنەوەی کرێکاریی

تەمەنی وڵاتی کەنەدا گەرچی کەمتر لە سەد و پەنجا ساڵە،بەڵام لەگەڵ ئاوەدانکردنەوەیدا؛ گۆمەڵگەیەکی هاوچەرخ بنیادنراوە و ئەو کلتوور و نەریت و زانست و فەرهەنگەی لە ئەورووپا بەگشتی و بەریتانیا بەتایبەتی لەو ڕۆژگارەدا برەوی هەبووە، گەیشتۆتە ئەم وڵاتە تازەیە. مرۆڤە گواستراوەکان یان ئەوانەی ئارەزوومەندانە هاتوون بۆ ئەم وڵاتە خاوەن ئاستێک لە پێشبینی بوونە بۆ ژیان کە زۆر لەسەرووی پێشبینی مرۆڤە نەیتیڤەکانی (خەڵکە ئەسڵییەکان)ی کەنەداوە بوونە. وڵاتی کەنەدا پێچەوانەی وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەروپا بەو ڕێڕەوە مێژووییەدا تێنەپەڕیووە. واتە بە تونێڵی قۆناغەکانی «کۆمۆنەی سەرەتایی

و کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری» گوزەری نەکردووە، بەڵکوو وڵاتی بەریتانیا بەهەموو توانا مرۆیی و زانستی و سەربازەیەکانییەوە پایەکانی کۆمەڵگەیەکی کۆلۆنیاڵی مۆدێرنی لەسەر ئەم خاکە دامەزراندووە. هەر لەم ڕێگەیەشەوە کلتوور و نەریت و پرنسیپە گشتییەکانی کۆمەڵگەی ئەوروپا بە ئاسانی دەگەنە کەنەدا. مرۆڤە نوێیەکانی سەر ئەم زەمینە هەر زوو حەز و خولیا و ئارەزووەکانیان لەڕێگەی ئەدەب و هونەرەوە دەربڕیوە. لەڕووی مێژوویییەوە چینی کرێکاری کەنەدی گەرچی لەدایکبوونێکی زەحمەتی هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەر لەگەڵ یەکەمین ڕۆژەکانی دروستبوونی ئەم وڵاتەوە دەست و پەنجەی لەگەڵ نەهامەتی و کرێی کەم و ناتەندروستی هەلومەرجی کار و بیمەی بێکاری و بێمافی کۆمەڵایەتی و بەگشتی لەگەڵ نزمی ئاستی ریفاهی کۆمەڵایەتی نەرمکردووە. ئەم چینە هەوڵیداوە لە سەد و پەنجا ساڵی ڕابردوو کارەکتەری خۆی گەشە پێبدات و پێ بەپێی ئاڵوگۆڕە سیاسی و ئابوورییەکانی کۆمەڵگەی کەنەدی، ئەمیش ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە و وریاتر بۆتەوە و بەرژەوەندییەکانی خۆی زیاتر ناسیوە. لێرەدا نابێت ڕۆڵی دیار و بەرچاوی باوکی بزووتنەوەی چینی کرێکاری کەنەدی (دانیاڵ ئۆ دۆنیهۆ) لەیاد بکەین کە سەرتاپای ژیانی هەوڵیدا و تێکۆشا لەپێناو ڕێکخستن و بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی کرێکاران.(١) هەروەها بڵاوبوونەوەی (Labour Gazette) گۆڤاری کرێکاری یان گۆڤاری کار لەساڵی ١٩٠١ ڕۆڵێکی زۆری گێرا لەهۆشیارکردنەوەی کرێکارانی کەنەدی. سەرەتای سەدەی

بیستەم بۆ بزووتنەوەی کرێکاری کەنەدی؛ سەرەتای خۆڕێکخستن و بەرەو یەکگرتوویی چینی کرێکار بوو لەدژی چاوچنۆکی و تەماح و چڵێسی سەرمایەداران. بۆرژوازی کەنەدی لەهەوڵی ڕاگرتنی ئەو بارودۆخە ناهەموارە بووە و تێکۆشاوە لەم دۆخە نائینسانییەی کاردا؛ زۆرترین قازانج بۆ خۆی دەستەبەر بکات. هەرچەندە بۆرژوازی کەنەدی و دامودەزگاکانی لەهەوڵی بەرێخستنی کەمپینێکی دژە سەندیکا دابوون، بەڵام ئارەزووی کرێکاران بۆ ڕیکخراوبوون تا دەهات پەرەی دەسەند. بۆیە دەبینین ژمارەی ئەندامانی ڕێکخراوی کۆنگرەی کار و بازرگانی ((Trades and Labour Congress کە ڕێکخراوێکی سەربەخۆی کرێکاران بوو لەساڵی ١٩٠٢ بۆ ١٩١٤ لە ١٣٠٠٠ ئەندامەوە بوو بە ٨٠٠٠٠. (٢) ئەم گەشە سەندن و هۆشیاربوونەوەیە و ڕێکخراوبوونە دۆخێکی هێنابووە ئاراوە کە خوازیاری ئەدەب هونەرێک بوو کەگوزارشت بێت لەخەبات و ئامانجی خەباتکارانەیان. شانۆ هۆکارێکی گونجاو بوو کە نووسەرانی کرێکاریی هەر زوو دەستیان بۆ برد و هونەرمەندانیش کاریان لەسەر کرد. گەرچی خودی هونەری شانۆ زۆر لەو مێژووە زووتر هاتۆتە کەنەدا هەروەک» مێژوونووسی شانۆیی دەیڤد گراندەر لەو باوەڕەدایە کە شانۆی ئەوروپی لەگەڵ بەرێز هامفرەی گیلبێرت و «گروپێکی بچووکی ئەکتەرەکان» لەساڵی ١٥٨٣ دا هاتۆتە کەنەدا. پێشتریش بەرهەمهێنانی مارک لێسکاربۆرد بۆ شانۆی نیبتۆن لە فەرەنسای نوێ لە چواردەی تشرینی دووەمی ١٦٠٦ و سامۆیڵ دی چامپلەین

له پۆرت ڕۆیەڵ (کە ئێستا هەرێمی نۆڤەسکۆشیایە) یانەیەکی کۆمەڵایەتییان دامەزراند لەژێر ناوی مەدالیای بەختەوەری، ئەمەش لەمیانەی سیستمێکەوە بوو کە لێسکابۆرد سەرگەرمییەکانی خۆی نیشان ئەدا کەلەلایەن ئەندامانی دەوڵەتە ژێردەستەکانی فەرەنساوە نمایش ئەکرا و ڕووخساری خۆیان ئەگۆڕی کە وەکو ڕووخساری خەڵکە ڕەسەنەکان و زیندەوەرە ئەفسانەکان دەردەکەوتن».(٣)

## چینی کرێکاری کەنەدی و شانۆی ئەزموونگەریی

سەرەتای ئەم سەدەیە و بەتایبەتی لە دەیەی سییەکانی سەدەی بیستەمدا بزووتنەوەی کرێکاریی و چەپ لە کەنەدا لەقۆناغێکی پڕ لەگەشەو بەرەوپێشچووندا دەژیا. بزووتنەوەی شانۆی کرێکاران وەک بزووتنەوەیەکی دانەبڕاو لەچینی کرێکار و ناڕەزایەتییە شۆڕشگێڕەکانی، بەپشتیوانی حیزبی کۆمۆنیستی کەنەدا هەنگاوی دەنا و ڕۆڵی خۆی دەگێڕا. ئەدەب و شانۆی چەپ لەدەیەی سییەکاندا وەک بزووتنەوەیەکی دانپیانراو و هەمەچەشن بووە و هەڵگری شوێنێکی ئیستاتیکی دیار و بەرچاو بووە لەمێژووی ئەدەبی نەتەوایەتی(میللی) لەکەنەدا.(٤) ئینسکلۆپیدیای شانۆی کەنەدی گەرچی بەوردی لەسەر مێژوو و بزووتنەوەی شانۆ کەنەدی دواوە و وەک سەرچاوەیەکی ئەکادیمی باوەڕپێکراو پشتی پێدەبەسترێت، کەچی لە ئاماژە و باسکردنی شانۆی کرێکاران لەو وڵاتە بێدەنگی هەڵبژاردووە و بچووکترین ئاماژەی بەو هەوڵ و کۆششانە نەکردووە کەهونەرمەندە چەپ و کرێکارییەکان لەبڕگەیەکی زەمەنی و لەناو

ڕێڕەوی مێژووی شانۆی کەنەدی ئەنجامیان داوە. بۆیە ئاشکرایە کەچینە باڵاکان لەپێناو بەرژەوەندی خۆیان ئامادەن مێژوو بشێوێنن یانیش هەر وەلای بنێنن. بۆیە ئینسکلۆپیدیای شانۆی کەنەدی دەکرێ بوترێت تەنها ئینسکلۆپیدیای شانۆی چینی فەرمانڕەوا یان ئەو بزووتنەوە شانۆیەیە کە هیچ مەترسییەکی بۆ سەر ژیان و داهاتووی چینی فەرمانڕەوای کەنەدا نەبووە و نییە

بەڵام جگە لە هەوڵەکانی چینی باڵا بۆ شاردنەوەی ڕاستییەکان و شێواندنی مێژوو، هەوڵی تر لەئارادایە کە دەیەوێت بەپێچەوانەی ویست و خواستی چینی باڵا و دەسەڵاتدار، ڕاستییەکان بگەێنێتە خوێنەر




ئەندامە سەرەکییەکانی شانۆی کرێکاران

و ڕووی ڕاستەقینەی مێژوو نیشان بدات. لەوانەش دکتۆر کاندیدا ڕیفکایند پرۆفیسۆری یاریدەدەر لەزانکۆی وینیپیگ، بەوردی ئیشی لەسەر ئەدەب و کلتووری وڵاتی کەنەدا کردووە بەتایبەتی ئەدەب و کلتووری نێوان هەردوو جەنگی جیهانی، دەیەی بیستەکان دەیەی سەرهەڵدان و نەشونمای بیری ناسیونالیستی و ئابووری و کلتووری بوو لەکەنەدا. ئەوەبوو بۆ یەکەمجار ژمارەیەک ڕەخنەگر دەستیان کرد بە ڕەخنە و شیکردنەوە لە ئەدەبی ئەمریکی و بەریتانیی. بەڵام لەساڵی ١٩٢٩ بەدواوە کۆمەڵێک ئەدیب و نووسەر کەوتنە نووسینی بەرهەمی چەپ و کۆمۆنیستیی. باڵی چەپی ئەدەبی مۆدێرنیزمی کەنەدیکە دکتۆر کاندیدا لە کتێبی «کۆمۆنیستەکان و ڕەخنەگران : ژن و ئەدەب و چەپ لەدەیەی سییەکان لەکەنەدا» دا بەوردی بەدواداچوونی بۆ کردووە و دەڵێت» ئەدەبی چەپی کەنەدی لەو بڕگە زەمەنییە دوو ئەرکی لەسەرشان بووە. لەلایەکەوە گوزارشتی داهێنەرانە بوو لە سۆشیالیزم و لەلایەکی ترەوە هەڵگێڕانەوەی ئەدەبی ترادیسیۆنی زاڵ بوو».(٥) ساڵی ١٩٢٩ مایکڵ گۆڵدی نووسەری پرۆلیتاری بەئایین جولەکە شانبەشانی هەریەک لە ئیدا ڕەوە و چۆن هوۆرد لاوسن و جاسپەر دیدەر هەوڵی دروستکردنی شانۆی کرێکارانیان داو و ناویان نا(Workers Worke Drama). بەڵام ئەفسوس ئەم هەوڵە بەناکامی مایەوە و نەیتوانی هەنگاوێکی بەرچاو بنێ لەبردنە پێشەوەی شانۆی کرێکاران.

شانۆ و بزووتنەوەی شانۆیی کرێکاران لەئەنجامی ئەو هەلومەرجە لەبارەی گۆمەڵگەی کەنەدی نەشونمای کرد و هەنگاوی گەورەی

بەرەو پێشەوە نا. مێژوونووسانی بزووتنەوەی شانۆی کەنەدی دەستەواژەی «بزووتنەوەی شانۆی کرێکاران» یان بەو ژمارە لە شانۆی ئەزموونگەری سیاسی باڵی چەپی کەنەدی دەگوت کەلەدەیەی سییەکان هاتنە دەرهێنان و نمایشکردن. زۆربەی ئەم شانۆگەرییانە بەسپانسۆری (یانەکانی هونەری پێشکەوتووخواز) و بەدنەی (تحریض)ی حیزبی کۆمۆنیستی کەنەدی و پشتیوانی ئەو حیزبە هاتوونەتە نمایشکردن. لەنێو بزووتنەوەی شانۆی کرێکاران دوو جۆر تێڕوانین دەبینرێت کە یەکێکیان کۆمۆنیستییە و ئەویتریان سۆشیال دیموکراتە.(٦) یەکێک لە دامەزرێنەرانی شانۆی ئەزموونگەری کرێکاریی لەشاری تۆرنتۆ لە کەنەدا لەساڵی ١٩٣٣ خانمە نووسەر تۆبی گۆردۆن ڕایەنە. تۆبی گۆردن ڕایەن نەک هەر بە نووسەرێکی چەپ؛ بەڵکوو بەپێشەنگ و دامەزرێنەری شانۆی چەپ دادەنرێت. ئەم خانمە پێشکەوتووخوازە دوای ئەوەی ئۆسکار ڕایەن دەناسێت، لەساڵی ١٩٤٩ دەبنە هاوسەری یەکتر و تا مردن بەیەکەوە دەژین. تۆبی تەنها نووسەرێکە کە نووسینەکانی لەم دواییانە لەلایەن ئەرشیفی کتێبخانەی زانکۆی گەڵف وەک تاکە مەتریاڵێک دەربارەی بزووتنەوەی شانۆی کرێکاران لەدەیەی بیستەکان کەتائەمڕۆ چنگ کەوتبی و لەبەردەستدا بێت، کەڵکی لێوەرگیراوە.(٧) تۆبی ڕایەن کۆمەڵێ هەوڵی لەبواری شانۆی کرێکاران هەیە لەوانە : شانۆی چەپ و شانۆی کەنەدا و دەیەی سییەکان و یادەوەری. جگە لەتۆبی گۆردۆن ڕایەن، هەندێ ناوی تر هەن کە کاریگەرییان لەسەر نەخشاندنی ئەو مێژووە دیارە لەوانە

ئالن فایلود، هارۆڵد گریفن (لەشاری ڤانکووڤەر-هەرێمی بریتش کۆڵۆمبیا)، جۆ زاکن(لەشاری وینیپیگ- هەرێمی مانیتۆبا)، ڕۆز کاشتان (لەشاری مۆنترِیاڵ- هەرێمی کوبێک)، ئۆسکار ڕایەن، ئێدوارد سیسیڵ سمیس، فرانک لەڤ، میڵدرێد گۆڵدبێرگ و وەینو شاستەر، دۆەسی لیڤسەی، ئان ماریۆت، ئیرینا بەیرد. بزووتنەوەی شانۆی کەنەدی بەگشتی و شانۆی ئەزموونگەری کرێکاریی لەکەنەدا وەک هەر جێگایەکی تر پیاو نەخشی بەرچاوی زیاتری هەبووە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە ژنان ڕۆڵی داهێنەرانەیان نەگێڕابێت لەو بوارەدا. بەچاوگێڕان بەسەر ناوە بەرچاوەکانی ئەو سەردەمە ژمارەیەک ئافرەت دەبینین کە ڕۆڵی گرنگ و پێشەنگیان گێڕاوە. دیارە نابێت وا بزانین کە بزووتنەوەی شانۆی کرێکاران بەردەوام ڕوو لەسەر هەنگاوی ناوە. نەخێر لەساڵانی دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم بارودۆخێکی نالەبار لەدژی ئەم بزووتنەوەیە هاتە ئاراوە و لەزۆر لاوە دژایەتی دەکراو تەنانەت شانۆگەرییە چەپە توندڕەوەکان قەدەغە کران. دواتر خانمە نووسەر تۆبی رایەن تیپێکی شانۆیی تر دادەمەزرێنێت بەناوی (Play Actor) کە کاری لەسەر هۆشیارکردنەوەی توێژی گەنج دەکرد لەکۆمەڵگای کەنەدی. ئەم بزووتنەوەیە ئیتر بەهەوراز و نشێوی ڕووداوەکانی کۆمەڵگەی کەنەدی تێدەپەڕێت و دواجار لەسەر ئەو سەکۆیە لەنگەر دەگرێت کەپێی دەڵێن شانۆی کەنەدی. بەڵام نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت کە هەر پێشڕەوییەکی شانۆیی لەو سەردەمە دژ بەشانۆی بۆرژوازی بوو.



گەی گلۆڤەری ئەکتەر لە دیمەنێک لە شانۆی " لەچاوەڕوانی لیفتیدا"،
لەفیستیڤاڵی دۆمینیۆن دراما لە ئۆتاوای پایتەختی کەنەدا لەساڵی ۱۹۳٦

## بەرهەمە شانۆییەکانی بزووتنەوەی شانۆی ئەزموونگەری کرێکاران

کاتێ گروپی شانۆنامەنووسانی نوێ لەساڵی ۱۹۲٦ دامەزرا، ئۆتۆ خان بوو بەدابینکەری سەرچاوەی دارایی و بڕی ۳۰۰۰۰ دۆلاری ئەو سەردەمەی خستە بەردەستیان، ئەمەش نەک هەر نووسەرانی چەپ، بەڵکوو نووسەرانی تریشی هێنایە ناوەوە کە لەژێر کاریگەری بزووتنەوەی شانۆی ئەزموونگەری ئەوروپا بوون. جان هەورد لاوسن ئەو کاتەی لەپاریس دەبێت، هەردوو دەقی ( ڕۆجەری تازە پێگەیشتوو) لەساڵی ۱۹۲۳ کە شانۆگەرییەکە دەربارەی گەنجێکە کە خەریکی خەباتکردنە لەجیهانی واقیعی، و (ئاواز و مۆسیقای

نمایش) لەساڵی ١٩٢٥، دەنووسێت. دواتریش لەسەرەتای دەیەی سییەکان شانۆی ئاکشن (Theatre of Action) دێتە ئاراوە و دەرهێنەر لە شاری نیویۆرکەوە دێنن و ستافی بەردەوامی دەبێت و قوتابخانەی هاوینی دەکاتەوە، گەلێ نمایشی شانۆیی ئەنجام دەدات و بەرهەمەکانی دەگەنە قۆناغی کۆتایی فیستیڤاڵی دۆمۆنیۆن بۆ دراما لە شار وینیپیگ. هەرچەندە شانۆی کار خەڵاتەکەی نەبردەوە بەڵام ئەمە هەنگاوێکی گەورە بوو لەبواری گەیشتنی نمایشێکی کرێکاریی بۆ ئەو پلە باڵایە. شانۆی کار سەرباری ستراکتۆری گورپیی و بۆچوونی کۆمەڵایەتی و قوتابخانە هاوینییەکەی و خۆ تەرخانکردنی بۆ شانۆی کەنەدی، کەچی شانۆی کاری تۆرۆنتۆ پێشەنگێک بوو بۆ ئەلتەرناتیڤی شانۆی ئەمڕۆ.(٨) یەکێک لەو کارە بەرچاوانەی شانۆی ئەزموونگەری کرێکاران، شانۆنامەی «هەشت پیاو دەدوێن»ە کە لەنووسینی گروپێک بوو لەوانە ئۆسکار ڕایەن، ی،سیسیل سمیس، فرانک لەڤ، میڵدرێد گۆلدبێرگ و تۆبی گۆردۆن دەریهێنا بۆ شانۆ. ئەم شانۆگەرییە لەساڵی ١٩٣٣ دا نووسراوە کەدەربارەی پەروەندە (فایل)ی ئەو پاسەوانەیە (کینگستۆن پەنیتێنتەری) کە ویستی لیدەری حیزبی کۆمۆنیست (تیم باک) بکوژێت. ئەم شانۆگەرییە دوای ئەوەی لەشاری تۆرنتۆ مۆڵەتی نمایشی لێ سەندرایەوە، لەشاری وینیپیگیش پۆلیس مۆڵەتی نمایشیکردنی لێ سەندنەوە و قەدەغە کرا. ئەم دەقە وەک میتا-تێکست لەساڵی ١٩٣٤ هاتە نمایشکردن لەئاهەنگی ئازادکردنی لیدەری حیزبی کۆمۆنیستی کەنەدی. هەروەها «لەچاوەڕوانی لیفتی» دا بەرهەمێکی تری کرێکارییە کەلەلایەن شانۆنامەنووسی ئەمریکی

«کلیفۆرد ئۆدێتس»ەوە نووسراوە. ئەم بەرهەمە باسی کۆمەڵێ (شوفێر) سایەق تەکسی دەکات کە بەنیازن مانگرتن ڕابگەیەنن. ئەم شانۆنامەیە شەش دیمەنە و ناوەڕۆکەکەی لەواقیعی مانگرتنی سایەق تەکسییەکانی شاری نیویۆرکەوە وەرگیراوە کەلە شوباتی ساڵی ١٩٣٤ مانگرتنێکی گەورەیان ڕاگەیاند،هاتە نمایشکردن. شایانی باسکردنە ستافی ئەم شانۆنامەیە و بەڕێوەبەرانی هونەری؛ هەموو کرێکارانی بێکار بوون. هەروەها شانۆنامەی (Stevedore- کرێکاری بارهەڵگری بەندەر) یەکێک بوو لە بەهێزترین شانۆنامە کرێکارییەکان لەدەیەی سییەکانی سەدەی ڕابردوو. ئەم نمایشە دەربارەی ستەمی ڕەگەزپەرستی پیاوانی سپی پێست بوو دەرهەق بەو ڕەش پێستانەی کە پێیان دەوترا ئەفریقی- ئەمریکی. شایانی ئاماژەیە دۆخی جوگرافیا و کلتووری ئەمریکا و کەنەدا بەجۆرێکە کەتێکەڵییەکی زۆر بەرچاو دەکەوێت و سەدەها جار بەرهەمە شانۆییەکان لەسنوور پەڕیونەتەوە. بۆیە نمایشێکی کرێکاریی گەرچی لەدایکبووی ئەمریکایە بەڵام لەکەنەدا دەخرێتە سەر شانۆ و بەهونەری کرێکاریی کەنەدیش دێتە ئەژمار و پێچەوانەکەشی ڕاستە. جگە لەمانەش کورتە شانۆگەری «جەنگ لە ڕۆژهەڵات»، ناشتنی مردوو ساڵی ١٩٣٦، ئاسنی قایم ساڵی ١٩٣٨ کەلەهۆڵەکانی «هارت هاوس یان مارگرێت هیتن» نمایشکراون.(٩) تۆبی گۆردۆن نەک هەر لە شاری تۆرۆرنتۆ، بەڵکوو لەپەیوەندیدا بوو لەگەڵ شانۆی ئەزموونگەری کرێکاران لە سەرتاسەری کەنەدا بەتایبەتی لەشارەکانی وینیپیک و مۆنتڕیاڵ و ڤانکووڤەر. هەرچی ئالن فایلودە بە

کتێب و نووسینەکانی، ئاوڕی لەم لایەنە داوەتەوە. ئالن فایلود لەکتێبی ( شانۆی ئیلتزام، شانۆی ڕادیکاڵیزم و دەستدرێژی سیاسی لەکەنەدا)، کە کتێبێکە بەپێی بۆچوونی میشێڵ ویللر خوێندنەوەی مێژووی شانۆی ڕادیکاڵی کەنەدیە.(١٠) ئەم پرۆفیسۆرەی زانکۆی گۆیلف کە لەبوارەکانی خوێندن و دەرهێنانی شانۆدا وانەی دەوتەوە و چالاکانە لەبوارەکانی مێژووی شانۆی کەنەدی و شانۆی ڕادیکاڵی سیاسیی کاری کردووە. ئالن فایلود لەنووسینی(بەسەرمایەداریکردنەوەی شانۆی میللیی)دا پەنجە دەخاتە سەر کۆمەڵێ گرفت کەڕەنگە باسکردنیان لێرە پێویست نەبێت چونکە پەیوەندی بەباسەکەی ئێمەوە نییە، بەڵام دەتوانم ئاماژە بەوە بکەم کە بۆرژوازی کەنەدی وەک پیشەی هەمیشەیی خۆی لەهەوڵی ئەوەدابووە کەبزووتنەوەی شانۆی ئەزموونگەری کرێکاریی کەنەدی بەلارێدا ببات و لەئامانجە چینایەتییەکانی دوور بخاتەوە. بۆیە لەگەڵ سەرکەوتنی زیاتری چینی سەرمایەداری کەنەدی و پەرش و بڵاوبوونەوەی زیاتری چینی کرێکار، بزووتنەوەی شانۆی کرێکاران تا دەهات لە ناوەڕۆکی شۆڕشگێڕانەی خۆی دوور دەکەوتەوە و هونەرمەندانیش لەژێر ئەو کاریگەرییە هەندێ ئاڵوگۆڕیان لەو بزووتنەوەیە پێکهێنا لەوانە گۆڕینی ناوی بزووتنەوەی شانۆی ئەزموونگەری کرێکاریی بۆ شانۆی میللیی. وەک ئاڵن فایلود دەڵێ: « لەگوتاری شانۆی کەنەدی بزووتنەوەکان ناوی جیا جیا وەردەگرن، وردبوونەوەش لەمە ئەوە دەردەخات کە کرداری ناونان لەزۆربەی کاتەکاندا ستراتیژیەتی ڕابەرایەتی ڕێکخراوەیی و ڕێکخستنەکانە. (١١)




**وێنەی دیمەنێک لەکاتی نمایشی شانۆگەری هەشت پیاو دەدوێن. ئەم وێنەیە لەساڵی ۱۹۷۷ گیراوە لەسەر شانۆی ستاندارد لە شاری تۆرنتۆ لە هەرێمی ئۆنتاریۆ لە کەنەدا.**

## خەسڵەتەکانی بزووتنەوەی شانۆی ئەزموونگەری کرێکاران لە کەنەدا

یەکێک لە ئەو خەسڵەتانەی بزووتنەوەی شانۆی ئەزموونگەری کرێکاران لەکەنەدا پێی دەناسرێتەوە بریتییە لە یاخیبوون لەسەرجەم نۆرمە باوەکانی کۆمەڵگە و لادان لەهەموو ئەو نەریتانەی کەشانۆی کەنەدی؛ شوناسی خۆی لەسەر بنیاد ناوە. هەڵگەڕانەوە

لەشوناسی کۆن یان باو خۆی بەمانای گەڕانە بەدوای شوناسێکی نوێ کە هەم بونیادێکی نوێ بەشانۆ دەبەخشێت و هەمیش دەبێتە مایەی تەکان و بەرەو پێشچوون. هەرچەندە ڕەگەزە هونەرییەکانی شانۆبەقوولّی ڕەگیان بەناو ترادیسیۆنی کلتووری کۆمەڵگای کەنەدی ڕۆچوونەتە خوارێ، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەو ڕەگەزانە دوور لەگۆڕان و لەگۆشەیەکی بزووتنەوەی شانۆی کەنەدی خەریکی خۆ بەرهەمهێنانەوە بن. زمانی دەقەکان یان زمانی بەکارهاتوو کە زمانێکی سادەیە و بەئاسانی بینەر تێی دەگات. سادەیی زمان کەناڵێکی گونجاوە بۆ گەیشتنی پەیام و مەبەستی دەق. بەلەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئەو سەردەمەی ژیانی چینی کرێکاری کەنەدا و ئاستی خوێندەوارییان ئەبێ ئەو مافە بدەینە نووسەری دەق تا بەو زمانە سادەیە مەبەستەکەی دەربڕێت چونکە لەو سەردەمە واتە دەیەی سییەکانی سەدەی بیستەم و بەپێی ئامارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دانیشتوانی کەنەدا هەشت ملیۆن و سەد و شەست و نۆ هەزار و شەش سەد و بیست و دوو کەس بووە و ڕێژەی نەخوێندەواریان ٤.٣ لەسەدابووە.(١٢) ئەم ڕێژەیە بۆ وڵاتێکی وەکووو کەنەدا کەم نەبووە و نووسەرانی شانۆ و ئەدەبی کرێکاری کەنەدی نەیان ئەتوانی چاوی خۆیان لەئاست ئەم واقیعە بنوقێنن. ئەمەش بە پێی ئەو بۆچوونەی کە دەڵێت داگرتنی ئاستی هونەری نمایشەکانە بۆ ئاستێکی خوارتر، نەخوازراو ڕەتکراوەیە، چونکە لایەنگرانی ئەو بۆچوونە پێیان وایە زمانی دەق دەبێت لەئاستێکی باڵادا بێت. تایبەتمەندییەکی تر بریتییە لە ناوەڕۆکی دەقە شانۆییەکان کە ڕەنگدانەوەی ژیان و ناڕەزایەتی

چینی کرێکارە دژ بە چینی سەرمایەدار. ئەم ناڕەزایەتی و خەباتە بەهەموو جۆرەکانی و لەهەموو ئاستەکانیدا لەدەقەکان و کارە هونەرییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە. مانگرتن و داستانە پڕ لە قارەمانی و سەروەرییەکانی کرێکاران دەبوونە هەوێنی بەرهەمی هونەریی. کارەکتەرەکان هەر لەناو جەرگەی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە هەڵبژێردراون و ئاشنان بە خودی خەڵک. ڕەگەزە هونەرییەکانی تر بەتایبەتی ڕەگەزە شوێن بریتییە لەشوێنی کار و ژیانی کرێکاران و ڕووداوەکان هەر لەو شوێنەدا ڕوو دەدەن. ڕەخنە ئەدەبی و هونەرییەکانیش لەسەر بنەمای بەرجەستەکردنەوەی بەرژەوەندی چینایەتی هەنگاویان ناوە و کارە هونەرییەکانیان شیکردۆتەوە و لێکداوەتەوە. بۆیە پێیان وابووە باشترین دادوەر بینەران خۆیانن و ئەوە گرنگ بووە کەبینەران یان گوێگران لەکوێی کارە هونەرییەکانەوەن. شانۆی ئەزموونگەری شانۆیەکی یاخییە لە نۆرمە باوەکانی کۆمەڵگەو یەکێک لەپایەکانی ئەم شانۆیە پرسیارکردنە لە پەیوەندی نێوان نمایشکەران و بینەران و بەرپرسیارەتی نێوانیان و شوێنی ڕوودانی شانۆگەرییەکە و ڕێگە جیاوازەکانی حیکایەتخوان و گرنگی و بایەخی حیکایەت و پرسیاری ئەوەی ئایا کارەکتەر بوونی هەیە؟ ئەم پرسیار و سۆراخانەی شانۆی ئەزموونگەری لەمێژە لەلایەن شانۆی باوەوە پشتی تێکراوە. سەرباری ئەمانەش شانۆی ئەزموونگەری کرێکاریی ڕووی دەمی لە چینی کرێکار و ئایدیۆلۆژی مارکسیزم و کۆمۆنیزم بووە.




ڕێپێوانی بێکارانی شاری ڤانکووڤەر لەسەر شەقامی هەیستینگز کاتێ بەبەردەم هۆڵی شانۆی ئیمپرێس تێدەپەڕن لەحوزەیرانی ١٩٣٨

## شانۆی میللی و پەیوەندی بەشانۆی ئەزموونگەری کرێکارانەوە

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، شانۆی کرێکاریی تا دەهات لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکانی کۆمەڵگای کەنەدی و پارسەنگی هێزە چینایەتییەکان ئەویش بەرەو کەنارگیریی ڕۆیشت دیارە لەڕووی تییۆرییەوە، بەڵام لەڕووی پراکتیکەوە مەیدانی چۆڵ نەکرد. گوتاری ئەو بزووتنەوەیە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات و شانۆی میللیی جێی شانۆی کرێکاریی گرتەوە. لەدەیەی سییەکان مۆدێرنیزمی شوشیالیستی بەردەوام بوو لەگەشەکردنی خۆی بە ئیحتیکاک و دەست و پەنجە نەرمکردن لەگەڵ بزووتنەوەی ناسیونالیزمی

کەنەدی کەلەساڵەکانی دواتردا ئەم دوو بزووتنەوەیە تێکەڵاوی یەکتر بوون. ئەم ئاڵوگۆڕە دەرئەنجامی ئاڵوگۆڕێک بووە لە ڕەوتی سیاسی کۆمەڵگە و جیهانبینی سیاسی و ئایدیۆلۆژی حیزبە کۆمۆنیست و کرێکارییەکان. بۆیە دەبینین کاتێ قورسایی بۆچوونی حیزبی کۆمۆنیستی کەنەدی لەسەر شۆڕشی پرۆلیتاریایە، نووسین و خوڵقاوە ئەدەبی و هونەرییەکانیش هەمان ڕەنگدانەوەیان هەیە و کاتێکیش حیزبەکان دیدگای سیاسیان دەگۆڕێت و لەبری شۆڕشی پرۆلیتاریا دەیانەوێ زۆرترین ژمارە لەئەدیب و هونەرمەند لەناو بازنەی (خەبات لەدژی فاشیزم) کۆبکەنەوە، ئەوسا ڕەنگدانەوەی ئەم دیدە پۆپۆلیستییە بەبەر هەمەکانەوە دەردەکەون. ئیتر لەو خاڵەوە لەبری جەغدکردنەوە لەسەر میتۆدی کرێکاریی لەبواری شانۆ، دەبینین جۆرێکی تر لەشانۆی سیاسی دێتە ئاراوە کەنزیکایەتی زۆری لەگەڵ خەڵکدا هەیە. ئەم جۆرە شانۆ سیاسییە بەشانۆی میللیی ناوزەدکراوە. شانۆی میلیی (Popular theatre) لەوپەڕی پێناسەی سادەی خۆیدا یانی شانۆی خەڵک، کە بەتێگەیشتن و زمانی خەڵکەوە لەگرفت و چارەسەرەکان دەدوێت. ئەم شانۆیە؛ شانۆی خەڵکە، چونکە پەیوەستە بەهەموو خەڵکەوە نەک چینێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو. هەروەها تواناییەکانی خۆی لەخەڵکەوە وەردەگرێت و ڕەگ و ڕیشەشی لەناوترادیسیۆنی کۆمەڵگەدایە و لەهەمان کاتیشدا دەبێ واقیعی و ڕەخنەگر و ئازاد بێت (١٣). شانۆی میللی وەک درێژکراوەی بزووتنەوەی

شانۆی ئەزموونگەری کرێکاران، دەرئەنجامی ئەو ئاڵوگۆڕە بوو لەجیهانبینی و تێڕوانینی سیاسی و ئایدیۆلۆژی حیزبە سیاسییەکان. ئەم ڕەوتە ڕادیکاڵە لەشانۆ لەسەر کۆمەڵی بنەما کاری دەکرد کە پوختەکەی بەمجۆرەیە:

یەک: ئێمە شانۆ بۆ کۆمەڵگەکان و هەر لەناو ئەوانیشەوە شانۆ هەڵدەبژێرین.

دوو: بینەران دادوەرمانن.

سێ: بڕوامان بەوە هەیە شانۆ بەرینە ناو خەڵک نەک ئەوان بهێنینە لای خۆمان.

چوار: دەبێ کارەکانمان وابەستەبن بە ڕۆشنبیری میللییەوە.

پێنج: باوەڕمان وایە کارەکانمان لەگەڵ نمایشی شانۆگەرییەکان دەست پێناکەن و تەواو نابن.

شەش: باوەڕمان وایە کارەکانمان دەبێ بەزمانی خەڵک بدوێ.

حەوت: ئێمە قایلین بەوەی بەڕێزەوە بەرخورد بە شانۆی میللی کرێکاران بکەین.

هەشت: ئێمە دانی پیا دەنێین کە مەرجەکانی کارکردنمان دەبێ لەگەڵ پێویستی کۆمەڵگەکان بگۆردرێن و ئێمەش دەبێ بە نەرمی وەڵامی ئەو گۆڕانە بدەینەوە.(١٤) ئەم پرنسیپانە (بنەمایانە) نەخشەڕێگای شانۆی میللین کە کە شێوازێکی سیاسیانەی هەیە. لێرەدا ئێمە ئەوە بەڕوونی دەبینین کە هەم شانۆی کرێکاران و هەم شانۆی میللیی لەپەیوەندییەکی بەهێزدان لەگەڵ بینەر یان جەماوەر یان وەک پیتەر بروک دەڵێت «شانۆی پێویست یان خوازیار ،

ئەو شانۆیەیە کە یەک جیاوازە پراکتیکی هەیە لەنێوان ئەکتەر و بینەر، نەک جیاوازەیەکی بنەرەتی».(١٥) هەرچەند پەیوەندییەکی ورد لەنێوان شانۆی میللیی و شانۆی ئەزموونگەریدا هەیە بەڵام ناتوانین ئەم دوو جۆرە لەشانۆ لەژێر یەک سەقف و پێناسە و ناودا کۆبکەینەوە.

## دواجار

شانۆی ئەزموونگەری کرێکاریی توانی لە دوو ئاستدا کاریگەرییەکانی خۆی بە کۆمەڵگەی کەنەدی نیشان بدات. لەلایەک توانی ئاڵوگۆڕێک لە بنەما و پێکهاتەکانی شانۆ بێنێتە ئاراوە بەتایبەتی لە بوارەکانی شوێن و زمان و جووڵە و میزاج و ڕەمزو ڕەگەزەکانی تر. لەلایەکی تریشەوە توانی لەبڕگەیەکی زەمەنی لەمێژووی کرێکارانی کەنەدا ڕۆڵێکی بەرچاو و ئاشکرا ببینێت لە بەرجەستەکردنەوەی خەباتی چینایەتی کرێکاران لەدژی سەرمایەداری و لەهەمان کاتیشدا بەڕۆڵی خۆی کاریگەری هەبێت بەسەر بزووتنەوەی شانۆی کەنەدی، ئەو بزووتنەوەیەی کە لەبەردەم گەلێ پرسیاری گەورە گەورەدا هێشتا نەیتوانیوە وەڵامێکی گونجاو بداتەوە.

## سەرچاوەکان:

1-The story of union in Canada by Jack Williams 1975 p32

2-The Canadian Labour movement 1902-1960 by .Irving Abella Ottawa 1975 p, 5

٣-مێژووی شانۆی کەنەدی نووسینی ئینسکلۆپیدیای شانۆی کەنەدی-http://www.canadiantheatre.com/History-ofCanadianTheatre

٤-لێکۆڵینەوەی شانۆ لە کەنەدا ڕۆبین بێڵتسکی ئێندەرس http://journals.hil.unb.ca/index.php/tric/article/view/7488/8547

5-http://www.uwinnipeg.ca/index/research-2009-rifkind-c

٦-جۆوان سەنگستەر ..دووبارە ئەزموونکردنی فیمینیزم لەئەدەبی چەپی کەنەدی ل ٢٢٠

٧-شانۆی ئاکشن خوێندنەوە بۆ کتێبی شانۆی چەپ شانۆی کەنەدی لەسییەکانی سەدەی ڕابردوو– یادەوەری نووسینی شێرڵ گرەیس بڕوانە سایتی ئەدەبی کەنەدی/http://canlit.ca reviews/theatre_of_action

٨-شانۆی کار نووسینی تۆبی گۆردن رایەن ڕانانی شێرڵ گرەیس وەرزنامەی ڕەخنەیی ئەدەبی کەنەدی بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە http://canlit.ca/reviews/theatre_of_action

9-http://www.lib.uoguelph.ca/resources/archival_&_special_collections/collection_update/11/16af

١٠- میشیڵ ویڵڵەر یاداشکردنی دووبارە سەرنجدان لە

ڕەگەکانی شانۆی ڕادیکاڵی کەنەدی . بۆ زانیاری زیاتر بروانە
http://rabble.ca/books/reviews/2011/11/committing-theatre

١١-ناونانی بزووتنەوەکان ..دووبارە بەسەرمایەدارکردنەوەی شانۆی میللی نووسینی ئاڵن فایلود-http://gzpedmonton.org/media/transfer/doc/naming_the_movement.pdf


١٢-زانیاری زیاتر بروانە ئەم سایتەی خوارەوە یۆنیسکۆ ئاماری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە ژمارەی دانیشتوان و ڕێژەی خوێندەوار و نەخوێندەوار لەوڵاتانی جیهان.بۆ
http://unesdoc.unesco.org/images/0000/000028/002898EB.pdf

١٣-ناونانی بزووتنەوەکان ..دووبارە بەسەرمایەدارکردنەوەی شانۆی میللی نووسینی ئاڵن فایلود/http://gzpedmonton.org/media/transfer/doc/naming_the_movement.pdf

١٤- ناونی بزووتنەوەکان..دووبارە بەسەرمایەدارکردنەوەی شانۆی میللی نووسینی ئاڵن فایلود /http://gzpedmonton.org/media/transfer/doc/naming_the_movement.pdf

١٥- بۆشایی بەتاڵ نووسینی پیتەر بروک ساڵی ١٩٦٨
http://en.wikipedia.org/wiki/Experimental_theatre

# کلتوور و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەشانۆنامەی پانزە چرکەی فرانسوا ئاغشەمبوودا




لەخۆرئاواوە ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە
عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

شانۆنامەی پانزە چرکە، شانۆگەرییەکی بیست و چوار دیمەنییە و لە نووسینی فرانسوا ئاغشەمبوو کە بەزمانی فەرەنسی نووسراوە و دواتر لەلایەن بۆبی تیۆدۆری نووسەر و وەرگێڕەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئینگلیزی. ئەم شانۆنامەیەلەساڵی ١٩٩٨وەرگری خەڵاتی حاکمی گشتی کەنەدایە بۆ دراما. چیرۆکی ئەم شانۆنامەیە دەربارەی خۆشەویستی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ژیانی تاکە لەژێر بیرکردنەوەی ئیندیڤجواڵی – لیبراڵی کارەکتەرەکان کە لە سێ کارەکتەری نێر و کارەکتەرێکی مێ پێکهاتووە. کارەکتەری ماتیو ئیفلیجی مێشکی پێوەیە وەک نەخۆشییەکی بۆ ماوەیی و درێژخایەن کەلەکاتی لەدایکبوونیدا بۆ ماوەی پانزە چرکە مێشکی ئۆکسجینی بۆنەچووە. بەڵام ئەمە ڕێگری لێناکات لە بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت و هەست دەربڕین و ئەمە جگە لە پاراستنی سەربەخۆیی کەسێتی خۆی. بەڵام قورسترین شت ڕازی کردنی ئەو ئەو ئافرەتە قەشەنگەیە (شارڵت) کە خۆشی دەوێت. بۆ ئەمەش داوای پشتیوانی لە براکەی (کڵود) دەکات، کە لەوانەیە یارمەتیدەرێکی گەورە بێت بۆی. لەم دەقەدا چیرۆکی دوو برا دەبینین کە لە ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیاندا بەدوای خۆشەویستیدا عەوداڵن. یەکێکیان لە ڕووی جەستەوە و ئەویتریان لە ڕووی هەست و سۆزەوە کەمئەندامن. شایانی وتنە شانۆنامەی پانزەچرکە لە بنەڕەتدا لەسەر داوای ئەکتەر دەیڤ ڕیچەر و ئەزموونی ئەو نووسراوە کە لە واقیعدا نەخۆشی ئیفلیجی مێشکی هەبووە. ئەم شانۆنامەیە بۆ یەکەمجار لە فیستیڤاڵی

(تەنها بۆ پێکەنین) لە شاری مۆنتریاڵ لە هەرێمی کوبێک لە کەنەدا لەساڵی ١٩٩٧هاتە نمایشکردن. ساڵی ١٩٩٨ دووبارە لە کیبێک هاتەوە نمایشکردن. پاشان وەرگێڕدراوی ئینگلیزی ئەم شانۆنامەیە لە سەرتاسەری وڵاتانی کەنەدا و ئێرلەندا و بەریتانیا بردرایە سەر تەختەی شانۆ. دەیڤ ڕیچەر خۆی ئەکتەرێکی پڕ ئەزموون و پرۆفیشناڵە، بەڵام ئەم شانۆنامەیە ژیاننامەی دەیڤد ڕێچەر نییە. دەیڤ ڕیچەر بیرۆکەکەی بۆ دێت و ئەویش بیرۆکەکەی بۆ فرانسوا ئاغشەمبووی شانۆنامەنووس باس دەکات و فرانسواش ئەم دەقەی لێ دروست دەکات. ڕۆژنامەی «کالگەری سەن» ئاوا باسی شانۆنامەی پانزە چرکە دەکات « شانۆنامەی پانزە چرکەی لێوانلێو لە تاریکی و کۆمیدیایەکی ناسک دەربارەی کچە شۆخێک کە پیشەی ڕیکلامکردنە لەگەڵ کوڕێک کە پێشتر هاوڕێی سەرجێی بووە و هەروەها لەگەڵ کەسێکی تری لە ئێستادا گیرفان بەتاڵ کە ئەسپێ لە گیرفانیا سەوزەڵی خانم دەڵێ و برای ئەوکوڕە کە نەخۆشی ئیفلیجی مێشکی هەیە. ئەم چوار کارەکتەرە بەردەوام خەریکی هەڵبژاردنن دەربارەی واقیع و خەیاڵ پڵاوی، دەربارەی خەیاڵ و فەنتاسیا، دەربارەی کەسێکی تەندروست و کەسێکی خاوەن پێداویستی تایبەت، هەروەها دەربارەی ئەوەی کە شتەکان خۆیان چۆن هەن.» دواجار ماوە ئەوە بڵێین کە شانۆنامەی پانزەچرکە شانۆنامەیەکی گاڵتەئامێزە بە خەمی نامۆبوونی کۆمەڵایەتی کە لە ئەنجامی پەیوەندییە ڕووکەشەکان هاتۆتە بوون. لە شانۆنامەی پانزە چرکە چوار کارەکتەر نەخشێنەری تەواوی

دیمەن و ڕووداو و ململانێکانن. ژنێکی شۆخ و شەنگ کە خاوەن بینین و تێڕوانینێکی نوێ و پڕاوپڕە لە ژیان لەگەڵ سێ پیاو و کە لێوڕێژن لە ناتەواوی کۆمەڵایەتی. هێڵی درامی شانۆنامەکە هێڵێکی کلتووری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی هەرێمی کێبێکی فەرەنسی زمانی وڵاتی کەنەدایە لە دەیەی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو کە کار لەسەر نیشاندانی باری دەروونی خاوەن پێداویستییەکی تایبەتو پەیوەندی خۆشەویستی نێوان هەردوو ڕەگەزە نێر و مێ لە کۆمەڵگەی کەنەدیدا دەکات. من لێرەدا هەوڵ دەدەم بەکورتی لایەک لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە نێو کلتووری رۆژئاوایی کەنەدا بدەمەوە بۆ تێگەیشتن لەو پەیوەندییەی کە دەقەکەی لەسەر بنیاد نراوە.

## کلتووری رۆژئاوا و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان

پەیوەندی نێوان تاک و سیستەم پێچەوانەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کەنەدی، پەیوەندییەکی سەقامگیرە و لەسەر کۆمەڵێ ژمارەو ئامار بنیادنراوە. پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان مرۆڤەکان پێ بەپێی گەشەی زیاتری سیستەمی سەرمایەداری، زیاتربەرەو ئیندیڤجوالیی هەنگاویان ناوە. تاکەکانی ناو ئەم کۆمەڵگەیە لە دیدی سیستەمی ژیان تەنها و تەنها ژمارەو داتان. ئەمەش کاریگەری بەسەر هەست و سۆزە مرۆڤەکان هەیە. لەم وڵاتە سەربەخۆیی ئابووری تاکەکان زەمینەخۆشکەری سەربەخۆیی کۆمەڵایەتی و دووکەوتنەوەیە لە پشت بەستن بە کەسانی نزیک و خزم. نە ئەرکی منداڵە دایک

و باوکیان لە تەمەنی پیری بەخێو بکەن و نەئەرکی برا و خوشکە چاودێری کەسێکی نەخۆش یان پەککەوتە یان خاوەن پێداویستی تایبەت بکەن، بەڵکوو ئەوە ئەرکی دەوڵەت و دامودەزگا تایبەتەکانە کە بەو ئەرکە هەڵبستن و بەدڵنیاییەوە ئەمەش ڕۆڵی هەیە لە فراوانترکردنەوەی سەرزەمینی ئازادییەکانی تاک لەو کۆمەڵگەیە. پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر هەندێ بەهای کۆمەلایەتی و ئابووری و فەرهەنگی دامەزراون. بەڵام بەهای مرۆیی زۆر تۆختر لە پەیوەندییەکاندا دەردەکەوێت. بەواتایەکی تر؛ ڕێزگرتن لە ئینسان وەک بنچینەیەک لە بەرخوردی ئینسانانە بەرجەستە بۆتەوە. هەموو ئینسانەکان لە بەردەم یاسا و ماف و ئەرکەکانیان یەکسانن. بێڕەچاوکردنی ڕەگەز و ئایین و نەتەوە و زمان و ڕەنگی پێست. هەرچی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و خێزانییەکانە؛ بەهۆی کاریگەری ئابوورییەوە دووچاری جۆرێک لە شێواندن یان ساردوسڕی بۆتەوە. بۆ نموونە ئەو ڕێزەی کە دەبێ لەدایک و باوک یان برا یان کچی هاوڕێ بگیرێ، ڕەنگە بەپێی پێویست نەبێ. بۆیە زۆرجار دەبینین پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، وەک پەیوەندییەکی میکانیکی و بێگیان دێنە بەرچاو. لە شانۆنامەی پانزە چرکە گەوهەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە دوو ئاستدا خراوەتە بەرچاو. ئاستی یەکەم بریتییە لە پەیوەندییەکی مرۆیی کە لە سەر بنچینەی خۆشەویستی و ڕێز بنیاد نراوە. ئاستی دووەم ڕایەڵەی سروشتی پەیوەندی کارەکتەری نێر و مێیە کە پڕە لە هەوراز و نشێو، پڕە لە تووڕەیی و ئاشتبوونەوە. بەو پێیە دەبێ

لەو دوو ئاستەوە لەپەیوەندییەکانیان ورد بینەوە کە بە زمانێکی سادە و بازاڕی (Slung) دەربڕدراون. زمانێک کە پڕاوپڕی پەیوەندییەکانە. کارەکتەری ماتیو بەو پێیەی کە نەخۆشی ئیفلیجی مێشکی هەیە و بە پێی پێکهاتەی بایۆلۆژی و پەروەدەی خێزانی ناز بەسەر براکەی دەکات و هەوڵ دەدات بەشێک لە ئەرکە ڕۆتینییەکانی ژیانی خۆی بە براکەی بسپێرێ.

ماتیو: دەتوانی لە جیاتی من تەلەفۆن بکەی؟

کلۆد: دەی پەکی خۆت مەخە.باشە.

ماتیو: تکایە.

کلۆد: پێمخۆش نییە ئەوە بکەم. جگە لەمەش خۆت دەتوانی ئەو کارە بکەی.

## (شانۆنامەی پانزە چرکە)

ئەم پەروەدرە ناتەندروستە ماتیوی خاوەن پێداویستی تایبەت وا ڕادێنێ کە هەمیشە چەند فرسەخێک لە متمانە بەخۆوە دوور بێت. کارەکتەری ماتیو کارەکتەرێکی تێکشکاوی سایکۆلۆژییە بەوەی بۆشاییەکی گەورەی هەیە لە خۆشەویستی. بێمتمانەیی کارەکتەری ماتیو دەگەرێتەوە بۆ دۆخی بایۆلۆژی. بێمتمانەییش بۆشایی خۆشەویستی دێنێتە ئاراوە.

ماتیو: تۆ دڵنیای لەوەی کە هەست دەکەی خۆشی دەوێم؟

کلۆد: شتێکی بۆ بکە بەدڵنیاییەوە خۆشی دەوێی.

ماتیو: خۆ تۆ لەبەر خاتر من وا ناڵێی؟

کڵود: گوێبگرە، من براتم. خۆت دەزانی هەندێجار چۆن ڕقم لێت دەبێتەوە.
ماتیو: بەڵێ.
کڵود: ...بەڵام ئەمە تەنها لەبەر ئەوەی خۆشم دەوێی. وە هەرگیز لەپشتەوە خەنجەرت لێنادەم. تۆ برای منی کوڕی باش دەبێ متمانەت پێم هەبێ. خۆ من ناچم ئیشی قۆڕت پێبکەم بۆ ئەوەی دڵخۆشت بکەم.
ماتیو: سوپاس.

## (شانۆنامەی پانزە چرکە)

ئەم ئاستە لە خۆشەویستی نێوان دوو برا دەگۆڕیت بە ئیرەیی و ڕق. ئیرەییەک کە سەرچاوەکەی فەرامۆشکردنی کڵودە لەلایەن دایک و باوکییەوە. ئەمیش بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە دەکەوێتە کردنی ئەو هەڵانەی کە نابێت بیانکات.
شارڵت: کڵود، واز بێنە.
کڵود: دەتەوێ پێت بڵێم؟ ئێستا دەزانم دەبێ چی بکەم. بێکەڵکە خۆم لەگەڵ ئەو بەراورد بکەم. ئەو هەمیشە لەمن باشتر بووە. سەرنجڕاکێشتر بووە. ئێستا واز دێنم . کۆڵ دەدەم. هەمووان بێتاقەت دەکەم. دایک و باوکم نائارام دەکەم. من خۆم بەمجۆرە لێدەکەم و تۆش بەو جۆرە دەتوانی دڵنیا بی کە هەست دەکەن من هەم....لەوانەیە ئەمە بەبیرکردنەوەیەکی گەمژانە ببینی بەڵام لەوساوەی تەمبەڵ و تەوەزەل دانیشتووم و هیچ کارێک ناکەم هەست بەبوونی خۆم دەکەم. دەشێ خەڵکم بێزار کردبێبەڵام

سەرنجیانم ڕاکێشاوە. ئێستا من بەراوردێکی پێچەوانەی ئەو منداڵە بەستەزمانە، ماتیوی داماوم. دەبوایە ئەوەم بکردایەکە بەرەو سەرکەوتنم دەبات بەڵام هەموو شتەکانم زۆر بەچاکی تێک و پێکدا. بەڵێ ئەمە سەرکەوتنی منە. ژیانیخۆم تێکدا. وە مەرجت لەگەڵ ئەکەم ئێستا لەم دەقەیەدا دایک و وباوکم بیرم لێ دەکەنەوە. لەوانەیە لە ماتیوزیاتر بیرملێ بکەنەوە.مەرجت لەگەڵ دەکەم کە بیرم لێ دەکەنەوە و مێشکی خۆیان بە منەوە سەرقاڵ کردووە.» بۆچی ئەو جۆرەی لێدەرچوو. بۆ نەمانبینی کە وای لێهات؟»

## (شانۆنامەی پانزە چرکە)

بەو پێیە خوێنەر(بینەر) لەگەڵ دوو کارەکتەری لاواز ڕوو بەڕوو دەبێتەوە کە یەکێکیان شەیدای خۆشەویستی و سێکسە و ئەویتریان سێکس وەک کات بەسەربردن دەبێنێ. ماتیو لە ئەنجامی هەستکردن بە کەموکوڕییەوە کە هیج کچێک ئامادە نییە خۆشی بوێ جگە لە عەرەبانەکەی، دەیەوێ هاتنی شارڵتی شۆخ بۆ ماڵەکەیان ئەو بۆشاییە یان لاوازەیە دەروونییە گەورەیەی بۆ قەرەبوو بکاتەوە. هەرچی شارڵتە خوێندنەوەیەکی تری بۆ ماتیو هەیە. لە ڕوانگەی شارڵتەوە ماتیو کەسێکە خاوەن بۆچوون و تێڕوانین و شایانی وردبوونەوەیە. ئەم شایانی وردبوونەوەیە لای ماتیو ڕەنگێکی خۆشەویستی وەردەگرێ و دەیەوێت شارڵت خۆشی بواتێ. بۆ ئەمەش داوای یارمەتی لە براکەی دەکات کە واز لە شارڵت بێنێ. ماتیو دەیەوێ کەسێک خۆشی بواتی بەو

دۆخەی کە تێیدایە و کڵودیش بڕوای بەخۆشەویستی نییە. ئەم دوو جەمسەرە هەندێجار دژ بەیەک و هەندێجاریش سازشکارانە پێکدادانەکانی خۆیان بەدرێژایی شانۆنامەکە درێژە پێدەدەن.

## ئازادی سێکس و کۆمەڵگەی کەنەدی

سێکس و سێکسکردن لە کۆمەڵگەی کەنەدی وەک یەکێک لە ئازادییەکانی تاک و کاری تایبەتی تاک سەیر دەکرێ و تەنها ئەو تاکە بۆی هەیە بڕیار لەسەر سێکس و ئارەزووە سێکسییەکانی خۆی بدات. نە کۆمەڵگە و نە کەس و کار و نە هیچ لایەنێک مافی ئەوەیان نییە دەست وەربدەنە ناو ژیانی تایبەتی مرۆڤەکان و ئەمەش بەیاسا دیاریکراوە. بەتایبەتی لە«پەیمانی کەنەدا بۆ ماف و ئازادییەکان» کە لە ١٧ی نیسانی ساڵی ١٩٨٢ لەسەر دەستی سەرۆک وەزەرانی ئەوکاتی کەنەدا پییر ترۆدۆ هاتە جێگیرکردن و بواری جێبەجێکردنەوە. هەموو ئەو مرۆڤانەی لەسەر خاکی کەنەدا دەژین یەکسانن لە ڕووی ماف و ئەرک و بەرپرسیارەتییەوە. بەڵام لە کۆمەڵگەی کوردەواری وێنەکە بەپێچەوانەوەیە و لەوێ تاک و مافی تاک بوونی نییە و هەرچی هەیە کەوتۆتە ژێر ڕەحمەتی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و ئایینی. سێکس و کرداری سێکس کە لەوەتەی کۆمەڵگەی کوردەواری دروست بووە و ئاینەکان باڵادەستی خۆیان بەسەر ژیانی مرۆڤی کورددا سەپاندووە، بریتی بووە لە مەسەلەیەکی نهێنی و قەدەغەی داپۆشراو و بە ترس و شەرم. گەرچی لەم ساڵانەی

دواییدا ئەم پرسە گرنگە خەریکە لەژێر ئەو پەردەی ترس و شەرمە دەهێنرێتە دەرەوە، بەڵام هێشتا نەبۆتە جێگای قسەوباسی تاکی نێر و مێی کورد. واتە تا ئێستا نە یاسا و نە دەستوور و نە ماسمیدیا و نەپەروەردەی کۆمەڵایەتی نەبوونەتە پاڵپشت و پشتیوانی بەکۆمەڵایەتیکردنی ئەم پرسە مرۆییە. بەڵام کەنەدا لە مێژە ئەو قۆناغەی بڕیوە و ئەمەش ڕەنگدانەوەی بەسەر سەرجەم کایەکانی ژیانەوە هەیە لەوانە ئەدەب و هونەر. بۆیە ئێمە لەم دەقە ڕووبەڕووی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بەڵام زۆر ئاسایی(سێکس) دەبینەوە. نووسەری دەق فرانسوا ئاغشەمبوو هاتووە زیرەکانە ناخی تاکی خوێندۆتەوە و خستویەتە ڕوو. لێرەوە شارڵت هەم ئازایانە لە ڕوانگەیەکی ئینسانێکی کراوە و مۆدێرنەوە سەیری مەسەلەکە دەکات و کارەکتەرەکانی تریش هەر یەک لە ڕوانگەی خۆیان و تێگەیشتنی خۆیانەوە دەڕواننە مەسەلەکە. هەردوو کارەکتەر ڕیچەرد و کلۆد لە ڕوانگەیەکی لیبراڵییەوە و ماتیوش لە دیدێکی سایکۆلۆژی تێکشکاوەوە تێڕوانینەکانیان دەخەنەڕوو.
لە دەقی شانۆنامەی پانزە چرکە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەندێجار مرۆڤەکان دەپەستێتە گۆشەیەکەوە کە هەندێ کاری نەخوازراو و دوور لە ئارەزووی خۆی پێبکات لەپێناو دەستکەوتێکی تر. شارڵت نا ئارەزوومەندانە قایل دەبێ بە ماچکردنی ماتیو لەپێناو ڕزگاربوونی لە دەست ڕیچەرد. لەولاشەوە ڕیچەرد کەپێشتر هاوڕێی سەرجێی شارڵت بووە، دەیەوێ دان بە هەڵەکانی خۆی لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتی و

سێکسییەکانی لەگەڵ شارڵت دا بنێ و ئەو کچە شۆخە بگێڕێتەوە بۆ خۆی. بەڵام بەکارهێنانی هەموو هەوڵەکانی و دوای نائومێد بوون، داوا لە شارڵت دەکات ماتیو ماچ بکات. لێرە پەیوەندییە درۆییەکانی ڕیچەرد و سوێند و پەیمانەکانی دەگەنە چڵەپۆپە .

شارڵت: باشە پەیمان دەدەی جارێکی تر چارەت نابینمەوە؟

ڕیچەرد: ئەی خوایە ئەوە بەڕاستی ئەو کارە دەکەی؟

شارڵت: پەیمان دەدەی؟

ڕیچەرد: دەبێ گەلێ ڕقت لە بێ شەرمیم ببێتەوە کە ئەم کارە دەکەی، وایە؟

شارڵت: پەیمان دەدەی؟

ڕیچەرد: باشە پەیمان دەدەم.

شارڵت: زۆر باشە.

(شارڵت ماتیو ماچ دەکات و بە شانازییەوە ئاوڕ لە ڕیچەرد دەداتەوە)

## (شانۆنامەی پانزە چرکە)

ئەم پەیوەندییە لووتکەی ساختە و درۆی خۆشەویستی ڕیچەرد دەرهەق بە شارڵت دەردەخات. دیارە لە کۆمەڵگەیەکی کراوەی وەک کەنەدا؛ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنچینەی ئارەزوو و خواستی هەردوو ڕەگەز دادەمەزرێت. فشار لەسەر هەر لایەنێک لادانە لە بنەما و بنچینەکانی مافی مرۆڤ و ئازادییەکانی تاک لە کۆمەڵگەی کەنەدی. وەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا لە کەنەدا ژنان و

پیاوان ئازادن لە هەڵبژاردنی هەر کەسێک کە ژوانیان لەگەڵ دەبەستن یان پەیوەندی سێکسی لەگەڵدا ئەنجام دەدەن. بەم پێیە مرۆڤەکان لە کەنەدا ئەم مافەیان بە یاسا بۆ پارێزراوە و دەقی شانۆنامەکەش دێت لەسەر ئەم بنمایە لەو کەموکوڕییانە دەدوێت کە لە گۆشە و کەنارەکانی ئەم وڵاتە بەرچاو دەکەون. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە ژنان دووچاری هیچ ستەم و زۆرێک نابنەوە، بەپێچەوانەوە ژنان بەردەوام لەژێر هەڕەشەی ستەم و نایەکسانین بە تایبەتی لە لایەن ڕەگەزی نێرەوە. ئەمەش جێی باسکردنی ئەم وتارەمان نییە.

## ئاستەنگەکانی کلتووری ڕۆژئاوا لەبەردەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان

### ڕیجنالیزم یان هەرێمگەرایی

کلتووری ڕۆژئاوا کلتوورێکی کراوەی خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی. کلتووری کەنەدی گەوهەر و سیمایەکی فرەیی هەیە و ستراکتۆری کلتووری کۆمەڵگەکەش مەڵتی کەڵچەریزم یان فرە کلتوورییە. میللەتە جیاجیاکان هەڵگری داب و نەریت و کلتووری خۆیانن و ئەمەش کاریگەری هەیە بەسەر ژیانی مرۆڤەکان و ناتوانن ئەو پەیوەندییانە لە ئاستی دیاریکراو و داواکراو ڕابگرن. ئەمەش کۆمەڵێ بۆشایی لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دروست دەکات و ڕێگری لەو پەیوەندییانە دەکات تا بەئاقاری دروستی خۆیاندا بڕۆنە پێشەوە. فرەکلتووری کاریگەری هەیە بەسەر

ئینتمای تاک. تاکەکان لەبری ئەوەی وابەستە بن بە کلتووری زاڵ، دێن دەست دەگرن بە کلتوور و باکگراودنەوە کە ڕوحی ئینتما دەکوژێت و مرۆڤەکان دەکاتە کۆیلەی پاشخانە دواکەوتووەکان. دەوڵەتی کەنەدا لە ڕێگەی یاسای فرە کلتووری بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٩٧١ دا لە هەوڵی ڕێکخستنی ئەو لایەنەی ژیانی کۆمەڵگە بوو. ساڵی ١٩٨٨ ئەم یاسایە مافی کەنەدییەکانی لە پێناسە بە کلتووری کەلەپوور بەفەرمی ناساند. گۆشەنیگا و دیدی فرەکلتووری وەک هاری هیللەر باسی دەکات ئایدیۆلۆجیایە، وەک چۆن ئایدیۆلۆجیا ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت، فرەکلتووریش بەو جۆرە دەگۆڕێت و ئاڵوگۆری بەسەردا دێت. ئێمە لە شانۆنامەی پانزە چرکەی فرانسۆ ئاغشەمبوودا؛ گەرچی ڕووبەڕووی چوار کارەکتەری کەنەدین بەڵام بێئاگاین لە باکگراوندی کارەکتەرەکان، بێئاگاین لە ئایین و ڕۆڵی ئایین، بێئاگاین لە کاریگەرییەکانی خێزان و هەژموونی باوکسالاری خێزان. ئەمانە هیچیان لە دەقی شانۆنامەکە بوونیان نییە و تەنانەت سێبەرەکەشیان نابینرێت. لەلایەکی تریشەوە ناسیونالیزم یان بڵێین هەستی میللی وە بەتایبەت لای فەرەنسی زمانەکان لە وڵاتی کەنەدا ڕۆشنتر هەست پێدەکرێ و بەتایبەتیش لە هەرێمی کێبێک لە دوو دەیەی ڕابردوو چەندین هەوڵی سیاسی جیددی هاتە ئاراوە لە پێناو کردنی ئەو هەرێمە بەدەوڵەتێکی سەربەخۆ. بۆ ئەم مەبەستەش لە ساڵی ١٩٨٠ ڕیفراندۆمێک سازکرا بۆ جیابوونەوە، بەڵام دەنگی پێویستیان بەدەست نەهێنا. هەرچۆنێک بێت لە دوای جەنگی ئەهلی نێوان هەردوو

داگیرکەری فەرەنسی و ئینگلیزی لە سەدەی شانزەوە تا ئەمڕۆ جۆرە ڕقەبەراتییەک بوونی هەیە و زۆر جار لەبۆنە جیاوازەکان ئەو ڕقە دەتەقێتەوە.
شارڵت: ئینجا ئینگلیزیکان هەستیان بە ڕقەبەرێی کێبێکییەکان کرد.
کلۆد: ئینجا ئەو دوو کۆمەڵەیە لێک نزیک کەوتنەوە و ڕوو بەڕووی یەکتر وەستان.
شارڵت: ئێمەش لەوێ کەوتبووینە نێوان ئەو دوو گروپەوە.
کلۆد: پاڵیان بە خەڵکەکەوە دەنا تا ڕێی خۆیان بکەنەوە...پاشان نازانم دروست چی ڕوویدا. نازانم بەهۆی گیرخواردنی پاسەکەوە بوو،چی بوو، بەڵام هەموو خەڵکەکە تووشی هستریا ببوون لە جیاتی ئەوەی ناوبژییان بکەن و بکەونە بەینەوە، هاواریان دەکرد(وەک هاندانی یاری هۆکی) بۆ پێشەوە کێبێک..بۆ پێشەوە.
شارڵت: ئەوە زۆر بێعەقڵانە بوو.
کلۆد: ئەو گەمژانەی لە یاریگاکەوە هاتبوون چەقۆت لێبدانایە خوێنیان لێ نەدەهات. ئینگلیزیکانیش شێت و هار ببوون و دووکەڵ لەکونە لووتیانەوەدەهاتە دەرەوە. دواجار گەیشتن بەیەک و کەوتنە پیاکێشانی سەروپۆتەڵاکی یەکتر.

## (شانۆنامەی پانزە چرکە)

بەم پێیە دەبینین هەستی میللی تواوە لە نێو کلتووری کەنەدا چۆن مۆری خۆی لە ژیانی مرۆڤەکان دەدات. دەبینین لەگەڵ ئەو هەموو پێشکەوتنەشدا هێشتا کاریگەرییەکانی دەمارگیری ناسیونالیستی

لە هەناوی گۆمەڵگەدا کاری خۆی دەکات. بە تێگەیشتنی من جگە لە هۆکاری مەڵتی کەڵچەریزم، هەرێمگەرایی یان ڕیجناڵیزم (Regionalism)یش ڕۆڵی هەیە لە زیندوو هێشتنەوەی ئەم دەمارگیرییە. ڕیجناڵیزم لە هەرێمی کێبێک (ئەو هەرێمەی کە دەقەکە و نووسەرەکە) ئینتمایان بۆی هەیە، پرسێکی سیاسی گرنگ و چارەنووسسازە. ئەمەش زیاتر لە تێڕوانین و بەرنامە و بۆچوونە سیاسییەکانی حیزبە سیاسییەکانی ئەو هەرێمە بەدەردەکەوێ، بەتایبەتی لەپرسی جیابوونەوە لە وڵاتی کەنەدا و چوونەوە بۆ باوەشی دایکی گەورە(فەرەنسا). ڕۆشنیشە هەرێمگەرایی؛ نێگەتیڤانە ڕووبەڕووی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤەکانی کۆمەڵگەی کەنەدی دەبێتەوە. دواجار شانۆگەری پانزە چرکە سەرباری نیشاندانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئیندیڤیجواڵ – لیبڕاڵی تاکەکان، سەرباری پەنجەخستنە سەر دۆخە تایبەتەکانی ژیانی مرۆڤی کەنەدی، هەوڵێکە بۆ ئاوڕدانەوە لەو وێنە ئاسایی و تایبەتییانەی کەڕۆژانە بەتەنیشتمانەوەن و دەیانبینین، بەڵام هەستیان پێناکەین.

**ئەو سەرچاوانەی لە ئەم کورتە نووسینە سوودم لێ بینیون:**

1-Seconds play by Francois Archambault 15
Translated by Bobby Theodore Canada 1998
2-Social Culture and Relationship in Canada
Dalhouse Universty Cadana
http://hrehp.dal.ca/Files/Harassment/Socialculture%20updated%20.pdf

# دەربارەی نووسەر و وەرگێڕی

# شانۆنامەی پانزە چرکە



لەخۆرئاواوە ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە



عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ)

شانۆنامەنووس و سیناریستی هاوچەرخی کەنەدی فرانسوا ئاغشەمبوو؛ لە سیانزەی شوباتی ساڵی ١٩٦٨ لە شاری مۆنتریاڵ لەهەرێمی کوبێک لە کەنەدا لەدایکبووە. خوێندنی فەرەنسی لە زانکۆی مۆنتریاڵ و دبلۆم لە نووسینی شانۆنامە لە قوتابخانەی شانۆی نەتەوەیی لە کەنەدا لە ساڵی ١٩٩٣ بەدەست هێناوە. لە نێوان ساڵی ١٩٨٩ – ١٩٩٨ دوانزە شانۆنامەی نووسیوە ئەمە جگە لەوەی بەشداری حەوت نووسەری تری کردووە لە نووسینی کتێبەکانیان. فرانسوا بەو پێیەی ساتیریستێکی کۆمەڵایەتییە، ناو و ناوبانگی خۆی بەرجەستە کردۆتەوە. فرانسوا زیاتر لە پانزە شانۆنامەی نووسیوە و ئەم بەرهەمانەی وەرگێڕدراونەتە سەر ژمارەیەک لە زمانە زەندووەکانی جیهان. فرانسوا جگە لە بواری شانۆ، لە بوارەکانی نووسین بۆ تەلەفیزیۆن و ڕادیۆش چالاک بووە. لە بەرهەمە چاپکراوەکانی فرانسوا ئاغشەمبوو هێڵێ خێرا» و « براوەکان» و « پانزە چرکە» و «کۆمەڵگەی بەتاڵ» و «تۆ یادم دەکەی» و هەروەها ڕۆمانی «کۆدی ٩٩» و گەلێ بەرهەمی ترە. هەرچی وەرگێڕی ئینگلیزی ئەم شانۆنامەیە (بۆبی تیۆدۆر) ی وەرگێر و نووسەر دوای وەرگێرانی شانۆنامەی پانزە چرکە، نزیکەی دوانزە شانۆنامەی تری فرانسوا ئاغشەمبووی وەرگێراوە. تیۆدۆر لە شاری مۆنتریاڵ لە کەنەدا لە دایکبووە و دەرچووی قوتابخانەی شانۆی نەتەوەیی کەنەدایە و یەکەم کاری وەرگێڕانی لەفەرەنسییەوە بۆ ئینگلیزی شانۆنامەی پانزەچرکەی فرانسوا ئاغشەمبوو بوو. دوای بەخشینی خەڵاتی حاکمی گشتی وڵاتی کەنەدا بەم شانۆنامەیە، بۆبی تیۆدۆر هەستا بە وەرگێڕانی زیاتر

لە دوانزە شانۆنامەی فرانسوا ئاغشەمبوو و کاری هەندێک لە شانۆنامە بەهرەمەندەکانی هەرێمی فەرەنسی زمانی کوبێک وەک جینیڤا بلێتە و نەتالی بۆیسڤێرت. شایانی باسکردنە بۆبی تیۆدۆر خۆیشی لە ساڵی ٢٠٠٠ وەرگری خەڵاتی حاکمی گشتی وڵاتی کەنەدایە لە بواری وەرگێڕان. بۆبی تیۆدۆر ئێستا لە ڕێکخراوی شانۆنامەنووسانی کەنەدی دامەزراوە و کار دەکات.

**دوو تێبینی:**

یەک: ئەم کورتە بایۆگرافییە لە ئەنتەرنێتەوە لە لایەن وەرگێڕی کوردییەوە ئامادەکراوە و وەرگێڕدراوە.

https://www.thecanadianencyclopedia.ca/en/article/francois-archambault

دوو: ئەم بابەتە وەک پێشەکی تایبەت بە شانۆنامەی پانزەچرکە نووسراوە و ئامادەکراوە.

# تراژیدیای جەنگ لە شانۆگەری «دڵی سەرباز»دا «دەیڤد فرێنچ» و بە شانۆکردنی مێژوو



**کورتەیەک دەربارەی شانۆگەری «دڵی سەرباز»**

لە شانۆگەری «دڵی سەرباز»دا عیسا لە میانی کوڕە شانزە ساڵانەکەی «یاقوب» کە لەسەر سۆشتەی وێستگەی شەمەندەفەر بە خۆی و جانتاکەی و بلیتی یەک سەرەوە لە چاوەڕوانی سەفەردایە، ئاوڕ لە ڕابردوو دەداتەوە. «عیسا» کە جەنگاوەرێکی جەنگی جیهانی یەکەم بووە بەپەلە خۆی دەگەیێنێتە وێستگەکە تا کوڕەکەی ڕازی بکات کە ماڵ جێنەهێڵێ. ئەم جەنگاوەرە لەو ڕۆژەوەی کە لە جەنگ گەڕاوەتەوە ناتوانێ باسی ڕووداوەکانی ڕۆژانی شەڕ بکات. سەرەتا «عیسا» بە زمانێکی پڕ لە نیگەرانی و نادڵنیاییەوە دەربارەی (براکەی وێڵ) و هاوڕێکانی دەدوێت سەبارەت بە مەشقی سەربازە لە سکۆتلەند و گالیپۆلی و پاشان دێتە سەر شەڕ لە «سۆم».

عیسا سەرەتا خۆی لە پرسیارە قووڵ و بێئارامەکانی کوڕەکەی دەپارێزێ و بێئاگایی خۆی لەو پابەندبوونە ئەخلاقییە ڕادەگەیێنێ سەبارەت بەو پەیمانەی کە لەیەکەم ڕۆژێ گەڕانەوەی لە ئەوبەری ئۆقیانووسەکانەوە بە«یاقوب»ی داوە. دواتر وەڵامەکانی پەل دەهاون بۆ چیرۆکی شانازی و گەمژەیی و تووڕەبوون و نائومێدی تا دەگاتە نەخشاندنی وێنەی مرۆڤێک کە بە غەریزەیەکی ئاژەڵیی کوێرانە لە هەوڵی ڕزگار بووندایە. ئەمە ئەو وێرانکردن و توندوتیژییەی ناو شانۆگەری «دڵی سەرباز»ە کە دواجار باوک و کوڕەکە بەیەک شاد دەکاتەوە.

## تراژیدیای جەنگ

جەنگ، تراژیدیا، مەرگ ئەو هاوکێشەیەیە کە «دەیڤد فرێنج»ی شانۆنامەنووسی کەنەدی لە شانۆگەری «دڵی سەرباز»دا درامایەکی لێ ئەخوڵقێنێ کە کاریگەرییەکەی هێندە بەقووڵی ڕەگ دادەکوتێ لە ڕێگای کارەکتەرەکانەوە بەرەو ناخی خوێنەر-بینەر ڕۆدەچێ. هێڵە درامییەکان هێندە چڕوپڕ تەنراون کەلەڕێگەی وەیادهێنانەوە و فلاش باکەوە تەواوی ڕووداوەکانی هەشت ساڵی پێشتر و بەتایبەتی ڕۆژانی نۆ و دەی پووشپەڕی ١٩١٦ دێنێتە بەر دیدەی خوێنەر-بینەر. ئەم چنینە درامییە لە سەر سەرسەختی و پێداگری «یاقوب مێرسەر»ەوە بەرجەستە دەبێت. دەیڤد فرێنج لە ڕێگەی شانۆگەرییەکانییەوە کە دواتر قسەیان لەبارەوە دەکەین، ناووناوبانگێکی لۆکاڵی و جیهانی وا پەیدا دەکات کە ئیتر بۆ هەر ڕەخنەگرێکی شانۆی کەنەدی- ئینگلیزی کە بیەوێت لەسەر بزووتنەوەی شانۆی کەنەدی بدوێت، ناتوانێت بەسەر دەیڤد فرێنج دا باز بدات و فەرامۆشی بکات. ڕۆژنامەی»گلۆب ئەند مەیڵ» دەنووسێت « هەر کە باس دێتە سەر نووسینی شانۆ، دەیڤد فرێنج لەوانەیە لەهەموو کەسێک زیاتر ناسراوتر بێت لە ئەدەبی ئینگلیزی کەنەدی»(١). بەرهەمەکانی دەیڤد سنووری کەنەدا و ئەمریکای باکوور دەبڕن و لەسەر شانۆکانی وڵاتانی کیشوەرەکانی ئەمریکای باشوور و ئەورووپا و ئوسترالیاش دێنە نمایش. تەوزەفی مێژوو لە دراما ی «دڵی سەرباز» و گێڕانەوەی بەشێك لە مێژوو و کارەساتی جەنگی کاولکاری جیهانی یەکەم لە

ڕێگەی گێڕانەوەوە و بەشداریکردن لە داڕشتنی ڕێگای گەڕانەوە و نائومێدی و بێهیوابوون لەبەردەم تەواوی ئاسۆکانی ژیان، هێمایەکە بۆ شارەزایی و توانایی نووسەر. هەرێمی نوفنلاند کە ئەوسا هەرێمێک بووە سەربەخۆ لەکەنەدا و وەک بەشێک لە وڵاتی بەریتانیا، دەبوایە لەو جەنگەدا بەشدار بێ و ئەمیش بەدەوری خۆی لە سەرکەوتن و شکستەکاندا پشکی بەرکەوێ. دەیڤد لە شانۆگەری (١٩٤٩) دا وردتر لەسەر ساڵی ١٩٤٩ وەکو ساڵێکی مێژوویی لەپەیوەستبوونی نوفنلاند بە کەنەداوە دەدوێت. شانۆگەری(دڵی سەرباز) کە لە ڕواڵەتدا سادە و ساکار و بە سێ کارەکتەر چنراوە (عیسا مێرسەر ،یاقوب مێرسەر، بێرت تایلەر)، بەڵام لەناوەڕۆکدا دەوڵەمەندە بەو ئەندازەیەی کە کارەکتەرەکان بەبێ ئەوەی لێکدابڕێن، یان جیاوازە بیرکردنەوەیان هەریەکەیان بەرەو ئاقارێکی جیاواز ببات، یەکانگیرانە لەدەوری تەوەرەیەکی بنەڕەتی دەخولێنەوە، ئەویش جەنگە کە مۆری خۆی بەسەر ژیانی هەر سێ کارەکتەرەکە و تەواوی کۆمەڵگەوە ناوە. «دەیڤد فرێنج» لەم شانۆگەرییەیدا دەیەوێت ئەوەمان پێبڵێت کە کاریگەرییەکانی جەنگ هەر کۆمەڵێ مەودای ئابووری و سیاسی نییە،بەڵکو لەڕووی سایکۆلۆژییەوەش کاریگەرییەکەی لە گۆشەگیری و بێدەنگ بوون و ماتی و بێئومێدی و تەنانەت تا ئاستی شێتبوونیش درێژ دەبێتەوە.

یاقوب: خۆت باش دەزانی پێی خۆش نییە دەربارەی جەنگ بدوێ، تەنانەت بۆ دایکیشم باسی ناکات.

زۆر هەوڵم لەگەڵی داوە بیهێنمەگۆ، بەڵام هیچ کەڵکی نییە.
بێرت: ڕاستە، زۆر لەپیاوان خۆشییان بەو باسانە نایەت.
یاقوب: بەڵام تۆ باسی ئەکەیت.
بێرت: بەڵێ، کەقسەی لەبارەوە دەکەم، ئیسراحەت دەکەم.
یاقوب: لەوانەیە باوکیشم بەوە ئیسراحەت بکات. لەوانەیە؟ (دواتر) لەوانەیە بێرت؟

ئەم کاریگەرییە لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا وەکو نەخۆشی درمی وایە و ڕەنگدانەوەی لەسەر ژیانی دەوروبەر بە ئاشکرا هەست پێدەکرێت. کاریگەری جەنگی جیهانی یەکەم لەسەر «عیسا مێرسەر» بەجۆرێکە کە تووشی جۆرێک لە گۆشەگیری و تەنیایی کردووە کە هەرچەند دەکات مۆتەکەی کوشتنی براکەی «وێڵ» بەسەر سەریەوەیە و وازە لێناهێنێت. تا کار دەگاتە سەر ئەوەی لەژیان بێزار بێت.

یاقوب: چۆن بزانین؟ تۆ ڕۆژ نا ڕۆژێکیش دوو قسە بۆ ئێمە ناکەی.

لێرەشەوە «یاقوب مێرسەر» تووشی سەرچڵی و یاخیبوون بووە لەئەنجامی هەستکردن بە تەنیایی و فەرامۆشکردنەوە لەلایەن باوکییەوە. دەرئەنجام ئەم کاریگەرییە سایکۆلۆژییە هێندە پەرەدەستێنێ کە خەریکە ببێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی خانەوادەی «عیسا مێرسەر».لە ناوقەدی شانۆگەرییەکە بەدواوە هەست

دەکەیت میزاج (Mood )ی «عیسا» ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت. هەست دەکەیت وا عیسا لە قاوغی خۆی دەچێتە دەرەوە و ڕەها لە بێئومێدی و ئازاد لەو ئازارەی کە لە هەشت ساڵی ڕابردوودا پێوەی تلاوەتەوە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی وشیارکردنەوەکانی «بێرت» ی هاوڕێی دەکەوێتە گێرانەوەی تەواوی بەسەرهاتەکانی ڕۆژی دەی پووشپەڕ. میزاج لە شانۆگەرییەکە لە یەکەمین دیداری نێوان «یاقوب» و «بێرت» دەردەکەوێ، بەڵام لەیەک ئاستدا نامێنێتەوە، بەڵکو میزاج لە چەندین ئاستی جیاوازدا خۆی دەنوێنێ. وەکو نزم، بەرز، باڵا.میزاج سەرەتا لەسەر ڕیتمێکی نزم و نەرم دەڕوات و دواترپێ بە پێ لەگەڵ چوونەسەری ڕێژەی ڕووداوەکان و بەرز و نزم بوونەوەی هەست و سۆز، ئەمیش بەرز دەبێتەوە و لە کۆتایشدا دێتەوە ئاستی نزم.

میزاجی نزم---میزاجی مامناوەندی---میزاجی باڵا---میزاجی نزم

جۆری میزاج لە«دڵی سەرباز»دا توند و پڕ لە هەڵچوون و سەرکێشییە.تەنانەت کارەکتەرە ناسەرەکییەکانیش پابەندبوونی خۆیان بەم میزاجەوە نیشان دەدەن تەنها (خاتووسەیدی) خێزانی «بێرت» نەبێت کە ئەم هاوکێشەیە نایگرێتەوە، هۆیەکەشی بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئارامی دەروونی «بێرت» ی هاوسەری. ئەتمۆسفیر لە «دڵی سەرباز»دا لێوانلێوە لە ترس و شانازی و تەژیە لە بێڕەنگی. شانازی و ترس بە تەواوی سێبەریان خستۆتە سەر ئەتمۆسفیری شانۆگەرییەکە و لەڕێگەی دایەلۆگی کارەکتەرەکانەوە و لە دوو

تویی ڕسته و لەپەنای وشەکانەوە ئەو ترس و شانازییە دەبینرێن. دوو ترس لەم شانۆگەرییە ئاوێتەی یەکتر دەبن. یەکێکیان ترسە لە شەڕ و تۆقینە لەمردن. ئەوی تریشیان ترسە لە لەدەستدانی (کوڕ، برا، باوک، مێرد).

## بێرت: من خەریک بوو خۆم پیس بکەم.

ئەم دوو ترسە کەشوهەوای شانۆگەرییەکە ڕەنگڕێژ دەکەن بەدیمەنگەلێکی خۆڵەمێشی. بۆیە سەرلەبەری شانۆگەرییەکە ڕەش و سپییە پێش ئەوەی هیچ ڕەنگێکی تر بتوانێ هەژموونی خۆی باڵادەست بکات. لەپاڵ ڕەش و سپیشەوە جاروبار دەیڤد ڕەنگی سوور و شین و سەوز یان زەردمان نیشان دەدات.بەڵام ئەم ڕەنگانە لە دوو دێری وتووێژێک زیاتر تێپەڕ ناکەن. سەرباری ئەمەش ئەتمۆسفیر لەیەکانگیرییەکی بەهێز دایە لەگەڵ ڕەنگ و شوێنکات. شوێنکات لە شانۆگەرییەکە بەم جۆرەیە: شوێن سۆشتەی وێستگەی شەمەندەفەری(بەی ڕۆبەرتس ە)، کاتیش شەوە. ئەم تاریکییە حوکمڕانی ئەتمۆسفیری شانۆگەرییەکە دەکات تا کۆتایی. تاریکی کە ڕەگەزە ڕەنگی ڕەش تیایدا باڵادەستە، لە ئاوێتە بوونێکی ئۆرگانیکی دایە لەگەڵ ترس و نائومێدی و پەشیمانی، لەگەڵ برینە سارێژنەبووەکانی «عیسا و بێرت و یاقوب».بۆیە ئەگەر شوێنکاتی شانۆگەری «دڵی سەرباز» پارکێکی سەوز بوایە،یان کەنار دەریایەکی شینی جوان بوایە، ئەوا نووسەر نەیدەتوانی بەم سەرکەوتووییە کەشی لەبار بخوڵقێنێ و ئامانجەکەی بپێکێ.

هەرچی شانازیشە وەکو کۆنسێپتێکی سیاسی-کۆمەڵایەتی لەنێو ئارگیومێنتەکانی دڵی سەرباز دا ئامادەییەکی بەهێزە هەیە، وەکو شانازی گیانفیداکردن لەپێناو بەریتانیا، شانازی بەشداریکردن لە جەنگ و بەدەست هێنانی ئەزموونی شەڕ و شاهێد بوون بەسەر قەسابخانەیەکی بێوێنە لە مێژووی مرۆڤایەتی.
بێرت: یاقوب،لەوانەیە بەو پەڕی سادەییەوە خۆی نەیویستبێ ڕزگاری ببێ. گوێبگرە، مەمکەرە قارەمان. قارەمانی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە نەگەڕایەوە.وەکو مامە «وێڵ»ی ئێوە.

«عیسا» وەک جەنگاوەرێکی کۆن و ڕزگار بووی ئەو جەنگ و نەهامەتییە، شانازییەکانی بەدرێژایی شانۆگەرییەکە نمایش دەکا و بەردەوام خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە. «عیسا» کوشتنی براکەی و هەزاران سەربازە تر دەخاتە ئەستۆی ئەڵمانیا،نەک جەنگ!. ئەم دیدگا و تێروانینە ئاو لە ناسیۆنالیزم دەخواتەوە و لەهەمان کاتیشدا بازدانە بەسەر کۆمەڵێ فاکتەری واقیعی هەڵگیرساندنی جەنگ و بەرژەوەندییە ئابووری و سەربازەیەکانی ئەو کاتەی بەریتانیا و ئەڵمانیا لەدابەشکردنی جیهان و دەستگرتن بەسەر سامانە سروشتییەکان و ئاو و خاک و فەراهەمکردنی بازاڕ بۆ کاڵا بەرهەم هێنراوەکانیان و دابینکردنی هێزە کاری هەرزان.

## کارەکتەرە نادیارەکان(ناسەرەکییەکان)و ستایڵی شانۆگەرییەکە

کارەکتەر، بریتییە لە هەر کەسێک یان شتێک کەلە بەرهەمێکی ئەدەبی یان هونەری لە چنینی خەیاڵەوە لەڕێگەی نووسەرێک یان دانەرێکەوە هەر کەسێک یان قەوارەیەک لە جیهانی داهێنانی نووسەرێکەوە دەردەکەون. وردتر بڵێین کارەکتەر هەر تەنها مرۆڤ ناگرێتەوە، بەڵکو ئاژەڵ،مەخلوقاتی ئاسمانی،خواوەند و هەر کەس و مەخلوقێکی میتۆلۆژی تر.(٢)

کارەکتەر شانبەشان لەگەڵ گرێچنە و شوێنکات و مەبەست و ستایڵ ڕۆڵێکی شیاو دەگێڕێ لە دەق. کارەکتەر بە هەموو جۆرەکانییەوە (کارکردە، گۆشەنیگا، ناسراو نەناسراو، وەستا و جوڵە، سەرەکی و ناسەرەکی...تاد) لەخزمەت دەقدا دەتوانرێت سوودی لێببینرێت و نووسەری بەتوانا دەتوانێت لە کاتی گونجاودا کۆمەڵێ ئەرکیان پێبسپێرێ. دەیڤد فرێنج زیرەکانە هەوڵی داوە چەند کارەکتەرێکی نادیار(ناسەرەکی) لە شانۆگەرییەکەی بەرجەستە بکاتەوە. (ڕاشێڵ ـ دایکی یاقوب، خاتوو سەیدی هاوسەری بێرت،ئەفسەر کێلی، وێڵ مامی یاقوب، ڕوبی و عەریف ئەنگز....تاد.)گرنگی ئەم کارەکتەرانە لەوەدایە لەلایەکەوە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە کارەکتەرە ئەسڵییەکانی شانۆگەرییەکەوە هەیە و لەلایەکی تریشەوە کۆمەڵە ئەرکێکی تریان لەسەرشانە کە ڕوونکردنەوە و ڕۆشنکردنەوە یان پێکەوە لێکگرێدانی ڕووداوەکانە بەتایبەتی «وێڵ» کە ئامادەییەکی گەورەی لە نەستی «عیسا» دا هەیە. بوونی ئەم کارەکتەرە نادیارانە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ

لەخزمەت کاراکتەرە ئەسڵییەکان و گرێچنەی شانۆگەرییەکەن. بوونی (خاتوو سەیدی) لەفەراهەمکردن و ئاسایی کردنەوەی ژیانی پاش جەنگ و زەمینەیەکی لەبار بۆ «بێرت»،بوونی دایکی یاقوب لەسەرپەریشتیکردنی یاقوب و عەتف بەخشین و تەنانەت جێگرتنەوەی «عیسا» لە سۆز بەخشین بە کوڕەکەی و هەروەها یارمەتی دانی «عیسا» لەکاروباری ژیان و خێزاندا، ئەفسەر کێڵی دەرخستنی هەندێ سەرەداو و ڕاستی بۆ «یاقوب» سەبارەت بە ڕۆژە تاریکەکانی جەنگ و خەونەکانی مرۆڤ لەژێر ڕەهێڵەی گولله،ئەمە بێجگە لەوەی کە «وێڵ» وەک تارماییەک سێبەری خستۆتە سەر تەواوی دەقەکە.دەیڤد فرێنج لە پانتایی دەقەکەوە هەڵدەستێت بە دابەشکردنی وزە و توانایی بەسەر کارەکتەرەکان کە نادیارەکانیش لەم نێوەدا بێبەش ناکات. دروستکردنی باڵانس لە نێوان کارەکتەرەکانی دڵی سەرباز پەیوەستە بە گرێچنە و توانایی دەیڤد لە تەکنیکی شانۆ کەئەمەش بەدەوری خۆی کەشو هەوایەکی مۆتیڤانەی دروست کردووە تا ئامانج بپێکێ.

سەبارەت بە ستایڵ(Style )یش وەکو ڕەگەزێکی شێواز بریتییە لەوەی کە نووسەر چۆن وێنای ڕوداوەکان دەکات و نیشانەی ئیندیڤیجواڵییەتە کە نووسەری چاک لە نووسەری خراپ جیادەکاتەوە.(٣)دەیڤد لە دڵی سەربازدا بەبڕوای من هەوڵی داوە خۆی لە ئاڵۆزە ستایڵ بەدوور بگرێ و لەگەڵ بەرەو ژوور هەڵکشانی ڕووداوەکان و گرێچنە(plot) بەلەبەرچاوگرتنی کات و جۆری کارەکتەر ستراکچەری شانۆگەرییەکەی بە زمانێکی

ساده بەڵام سفت دابڕێژێ. هەروەها نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت؛ کە زمانی شانۆگەرییەکە زمانێکی ئاڵۆز نییە و بە هیچ جۆرێک بۆشایی لەنێوان دایەلۆگەکان بەدی ناکرێت. زمان لەدڵی سەربازدا زمانی ئەرستۆکراتەکانی کۆمەڵگەی کەنەدی نییە، بەڵکوو زمانی سەرباز و مامۆستا و دارتاش و جوتیار و کرێکارە.زمانی خەڵکی نێو پارک و شوێنە گشتییەکانی نوفنلاندە. زمانێکە تەژی لە سادەیی و خاکی(Slang) و تەنانەت لە دەقە ئینگلیزییەکەشدا ژمارەیەک وشە بەشێوە کورتکراوەکەی نووسراون.

عیسا: بە هەرحاڵ، بەنیازە لە ساینت جۆنز چی بکەی ؟ لە سەر کورسی باخچەیەک هەڵدەکورمێی یان لە

بەردەرگای ماڵانا وەکو سەگێکی بێخاوەن دەنووی ؟

یاقوب: ئەتوانم خەمی خۆم بخۆم.

عیسا: بەڵێ، دەتوانی .

یاقوب: باشیش دەتوانم.

عیسا: یاقوب، تۆ هێشتا تەمەنت پانزە ساڵانە . پانزە ساڵ !

یاقوب: من شانزە ساڵانم . دوو هەفتە پێش ئێستا پێم ناوەتە شانزە ساڵیەوە . تەنانەت بێرت تایلەریش ئەوە دەزانێت.عیسا : شانزە ساڵی هێشتا تفڵێکە .

یاقوب: خانوویەکی کرێ پەیا دەکەم و کارێک ئەدۆزمەوە .

عیسا: ئیشی چی ؟ ئیش دەگمەنە، خاوەن ئەزموونێکی وەکو منیش بۆی ناکرێ لەوێ کارێک بدۆزێتەوە .

یاقوب: مشوری خۆم ئەخۆم .

زمان لێرە لەدەرەوەی گەمەکانی زمانەوە خۆی لە سادەیی هەڵکێشاوەو دایەلۆگ بوار بە خوێنەر-بینەر نادات بۆ بەشداریکردن لە پێشبینی کردنی ڕووداوەکان، لەبری ئەوە دەیڤد فرێنج لە کۆتایی شانۆگەرییەکەدا سەرسامییەکی گەورەمان دەخاتە بەردەم کە مەگەر هونەری زمانی دەیڤد ئاوا سادە بەڵام بەرز بینەخشێنێ.

## جەنگ و کێشە دەروونییەکان

«عیسا» وەک قوربانییەکی جەنگ بەدەست کۆمەڵێک کێشەوە دەناڵێنێت کەبە بڕوای من گرنگترینیان هەست کردنە بە گوناهی گەورە و ژیان لێسەندنەوەی مرۆڤ. ئەم گوناهە گەورەیە نەک هەر سێبەری خستۆتە سەر بەشێک لە گفتوگۆ و پراکتیکی ڕۆژانەی عیسا، بگرە سەرتاپای ژیانیشی داگیر کردووە بە ڕوحیشییەوە. ئازارێک کە عیسا دەیچێژێت بە هیچ پێوانەیەکی کۆمەڵایەتی ناپێورێت.

یاقوب:دایکم گوتی دوێنێ شەو کە بەخەبەر هاتوە باوکم لەناو جێگای نوستنەکەی نەبووە . دوایی لە
حەوشەی کڵیساکە بینیویەتی کەچواردەخۆرەکەی، ئەوەی کە لەجەنگ هێنابویەوە، ڕوەو ئاسمان
ڕائەتەکێنێ..
بێرت: ئەی خوای گەورە.
یاقوب: چواردەخۆرەکە پڕ لە فیشەکە. کەدەخەوێت دەیکاتە ژێر

سەرینەکەیەوە.
ئەم قوربانییە لە ناسکترین ساتە وەختی ژیانی خۆی، برای خوێنی خۆی لەژێر ڕەهێڵەی بۆمبا و گوللە باراندا بەهەڵە، بەلێتێکچوون بەچەقۆ دەکوژێ و دەبێتە شاهیدی بینینی دوا هەناسەی و وشکبوونەوەی دوا پرسیار لەسەر لێوە وشکەکانی. لەو ساتەوە ئیتر «عیسا» نەفرەت لە جەنگ و ژیان دەکات و بێئومێدانە دەڕوانێتە ئاسۆی داهاتوو و هەنگاوە خاوەکانی هەڵدەهێنێتەوە.
یاقوب: تۆ چەقۆت ناوەتە سەر گەردنم باوکە! چەقۆ. چۆن زاتی ئەوە دەکەی، من کوڕی تۆم!
عیسا: سوێند دەخۆم بۆ خۆشم نازانم چۆن ئەوە ڕویدا. لە کادینەکە بووم، قەڵەم بڕەکەم تیژ دەکردەوە، وەختێ کە تۆ لە پشتمەوە دەرکەوتی، لەپڕێکا ڕاتچڵەکاندم

«عیسا» لە ماوەی چوار ساڵی جەنگدا هێندەی گۆڕان بەسەردا دێت کە سەربازەکان لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگدا دەگەڕێنەوە، یاقوب هەرچەندە ئەو ڕۆژە نەساغە و تۆزێک سکی ئەیەشێت و لەگەڵ دایکی نەچۆتە کڵێسا، بەپرتاو بەرەو پیرییان ڕادەکات و لە باوکی خۆی دەپرسێت کە ئاخۆ «عیسا مێرسەر»ی نەبینیوە؟ لەلایەکی تریشەوە «عیسا» جۆرە ڕقێکی زۆر ئەستووری لا دروست دەبێت،ڕق لە ئەڵمانەکان و ڕق لە جەنگ (ئەم ڕقەیان لێوانلێوە لە شانازی. ئەم دوو ڕقە باری دەروونی «عیسا» یان ڕەنگڕێژ کردووە بە شپرزەیی و توڕەیی و قین و ئیتر دواجار «عیسا» بە تەنیایی و گۆشەگیری و فەرامۆشکردنی خانەوادەکەی گوزارشتیان لێدەکات،

فەرامۆشکردنێکی هێندە کوشندە کە «یاقوب» لە تەنیاییەکی ترسناکدا ژیان بەسەر دەبات و لەهەوڵێکی بێپایانیشدایە تا باوکی بگەڕێنێتەوە بۆ خۆی و ژیانێکی ئاسایی بژین.
یاقوب: تۆ بۆچی ڕۆینی منت لێبۆتە خەم؟ خۆ تۆ نیگایەکم تێناگری، هەر وەک ئەوەی لەم دنیایەدابوونیشم نەبێ. بەڵام کە هەوڵەکانی «یاقوب» و دایکی یاقوب لەبەرامبەر سەرسەختییەکانی «عیسا» شکست دەهێنن، ئیتر ناچار «یاقوب»ی شانزە ساڵان جانتا دەپێچێتەوە و ماڵ جێدەهێڵێ. ئەم بڕیارەی «یاقوب» کە ساختمانی شانۆگەرییەکەی لەسەر بنیادنراوە سەرەتایەکە بۆ کردنەوەی تەواوی گرێ و گۆڵە دەروونییەکانی «عیسا» لەلایەک و دانپیانانی قوربانییەکە بە تاوانگەلێک لەبەردەم ناوەوەی خود و دەرەوەی خود. ناوەوەی خود بەو دانپیانانە باری سەر شانی سووکتر دەبێ لەکۆمەڵێ ئازاری ویژدانی و ئیتر جارێکی تر «عیسا» لەبەردەم کوڕە شانزە ساڵانەکەی دەچێتەوە ئەو ساتەوەختەی کەخەنجەرەکەی لەدڵی (وێڵ)ی برای دەچەقێنێ و دەیکوژێ. لێرەوە پەیامی دانپیانانەکەی دەگەیێنێتە کوڕەکەی. هەرچی دەرەوەی خودیشە، دانپیانانەکەی عیسا لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە ڕێگاکردنەوەیە بۆ ویستی نەوەی نوێ و وەڵامدانەوەیە بە ئارەزووەکانی. پەیامی دانپیانانەکەی عیسا لەسەر دوو کۆڵەکە وەستاوە.
یەک: ماڵ جێهێشتنی یاقوب و سەرهەڵدانی فەزایەکی
کۆمەڵایەتی تاریک لە ماڵی عیسا.
دوو: پەیمانێک کە عیسا دابووی بە یاقوب لەیەکەم ڕۆژی

گەیشتنەوەی بۆ نوفنلاند کە ڕاستییەکانی جەنگی بۆ باس بکات. ئەم دوو کۆڵەکەیە بە تێگەیشتنی من وەبارهێنانی سایکۆلۆژیانەی «عیسا»یە بۆ ئەوەی نهێنییەکانی ئەودیو ئۆقیانووس بگێڕێتەوە.

## بنەماڵەی مێرسەر و خەونی بەناسیونالیستبوون لە کەنەدا

هەرێمی نوفنلاند و لابرەدۆر کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی کەنەدا و لە یانزەی خاکەلێوی ١٩٤٩ بە کۆنفیدراسیۆنی کەنەداوە پەیوەست بوو و بوو بە دەهەمین هەرێمی کەنەدا. لە ساڵی ١٩٦٤ وە حکومەتی خۆی هەیە و لە سیانزەی گەڵاڕێزانی ٢٠٠١ یشەوە بەفەرمی ناوی بوو بە «نوفنلاند و لابرەدۆر. بەپێی دوایین ئاماری سەرژمێری لە مانگی ڕێبەندان ٢٠٠٩ دا ژمارەی دانیشتوانی هەرێمەکە پێنجسەد و هەشت هەزار و نۆسەد و نەوەد کەسە. خەڵکی ئەو هەرێمەش بە زمانەکانی ئینگلیزی و فەڕەنسی و ئێرلەندی دەدوێن. دەیڤد فرێنچ تاکە نووسەرێکی کەنەدییە کە بنەماڵەی مێرسەر ئامادەیی بەردەوامی لە پێنج کاری شانۆیی ویدا هەبێت و ئەم کارە دراماییانە بوونەتە بەشێک لە ناساندنی مێژووی شانۆی کەنەدی. ئەوەندەی نووسەرانی هەرێمی نوفنلاند شانازی بە زێدی خۆیانەوە دەکەن، لە هیچ هەرێمێکی تر و لە لای هیچ نووسەرێکی کەنەدیی تردا بەرچاو ناکەوێت. دەیڤد وەک نووسەرێکی نوفنلاندی- کەنەدیی بەشێک لەو شانازییەی بەر دەکەوێت و تەنانەت پشکی شێریشی پێدەبڕێت. شانۆگەری

دڵی سەرباز بەگشتی ڕەنگدانەوەی ژیانی خەڵکی نوفنلاندن و کارەکتەرەکانیشی هەر خەڵکی نوفنلاندن.
چیرۆکی بنەماڵەی مێرسەر کە خانەوادەیەکی ڕەگ داکوتاوی هەرێمی نوفنلاندە، و بەشێکی کاریگەر و زیندووی ژیانی کۆمەڵایەتی و مێژووی ئەو هەرێمەن. دەیڤد پێنج شانۆگەری لەسەر ئەم بنەماڵەیە نووسیوە و وەک ئاگاداریش بم خەریکی نووسینی شەشەمین شانۆگەرییەتی.(٤) هۆکارێک کەلەپشت هەڵبژاردنی ئەم بنەماڵەیەوەیە،ڕۆڵی کۆمەڵایەتی-مێژوویی بنەماڵەی مێرسەرە لەو هەرێمە لەبەشداریکردن لە تەواوی بۆنە سیاسی و کۆمەڵایەتی و..تاد. ئامادەیی بنەماڵەی مێرسەر لە شانۆگەرییەکانی دەیڤد فرێنج نەک نەبۆتە مایەی توانج و ڕەخنە، بەڵکو بۆتە شوێنی ستایش و خاڵی بەهێز لەو بەرهەمانە. خاڵێکی تر کە حەز دەکەم ئاماژەی پێبدەم دیدی ناسیۆنالیستی کۆمەڵگەی کەنەدایە. جیهانبینی ناسیۆنالیزم و بەپیرۆز ڕاگرتنی هاوڵاتی کەنەدی دەکرێ لە هەندێ شوێن و بۆنەی جیاوازدا ببینرێ و بخوێنرێتەوە، وەک لە سروودی «ئۆ کەنەدا»،(٥) بەڵام گەلێک یان میللەتێک نییە ناوی گەلی کەنەدی بێت. چونکە پێکهاتەی کۆمەڵگەی کەنەدا پێکهاتەیەکی فرە کلتووری و فرە نەتەوە و فرە ئایینە. سەرجەم ئەتنیک و نەتەوەکان لەنێوان سیستەمی ژیانی فرە کلتووری و فرە نەتەوەیی کەنەدا لەهاتوچۆدان. لەلایەکی تریشەوە حکومەتی کەنەدا بەردەوام کۆچبەری زیاتر لەکلتوورە جیاوازەکان وەردەگرێت و ئاوێتەیان دەکات بە سیستەمی

کەنەداوە. بۆیە لە کەنەدا هیچ توێژ و چین و نەتەوەیەک نابینی کە بە نەتەوەی کەنەدی ناوزەد بکرێت. ئەوەی هەیە تێکەڵییەکە لە کلتوور و میللەتە جیاوازەکان کە زیاتر لە ٣٥٠ زمان و کلتووری جیاوازن. بەبڕوای من بزووتنەوەی ناسیونالیستی لە کۆمەڵگەی کەنەدی، بەبەراورد بە بزووتنەوە ناسیونالیستە تەقلیدییەکانی دونیا و ڕۆژهەڵات هێشتا هەنگاوە سەرەتاییەکانی هەڵنەهێناوەتەوە. ئەگەر زمان و کلتوور دوو بنەمای سەرەکی بزووتنەوە ناسیونالیستەکان بن، ئەوا کۆمەڵگەی کەنەدی زمانی هاوبەشی هەیە کە زمانی ئینگلیزییە، بەڵام کلتوورێکی هاوبەشی نییە. هەرچەندە کلتووری نەیتیڤەکانی کەنەدا وەک سیمبۆڵی کلتووری کەنەدی تەماشا دەکرێت، بەڵام لە دونیای واقیعدا جگە لە کلتووری نەیتیڤەکان هیچی تر نییە.



**بنەماڵەی مێرسەر و خەونی بەناسیونالیستبوون لە کەنەدا**

# دەربارەی
# دەیڤد فرێنچ و
# بەرهەمەکانی



لەخۆرئاواوە ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە




عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

دەیڤد بێنسۆن فرێنچ لە شارێکی زۆر بچووکی هەرێمی نوفنلاند لە کۆڵیس پۆینت لە بیستودووی بەفرانبار ١٩٣٩ دا لەدایکبووە. دەیڤد کوڕی ناوەڕاستی خێزانێک بووە کە پێنج کوڕیان هەبووە. باوکی دەیڤد ،گارفیلد فرێنچ دارتاش بووە و لە ساڵانی جەنگی جیهانی دووەمدا لە فەرماندەیی هێڵی ئاسمانی ڕۆژهەڵات لە کەنەدا کاری کردووە. دوای کۆتایی هاتنی جەنگ، دایکی دەیڤد خاتوو»ئیدس»لەگەڵ کوڕەکانی دەچێت بۆ ئۆنتاریۆ تا لەگەڵ باوکی دەیڤدا لە تۆرنتۆ جێگیر ببن. دەیڤد دەچێتە قوتابخانەی گشتی بەڵام لەگەڵ کتێبدا بەینی نابێت تا ڕۆژێکیان دەیڤد لە پۆل قسە زۆر دەکات و مامۆستای ئینگلیزیش وەک سزایەک داوای لێدەکات کتێبێک بخوێنێتەوە. ئەو کتێبەی دەیڤد دەستی بۆ دەبات کتێبی «مارک توەینس» بوو بە ناوی «بەسەرهاتەکانی تۆم ساویەر». دەیڤد دەڵێت: « ئەو کاتەی کتێبەکەم تەواو کرد نەک دەمزانی دەبم بە نووسەر، بەڵکو خۆم بە نووسەر دانا». جا کەوتە بڵاوکردنەوەی ئەو چیرۆک و شیعرانەی کە نووسیبوونی. دوای قۆناغی ئامادەیی ، دەیڤد کەوتە مەشقی ئەکتەری. هاوینان لە «شانۆی پەسەدێنا» لە تۆرۆنتۆ لێکۆڵینەوەی لەسەر نواندن دەکرد. لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستی کرد بە نواندن لەسەر شانۆ و لە تەلەفیزیۆنی سی بی سی و دواتریش دەستی کرد بە نووسینی دراما بۆ تەلەفیزیۆن. لەماوەی چەند ساڵێکدا چەندین درامای نیو سەعاتی بۆ تەلەفیزیۆنی نووسی. ساڵی ١٩٧١ دەیڤد گوێبیستی شانۆیەکی تازە بوو بەناوی «تەراگۆن»، ئینجا داوای لە دەرهێنەر

« بیڵ گلاسکۆ» کرد کە گوێ لەشانۆگەرییە نوێکەی بگرێ. ئەمە بووە سەرەتای پەیوەندییەکی دۆستانە و پتەوی ئەو دوو هونەرمەندە کە وا بۆ چل ساڵ دەچێت و هەر بەردەوامە. شانۆگەری « ماڵ جێهێشتن» ی دەیڤد فرێنچ قۆناغێکی گرنگ و خاڵی وەرچەرخانە لە مێژووی شانۆی کەنەدی. پاش ئەوەی بە سەرکەوتوویی لە ساڵی ١٩٧٢ نمایش کرا، شانۆگەرییەکە چووە سەر سەرجەم شانۆکانی کەنەدا ـ کەئەمەش بۆ یەکەمین جار بوو شانۆگەرییەک بەو جۆرە شانۆی کەنەدا بهەژێنێ. ئەم شانۆگەرییە گەلێ خەڵاتی نێونەتەوەیی وەرگرت و بووە ناسراوترین و خۆشەویسترین شانۆگەری کەنەدی و لەلایەکی تریشەوە لەم دواییانە لەلایەن « چاوپیاخشاندنی ئەدەبی کەنەدی بە «یەکێک لە سەد کاریگەرترین کتێبی کەنەدی» ناوزەد کرا و هەروەها لەلایەن « فەرهەنگی شانۆی ئۆکسفۆرد»یشەوە ناوی» یەکێک لە هەزار شانۆگەرییە بنەڕەتییەکانی زمانی ئینگلیزی» لێنرا. «ماڵ جێهێشتن» بنەماڵەی «مێرسەر»ی بە بینەران ناساند کە ڕووبەرێکی زۆری لە بەرهەمە شانۆییەکانی دەیڤد داگیر کردووە و وەکو بنەماڵەی «فرێنچ» یەکێکە لە بنەماڵە کۆنەکانی نوفنلاند کە دواتر بەرەو شاری «تۆرۆنتۆ» کۆچ دەکەن. شانۆگەری» لەم دواییانە لە کێڵگەکانەوە«ش سەرکەوتنێکی زۆر بەرچاوی بەدەست هێنا. تاوای لێهات خەڵاتی « چالمەرس»ی بەدەست هێنا و لە تەلەفیزەۆنی سی بی سی بەتایبەت نیشاندرا و لەسەرتاسەری کەنەدا نمایشکرا و لە ئەرجەنتینیش بە زمانی ئیسپانی پیشاندرا. تا ئەمڕۆ دەیڤد فرێنچ پێنج شانۆگەری دەربارەی

بنەماڵەی «مێرسەر» نووسیوە. لەناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووودا،دەیڤد شانۆگەری(خوێ ئاو مانگ) ی نووسی. کە درامایەکی شیعرئامێزە و دەربارەی خۆشەویستی دایک و باوکێکە کە لە نوفنلاند ڕوویداوە. شانۆگەری» خوێ ئاو مانگ» لە دوو دەیەی ڕابردووودا لەسەرتاسەری کەنەدا سەدەها جار دەرهێنراوە و وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فەرەنسی. ئەم شانۆگەرییە خەڵاتی(کۆمەڵەی نووسەرانی کەنەدی بۆ دراما)و خەڵاتی(دۆرا ماڤۆر موور بۆ باشترین شانۆگەری نوێ)و هەروەها خەڵاتی(هۆلیوود دراما بۆ پێشبڕکێی ڕەخنە)ی پێبڕاوە. هەرچی شانۆگەری «١٩٤٩» شە، وەک شانۆگەرییەکی نەرمونیان و شەیدائامێز دەربارەی وەچەی بنەماڵەی «مێرسەر»ە لەسەروبەندی خۆئامادەکردنی نوفنلاند بۆ پەیوەست بوون بە کەنەداوە. ئەم درامایە ناوەندی شانۆکانی کەنەدای داگیرکرد. هەرچی شانۆگەری «دڵی سەرباز»یشە کاریگەری جەنگی جیهانی یەکەم بەسەر دوو نەوەی بنەماڵەی مێرسەر نیشاندەدا و لە ساڵی ٢٠٠١ لەسەر شانۆی «تەراگۆن» نمایشکرا (٦). سەرباری ئەو بەرهەمانەی دەربارەی بنەماڵەی میرسەر، دەیڤد شانۆگەرییەکی زۆر کۆمیدیشی لە ١٩٧٩ دا نوسی بەناوی «شڵەژان» کە بێئەژمار لەسەر شانۆکانی کەنەدا و ولاتانی جیهان نمایش کرا.هەندێ بەرهەمی دیکەی دەیڤد وەکو شانۆگەری»ئەو هاوینە« کە لە ساڵی ١٩٩٩ دا نووسی و هەروەها شانۆگەری»خەنجەری زەوین» لە ساڵی ١٩٩٣ دا نووسی و هەڵبژێردرا بۆ خەڵاتی «ئارسەر ئیلیس»و شانۆگەری

«درز تێبوو» لە ١٩٧٥ و شانۆگەری «ڕازی جیهان» لە ١٩٨١. سەرجەم شانۆگەرییەکانی دەیڤد فرێنج بە کتێب بڵاو بوونەتەوە. دەیڤد بێجگە لە نووسین وەرگێڕان و (اقتباس)یشی ئەنجام داوە وەکو شانۆنامەی»خاتوو ژولیا» ی ئاگۆست سترنبێری و «دارستان»ی ئەلکسەندەر ئۆسترۆڤسکی و «نەوڕەس»ی ئەنتوان چیخۆف. دەیڤد وەکو شانۆنووسێکی بەئەزموون ،ڕێنوێنی گەلێ نووسەری کردووە و دەکات. هەروەها وەکو نووسەری تایبەت بە زانکۆی ویندزەر ٢٠٠٧-٢٠٠٨ و زانکۆی خۆرئاوای ئۆنتاریۆ ٢٠٠٢-٢٠٠٣ و ماوەیەکیش لە زانکۆی ترێنت کاری کردووە. هەموو هاوینێکیش کۆرسی نووسینی شانۆ لە پرنس ئێدوارد ئایلەند دەڵێتەوە. هەروەها لە سەرتاسەری کەنەدا کۆڕی گێڕاوە و ماوە نا ماوەش دەچێتە ئەو قوتابخانە ئامادەیی و زانکۆیانەی کە شانۆکانی ئەو دەخوێنن. دەیڤد فرێنج یەکەمین کاربەدەستی نوێی هۆڵی شەرەفی هونەر بوو لە نوفنلاند و هەروەها مەدالیای شاژن جوبلی و هارۆڵدی وەرگرتووە و بە پێشڕەوی فەرمی «شانۆی کەنەدا» ش ناوزەدکراوە.




**کرۆنۆلۆژیای شانۆگەرییەکانی دەیڤد فرێنج**

١- ئاماژەکانی ڕووبارە ڕەشەکە لە تەلەفیزیۆنی سی بی سی لە ساڵی ١٩٦٣ بەرهەم هێنراوە و بڵاو نەکراوەتەوە.
٢- چەکەوانەی هەللاج لە تەلەفیزیۆنی سی بی سی لە ساڵی ١٩٦٤ بەرهەم هێنراوە و بڵاو نەکراوەتەوە.
٣- ئەڵقە بۆ فلۆری لەتەفیزیۆنی سی بی سی لە ساڵی ١٩٦٤ بەرهەم هێنراوە و بڵاو نەکراوەتەوە.
٤- دوای چەند کاتژمێر لەتەفیزیۆنی سی بی سی لە ساڵی ١٩٦٥ بەرهەم هێنراوە و بڵاو نەکراوەتەوە.
٥- پاساری و بەیانی دووشەممە لەتەفیزیۆنی سی بی سی لە ساڵی

١٩٦٥ بەرهەم هێنراوە و دواتریش لە ساڵی ١٩٦٦ بۆ تەفیزیۆنی فلادلیفیا بەرهەمهێنراوە و بڵاو نەکراوەتەوە.

٦- ئەنجلینا لەتەفیزیۆنی سی بی سی لە ساڵی ١٩٦٧ بەرهەم هێنراوە و بڵاو نەکراوەتەوە.

٧- داوەتێک بۆ باخچەی ئاژەڵان لەتەلەفیزیۆنی سی بی سی. لە ساڵی ١٩٦٧ بەرهەم هێنراوە و بڵاو نەکراوەتەوە.

٨- زستانی تیمۆسی (٧) لە تەلەفیزیۆنی سی بی سی لە ساڵی ١٩٦٨ بەرهەم هێنراوە و بڵاو نەکراوەتەوە.

٩- ئاماژەپێدان لە تەفیزیۆنی سی بی سی. لە ساڵی ١٩٧٠ بەرهەم هێنراوە و بڵاو نەکراوەتەوە.

١٠- ئاسوودەترین پیاو لە جیهان لە کورتە چیرۆکێکی "هیو گارنەر" وەرگیراوە و لە تەلەفیزیۆنی سی بی سی. لە ساڵی ١٩٧٢ بەرهەم هێنراوە و بڵاو نەکراوەتەوە.

١١- ماڵ جێهێشتن لە ساڵی ١٩٧٢ بڵاو کراوەتەوە.

١٢- لەم دوابیانە..لەکێڵگەکانەوە لە ساڵی ١٩٧٣ بڵاو کراوەتەوە.

١٣- درز تێبوو لە ساڵی ١٩٧٥ بڵاو کراوەتەوە.

١٤- شڵەژان لە ساڵی ١٩١٠ بڵاو کراوەتەوە.

١٥- نەوڕەس لە ئەنتوان چیخۆڤەوە وەرگیراوە و لە ساڵی ١٩٧٧ بڵاو کراوەتەوە.

١٦- ڕازی جیهان لە ساڵی ١٩٨١ بڵاو کراوەتەوە.

١٧- خوێ ئاو مانگ لە ساڵی ١٩٨٥ بڵاو کراوەتەوە.

١٨- ١٩٤٩ لە ساڵی ١٩٨٩ بڵاو کراوەتەوە.

١٩- خەنجەری زەوین لە ساڵی ١٩٩٣ بڵاو کراوەتەوە.
٢٠- ئەو هاوینە لە ساڵی ٢٠٠٠ بڵاو کراوەتەوە.
٢١- دڵی سەرباز لە ساڵی ٢٠٠٢ بڵاو کراوەتەوە.
٢٢- خاتوو ژولیا لە ئاوگست سترندبێری وەرگیراوە و لە ساڵی ٢٠٠٧ بڵاو کراوەتەوە.
٢٣- جەنگەڵ لە ئەلکسەندەر ئۆستڕۆڤسکی وەرگیراوە و لە ساڵی ١٩٨٧بڵاو کراوەتەوە.

**دەیڤد فرێنج ئەم خەڵاتانەی پێبەخشراوە و ئەم ڕێزلێنانانەی لێگیراوە**

١-خەڵاتی مەدالیای جوبیلی شاژن ٢٠٠٣
٢-خەڵاتی یەکەمین ئەندامی تازەی هونەری نیوفاونڵاند، هۆڵی ڕێزلێنان ١٩٨٩
٣-خەڵاتی فەرهەنگی ئۆکسفۆرد بۆ شانۆ ٢٠٠٥
بۆ شانۆگەری ماڵ جێهێشتن
٤-خەڵاتی چاوپیاخشاندنەوەی ئەدەبی کەنەدی ٢٠٠٥
بۆ شانۆگەری ماڵ جێهێشتن
٥-خەڵاتی پێشبڕکێی درامای هۆلیوود بۆ ڕەخنە ١٩٨٦
بۆ شانۆگەری خوێ ئاو مانگ
٦-خەڵاتی کۆمەڵەی نووسەرانی کەنەدی بۆ شانۆ ١٩٨٥
بۆ شانۆگەری خوێ ئاو مانگ
٧-خەڵاتی دۆرا ماڤۆر موور ١٩٨٥
بۆ شانۆگەری خوێ ئاو مانگ

٨-خەڵاتی چاڵمەرس بۆ شانۆی تازەی کەنەدی ١٩٧٤
بۆ شانۆگەری لەم دواییانەوە. لەکێڵگەکانەوە.(پێنج جار بۆ ئەم خەڵاتە هەڵبژێردراوە.)
٩- خەڵاتی پارێزگاری گشتی کەنەدا ١٩٨٥
بۆ شانۆگەری خوێ ئاو مانگ
١٠ - خەڵاتی ئارسەر ئالیس بۆ چاکترین شانۆگەری تەمومژاوی
بۆ شانۆگەری خەنجەری زەوین
١١ - خەڵاتی هارۆڵد ١٩٨٥

ماوەتەوە ئەوە بڵێین کە دەیڤد فرێنج ئێستا لەگەڵ هاوژینەکەی گلێندا مەکفەرلەین لە زستانان لە شاری تۆرۆنتۆ و هاوینانیش لە پرنس ئیدوارد ئایڵەند دەژین. دەیڤد کوڕێکی هەیە بەناوی گەرێس و کچێکیشی هەیە بەناوی ماری (٨)

## پەراوێزەکان:

١- زۆرم هەوڵدا ژمارە و ڕۆژی ئەو ڕۆژنامەیەم بۆ ساغ نەکرایەوە، چونکە ماوەیەکی زۆر بەسەر دەرچوونی ئەو ڕۆژنامەیە تێپەڕیوە و هەروەها ئەو کۆمێنتەش لەسەر بەرگی پشتەوەی کتێبی (دڵی سەرباز) دا نووسراوە.
٢-بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە
(http://en.wikipedia.org/wiki/Character_ (arts
٣-بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئینسکلۆپیدیای ئەلەکترۆنی کۆڵۆمبیا

چاپی شەشەم ٢٠٠٧ ڕاگەیاندنی زانکۆی کۆلۆمبیا.
٤- لەیەکێک لە ئیمێڵەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی " تالۆن بووک " و " ئەنانسی" بۆ دەیڤد پرسیاری شانۆگەرییەکی نوێ لە دەیڤد دەکات سەبارەت بە بنەماڵەی مێرسەر.
٥- سروودی "ئۆ کەنەدا" تەژی و لێوانلێوە لە پیرۆزکردنی هەستی نەتەوایەتی و کەنەدا پەرستن.
٦- وا بڕیارە لە هاوینی ئەمساڵ ٢٠٠٩، لە یادی شەست ساڵەی پەیوەستبوونی نوفنلاند بە کەنەداوە، شانۆکانی نوفنلاند پێنج شانۆگەری دەیڤد فرێنج پیشان بدەن و خودی دەیڤدیش ئامادە دەبێت و لەسەر بەرهەمەکانی دەدوێت.
٧- تیمۆسی: گیایەکی باریک و درێژە گوڵێکی درێژکۆڵە دەگرێ بەسەری لاسکێکی درێژەوە (بۆ ئاڵف بەکار دێت)
٨- پرنس ئێدوارد ئایلەند: هەرێمێکی بچووکە لە ڕۆژهەڵاتی کەنەدا.

## سەرچاوەکان:


1-http://en.wikipedia.org/wiki/David_French

/2-http://www.davidfrench.net

3-http://www.playwrightscanada.com/playwrights/david_french.html

4-http://www.canadiantheatre.com/dict.pl?term=-

French%2C%20David
5-http://home.ca.inter.net/~cstephens/beaumont_/hamel
6-http://en.wikipedia.org/wiki/Newfoundland_and_Labrador
7-Soldier’s Heart 2002
8-Leaving Home 1972
9-http://www.bookfinder.com/author/david-french
10-http://www.canadiantheatre.com/dict.pl?term=History%20of%20Canadian%20Theatre

**تێبینی: ئەم نووسینە وەک پێشەکییەک، بۆ وەرگێڕانی شانۆنامەی دڵی سەرباز نووسراوە و ئامادەکراوە.**

# ئێدوارد ئەلبی بەردەرگای

# تۆنی بەرنادات



کێ لە ڤرجینیا وۆڵف دەترسێ؟، یەکێکە لە شانۆنامە دیار و درێژەکانی نووسەری ناوداری ئەمریکی ئێدوارد ئەلبی، کە خەڵاتی ساڵی ٢٠١٣ ی تۆنی بۆ شانۆ بەدەست هێنا. شایانی وتنە ئەم شانۆنامەیە بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٩٦٢ نمایشکرا. ناوەڕۆکی ئەم شانۆنامەیە بریتییە لە ئەزموونکردنی تێکشکانی هاوسەرگیری هەریەک لە مارتا و جۆرج. ئەم دوانە دوای ئاهەنگی زانکۆ دەگەڕێنەوە ماڵەوە و کەپڵێک(نیک و هەنی) درەنگ شەو دێن سەردانیان دەکەن و ئەمانیش گیرۆدەی گرفتەکانی خۆیانیان دەکەن. شانۆنامەکە سێ پەردەیە و نزیک بە سێ سەعات نواندنی بەردەوامە جگە لە دوو (١٠) خوولەکی پشوو نەبێت. ناونیشانی شانۆنامەکەش جیناسە و لەگۆرانی (کێ لە گورگی گەورە و خراپەکار دەترسێت؟) ی واڵت دیزنییەوە وەرگیراوە. ئەلبی ناوەکەی گۆڕیوە و بەناوی ڤرجینیا وۆڵفی ژنە ڕۆماننووسی فیمینیستی ئینگلیزییەوە دایڕشتۆتەوە.شانۆنامەی کێ لە ڤرجینیا وۆڵف دەترسێ؟ خەڵاتی تۆنی بۆ باشترین شانۆنامەی ساڵی ١٩٦٣ و خەڵاتی نیویۆرک دراما کریتیکس سێرکڵ بۆ باشترین شانۆنامەی ساڵی ١٩٦٢–١٩٦٣ ی بردەوە. ساڵی ١٩٦٦ دەکرێتە فلیم، لەداڕشتنەوەی دەق ئێرنێست لیمان و دەرهێنانی مایک نیکۆڵس و نواندنی ڕیچارد بیرتۆن، ئلزبت تایلەر، جۆرج سێگال، ساندی دەنیس. لەشانۆنامەی کێ لە ڤرجینیا وۆڵف دەترسێ؟، ئەلبی گرفتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی رۆژئاوامان نیشان دەدات. ئەلبی جارێک بە دیوە تراژیدییەکەی و

جارێکی تریش بە دیوە کۆمیدییەکەی ڕایدەگەیێنێت کە خودی ژیان لە سەرجەم بیرۆکە و فەلسەفەکان گەورەترە، چونکە ژیان خۆی فەلسەفەیەکی گەورەیە و تەواوی بۆچوون و فەلسەفەکانی تری تیا تواوەتەوە. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شانۆنامەکانی ئێدوارد ئەلبی ئەوەیە کە بەردەوام نمایش دەکرێن و دەکرێنەوە. ناوەڕۆک یان گرێچنەی بابەتەکانی ئەلبی، کاتیان بەسەردا ناچێت. بۆیە هەرکاتێک نمایش دەکرێنەوە، بینەر هەست بە گەرموگوڕی و تازەیی بابەتەکە دەکات. بەوتەیەکی تر ناوەڕۆکی سەرنجڕاکێشی شانۆنامەکانی ئەلبی چێژبەخش و ئەکتەرەکانیشی زەندوون.

ئەلبی لەم دەقە و دەقەکانی پێشتریش بەتایبەتی شانۆنامەی «خەونی ئەمریکی» کاری لەسەر وەهم کردووە. ئەلبی کاتێ دەڵێ کێ لە ڤرجینیا وۆلف دەترسێ؟ مانای ئەوەیە کێ دەترسێ بەبێ وەهم بژێت؟ یەکێک لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی ئەلبی لەکۆتایی شانۆنامەکە دەڵێ «من دەترسم». بوونی کوڕێکی وەهمی مارتا و جۆرج کە دەبێتە مایەی بەردەوامبوونی ئاشوبی خێزانییان و هاوسەرگیرییەکەشیان، هاوسەرگیرییەکی بۆش و بەتاڵە و لەدەوری وێنەی ئەو کوڕە وەهمەیان دەسوڕێتەوە. هەروەها هاوسەرگیری نیک و هەنی لەپێناو پارە تەژییە لەوەهم، ئەم وەهمە سێبەری خستۆتە سەر گرێچنەی دەقەکە. ئەلبی وەک نووسەرێکی ئەبشوردی دەیەوێت ئەوە بڵێت کە ژیانی وەهم هەڵەیە و ناوەڕۆکێکی نادروست دەبەخشێتە ژیان.



**کورتەیەک دەربارەی شانۆنامەی کێ لە ڤرجینیا وۆڵف دەترسێ؟**

لەپەردەی یەکەم مارتا و جۆرج دەخزێنە یارییەکی عاتیفی ترسناکەوە. جۆرج پرۆفیسۆری یاریدەدەرە لەبەشی مێژوو و مارتاش کچی سەرۆکی زانکۆیە. دوای ئەوەی بە سەرخۆشی لەئاهەنگێک دەگەڕێنەوە، مارتا کەپڵێکی گەنجی داوەت کردووە بۆ خواردنەوە بۆ ماڵەوە. کەپڵەکە نیک مامۆستای زەندەوەرزانییە(کە مارتا پێیوایە ماتماتیک دەڵێتەوە) لەگەڵ هاوسەرەکەی هەنی دەگەنە جێ. وەختێک هەرچواریان دەست دەکەن بە خواردنەوە؛ مارتا و جۆرج بە دەم دەکەونە وێزەی یەکتر و وتنی شتی ناجۆر بەیەک. سەرەتا نیک و هەنی ئیحراج دەبن و شەرم دایان دەگرێ و دواتر ئەوانیش تێوە دەگلێن. مارتا بەتوندی گاڵتە بە جۆرج دەکات و ئەویش دڵڕەقانە و توند دەیەوێت تۆڵە بکاتەوە. مارتا چیرۆکێکی ئیحراج

دەگێڕێتەوە کە چۆن لەبەردەم باوکیدا بەدەم مژلێدانی ئاوی لیمۆوە ئابڕووی بردووە. جۆرج بەدیار دەکەوێت تفەنگێکی پێیەو دەست بەپەلاپیتکەی تفەنگەکەوە دەنێت و دەیتەقێنێت و لەبری فیشەک چەترێک دەکرێتەوە. دوای ئەم ترسە، مارتا لە گاڵتەپێکردن هەر بەردەوام دەبێت. نیک و هەنی بەردەوام نیگەرانییەکانیان زیاد دەکات. جۆرج توندوتیژی بەکار دەهێنێت. هەنیش بەرەو حەمام ڕادەکات تا بڕشێتەوە.لەپەردەی دووەم نیک و جۆرج لەدەرەوە دانیشتوون و باسی ژنەکانیان دەکەن. نیک دەربارەی ژنەکەی دەڵێت کە سکێکی هیستری بووە. جۆرج باسی هاوڕێیەکی سەردەمی قوتابخانە دەکات بەوەی دایکی خۆی بەقەزا و قەدەر و باوکیشی لەکاتی سەیارە لێخوڕیندا کوشتووە. جۆرج و نیک باسی ئیمکانیەتی منداڵبوون دەکەن و مشتومڕ و سووکایەتی بەیەکتر دەکەن. دواییش دەچنەوە لای ژنەکانیان. جۆرج و مارتا ئەو کەپڵە دەگەیەننەوە ماڵەوە و بەردەوامن لە مشتومڕ. لەڕێگا لائەدەنە خواردنگە و باڕێک. مارتا و نیک سەمایەک دەکەن، دوای ماوەیەک جۆرج پێشنیاری یارییەکی نوێ دەکات بەناوی (ناسینی میوان) و ئینجا جۆرج سەرزەنشت و ڕووشکانی هەنی دەکات. هەنی هەست دەکات یارییەکە دەربارەی ئەو و سکە درۆزنەکەیەتی و لەتاوا جارێکی تر ڕا دەکاتەوە حەمام. لەکۆتایی دیمەنەکەش مارتا بەبەرچاوی جۆرجەوە خەریکی فریودانی نیکە. جۆرج کتێب دەخوێنێتەوە و مارتا و نیک دەچنە سەرەوە بۆ ژووری نووستن. جۆرج کتێبەکەی دەستی بەرەو دەرگاکە فڕێ دەدات و هەنی دێتەوە و پرسیاری ئەوە دەکات کێ لەدەرگای

داوه. جۆرج ئەو خەیاڵەی بۆ دێت کە بەمارتا بڵێت کوڕەکەیان مردووە.لەپەردەی سێیەم مارتا بەتەنها لەژووری میوان دەردەکەوێت و ئینجا نیک پەیدا دەبێت. لەدەرگا دەدرێت ئەبینێت جۆرجە و دەسکێ گوڵی پرسەی بەدەستەوەیە. مارتا و جۆرج مشتومڕی ئەوە دەکەن کە مانگ لەبەرزە ئاسمان بوو یان نا. جۆرج دەڵێت مانگ لەبەرزە ئاسمان بوو و مارتاش دەڵێت لە ژووری نووستنەوە هیچی نەدیوە. پاشان دەکەونە وێزەی نیک و تەنانەت مارتا دەڵێت نیک هێندە سەرخۆش بوو نەیتوانی سێکسی لەگەڵ بکات. ئینجا جۆرج و نیک هەنی دێننەوە. جۆرج و مارتا کورێکیان هەیە و جۆرج بەردەوام داوا لە مارتا دەکات کە بێدەنگ بێت. جۆرج دەڵێ مارتا زۆر زەبرنوێنە بەرامبەر کوڕەکەمان. مارتاش دەڵێ کوڕەکەیان قۆز و تێگەیشتووە و ئینجا جۆرج تۆمەتبار دەکات بەوەی ژیانی کوڕەکەیانی تاڵ کردووە. لەکۆتایی شانۆنامەکەش جۆرج بەمارتا دەڵێت کەسێک لە دەرگای داو و بەرقییەیەکی پێبووە کە کوڕەکەیان ئەم دوانیوەڕۆیە لەسەرەڕێیەکی لادێیەک کوژراوە کەمۆڵەتی سەیارەلێخوڕینەکەشی لەگیرفان بووە. مارتا هاوارێک دەکات و دەبورێتەوە،جۆرج و مارتا بۆیان ڕوون دەبێتەوە کە هەرگیز کوڕیان نەبووە تا جۆرج بڕیار بدات بیکوژێت. مارتا ئەو یاسایەی شکاند کە باسی کوڕەکەیان بۆ کەسانی تر نەکات. نیک و هەنی دەڕۆن و هەست بەو ڕاستییە دەکەن کەهۆی خەجاڵەت بوونیان نەتوانینیانە لەمنداڵ دروست کردن. شانۆنامەکە بەوە کۆتایی دێت کە جۆرج گۆرانی کێ لە ڤرجینیا وۆلف دەترسێت؟ ڤەرجینیا وۆڵف؟ مارتا وەڵام دەداتەوە «من، جۆرج، من دەترسم».



**دەربارەی خەڵاتەکانی ئەم شانۆنامەیە**

شانۆنامەی کێ لەڤرجینیا وۆڵف دەترسێ؟، بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٩٦٤ نمایشکرا. ئەم بەرهەمە بۆ شەش خەڵاتی تۆنی هەڵبژێردرا. لەو شەش خەڵاتە پێنج خەڵاتی بردەوە. لەوانە خەڵاتی تۆنی بۆ نووسەری دەقی شانۆنامەکە(ئێدوارد ئەلبی) و ئەکتەر ئوتا هەجین و ئارسەر هیڵ و شنایدەر. مێلیندا دیلۆن کەڕۆڵی هەنی دەبینی، خەڵاتکران. ساڵی ١٩٧٦ هەردوو ئەکتەری سەرەکی(بێن گەزارا و کۆڵین دوهێرست) هەڵبژێردران بۆ خەڵاتی تۆنی، بەڵام کەسیان خەڵاتەکەیان نەبردەوە. ساڵی ٢٠٠٥ بۆ یەکەمجار هەرچوار ئەکتەرەکە هەڵبژێردران بۆ خەڵاتی تۆنی. بەڵام تەنها ئەکتەرێک

کە خەڵاتەکەی بردەوە، ئەویش بیڵ ئیروین بوو. ساڵی ٢٠١٢ بۆ سووربوون لەسەر بەردەوامی نمایشی بەرهەمەکە، سەرباری ڕەزامەندی لیژنەی تۆنی بۆ هەریەک لە ترەیسی لێتس و ئەیمی مۆرتۆن، نواندنی بەرهەمەکەش وەک چاکترین بوژانەوەی دەق، چاکترین دەرهێنان(پام کینۆن) و باشترین خانمە ئەکتەر (کاری کوون لەڕۆڵی هەنی) خەڵاتکران. ئەم شانۆنامەیە ماوەی پەنجا ساڵی ڕەبەقە لەسەر شانۆکانی برادوای دێتە بەرهەم و خەڵات لەدوای خەڵات دەچنێتەوە. نمایشی ئەم شانۆنامەیە سنوورە جوگرافییەکانی بڕیوە و پەڕیوەتەوە بۆ کەنەدا و ساڵانەش لەسەر شانۆی شارە گەورەکانی کەنەدا دێتە نمایشکردن، ئەمە جگە لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکای باشوور.

ئێدوارد ئەلبی بۆ خۆی قوتابخانەیەکە و بەبلیمەتی خۆی توانیویەتی بەشاکارەکانی بەشێکی گەورە لە شانازییەکانی ئەمریکا و جیهان بۆ خۆی دەستەبەر بکات. ئەمڕۆ ئەلبی ناوێکی ناسراو و گەورەی نێو دونیای ڕۆشنبیریی و شانۆی ئەمریکا و جیهانە. قسەکردن لەسەر بێهودەیی و شانۆی بێهودە لە باکووری ئەمریکا بەبێ ناوهێنانی ئێدوارد ئەلبی بۆشاییەکی گەورەی تێدەکەوێت. ئەلبی دوای نووسینی سی و دوو شانۆگەری و وەرگرتنی دە خەڵات و هەڵبژاردنی دوانزەجار بۆ ڕێزلێنان و نووسینی ژمارەیەکی زۆر وتار تا ئێستا لەژیاندا ماوە و تەمەنی لەسەرووی هەشتا ساڵییەوەیە و هەر خەریکی تێڕامانە لەجوانییەکانی ژیان.



## ئێدوارد ئەلبی کێیە؟

ئێدوارد فرانکلین ئەلبی شانۆنووسی ناسراوی ئەمریکی، لە دوانزەی ئازاری ١٩٢٨ لە ڤێرجینیا و زۆربەی ڕایەکانیش دەڵێن لە واشنتۆن لەدایکبووە. دوو هەفتە دواتر لەلایەن بنەماڵەیەکی دەستڕۆیشتوو و زەنگین هەڵگیراوەتەوە و بردراوە بۆ وێست چێستەر لە نیویۆرک کە هەر لەوێش گەورە بووە. باوکی بەخێوکەری ڕید ئە.ئەلبییە و کوڕی ئێدوارد فرانکلین ئەلبی دووەم بوو، کەخاوەنی ژمارەیەک هۆڵی شانۆ بوو لە نیویۆرک.

دایکی بەخێوکەریشی سێهەم ژنی ڕید بوو. فرانسیس هەوڵی دەدا ئەلبی لە بازنەی کۆمەڵایەتی خۆیان پەروەردە بکات. ئەلبی چۆتە قوتابخانەی(ڕای کەنتری دەی) لە نیویۆرک و پاشان قوتابخانەی(لۆڕانسڤیڵ) لە نیوجێرسی. ئەو قوتابخانەیەی کە لێی دەرکرا. دواتر نێردرا بۆ ئەکادیمیای سەربازە(ڤاڵی فۆرگ)لە پێنسیلڤانیا، کە لە ساڵی ١٩٤٧ و لەتەمنی حەڤدە ساڵیدا تەواوی کرد. ئینجا چووە نێو پرۆگرامی خوێندنی دەرچووان لە چۆتاو لە ساڵی ١٩٤٦ دا تەواوی کرد. پاشان خوێندنی فەرمی خۆی لە کۆلیجی ترینیتی درێژە پێدا و لە ساڵی ١٩٤٧ دیسانەوە لەسەر نەچوونە پۆل و ڕەتکردنەوەی چوونی بە زۆرەملێی بۆ کڵێسا دەرکرایەوە. لەدژەکرداری دەرکردنیدا ئەلبی شانۆگەری( کێ لە ڤرجینیا وۆڵف دەترسێ؟)ی نووسی و پێئەچێت لەسەر ئەزموونی خۆی لە کۆلیجی ترینیتی نووسیبێتی. ئەلبی هەر زوو لەدوا قۆناغی هەرزەکاریدا بۆ یەکجاری ماڵ جێئەهێڵێ. دواتر لەچاوپێکەوتنێکدا گوتی: « هەرگیز هەستم بەئاسوودەیی نەکردووە لەگەڵ دایک و باوکی بەخێوکەرم. لەوبڕوایەدابووم نەیانئەزانی ببنە دایک باوک. لەوانەشە منیش نەمزانیبێ ببمە کوڕیان. لەو دواییانەش لە چاوپێکەوتنێکدا بە چاڕلی ڕۆسی گوت: گوایە دەرکراوە لەبەرئەوەی دایک و باوکی بەخێوکەری ڕازی بوونە ببێتە پیاوکوژ بەڵام نەیان ئەویست و ڕازی نەبوون بەو خواستەی ئەلبی تا ببێ بە نووسەر. ئەلبی باری کرد بۆ گوندی گرینوچ ئەو شوێنەی کە توانی بەکاری سەیر و

ناوازە کۆمەکی خۆی بکات لەکاتێکدا دەیویست فێری نووسینی شانۆگەری ببێ. یەکەمین شانۆگەری( چیرۆکی باخچەی ئاژەڵان) یەکەمجار لە شاری بەرلین لە ئەڵمانیا هاتە سەر شانۆ. ئەو قوتابییە کەمتەرخەمە زۆربەی کاتەکانی خۆی تەرخان کرد بۆ بەرەوپێش بردنی شانۆ لە زانکۆکانی ئەمریکا. ئەلبی ئێستا پرۆفیسۆرێکی ناسراوە لەزانکۆی هیوستن ئەو شوێنەی وانەی تایبەتی نووسینی شانۆگەری لێ ئەڵێتەوە.

## ڕێزلێنانەکان

ئەلبی ئەندامی ئەنجومەنی درامانووسی گویڵد، سێ خەڵاتی پۆلیتزەری بۆ دراما وەرگرتووە بۆ هەریەک لە شانۆگەرییەکانی هاوسەنگی کارامە(١٩٦٧) و دیمەنی دەریا (١٩٧٥) و سێ ئافرەتی باڵابەرز (١٩٩٤) وە خەڵاتی تایبەتی تۆنی بۆ دەستکەوتی بەردەوام لە(٢٠٠٥) وەرگرتووە، هەروەها مەدالیای زێڕین بۆ دراما لەئەکادیمیای ئەمریکی و پەیمانگای نامەخانەی هونەر لە ساڵی (١٩٨٠) پێدراوە، لەگەڵ ڕێزلێنانی مەڵبەندی کەنەدی و مەدالیای میللی بۆ هونەر لە ساڵی(١٩٩٦). ئەلبی سەرۆکی دەزگای خێرخوازە ئێدوارد ف.ئەلبییە کە یارمەتی مەڵبەندی داهێنەرانی ولیەم فلاناگان دەکات. هاودەمە لەمێژینەکەی ئەلبی جۆناسن تۆماسی پەیکەرتاش لە دووی ئایاری ساڵی ٢٠٠٥ بەهۆی شێرپەنجەی میزڵدانەوە کۆچی دوایی کرد. ئێدوارد ئەلبی زیاتر لە ٣٢ شانۆنامەی نووسیوە و ئەمە بێجگە لە کتێبێکی تر کە

تایبەتە بە چاوپێکەوتن و وتارەکانی. لە ساڵی ٢٠٠٨ لەساڵیادی هەشتاهەمین ساڵرۆژی لەدایک بوونی ئەلبیدا ژمارەیەک لە شانۆگەرییەکانی لەسەر شانۆکانی برادوای ڤینۆس نمایش کران لەوانە شانۆی چێری لەین. ئەلبی دوو بەرهەمی یەک پەردەیی خۆی دەرهێنا،خەونی ئەمریکی و سندوقی لم کە یەکەمجار لە ١٩٦١ و ١٩٦٢ دەرهێنراون و بەجیا نمایش کران. کارەکانی ئێدوارد ئەلبی زۆر بەکارامەیی نووسراون. زۆربەی جار هاوسۆز نەبوونە لەگەڵ تاقیکردنەوەکانی بارودۆخی مۆدێرن. کارە بەراییەکانی ڕەنگدانەوەی کارامەیی و بەئەمریکا کردنی شانۆی بێماناییە، کە لووتکەی ئەم ڕێبازە پێشڕەوانی شانۆنووسی ئەورووپی وەکو ژین جێنەت و سامۆیڵ بێکێت و ئوجین یۆنسکۆ بوون. شانۆنووسی گەنجی ئەمریکی خاوەن خەڵاتی پۆلیتزەر پاوڵە ڤۆگەر دان بە چاونەترسی ئەلبی دادەنێ لە تێکهەڵکێش کردنی ڕێبازە شانۆیی لەگەڵ دایەلۆگی تیژ هەروەها یارمەتی دانی داهێنانەوەی شانۆی پاش جەنگی ئەمریکی لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو. ئەلبی ئەم ئەزموونەی لەکارە تازەکانیشیدا درێژەی پێداوە وەکو لەشانۆگەری بزنەکە یان سیلڤیا کێیە؟ کەلە ساڵی ٢٠٠٢ نووسیویەتی.




# خەڵاتی تۆنی

خەڵاتی ئەنتوانیت بیری لەبواری شانۆ کەبەخەڵاتی تۆنی ناسراوە، خەڵاتێکە دەردرێت بە نمایشی شانۆنامە نایابەکان. ئەم خەڵاتە لەلایەن هەریەک لە سندوقی شانۆی ئەمریکی و ڕایەڵەی برادوای لەئاهەنگێکی ساڵانە لەشاری نیویۆرک دەبەخشرێت. ئەم خەڵاتە دەدرێتە شانۆنامە نمایشکراو و بەرهەم هاتووەکانی برادوای. خەڵاتی تر هەیە بۆ شانۆ لە سەرتاسەری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەروەها خەڵاتی ڕێزلێنانی تریش هەیە وەک خەڵاتی تایبەتی تۆنی، مەدالیای تۆنی بۆ کاری شانۆیی و خەڵاتی ئیزابێڵ

ستیفستۆن. ئەم خەڵاتە وەک ڕێزلێنانێک لە ئەنتوانیت بیری ناو نراوە کە بەماوەیەکی کەم پێش دروستکردنی خەڵاتەکە کۆچی دوایی کرد. ئەنتوانیت خانمە ئەکتەر و دەرهێنەری ئەمریکی بوو و یەکێک بوو لەدامەزرێنەرانی سندوقی شانۆی ئەمریکی. خەڵاتی تۆنی لەساڵی ١٩٤٧ دانرا دوای پێشنیاری لیژنەیەک لە دەرهێنەرانی شانۆ لەپێش هەموویانەوە بروک بیمرتن (١٨٨٥–١٩٥٠). بۆ یەکەمجار خەڵاتەکە لە مەراسیمێکی شکۆدار لە شەشی نیسانی ١٩٤٧ لەمیوانخانەی واردۆرف ئیستوریا لەشاری نیویۆرک بەخشرا. پێوەری خەڵاتەکە ساڵانە لە دۆکیومێنتێکی فەرمی ڕوون دەکریتەوە بەناوی( ڕێڕەو وڕێچکەی خەڵاتی تۆنی بەخشراو لەلایەن سندوقی شانۆی ئەمریکی) یەوە ئەم دۆکیومێنتە ساڵانە دەستکاری دەکرێت. خەڵاتی تۆنی یەکێکە لەخەڵاتە گەورەکانی شانۆ لە ئەمریکا، کەلەلای شانۆکاران بەرامبەر بە خەڵاتی ئۆسکار دێت کەدەدرێت بە سینەماکاران و خەڵاتی گرامی کە دەدرێت بە مۆسیقارەکان و خەڵاتی ئیمی کە دەدرێت بە کاری تەلەفیزیۆنیی. بەڵام لەبەریتانیا خەڵاتی شانۆ هەیە کە بەرامبەرە بە خەڵاتی تۆنی ئەمریکی، ئەویش خەڵاتی لۆرانس ئۆلیفییەیە. هەمیشە ساڵانە مەراسیمی بەخشینی خەڵاتی تۆنی لەساڵی ١٩٩٧ ەوە لەهۆڵی مۆسیقی ڕادیۆ ستی لەنیویۆرک بەڕێوە دەچێت و تەلەفیزیۆنی CBS ڕاستەوخۆ مەراسیمەکە بۆ ماوەی سێ سەعات دەگوازێتەوە.

## سەرچاوەکان:

1-http://theater.nytimes.com/2013/06/09/theater/theaterspecial/whos-afraid-of-virginia-woolf-at-the-tonys.html?_r=0

٢-چواردە شانۆنامە و هەشت چاوپێکەوتن وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە عەبدوڵا سڵێمان(مەشخەڵ) دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم سلێمانی ٢٠١٢

3-The New York Times newspaper Sunday June 9 2013 page 8

4-https://en.wikipedia.org/wiki/Tony_Award

5-http://en.wikipedia.org/wiki/Who%27s_Afraid_of_Virginia_Woolf%3F

**تێبینی: ئەم نووسینە لەهەفتەنامەی نسێ ساڵی ٢٠١٣ بڵاو بۆتەوە. بەداخەوە ژمارەکەی بەردەست نەبوو.**

# ها جین و ڕۆمان و زمانی ئینگلیزی



له ئەیلوولی ساڵی ٢٠٠٢، ها جینی ڕۆماننووس، کە بەشی داهێنانی نووسینی لە زانکۆی بۆستن تەواوکردبوو، وەک پرۆفیسۆری زانکۆی بۆستن دەست بەکار دەبێت. ئەم شاعیر و ڕۆماننووسە هاوچەرخە لە بیست و یەکی شوباتی ساڵی ١٩٥٦ لە وڵاتی چین لە دایکبووە. هێشتا هەرزەکار بوو کە وڵاتی چین بە شۆڕشی کلتووریدا تێپەڕی. لە تەمەنی چواردە ساڵیدا بوو بە ئەندامی سوپای ڕزگاری خەڵک. ساڵی ١٩٩١ کۆشیعرێک بە زمانی چینی بڵاو دەکاتەوە. لە ڕووی شیعرەوە ها جین سەر بە گرووپی شاعیرانی تەمومژاوییە. ڕۆمانی چاوەڕوانی ها جین کە بووە هۆی چنینەوەی خەڵاتی کتێبی میللی لە ساڵی ١٩٩٩ و خەڵاتی فۆڵکنەر لە ساڵی ٢٠٠٠ لەسەر بنەمای ئەو ساڵە، خزمەتکردنی ها جین لە سوپای سووری وڵاتی چین، نووسراوە. ئەو ڕۆمانە ساڵی ٢٠٠٥ بۆ جاری دووەم خەڵاتی قەڵەمی فۆڵکنەر وەردەگرێتەوە. لە کتێبەکانی تری ئەم ڕۆماننووسە جگە لە ڕۆمانی چاوەڕوانی، ڕۆمانی خاشاکی جەنگ ساڵی ٢٠٠٤ و ژیانی ئازاد ساڵی ٢٠٠٧ و نووسەر وەک کۆچ ساڵی ٢٠٠٨ و پایزێکی باش ٢٠٠٩ و پانتیۆن ٢٠١١. بێجگە لەو خەڵاتانەی سەرەوە. ها جین خەڵاتی ئێرنیست هەمەنگوای بۆ یەکەمین کۆچیرۆک بەناوی ئۆقیانووسی وشەکان لە ساڵی ١٩٩٦ وەردەگرێت و هەروەها خەڵاتی فلانێری ئۆکۆنەر بۆ دووەم کۆچیرۆکی لەژێر ئاڵای سوور دەردەگرێت. سێجار خەڵاتی پوشکارت بۆ ڕۆمان و خەڵاتی گۆڤاری ئەدەبی کینیەن ڕیڤیو وەردەگرێت. ساڵی ٢٠٠٥ بۆ ئەکادیمیای هونەر و نامەخانەی ئەمریکی هەڵدەبژێردرێت و ساڵی ٢٠٠٦ ها جین لەگەڵ هەشت کەسی تر دەبێتە ئەندام لەو ئەکادیمیایە. هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٨

دەبێتە ئەندام لە ئەکادیمیای ئەمریکی لە بەرلین لە وڵاتی ئەڵمانیا. ها جین پێش ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ زانکۆی بۆستن، وانەکانی شیعر و ڕۆمان و ئەدەبی ئینگلیزیی لە زانکۆی ئیمۆری دەوتەوە. ها جین بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانکۆی هەیلۆنگجیان لە چین و بڕوانامەی ماستەر لە زانکۆی شاندۆنگ وەردەگرێت و وەکووو وەرگێر خەریکی کارکردن دەبێت و هیچ نەخشەیەکی بۆ بوون بە نووسەر نەبووە، تا لە ساڵی ١٩٨٦ دەچێتە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و خەریکی خوێندنی دکتۆرا دەبێ لە زانکۆی براندیز و پاشان لە ساڵی ١٩٩١ لە زانکۆی بۆستن لە بەشی زمان و ئەدەب وەردەگیرێ و ساڵی ١٩٩٤ تەواوی دەکات. ئینجا بڕوانامەی ماستەر لە زانکۆی براندیز لە ئەمریکا وەردەگرێت. ئیتر لەم خاڵەوە ها جین دەست دەکات بە نووسین بەڵام بە زمانی ئینگلیزی. ها جین دەڵێ: « وتنەوەی وانە کاتێکی زۆر و وزەیەکی زۆری نووسینی دەوێ بەڵام کاتێ وانەی ئەدەب دەڵێمەوە هەست بە بووژانەوە دەکەم و کتێبی باشم دێنەوە بیر» . ها جین قەت پێی خۆش نەبووە فێری زمانی ئینگلیزی بێت. بەڵام پاش تەواو بوونی شۆڕشی فەرهەنگی لە وڵاتی چین و کردنەوەی زانکۆکان لە ساڵی ١٩٧٧، ها جین ئەوسا تەمەنی تەنها بیست ویەک ساڵ دەبوو دەچێتە زانکۆی هەیلۆنگجیان . لە لیستی پێنچ کۆرسی زانکۆدا، زمانی ئینگلیزی دوا ئیختیاری بووە و دواتر ها جین وەک زۆرێکی تر دەکەوێتە داوی خۆشەویستی ئەدەبی ئەمریکی و خوێندنەوەی فۆولکنەر و ئێرنێست هەمەنگوای و جان ستینبێگ وجاک لەندەن و لانگستن هیوز. سی ساڵ پاشتر ئەو دوا ئیختیارەی ها جین دەبێتە کلیلی سەرکەوتنی. ها جین کەوتە شوێن بڕوانامەی

ماستەر لە ئەدەبی ئەمریکی و جارجارەش شیعری بە زمانی چینی دەنووسی و تا دواجار سەفەر دەکات بۆ ئەمریکا بۆ خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆی براندیز. یەکەمین کتێبی شیعری بە زمانی ئینگلیزی لە ژێر ناوی (لە نێوان بێدەنگییەکان)دا لە ساڵی ١٩٩٥ دا بڵاوکردەوە. نۆ ساڵ دواتریش خەڵاتی کتیبی میللی بۆ ڕۆمانی (چاوەڕوانی)وەرگرت. ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە دەربارەی دکتۆرێکی چینییە لە سوپای چین کە ژنەکەی تەڵاق دەدا بۆ ئەوەی لەگەڵ دڵخوازەکەی بژێت. بەڵام ڕۆمانە هەستیارەکەی(ژیانی ئازاد) کە شەش سەد و شەش لاپەڕەیە و یەکەمین کتێبی ها جینە کەلە ئەمریکا نووسیبێتی و یەکەمین ڕامانی ها جین بۆ ئەم ڕۆمانەش (ژیانی ئازاد)لە ساڵی ١٩٩٢دا لای دروست دەبێت پاش ئەوەی هاوڕێیەکی کتێبێکی شیعری بە زمانی چینی بۆ پێشنیار دەکات کەبەڕاستی پێی سەرسام بوو چونکە تەژی بوو لە کاراکتەری ئاڵۆز و هەمەڕەنگی چینیی و ئەمریکی و هەروەها دەربارەی ئایین و خەمخواردنی چین و مەسەلەی هاوڵاتی بوون لە ئەمریکا بوو. باوکی ها جین ئەفسەر بووە لە سوپای چینیی؛ بۆیە خانەوادەکەی قەت نەیتوانیوە بۆ ماوەیەکی درێژ لە جێگایەک بمێنێتەوە.ها جین لە تەمەنی چواردە ساڵیداپەیوەندی دەکات بە سوپاوە و لە سنوورەکانی ڕووسیا و کۆریا سەربازە دەکات. پاشان دەچێتە بواری تەلەگراف و دواتریش دەچێتە کۆمپانیای هێڵی شەمەندەفەر و پاشتریش بە پەیژەی خوێندندا سەردەکەوێ و دەچێتە ئەمریکا بۆ دکتۆراکەی. ها جین بڕیار دەدات دوای خوێندن بۆ وڵاتەکەی بگەڕێتەوە، بەڵام کاتێک لە ڕێگەی تەلەفیزیۆنەوە دەبینێت کە چۆن سەربازانی چین کەوتونەتە وێزەی

خۆپیشاندانی قوتابیانی زانکۆ ،ها جین دەڵێت (بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بە تەلەفیزیۆنەوە نووسام، سەرسام بووم،ئاخر من لەم سوپایە خزمەتم کردووە بۆ پاراستنی خەڵک!) ئەمە هەموو پیلانەکەی لێ هەڵدەگێڕێتەوە. ها جین لەوساوە نەگەڕاوەتەوە وڵاتی چین و چووە زانکۆی بۆستن بۆ خوێندنهەرچەندە بڕوانامەی دکتۆراشی هەبوو. ها جین دواتر لە زانکۆی ئیمرۆی دادەمەزرێ بۆ وتنەوەی ئەدەب. ئەمڕۆ ها جین لە زانکۆی بۆستن خەریکی واتە وتنەوەیە و لە ١٩٩٥ وە بووەتە هاوڵاتی ئەمریکی. ئێستا کارەکانی ها جین لە وڵاتی چین ناخوێندرێن و تەنانەت کتێبی (چاوەڕوانی) بە تیراژێکی زۆر کەم چاپککراو یەکسەریش لە بازاڕ کۆکرایەوە.هەروەها کتێبی (لە ژێر ئاڵای سوور) سانسۆر کرا و ڕێی پێنەدرا بڵاوببێتەوە و تەنانەت ڕۆمانی (ژیانی ئازاد) زەحمەتە وەربگێڕدرێتە سەر زمانی چینی. ها جین زۆری پێکرا بۆ خوێندنی زمانی ئینگلیزە و سزاکەشیدا، هەرچەندە دەسەڵاتدارانی چین خوازیار بوون تەنها زانستی کتێبخانە بخوێنێ .بە کورتی ها جین تا ئێستا ١٠ جار خەڵاتکراوە و شەش کۆشیعر و شەش کۆچیرۆک و حەوت ڕۆمان و کتێبێک وتار و نووسینی بە چاپ گەیاندووە.

**تێبینییەکان:**

گرووپی شاعیرانی تەمومژاوی : گرووپێکە لە شاعیرانی چینی لە سەدەی بیستەم هاتە بوون کە دژەکردارییان لە دژی سنووردارکردنی هونەر لا ماوەی شۆڕشی کلتووری چینی، دەنواند. نووسەرانی ئەم گرووپە بە ئەبسورد و تەمومژاوی و لێڵ تاوانبار دەکران. نووسەرانی ئەم گرووپە

لە گۆڤاری جینتەین کە لە نێوان ساڵانی ١٩٧٨ تا ١٩٨٠ دەردەچوو و دواتر قەدەغە کرا، بەرهەمەکانیان بڵاو دەکردەوە.
ئەکادیمیای هونەر و نامەخانەی ئەمریکی ڕێکخراوێکە لە ٢٥٠ تەلارساز و مۆسیقار و هونەرمەند و نووسەر پێکهاتووە و هەرکاتێ جێگایەک چۆڵ بێت بۆردی ئەکادیمیا خۆی کەسانی شایستە بەو جێگایە هەڵدەبژێرێ. شایانی باسە ئەندامانی ئەکادیمیا مووچە وەردەگرن بێ ئەوەی ڕۆژێ لە ڕۆژان بیگەڕێننەوە. ئەندامبوون لە ئەکادیمیا هەمیشەیە، واتە ئەندام تا لە ژیاندا بێت، بە ئەندامی دەمێنێتەوە. ئەکادیمیا لە چەند بەشێک پێکهاتووە. ئەندامانی بەشی هونەری بریتین لە تەلارسازان و هونەرمەندی هونەرە جوانەکان. بەشی ئەدەبیش بریتین لە شانۆنامەنووسان و شاعیران و نووسەران و ڕۆماننووسانن و بەشی مۆسیقاش بریتییە لە مۆسیقارەکان. ئەم ئەکادیمیایە بۆ یەکەمجار لە مانگی شوباتی ساڵی ١٨٩٩ لە شاری نیویۆرک دامەزراوە.

## سەرچاوەکان:


1-Newsweek Magazine October29، 2000 Page 60
2-http://www.bu.edu/creativewriting/people/faculty/ha-/jin
3-http://www.bu.edu/today/2014/ha-jin-elected-to-amer-/ican-academy-of-arts-and- letters
4-http://en.wikipedia.org/wiki/Ha_Jin 4-

# دوو نووسەر و دوو خودکوژی

# ڤرجینیا وۆڵفی ڕۆماننووسی

# بەریتانی و سلڤیا پلاتی

# شاعیری ئەمریکی

ژیان جوانە و شیرین و خۆشەویستە. هەموو توانایی مرۆڤ تێکۆشانە لە پێناو ژیان. مردنیش ئەو دێوەزمە بێزارکەر و ترسە گەورەیەیە کە مرۆڤایەتی هیچ وەڵامێکی نییە بۆی. مرۆڤ هەمیشە هەوڵ دەدات لەمەرگ دوور بکەوێتەوە و ڕا بکات. گەرچی هەندێجاریش مرۆڤ لەپێناو ئامانجێکی دیاریکراودا بەتایبەتی لەپێناو مەسەلە گشتییەکانی وەک ئازادی خاک و ئایین گیانی خۆیان بەخت دەکەن. بەڵام پلەی گیانبازی کە بەخشینی پلەی بەردەوامی ڕێگەکەی یان (نەمریی) بەدەست دەهێنن. واتە لێرەش هەڵبژاردنی ڕووبەڕووبوونەوەی مەرگ و گەیشتن بە گیانبەختکردن، پەیوەستە بە نەمری و ژیانەوە. بەڵام خۆکوژی وەک دیاردەیەکی کۆن لە مێژووی مرۆڤایەتی لە هەموو کۆمەڵگەکاندا بوونی هەبووە و هەیە. خودکوژی بریتییە لە کۆتایهێنانی کەسێک بە ژیانی خۆی. خودکوژی بەڕێگاچارەی ڕزگاری لە بێئومێدی ناوزادکراوە. گەلێ هۆکار هەن لە پشت دیاردەی خودکوژییەوە کە هەندێکیان دەروونین و هەندێکی تریان پەیوەندی بە هەستەکانەوە هەیە وەک تەنیایی و خەمۆکی و بێهیوایی و هەندێکیشیان پەیوەندیان بە کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ژیانەوە هەیە، وەک هەژاری و بێکاری. ساڵانە هەشت سەد هەزار تا ملیۆنێک کەس بە خودکوژی کۆتایی بە ژیانیان دێت. بۆ نموونە لەساڵی ٢٠١٥ لەسەتاسەری جیهان ٨٢٨٠٠٠ کەس کۆتاییان بەژیانی خۆیان هێناوە.(١) بەربڵاوترین ڕێگەش خۆ هەڵواسین و ژەهر خواردن و خۆکوشتن بە چەکە. ئەدیبان و نووسەران و هونەرمەندان پشکی شێریان لەم دیاردەیە بەردەکەوێ. بەهەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی ژیانی ئەو شاعیرانەی کە خودکوژییان کردووە ئەوەمان بۆ

ڕوون دەبێتەوە کە پرۆسەی کۆتایی هێنان بەژیانی ئەو شاعیرانە چەند تایبەتمەندییەکی هەیە وەک: بوونی ئاگایی تەواو سەبارەت بە پرۆسەی خودکوژییەکە. جێهێشتنی نامە یان کورتە تێبینی سەبارەت بە کردارەکە و جگە لەمانەش خودکوژییەکە تاکی (فەردی)بووە و کەسی تریان تێوە نەگلاندووە. بەڵام بوونی ئەم دیاردەیە لە کوردستان گەرچی پێشتر لە چەندین کرداری تراژیدی خۆ هەڵواسین و فیشەک بەخۆوە نان و خۆ دانە دەم زێ یان ڕووبارەوە خۆی بەرجەستە کردۆتەوە، بەڵام ئەم کردارانە هەموویان کەسانی ئاسایی بوون و هیچیان شاعیر یان هونەرمەند نەبوون. ئەمڕۆ لە نەوەی نوێ لە کوردستان کە نەوەیەکی خوێندەوار و بە ئاگان لە دنیا، نائومێدی و بێزاری لە ژیان سێبەری خستۆتە سەر ئەم نەوەیە و لەهەمان کاتیشدا زۆر باسی خۆدکوژی و کۆتایی هێنان بەژیان دەکەن. من لێرە هەوڵ دەدەم دوو نموونە لە ئەدەبی بیانی نیشان بدەم و سەرنجی خۆم لەو بارەیەوە نیشان بدەم.



**خودکوژی لەڕێگەی خۆخنکاندن**

## ڤێرجینیا وۆڵف، شاعیرێک پڕ لە قوربانی

ڤرجێنیا وۆڵفی وتارنووس و ڕۆماننووسی مۆدێرنیستی بەریتانی(٢) لەماوەی نێوان دوو جەنگی جیهانیدا یەکێک بوو لە فیگەرە هەرە دیارەکانی گرووپی بلومزبێری(٣) لە لەندەن. هاوسەری ڕەخنەگری ئینگلیزیی لیونارد وۆلف بوو(٤). لە هەژدە ساڵییەوە واتە ١٩٠٠ەوە بە دەستی بەنووسین کردووە. لە پەیوەندییەکی توند و پتەودا بووە لەگەڵ نووسەران و هونەرمەندان. دوای تەواوکردنی ڕۆمانی (لە نێوان کارەکاندا) کەدوای مردنی بڵاو بۆوە، ڤێرجینیا تووشی هەمان خەمۆکی دەبێتەوە کە پێشتر ئەزموونی کردووە. بەتایبەتیش دوای هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانی و ڕووخانیماڵەکەی لە لەندەن و پێشوازە ساردی خوێنەران لە کتێبێکی کە دەربارەی ژیانی هاوڕێیەکی کوچکردووی بوو. بۆیە لە ٢٨ی ئازاری ساڵی ١٩٤١ قاپووتەکەی لەبەر دەکات و گیرفانەکانی پڕ دەکات لە بەرد و خۆی فڕێ دەداتە ڕووباری ئۆوزەوە و خۆی دەخنکێنێ. ڤێرجینیا بەر لە کردەی خودکوژییەکە نامەیەک جێدەهێڵێ بۆ هاوسەرەکەی و لە نامەکەدا دەنووسێ :

ئەی ئازەزترین کەسم ..من دڵنیام شێت دەبم. هەست دەکەم ناتوانین جارێکی تر بەم ڕەوشە ناهەموارەدا گوزەر بکەین. باوەڕیش ناکەم تازە چاک ببمەوە. ئێستا دەنگەدەنگ دێتە گوێم. توانای تەرکیزم نەماوە. لەبەر ئەو هۆیە ئەو کارە دەکەم کە گونجاو بێت. تۆ بەختەوەرییەکی گەورەت پێبەخشیوم و باوەڕ ناکەم هیچ کەس

هەست بەو ئاسوودەییە بکات کە من و تۆ هەستمان پێدەکرد. تا تووشی ئەم نەخۆشییە ناڤۆلایە بووم. لە ئێستا بەدواوە توانای بەرگریم نەماوە و ئەشزانم ژیانت تێک دەدەم. تۆ ڕەنگە بەبێ من ژیانێکی باشتر بژیت. من دڵنیام لەمە، تۆش وای نابینی؟ تەنانەت ناتوانم ئەم نامەیەش بە جوانی بنووسم. ناتوانم بخوێنمەوە. ئەوەی دەمەوێ پێت بڵێم ئەوەیە کە من پڕ بەپڕی ئاسوودەیی ژیانم قەرزاری تۆم. تۆ زۆر باش و بە پشوو بووی لە گەڵمدا. هەموو خەڵکیش ئەمە دەزانن. گەر هەر کەسێک بیتوانیایە ڕزگارم بکات ئەو کەسە تۆ دەبوو . من هەموو شتێکم لەدەست داوە تەنها باوەڕی ئەوە نەبێ کە کەسێکی باشیت و نامەوێ بەردەوام بم لە تێکدانی ژیانت و باوەڕیش ناکەم هیچ کەسێک هەست بە ئاسوودەیی بکات، وەک ئێمە هەستمان پێکرد.



ڤرجینیا وۆڵف

ئەم نامەیەی کە پڕ او پڕە لە خۆشەویستی ڤێرجینیا بۆ هاوسەرەکەی دەرخەری ئەو ڕاستییەکە کە ڤێرجینیا جگە لەوەی نووسەرێکی بەهرەدار بووە، لەهەمان کاتیشدا ئینسانێکی مەزن بووە. ئینسانێک بووە پڕ لە قوربانی (قوربانی بەمانا عەمەلییەکەی نەک بە مانا موجامەلییەکەی). گەورەیی ڤێرجینیا لەوەدایە کە قوربانی دەدات بۆ خۆشەویستییەک کە ساڵانێک مایەی ئاسوودەیی بووە. ئەم نامەیە گەرچی نووسەرێک لەدوا ساتی خودکوژی خۆیدا نووسییەتی و دەزانێ ئیتر دوای ئەو بریارە گەرانەوە بۆ ژیان مەحاڵە، بەڵام پڕە لە ڕاستگۆیی. وشەکان بێ دەمامکن و هێندە سادەن جگە لە لێکدانەوەی وەفا و ڕاستگۆیی هیچیتر هەڵناگرێ.



ڤرجینیا وۆڵف و لیتن ستراچی ١٩٢٣

دوای مردنی ڤێرجینیا وۆڵف گەلی وتار و کتێبی لەسەر نووسراوە و گەلێ لایەنی نادیار و شاراوەی ژیان و بەهرەی بەدیارخراوە. ئیلین بارێت و پەتریشیا کرامەر پێیان وایە ڤێرجینیا فیمینیست بووە. ستێفن ترەمبڵێ لە دوو کتێبدا باس لەوە دەکات خودکوژی ئەم شاعیرە پەیوەندی بە بە دکتۆرەکەیەوە هەبووە. ڤێرجینیا و هاوسەرەکەی هەردووکیان گەرچی سۆزێکی جوولەکەبوونیان لەناخدا دەژیا، بەڵام لەهەمان کاتدا دژی فاشیزم بوون و ئەو بۆچوونەی خۆشیان نەشاردۆتەوە.



**سلڤیا پلات، شاعیرێک تەژی لە ئیرەیی و خەمۆکی**

خانمه شاعیری ئەمریکی سڵڤیا پلات(٥) لە بەرەبەیانی ڕۆژی یانزەی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ بڕیاری کۆتایی هێنان بە ژیانی خۆی دەدات. ئەم خۆکوشتنە لەنێو ناوەندی ئەدەب و کۆمەڵگەی ئەمریکی بووە مایەی وردبوونەوە و لێکدانەوەی جیاواز. سڵڤیا مرد بەڵام مشتومڕەکانی دوای کارەساتی خۆکوشتنەکە ڕەوتی بۆچوونەکانی بەسەر دوو بەرەدا دابەش کرد. بەرەی یەکەم، پێی وابوو خۆکوشتنی سڵڤیا وەکوو خودکوژی لێک بدرێتەوە. ئەم دیاردەیەش بە فراوانی لە کۆمەڵگەی ئەمریکی بوونی هەیە. بەرەی دووەم، پێیان وابوو کەسانێک لە چوارچێوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی سڵڤیا لە پشت ئەم کارەساتەوەن . بەواتەیەکی تر هۆکاری خۆکوشتنەکە هاوسەرەکەی یان دکتۆرەکەی بووە. ئەوەی مایەی سەرنجە، خەمێکی چڕ ئاڵابووە باڵای ژیانی سڵڤیا پلات. ئەم شاعیرە لە بیست و حەوتی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٣٢ لە بۆستن لە ئەمریکا لەدایکبووە. لە کۆلێژەکانی سمیس و نیونهام و زانکۆی کامبرج خوێندویەتی. ساڵی ١٩٥٦ لەگەڵ هاوڕێی شاعیری تێد هیوز هاوسەرگیری دەکات و دوو منداڵیان دەبێ بە ناوەکانی فریدا و نیکۆلاس. سڵڤیا لەتەمەنی هەشت ساڵییەوە دەستی بە نووسین کردووە و ڕۆڵی گرنگی گێراوە لە بردنە پێشەوەی شیعری ئەمریکی و گەڵێ خەڵاتی وەرگرتووە. ئەم شاعیرە دەبوایە پەرستارەکەی لە کاتژمێر نۆی سەرلەبەیانی ڕۆژی یانزەی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ بگاتە شوقەکەی تا یارمەتی سڵڤیا و منداڵەکانی بدات. بەڵام کاتێ پەرستارەکە دەگات ناتوانێ بچێتە

ژوورەوە. دواتر بە هۆی کۆمەکی کەسێکەوە کەلە باڵەخانەکە کار دەکات دەرگاکە دەکەنەوە و دەبینی سڵڤیا خۆی ژەهراوی کردووە و بەهۆی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن مردووە. سڵڤیا بە پەڕۆی تەڕ ژێر دەرگای مەتبەخەکە(مووبەق) و ژووری منداڵەکان جوان دەگرێت. کاتژمێر چوار و نیوی سەرلەبەیانی سەری خۆی دەخاتە ناو فڕنی مەتبەخەکەوە کە داگیرساوە.

سڵڤیا چەند ڕۆژێک بەر لە مردنەکەی، حەبی دژ بە خەمۆکی لەلایەن دکتۆر جان هۆردەرەوە کە هاوڕێیەکی نزیکی خۆی بووە، بۆی دەنووسرێت. دکتۆر جان زانیویەتی ژیانی سڵڤیا و دوو منداڵ بەتەنیا جێی مەترسییە و دەیوت هەموو ڕۆژێک سڵڤیا سەری لێداوم. دوایی هەوڵ دەدات لە خەستەخانە بیخەوێنێ بەڵام بێسوود دەبێ. دواتر دکتۆر جان هەوڵ دەدا پەرستار لە ماڵەکەیدا لەگەڵی بمێنێتەوە. چەند جارێکیش دکتۆر جان سڵڤیای ئاگادار کردۆتەوە کە ئەو حەبە بەکار نەهێنێ. سڵڤیا ئەو بەیانییە نامەیەکی بچکۆلە دەداتە دراوسێکەی کە ناوی تۆماسە و تێیدا هاتووە" تەلەفۆن بۆ دکتۆر هۆردەر بکە. ژمارە تەلەفۆنی دکتۆری تێدا نووسرابوو". دوای مردنی سڵڤیا پڵات، ئاڵ ئاڵڤێرێسی هاوڕێی و ڕەخنەگر لە کتێبێکدا لەساڵی ١٩٧١ سەبارەی بە خودکوژییەکەی سڵڤیا دەڵێ " خودکوژییەکەی سڵڤیا پڵات گریانێکی بێ وەڵام بوو بۆ یارمەتی". تێد هیوزە هاوسەری سڵڤیا(٦) دوای مەرگی ئەم شاعیرە پەیوەندی سۆزداری لەگەڵ ژنێکدا دروست دەکات بەناوی ئاسیا ویڤێل و ئەویش واتا ئاسیا لەساڵی ١٩٦٩ خۆی دەکوژێت.

ئیتر تێد هیوز لەژێر پاڵەپەستۆی ڕای گشتیدا دەمێنێتەوە. خودکوژی ئاسیا کارێکی کرد کە سەبارەت بە خودکوژییەکەی سلڤیاش پەنجەی تاوان بەرەو ڕووی تێد هیوز دەکرا. ساڵی ١٩٧٠ ڕۆبین مۆرگانی شاعیری ڕادیکاڵی فیمینست شیعرێکی نووسی و تێد هیوزی بە سەرچاوەی مەرگی سلڤیا و ئاسیا دانا. گەلێ فیمینیستی ڕادیکاڵیتر خوازیار بوون تێد هیوز لە تۆڵەی سلڤیا بکوژن. شایانی ئاماژەیە لە ساڵی ٢٠٠٩ نیکۆلاس هیوز کوڕی سلڤیا پلاث و تێد هیوز لەناو ماڵەکەی خۆی لە ئالاسکا خۆی هەڵواسی و خودکوژی کرد.

لەئەزموونی خودکوژی ئەو دوو نووسەرەوە دەگەینە ئەو خاڵەی بتوانین بڵێین کە سروشتی خەمۆکی بارە دەروونییەکانی ئەم نووسەرانە لەگەڵ سروشتی خەمۆکی و دۆخە تراژیدییەکانی کۆمەڵگای کوردستان زۆر جیاوازن. مەرج نییە خەمۆکی هەموو جارێ ببێتە هۆی داهێزرانی عەقڵ و زاڵبوونی کێشە دەروونییەکان بەسەر عەقڵدا و لەوێشەوە هەنگاو بهێنێرێتەوە بەرەو فەنا و لەناوچوون. کێشەی خەمۆکی لە کوردستان زیاتر لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئاستی ژیان زۆر لە خوار تەوەقوعی نەوەی نوێوەیە. ئەو ئاستە لە تەوەقوع و کورتهێنان لە بەرامبەریدا وای کردووە نەوەی نوێ بەشێوازە جیاجیا گوزارشت لە ناڕەحەتییەکانی بکات. یەکێک لەو گوزارشتانە مەسەلەی خودکوژییە. نەوەی نوێ نەوەیەکی خودکوژ نییە و ئەگەر زەمینەی هەلومەرجێکی گونجاوی بۆ بێتە پێشەوە،

دەبێ بە نەوەیەکی داهێنەر و ئەکتیڤ لەزۆربەی بوارەکانی ژیاندا. گوزارشت و مەیل بەلای خودکوژی بەمانای کرداری خودکوژی نییە. ئەوەی خودکوژی دەکات نەخۆشە و پێویستە بخرێتە ژێر چاودێری پزەشک و پسپۆرانی بواری کۆمەڵناسی و دەروونناسییەوە. لەلایەکی ترەوە دەبینن هەندێ کەس لە نەوەی نوێ(جا نووسەر بن یان نا) هەوڵ دەدەن ڕەشبینانە خۆیان دەربخەن و هەندێ ڕستەی سەیر و سەمەرەی لە چەشنی (میز بە ژیاندا دەکەم) دەنووسن گوایە ئەمانە ڕەشبینن و نائومێدی تەنگی پێهەڵچنیون و گوزارشت لە ڕەشبینییەکانیان دەکەن. ئەمانە لەڕاستیدا دەیانەوێ بڵێن کە قووڵ بوونەتەوە لە ڕێبازە فیکرییەکان و پڕن لە مەعریفە و دەرخستنی ئەم ڕەشبینییەش بەڵگەی مۆدێرن بوونیانە. بەپێچەوانەوە من وای دەبینم کە مرۆڤ خۆی بێ و دوور لە تەمسیل و دەمامکسازە گوزارشت لە خۆی بکات. من لەگەڵ هەموو ئەو جۆرە تێڕوانینە و ئەو ڕەشبینییەش ستایشی زۆرم بۆ نەوەی نوێ و هەموو ئەو بەرێزانەیە کە بەجیددی خەریکی خوێندنەوە و کاری لێکۆڵینەوەن. من جوانییەکانیان دەبینم و هیوام وایە ئەو جوانی و وزە لە بن نەهاتووەیان ببێتە مایەی خولْقاندنی چەندین شاکاری ئەدەبیی و هونەریی مەزن کە کورد تا ماوە شانازییان پێوە بکات.

حوزەیرانی ٢٠١٤ کەنەدا

## پەراوێز و سەرچاوەکان:

١- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم دیاردەیە بڕوانە
https://en.wikipedia.org/wiki/Suicide

٢-ڤێرجینیا وۆلفی ڕۆماننووسی بەریتانی لە بیست و پێنجی کانوونی دووەمی ١٨٨٢ لە شاری لەندەن لە وڵاتی بەریتانیا لەدایکبووە. ڤێرجینیا لەلایەن دایک و باوکییەوە فێری خوێندەواری دەکرێ. ساڵی ١٨٩٥ کاتێ تەمەنی سێنزە ساڵان دەبێ دایکی دەمرێ. لە نێوان ساڵانی ١٨٩٧ تا ١٩٠١ ڤێرجینیا وردە وردە هەندێ کۆرس وەکوو یۆنانی و ئەڵمانی و مێژوو و لاتین لە بەشی ژنان لە کینگز کۆلێج لەندەن دەخوێنێ. ئەم خویندنەوش وای دەکات پەیوەندی لەگەڵ ژامرەیەک ژنی ڕۆشنبیری ئەو سەردەمە دابنێ. ساڵی ١٩٠٤ باوکی دەمرێ. دواتر باری تەندروستی تێک دەچێ و چەند جارێک دەبردرێتە لە بنکەی چاودێری ژنان تا لە بیست و هەشتی مانگی ئازاری ساڵی ١٩٤١ خودکوژی دەکات و کۆتایی بە ژیان خۆی دەهێنێت. ڤێرجینیا وۆلف نۆ ڕۆمان و شەش کۆچیرۆک و زیاتر لە ٣٠ کتێبی تری هەمەبابەتی چاپ و بڵاو کردۆتەوە.
http://en.wikipedia.org/wiki/Sylvia_Plath

٣-گروپی بلومزبێری گروپێک بوو پێکهاتبوو لە کۆمەڵێ هونەرمەند و ڕۆشنبیر و فەیلەسوف و نووسەری بەریتانی کە لە

ناوچەی بلومزبێری لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم لە شاری لەندەن پێکەوە سەرقاڵی خوێندن و کارکردن و ژیان بوون. ئەندامانی ئەم گروپە بریتیبوون لە دە ئەندام : کلیڤ بێڵ، ڤەنیسا بێڵ، ڕۆجەر فرای، دنکان گرانت، دێسمۆنت ماککارثی، لیونارد وۆلف،ڤێرجینیا وۆلف و جان ماینارد کینس و ئی ئیم فۆرستەر و لیتن ستراچی. هەرچەندە ئەندامانی ئەم گروپە ئەوەیان ڕەت دەکردەوە کە گروپ بن، بەڵام باوەڕێک پێکەوەی بەستابوونەوە. بەرهەمی ئەندامانی ئەم گروپە کاریگەری هەبووە بەسەر ئەدەب و ئیستاتیکا و ڕەخنە و ئابووری و هەروەها دیدێکی مۆدێرنخوازەیان هەبوو سەبارەت بە فیمینیزم و پاسفیزم و سێکسگەرایی.

٤- لیونارد وۆلف بیرمەندی سیاسی و نووسەر و بەریتانی و هاوسەری ڤێرجینیا وۆلفی ڕۆماننووس لە بیست و پێنجی تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٨٠ لە شاری لەندەن لە وڵاتی بەریتانیا لە دایکبووە. ساڵی ١٩٠٢ بڕوانامەی بەکالۆریۆس بەدەست دەهێنێت. لە چواردەی ئابی ساڵی ١٩٦٩ بە جەڵدەی مێشک کۆچی دوایی دەکات. لێۆنارد حەڤدە کتێبی جۆراوجۆر و نۆ کتیبی بایۆگرافی چاپ و بڵاو کردۆتەوە.

٥- سڵڤیا پلاتی شاعیر و ڕۆماننووس و چیرۆکنووسی ئەمریکی لە بیست و حەوتی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٣٢ لە شاری بۆستن لە ویلایەتی ماساچوستیس ئەمریکا لە دایکبووە. لە کۆلێژەکانی سمیس و نیوهام لە زانکۆی کامبرج دەخوێنێ. ساڵی ١٩٥٦

لەگەڵ شاعیرێکی هاوڕێی تێد هیوز هاوسەرگیری دەکات و دوو منداڵیان دەبێ بە ناوەکانی فرێدا و نیکۆلاس. سڵڤیا هەر لە هەڕەتی لاوییەوە تووشی خەمۆکی دەبێ تا لە یانزەی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ خودکوژی دەکات و کۆتایی بەژیانی خۆی دەهێنێ. شڵڤیا حەوت کۆشیعر و شەش ڕۆمان و پەخشان و چوار کتێبی منداڵان چاپ و بڵاو دەکاتەوە.

http://en.wikipedia.org/wiki/Virginia_Woolf

٦-تێد هیوز: ئیدوارد جەیمس (تێد) هیوزە شاعیر و ڕەخنەگر و نووسەری منداڵان و هاوسەری سڵڤیا پلات لە حەڤدەی ئابی ساڵی ١٩٣٠ لە شاری میثۆلمرۆید لە بەریتانیا لە دایکبووە. ساڵی ١٩٥١ دەچێتە پێمبرۆک کۆلێج . دوای تەواوکردنی زانکۆ تێد گەلێ کاری جیا جیا دەکات. لەگەڵ سلڤیا پلات هاوسەرگیری دەکات. دوای خودکوژی سلڤیا، ئید لەگەڵ ئاسیا ویڤیڵ ئاشنا دەبێ و ساڵی ١٩٧٠ ئاسیاش خودکوژی دەکات. لەمانگی ئابی ساڵی ١٩٧٠ تید هاوسەرگیری لەگەڵ کارڵ ئۆرچاردی پەرستار دەکات و تا مردن پێکەوە دەمێننەوە. تێد هیوز هەژدە کۆشیعر و شانزە کتێبی شانۆگەری و هەشت کتێبی وەرگێران و دوو کۆچیرۆک و پێنج کتێبی لێکۆڵینەوە و هەژدە کتێبی منداڵان و دوو کتێبی نامەکانی و حەوت کتێبی ئەنسۆلۆژی و بیست و حەوت نامیلکەی جیاجیای جاپ و بڵاو کردۆتەوە. تێد هیوز لە بیست و هەشتی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٨ لەتەمەنی ٦٨ ساڵیدا بۆ هەمیشە چاوی لێکنا و ماڵاوایی لە شیعر و نووسین کرد.

# کێرڤی کاریگەری سۆشیالیزم لای دۆرتی لیڤسەی شاعیری کەنەدی



## دەستپێک

وردبوونەوە و ڕۆچوونە نێو بزووتنەوەی شیعری کەنەدی و هەڵوەستەکردن لەسەر شاعیرە ڕادیکاڵەکانی ئەو بزووتنەوەیە، ئەو بەرچاوڕوونییە بۆ خوێنەری کوردزمان دەڕەخسێنێت کە بتوانێت، گەوهەری داهێنانە جوانەکانی نێو ئەو بزووتنەوەیە ببینێت و بخوێنێتەوە. ئەدەبی ڕادیکاڵیزم و شۆڕشگێڕانەی لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە کەنەدا بەتایبەتی لە دەیەی سییەکان و چلەکاندا گەیشتە چڵەپۆپە. ئەو بزووتنەوە ڕادیکاڵە گەلێ نووسەر و ئەدیبی ڕادیکاڵی هێنایە دەرەوە لەوانە ئەبراهام کلێن و جین بورتن و دۆرتی لیڤسەی و ژمارەیەک بڵاوکراوە و گۆڤاری ڕادیکاڵ و شۆڕشگێرانە و هەروەها چەند یانەی ڕۆشنبیریی هاتنە دامەزراندن و بڵاوکردنەوە. دۆرتی لایڤسەی یەکێک بوو لەو دەنگە شیعرییانەی لەو سەرەتایەدا بە هێزێکەوە هاتە مەیدان و کەوتە چالاکی هەمەجۆری سیاسیی و ئەدەبیی. بۆ ئەوەی دۆرتی لیڤسەی بناسین، باشترە لە سەرەتاوە ئاوڕێک لە بزووتنەوەی شیعری کەنەدی بدەینەوە.

## بزووتنەوەی شیعری کەنەدی

بزووتنەوەی شیعر لە وڵاتی کەنەدا مێژووەکەی دەگەڕێتەوە سەرەتای دۆزەنەوە و دەست بەسەرداگرتنی ئەم کیشوەرە لەلایەن هەردوو زلهێزە ئەو کات بەریتانیا و فەرەنسا. شیعرە بەراییەکان لە سەدەی حەڤدە بەگشتی لەلایەن ئەو کەسانەوە نووسراون کە سەردانی یان گەشتی ئەم وڵاتەیان کردووە و شیعریان تیا نووسیوە، وەک یەکەمین بەرهەم

که بڵاو کرابێتەوە شیعرێکی ڕۆبەرت هەیمەن بوو لە ساڵی ١٦٢٨. بەڵام یەکەمین شیعریی درێژ لەمێژووی وڵاتی کەنەدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٢٥ کە ئۆلیڤەر گۆڵد سمیس نووسیویەتی و بڵاوی کردۆتەوە. سەبارەت بە کتێبی شیعریش یەکەمین کتێبی شیعری لە کەنەدا چاپ و بڵاو کرابێتەوە کتێبی «خاکی خەون»ی چارڵس مەیر بوو کە لە ساڵێ ١٨٦٨دا هاتە بڵاو کردنەوە. هەر لە سەدەی حەڤدەهەم گروپی «شاعیرانی کۆنفیدراسیۆن» هاتە دامەزراندن کە ئەندامانی گروپەکە بریتی بوون لە چارڵس جی دی ڕۆبەرتس و ئارشیبلاند لامپمان و بلیس کارمەن و دونکان کامبڵ سکات و ولیەم ویلفرێد کامبڵ. لە سەرەتای سەدەی بیستەمیشدا بەتایبەتی ساڵی ١٩٠٧ کتێبێکی شیعری شاعیر ڕۆبەرت سێرڤس چاپ و بڵاو کرایەوە. ئەم کتێبە ڕەواجی زۆری بۆ پەیدا بوو و زۆر بەناوبانگ بوو تەنانەت لەسەدەی بیستەم زیاتر لە سێ ملیۆن دانەی لێ فرۆشرا. ئەم سەرکەوتنەی ڕۆبەرت بووە هاندانی چەندین شاعیری تر لەوانە تۆم مەکلنس. دەیەی بیستەکان و سییەکانی سەدەی بیستەم گروپی مۆنتریاڵ هاتە دامەزراندن کە لە کۆمەڵێ شاعیری گەنج پێکهاتبوون لەوانە ئەی جەی ئێم سمیس، ئەی ئێم کلەین، ئێف ئاڕ سکات کە بوونە هۆی گەشەپێدان و بەرەو پێشچوونی شیعری مۆدێرن لە شاری مۆنتریاڵ(دووەم گەورەترین شار لە وڵاتی کەنەدا). لە شاری تۆرۆنتۆش دۆرتی لیڤسەی ڕۆڵی بەرچاوی گێرا لە پەرەپێدانی بزووتنەوەی شیعر لەو شارە مەزنەی کەنەدا. هەروەها جگە لە پەرەپێدان و دامەزراندنی چاپخانە و دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە، گۆڤارەکانیش توانیان بەڕۆڵی خۆیان تەکان بە بزووتنەوەی شیعری کەنەدی بدەن، لەوانە

گۆڤاری «شیعری کەنەدی» کە لە ساڵی ١٩٣٥ لەلایەن پراتەوە هاتە بڵاوکردنەوە. لە ناوەڕاستی دەیەی سییەکانی سەدەی ڕابردوو؛ شیعرەکانی ویڵسن ماکدۆناڵد خوێنەری بەبڕشتیان هەبوو. دوای جەنگی جیهانی دووەم جۆێکی تر لە شاعیران سەریان هەڵداکە بۆ نوخبە دەیان نووسی، ئەمانیش جەیمس ڕینەی، جەی مەکفێرسن،لیۆنارد کۆن بوون. لە هەمان کاتدا هەندێکی تر لە شاعیران وەک ئارڤینگ لەیتن، ڕەیمۆن سۆستەر، هارۆڵد ستاندیشلویس دودێک بەرەو ئاڕاستەیەکی تر هەنگاویان نا و زمانی سادەی خەڵکیان لە شیعرەکانیان بەکار دەهێنا. لە دەیەی شەستاکان هەستی ناسیونالیستیش بووە هۆی برەو پێدان و هاتە مەیدانی چەندین دەنگی نوێ، لەوانە: مارگریت ئات ود، مایکڵ ئۆنداتج و لیۆنارد کۆن و ئیلیٚ مەندەل و مارگەرێت ئەڤیسۆن. دوای ئەوەش ڕۆژنامەی «تیش» کە قوتابییەکی شاعیر لە زانکۆی بریتش کۆلۆمبیا لە شاری ڤانکووڤەر لەسەر ڕێچکەی شاعیرانی «بلاک ماونتێن» دایمەزراند، گەلێ لە شاعیرانی دەیەی شەستەکان لە شاری ڤانکووڤەر پێگەیاند لەوانە بی پی نیکۆڵ و جەیمی ڕید و جۆرج بۆوەرینگ و فرێد واە و فرانک دەیڤی و دەفنی مارلات و دەیڤد کوڵ و لیۆنێڵ کیرنس. دانانی خەڵاتی حاکمی گشتی کەنەدا بۆ شیعر لە سەدەی بیستەم ڕۆڵی خۆی بینیوە لە پاڵپشتی و هەروەها سەپۆرتی شاعیران و بزووتنەوەی شیعریی. شاعیرانی نەوەی نوێی لە کەنەدا سنوورەکانی خۆیان تێپەڕاند و داهێنانیان پێشەکەش کردووە لەوانە : برایەن برێت، کێن بابستۆک و پاتریک لەین و بیری دێمبستەر و ..تاد، تێکۆشان مۆری ئاگایی و هەست و نەستیان و خستنە سەر نەخشەی وێنەی شیعریی کەنەدی.(١)



بەرچاوترین کتێبی ئەنتۆلۆجی شیعری کەنەدی بریتییە لە "کتێبی نوێی ئۆکسفۆردی شیعری کەنەدی" لە نووسینی مارگەریت ئات وده، ساڵانەش لە کەنەدا چوار خەڵاتی شیعریی هەن کە بریتین لە خەڵاتی حاکمی گشتی کەنەدا و خەڵاتی خەڵاتی گریفن بۆ شیعر و خەڵاتی جێرەڵد لامپێرت و خەڵاتی پات لۆسەر. بزووتنەوەی شیعری کەنەدی لە قۆناغی ڤیکتۆریاوە یەکسەر گواسترایەوە یان بازەدا بۆ قۆناغی پۆستمۆدێرنیزم بێئەوەی بە قۆناغی مۆدێرنیزمدا تێبپەڕێت، چونکە کاریگەری شیعری ئەمریکی هۆکار بوو بەتایبەت شاعیرانی وەک کارڵ ساندبێرگ و ڤەیکەڵ لێدسەی. بەڵام سەبارەت بە بەشی فەرەنسی زمانی بزووتنەوەی شیعریی کەنەدی ئەمیش بە مێژوویەکدا تێپەڕیوە. ساڵی ١٨٣٠ یەکەمین کتێبی شیعری بەزمانی فەرەنسی لە کەنەدا بڵاو کراوەتەوە. لەسەدەی حەڤدەهەم بزووتنەوەی ئەدەبی بە زمانی فەرەنسی لە کەنەدا هاتە مەیدان و لەسەدەی

نۆزدەهەم قوتابخانەی مۆنتریاڵ (٢) هاتە دامەزراندن و شاعیرانی کەنەدی بە زمانی فەرەنسی شان بە شانی بەشی ئینگلیزی زمان، ڕۆڵی مێژوویی خۆیان بینیوە لە سازکردن و بەرجەستەکردنەوەی ئەو بزووتنەوەی شیعرییەی کە کەنەدا و کەنەدییەکان شانازی پێوە دەکەن.

## دۆرتی لیڤسەی و مارکسیزم

دۆرتی لیڤسەی سەرەتای دەیەی سییەکانی سەدەی ڕابردوو ، کاتێک دەچێتە پاریس دوو هۆکار وای لێدەکەن سەرسام بێت بە مارکسیزم. یەک: ئەو ئەزمە ئابوورییەی کە یەخەی جیهانی سەرمایەداری گرتبوو. دوو: ئەو دۆست و هاوڕێیانەی کە دۆرتی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکردن. لێرەوە دۆرتی لەگەڵ کۆمۆنیستەکانی پاریس دەست دەکات بە چالاکی و هەڵسوڕانی سیاسیی. ئەم باوەڕە لەگەڵ دۆرتی شاعیر بەنێو مێژوودا درێژ دەبێتەوە. ئەوەتا نزیک بە نیو سەدە دوای بوونی بە سۆشیالیست، لە چاوپێکەوتنێکدا لێیَ دەپرسن کە :

-ئایا بەنێو بڕگەی نائومێدی دەیەی پەنجاکان وەک کۆمۆنیستێک تێپەڕیوویت؟

-بەڵێ.

-بۆچی تۆ ئێستاش خۆت بە سۆشیالیست دەزانیت؟

-بەڵێ، چونکە بڕوام بە نیزامی سەرمایەداری نییە.(٣)

ئەمە وەڵامی دۆرتی لیڤسەی شاعیری کەنەدیە کە تا ئەمڕۆش وەک ئایکۆنێکی سۆشیالیستیی لەنێو بزووتنەوەی ئەدەبی کەنەدیدا تەماشا دەکرێت و دەخوێنرێتەوە. ئەم شاعیرە لە نێو خێزانێک کە هەڵگری



## ناوەڕۆکی شیعرەکانی دۆرتی لیڤسەی

باکگراوندێکی ڕۆشنبیر و ئەکادیمی بوو، گەورە بووە. باوکی جەی ئێف بی لیڤسەی بەڕێوەبەری ئاژانسی دەنگوباسی میللی کەنەدا بووە و دایکیشی فلۆرێنس ڕاندالْ لیڤسەی ڕۆژنامەنووس و شاعیر بووە. لە دوانزەی مانگی تشینی یەکەمی ١٩٠٩ لە شاری وینیپیگ لە هەرێمی مانیتۆبای کەنەدا لەدایکبووە. ساڵی ١٩٢٠ دەگوێزنەوە بۆ شاری تۆرۆنتۆ لە هەرێمی ئۆنتاریۆ. ساڵی ١٩٣١ بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانکۆی تۆرۆنتۆ بەدەست دێنێت و پاشانیش بڕوانامەی دبلۆم لە هەر لەو زانکۆیە لەبواری کاروباری کۆمەڵایەتی وەردەگرێت. ماوەیەکیش لە زانکۆکانی بریتیش کۆڵۆمبیا و سۆربۆن دەخوێنێت. لەساڵی ١٩٣١ لیڤسەی سەردانی پاریس دەکات و لەوێدا دەبێتە

کۆمۆنیست. ساڵی ١٩٣٣ پەیوەست دەبێت بە حیزبی کۆمۆنیستی کەنەداوە و لەژمارەیەک ڕێکخراوی کرێکاریی و جەماوەریی دەست دەکات بە هەڵسوراویی و چالاکیی. لەوانە یەکێتیی بەرگریکارانی کرێکارانی کەنەدا و یەکێتیی کەنەدییەکان دژ بە جەنگ و ڕاسیزم و هاوڕێیانی یەکێتیی سۆڤییەت و یەکێتیی یەکبوونی کرێکاران(٤).
ساڵی ١٩٣٥ دەچێتە شاری ڤانکووڤەر و لەوێ لەگەڵ هاوڕێ سۆشیالیستەکەی دەنکان مەکنەیر هاوسەرگیریی دەکات و دوو منداڵیان دەبێت بەناوەکانی پیتەر و مارسیا. ساڵی ١٩٤٠ پێشنیاری گۆڤاریکی شیعریی دەکات بۆ هەریەک لە ئانا ماریەت، فلۆریس مەکلارین، دۆریس فێرنە تا لەدەرەوەی بازنەی شاعیرانی مۆنتریاڵ بتوانن برەو بە بزووتنەوەی شیعری ڕادیکاڵی کەنەدی بدەن. ئاڵن کراوڵی دەبێتە سەرنووسەری گۆڤارەکە و ژمارەی یەکەمی لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٤١ دەردەچێت کە تایبەت دەبێت بە شیعری هاوچەرخ. پاش کۆچی دوایی هاوژینەکەی لە ساڵی ١٩٥٩، لیڤسەی لە ڕێکخراوی یۆنسکۆ لە پاریس و ئینجا باکووری ڕۆدیسا کە دەکاتە زامبیای ئێستا دەست بە کار دەبێت. لەنێوان ساڵانی ١٩٥١ تا ١٩٨٤ لە ژمارەیەک زانکۆکانی کەنەدا وانە دەڵێتەوە.(٥) ساڵی ١٩٨٣ بڕوانامەی دکتۆرا لە زانکۆی ئاثاباسکا بەدەست دێنێت و دۆرتی دوای مێژوویەک لە بەخشش و داهێنان لە هەرێمی بریتیش کۆلۆمبیا خەڵاتی کتێبی ئەو هەرێمەی بەناوەوە دەکرێت و لە دوای ساڵی ١٩٨٩وە ناوی ئەو خەڵاتە دەبێت بە خەڵاتی شیعریی دۆرتی لیڤسەی.(٦)

ناوەڕۆكی شیعرەكانی دۆرتی لیڤسەی

ناوەڕۆكی شیعرە بەراییەكانی ئەم شاعیرە كەنەدییە،سیاسین و تەنانەت چینایەتیشن. دۆرتی لەدەیەی سییەكان و چلەكان چەپ و ماركسی بووە و ئەمەش ڕەنگدانەوەی بەسەر بەرهەمە ئەدەبییەكانیدا هەبووە. ناوەڕۆكی شیعرە بەراییەكانی ئەم شاعیرە لەدەوری چەند بابەتێك گرنگ و هەستیاری ئەو ڕۆژگارەن وەكوو مۆركی فیمینست بوون و مەسەلەی ژن و مافەكانیان، مەسەلەی جەنگ و خەبات دژ بە ڕاسیزم و مەسەلەی خەباتی چینایەتی كرێكاران.دۆرتی یەكەمین شاعیری كەنەدی بووە كە دەربارەی دەنگی شۆڕشگێڕانەی واقیعییەتی كۆمەڵایەتی و كرێكارانی پیشەسازە دواوە(٧). دۆرتی لەشیعرێكدا دەڵێت:

من ئەو ئافرەتەم
نەک وەک ئەوەی تۆ دەیبینی
من هەر ئێسک و دەفری لە قوڕ دروستكراو نیم
من ئەو ئافرەتەم
كە ڕق و خۆشەویستی دەناسێ
ڕق لەو زنجیرەی كە دایک و باوكان دروستی دەكەن
لەگەڵ ئەو خۆشەویستییەی
كە لەوانەیە پیاو ئازاد بكات.
كە تا هەنووكەش بەخێرایی لەوەفادا ڕایگرتووە.

من ئەو ئافرەتەم
نەک وەک ئەوەی تۆ دەیبینی.
بەسەر عەشقدا هەنگاو بنێ و
ژورێکیشم بۆ ساز بکەی.(٨)

بەرگریکردن لە بەها و ئینسانییەتی ژن، پایەیەکی سەرەکی شیعرەکانی دۆرتین، ئەمەش خاڵی گەش و جوانی شیعرەکانییەتی. ئەم بەرگرییە لە مەوقیعییەتی ژنبوونەوە نییە ئەوەندەی لە مەوقیععەتی سۆشیالیستبوونەوە سەرچاوەی گرتووە. دیارە شاعیر هەر لەسەر کێشە و مەسەلە جێندەرییەکان ناوەستێ و ئەو وەک شاعیرێکی مارکسیست لەڕێی شیعرەکانییەوە؛ ڕۆدەچێتە نێو ژیانی کرێکاران و مەسەلەی هەلومەرجی کارکردن وەک سەعات کاری زۆر و هەقدەستی کەم وێنا دەکات

هاوڕێ ئازەزەکەم
ئەوە بوو بە چەندین ساڵ لەنێوان
زۆر خێرا بوونی هەریەکەمان و
تێکۆشانی سەربەخۆمان
ئێستا دەتبینم سەر ماش و برنج
بێ خەو
بێ ژیان و بێ پاڵتۆ
بەڵام لێوڕێژی لە خەبات

لەهەرکات زیاتر نزیکین لەیەک
نزیکتر لەوەی گیانمان پڕ لە خۆشەویستی بێت.(٩)

شیعری کەتەلۆنیای دۆرتی؛ کە ڕەنگدانەوەی تێڕوانینی چەپبوونی شاعیرە، وەک ڕایەن ڤان دێن بێرگ دەڵێت « زیاتر شیعرێکی دۆکیومێنتارییە کە لەنێو بزووتنەوەی شیعری مۆدێرنی کەنەدی جێی خۆی کردۆتەوە»(١٠)دیارە ئەم شیعرە و هەندێ شیعری تر دۆرتییان کرد بە پێشەنگ لە هەڵوێست نواندن و دەربڕینی بیروباوەڕی شۆڕشگێرانە. دۆرتی لیڤسەی وەک دیسمۆن پەیسی دەڵێت» یەکێکە لە گرنگترین شاعیرانی نەوەی خۆی لەکەنەدا، ئەو نەوەیەی کەلەنێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا هاتە خەملان».(١١)ئەم خەملاندنە لەڕووی شیعرییەوە ڕوو لە هەوراز تەکانیدا و نەوەستا، بەڵام لەڕووی جیهانبینی سیاسیی شاعیرەوە(ئایدیۆلۆژیا)ەوە دۆرتی نەیتوانی تا کۆتایی تەمەنی لەهەناوی دەقە شیعرییەکانیدا دەست بە مارکسیزمەوە بگرێت. بۆیە لیڤسەی لەگەڵ پاشەکشەی وردە وردەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و مارکسیزم لە کەنەدا، ئەوەیش وردە وردە پاشەکشە دەکات و خۆی لەگەڵ هەر ئەو سیستەمە دەگونجێنێت کە سیستەمی سەرمایەدارییە.واتا لیڤسەی لە شاعیرێکی مارکسیستییەوە بەرەو شاعیرێکی مۆدێرنیستی سەر بە مۆدێرنخوازانی ئەدەبی کەنەدی، کە بە قوتابخانەی مەیپڵ لیف ناسراوە، هەنگاوی ناوە. لیڤسەی هەر لەسەرەتاوە لەسەر دووڕیاندا خۆی بینیوەتەوە. یان خۆی لەسەر دوو ئاراستەدا بینیوەتەوە ؛ ئاراستەی ستانداردی نێونەتەوەیی

و خۆجێیی یان لۆکاڵیی.
کە جێم دێڵی
نەخەندەی هەتاو دەبینم
نە ڕژانی تریفە لە شەوی هاوین.(١٢)
یان بۆ لۆرکای شاعیر دەنووسێت
کاتێ تۆ ژیای
ڕۆژ لەچاوەکانتەوە دەبریسکایەوە
ئێستا گزنگی خۆر سەرگەردانە و
مەشخەڵی وەڵام نادۆزێتەوە.(١٣)

لیڤسەی تێکۆشاوە لەسەر هەردوو ئاراستەکە ئیش بکات. بۆیە بێهۆ نییە دۆرتی کە دەڵێت « من بەدوای بێبایەخییەوە وێڵبووم، نەک بەشوێن شاعیرانی پرۆلیتاریا- ئێمە زۆر لەوەوە دوورین- بەڵام بۆ هەندێک گوزارشتکردنی ڕەسەنایەتی ئەزموون پەیوەست بووە بەشێوازی ژیان و خەباتی خەڵک لەکەنەدا.»(١٤)
بەمجۆرە بیروباوەڕی مارکسیزم و سۆشیالیزم لای ئەم شاعیرە کەنەدییە، وەک کێرڤی پەلکەزێڕینە لەسەرەتاوە لە سفرەوە دەست پێدەکات و دوایی دەگاتە ئاستێکی گونجاو و ئینجا وردە وردە دێتە خوارەوە و کەمڕەنگ دەبێتەوە. لەگەڵ کاڵبوونەوەی زیاتری بیروباوەڕی سۆشیالیزم لەسەر چالاکییە مەیدانیی و زەهنییەکانیدا، (دۆرتی) ش پێبەپێ لەئەدەبی کەنەدی باو و زاڵ دەچێتە پێشەوە و لەلایەن دەسەڵاتەوە خەڵات دەکرێت و تەنانەت خەڵاتێکی ساڵانەشی

بەناوەوە دەکرێت. دواجار ئەم شاعیرە لەسەرەتا شۆڕشگێڕەی کەنەدا، لە ٢٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٦ لەتەمەنی ٨٧ ساڵیدا ژیانئاوایی هەمیشەیی لە شیعر و ئەدەب و خوێنەرانی ئینگلیزی زمان دەکات.

## ئەنجام

سەرەنجام لەو ڕاستییەوەی کە ئەدەب و هونەر دەرئەنجامی گەشەی ئابووری کۆمەڵگەن و پێبەپێی گەشە و بەرەوپێشچوونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و ململانێی چینەکان، ئەو بزووتنەوەیەش گەشە دەکات و دەچێتە پێش یان پاشەکشە دەکات. ئەدەبی پرۆلیتاریای کەنەدیش وەک بزووتنەوەیەکی ئەدەبیی ڕادیکاڵی کۆمەڵگەی کەنەدی، گەلێ شاعیر و نووسەری کەنەدای لەسەرەتای سەدەی بیستەوە پەلکێشی نێو ئەو بزووتنەوە چینایەتییە کردووە و بەرهەمەکانیان ڕەنگدانەوەی ئەو دۆخە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەیەی کەنەدا بووە. لیڤسەی دەکەوێتە سەردەمێکەوە کە هەلومەرجەکە بۆی لەبار بووە و توانیویەتی بەهەوڵەکانی خۆی جێپێی خۆی لەنێو بزووتنەوەی شیعری کەنەدی قایم بکات. ئەم شاعیرە سەرەتا وەک مارکسیستێک دێتە مەیدان و بە دەقە شیعرییەکانی گوزارشت لەو باوەڕەی دەکات، تا دەبێت بە یەکێک لە ئایکۆنە ڕادیکاڵەکانی نێو بزووتنەوەی شیعری کەنەدی. دۆرتی لەڕێی دەقە شیعرییەکان و چاوپێکەوتنەکانییەوە لەسەر هەرسێ تەوەرە بنچینەییەکانی مەیدانی خەباتی ئەو سەردەمە(بەرگری لە ژان و مافەکانیان، خەبات دژ بە ڕاسیزم و جەنگ، بەرگری لە کرێکاران و خەباتی کرێکاریی)

پێداگری دەکات و جێ دەستیشی دیارە. پاشان وردە وردە کێڕڤی کاریگەری مارکسیستبوونەکەی ڕوو لە خوار دەچێت و ئەو باوەڕە شۆڕشگێرانەیەی لا کاڵ دەبێتەوە تا کار دەگات بەوەی لە بەرزترین ئاستی دەسەڵاتی حکومەتی کەنەدا خەڵات بکرێت و پاشانیش خەڵاتێکی بەناوەوە بکرێت.

## سەرچاوە و پەراوێز:

١-دۆرتی لیڤسەی شاعیری پێشکەوتووخوازە کەنەدی کتێبی خانمەکەی نێو ئەم شیعرە، شارایەک لە شیعری بیانیی، ئامادەکردن و وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) دەستنووس ئامادە بۆ چاپ.

هەروەها بڕوانە: https://en.wikipedia.org/wiki/Dorothy_Livesay

٢-گرووپی مۆنتڕیاڵ یان گرووپی مەکگیڵ یان بزووتنەوەی مەکگیڵ حەلقەیەک بوون لە نووسەرانی نوێخوازە کەنەدی کەلەناوەڕاستی دەیەی بیستەکانی سەدەی بیستەم لە شاری مۆنتڕیاڵی کەنەدا لەناو زانکۆی مەکگیڵ هاتە دامەزراندن. حەلقەکە بریتیبوون لە لیۆن ئەدەڵ و جۆن گلاسکۆو ئەی ئێم کلێن و لیۆ کێنەدیی و ف ڕ سکات. کاریگەری شاعیرانی وەک ئەزرا پاوەند و ئێلیۆت و ئاودینیان بەسەرەوە بوو.

٣-بڕوانە گۆڤاری (شیعری کەنەدی - کەنەدیەن پۆوتری) ژمارە ٣ ی ساڵی ١٩٧٨ لاپەڕەکانی ٨٧-٩٧، چاوپێکەوتن لەگەڵ دۆرتی

لیڤسەی سازدانی : داگ بیردسلی و ڕۆسمەری سولیڤان. بۆ خوێندنەوەی تەواوی دیدارەکە سەردانی ئەم لینکە بکەن.
http://canadianpoetry.org/volumes/vol3/sullivan.html
4-https://en.wikipedia.org/wiki/Dorothy_Livesay
٥-بڕوانە وتاری دۆرسی لایڤسەی نووسینی عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ) ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە ٤٠٢ ی ١٣ی تشرینی دووەمی ٢٠١٠ لاپەڕە ٨. جێی ئاماژەیە ئەوکات بەهەڵە ناوی لیڤسەی بە لایڤسەی نووسراوە.

٦-خەڵاتی شیعری دۆرتی لیڤسەی خەڵاتێکی ساڵانەیە لە هەرێمی بریتیش کۆڵۆمبیا دەدرێت بە باشترین کتێبی شیعریی. ئەم خەڵاتە لەڕاستیدا لەژێر چەتری خەڵاتی کتێبی هەرێمەکانی بریتیش کۆڵۆمبیا و یۆکۆن پۆلینبەند دەکرێت. مەرجی پێدانی یان بەخشینی ئەو خەڵاتە بە شاعیران ئەوەیە کە دانیشتووی ئەو ئەو دوو هەرێمە بن یان لانی کەم لەپێج ساڵدا سێ ساڵ لەو هەرێمانە بووبیتن. ئەم خەڵاتە لە ساڵی ١٩٨٩ وە بەناوی دۆرتی لیڤسەیەوە ناونراوە.
The Social and Lyric voices of Dorothy Livesay-٧
Charles Robert Boylan
.Master of Art UBC 1964 page 1
٨-دۆرتی لیڤسەی شاعیری پێشکەوتووخوازە کەنەدی کتێبی خانمەکەی نێو ئەم شیعرە، شارایەک لە شیعری بیانیی، ئامادەکردن و وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ)

دەستنووس ئامادە بۆ چاپ.
9-Right hand Left hand A true life of the Thirties
Erin, Ont. Press Porcepic, 1977
10-Dorothy Livesay's Cataloniaa
Rya n Van Den Berg
https://spanishcivilwar.ca/sites/spanishcivilwar.ca/files/VandenBerg_Catalonia.pdf
.Canada and the Spanish Civil War website
١١-دێسمۆند پەیسی پێشەکی کتێبی هەڵبژاردەیەک لە شیعرەکانی دۆرتی لیڤسەی(١٩٢٦-١٩٥٧)
My changing times. Word press.com

١٢و ١٣دوو کۆپلە شیعری دۆرتی لیڤسەی شاعیر لەئینتەرنێتەوە وەرگێراون و وەرگێڕدراون.
14-Colonization Or Exclusion Dorothy Livesays wayward Modernism from the 1940S. Esther Sanchez –Pardo
Atlantis Journal Vol. 22 No.2 December 2000 page 167-186

**تێبینی: ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی ڕەوت ژمارە ١٣ی ساڵی ٢٠٢١ بڵاو بۆتەوە.**

# فلز ویتلی پیتەرز
# یەکەمین ژنە شاعیری کۆیلە
# لەمێژووی ئەمریکا(لەیادی ٢٦٠
# ساڵەی بەکۆیلەکردنی ئەم
# ئینسانە شاعیرە




کۆیلە، ئەو ئینسانەی کە یاسای ڕۆژگارە تاریکەکان مافی کڕین و فرۆشتنی لەسەر دانابوون، بەدبەختترین مرۆڤگەلێک بوون کە ژیانێکی پڕ لە نەهامەتی و دەردەسەریی ژیاون.(١) کیشوەری ئەفریقا بەهۆی دواکەوتوویی ئابووری و ژیارییەوە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا ببووە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند لە دابینکردنی هێزە مرۆیی کە بەشێوەی کۆیلە بەنرخێکی هەرزان دەکڕدران و دەفرۆشرانەوە. بێرەچاوکردنی ئەوەی کە بەشێک لەو کۆیلانە ڕەنگە خاوەن توانا و بەهرە و سەلیقە و لێهاتوویی تایبەت بەخۆیان بن، کە ڕەنگە لەناو سپیپێستەکانیشدا یان مرۆڤە ئازادەکانیشدا ئەو توانایانە دەگمەن بن. ئەمڕۆ دەبینین لەم سەردەمەی نیولیبڕالیزمدا لەوڵاتانی خۆرئاوا زۆربەی وەرزشوانان و هونەرمەندان و مویزکژەنان لە ڕەشپیستەکانن کە توانیویانە بازاڕی هونەر و وەرزش دە بەرابەر گەرمتر بکەن. بۆیە لەو قۆناغە تاریکەدا کە کۆیلە هیچ مافێکی ئینسانیی نەبووە، کۆیلەیەک لەلایەن خاوەنەکەیەوە ببێتە جێی بایەخ بەڕاستی گرنگە و مێژوویشە. دیارە ئەمەش ئاماژەیە بۆ دوو هۆکاری گرنگ :

یەک: خاوەن کارەکە توانای خوێندنەوە و بینینی لیێهاتوویی کۆیلەکەی خۆی هەیە و ئەمەش نیشانەی زیرەکی و ڕۆشنبیریی خاوەن کۆیلە دەگەیێنێت.

دوو: خاوەن کۆیلەکە ویستوویەتی مێژوویەک لە بواری ئەدەب و ڕۆشنبیریی بۆ خۆی تۆمار بکات.


لێرەوە دەتوانین لە دۆخ و ژیانی فلز ویتلی پیتەرسی کۆیلە، بەڵام شاعیر ورد ببینەوە. زۆربەی ڕەخنەگران و لێکۆڵەرەوانان پێیان وایە کە فلز ویتلی پیتەرس، یەکەمین ژنە شاعیری کۆیلە لە مێژووی ئەمریکا(٢) ئەم شاعیرە کۆیلەیە، لە ساڵی ١٧٥٣ لە خۆررئاوای کیشوەری ئەفریقا لە وڵاتی گامبیا یان سەنگاڵ لەدایکبووە. لەتەمەنی حەوت هەشت ساڵان وەکوو کۆیلەیەک دەفرۆشرێت بە بازرگانێکی کۆیلەکان. دواتر سەرجەم کۆیلەکان دەخرێنە سەرپشتی پاپۆڕێک بەناوی (پاپۆڕی کۆیلەکان فلز)(٣) و لەکەنارە ئاوییەکانی ئەمریکا لەویلایەتی بۆستن لەنگەر دەگرێت. پاشان ئەم کچە کۆیلەیە لەلایەن بنەماڵەی جان ویتلی گەورە بازرگان و بەرگدروو وەکووو کۆیلەیەک دەکڕدرێت و بۆ خزمەتی ئەو بنەماڵەیە بەتایبەت بۆ خزمەتی خانم سوزانای هاوژینی جان ویتلی و لەوێ ناوی فلزە بەسەردا دەبڕدرێت و هەروەها پاشناوی ویتلیشی دەدرێتێ. دوای ئەوەی فلزە کۆیلە لە ئەمریکا فێری خوێندن و نووسین دەبێت، هەر لەلایەن ئەو بنەماڵەوە هان دەدرێت کە شیعر بنووسێت دوای ئەوەی زانیان کە کەسێکی زیرەک و بلیمەتە. یەکەمین مامۆستای فلز ماری کچە هەژدە ساڵانەکەی جان بوو کە فێری خوێندنەوە و نووسینین دەکرد. هەروەها نەیتانیاڵی کوری جانیش یارمەتی فلزە دەدا تا فێری نووسین و خوێندنەوە ببێت. لەتەمەنی دوانزە ساڵیدا توانی ئەدەبی یۆنانی و ئەدەبی کلاسیکی لاتین بە زمانی ئەسڵی خۆیان بخوێنێت و لەتەمنی چواردە ساڵیدا یەکەمین شیعری (بۆ زانکۆی کامبردج لە نیو ئینگلەند) نووسی، کە توانایی و لێهاتووی فلزە لەخۆدا بەرجەستە

کردبۆوە. بنەماڵەی ویتلی لەهەموو کاروبارێکی ماڵەوە بەخشیان و سەپۆرتیان کرد کە بایەخ بە ئەدەب و ڕۆشنبیری بدات، ئیش و کارەکانی ماڵیان سپاردە کۆیلەکانی تریان. فلز بەردەوام تواکانی خۆی نێشانی هاوڕێ و خاوەن کۆیلەکانی خۆی دەدا. فلز کەوتە ژێر کاریگەری ئالیکساندەر پۆپ و جان میڵتن و هۆمەر و هۆراس و ڤیرجیڵ. بەوجۆرە ئەم ژنە کۆیلەیە کاروانی نووسینی شیعری دەستپێکرد. ئیتر توانی لە کورت ماوەدا سەرنجی بزووتنەوەی ئەدەبی سەردەستی ئەمریکی بەلای خۆیدا ڕابکێشێت.


POEMS
ON
VARIOUS SUBJECTS,
RELIGIOUS AND MORAL.
BY
PHILLIS WHEATLEY,
NEGRO SERVANT to Mr. JOHN WHEATLEY, of BOSTON, in NEW ENGLAND.
LONDON:
Printed for A. BELL, Bookseller, Aldgate; and sold by Messrs. COX and BERRY, King-Street, BOSTON.
MDCCLXXIII.

**کۆشیعری فلز ویتلی پیتەرس لەسەر کۆمەڵی بابەت و ئایین و ئەخلاق ساڵی ١٧٧٣ لە لەندەن چاپ بووە.**

ساڵی ١٧٧٣ لەتەمنی بیستساڵیدا لەگەڵ کوڕی خاوەن کۆیلەکەی، نەیتانیاڵ هەم بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەی کە سیل بوو و هەروەها سوزاناش بڕوای وابوو کە دەرفەتێکی لەبار لەشاری لەندەن هەیە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی شیعرەکانی، چووە شاری لەندەن. ئەوەبوو سلێنا هەستینگز(٤) سەرسام بوو بەشیعرەکانی فلز ویتلی و یەکەمین کۆشیعری لە هاوینی ساڵی ١٧٧٣ دا بڵاو کرایەوە. دوای بڵاوبوونەوەی یەکەمین کتێبی فلز،خاتوو سوزانا و جان یەک لەدوای یەک لەساڵەکانی ١٧٧٤ و١٧٧٨ مردن. ئینجا فلز لەگەڵ دوکاندارێکی ڕەشپێستی ئازاد، بەناوی جان پیتەر زەماوەند دەکەن و دوو منداڵیشیان دەمرێ و خۆشیان بەهەژاری و کلۆڵی ژیان بەسەر دەبەن. ئەم شاعیرە سەرباری نووسینی شیعر، لەڕێگەی هونەری نامەنووسینەوە توانیویەتی بیروبۆچوونی خۆی لەگەڵ نووسەرانی سەردەمی خۆی بگۆڕێتەوە وەکووو سامسن ئۆکن و جان ثارنتن و جان نوتن. ساڵی ١٧٧٥ شیعری (بۆ جۆرج واشنتۆنی خەمخۆر) ی نارد بۆ سوپاسالاری ئەمریکا. بۆ ساڵی پاشتر جۆرج واشنتۆن داوەتی فلز ویتلی کرد بۆ کۆشکی سەرۆکایەتی. بەڵام وتلی لە مانگی ئازاری ساڵی ١٧٧٦ دەمرێت و تۆماس پەین شیعرەکەی جارێکیتر لە گۆڤاری پەنسەڤیلیا گەزەته)(٥) لە نیسانی ١٧٧٦ دا بڵاو دەکاتەوە. ویتلی ویستی دووەم کۆشیعری خۆی بڵاو بکاتەوە،بەڵام بەهۆی لەدەستچوونی سەپۆرتی خاوەن کۆیلەکانی بەهۆی مردنیان و بەرپابوونی جەنگی شۆڕشگێرانەی ئەمریکا (٦) نەیتوانی بگات بەم ئاواتەی.


On being brought from AFRICA
to AMERICA.

'TWAS mercy brought me from my *Pagan* land,
Taught my benighted soul to understand
That there's a God, that there's a *Saviour* too:
Once I redemption neither sought nor knew.
Some view our sable race with scornful eye,
"Their colour is a diabolic die."
Remember, *Christians*, *Negroes*, black as *Cain*,
May be refin'd, and join th' angelic train.

**وێنەیەک لە شیعرێکی فلز ویتلی پیتەرس**

ساڵی ١٧٦٨ فلز ویتلی شیعری (بۆ خاوەنشکۆی جیاواز) کە ستایشی پاشا جۆرجی سێیەم دەکات بەهۆی ڕەتکردنەوەی یاسای پوول، دەنووسێت و بڵاو دەکاتەوە. دواتر پێبەپێی بەهێزبوونی شۆڕشی ئەمریکی، نووسینەکانی ویتلیش بابەتگەلێکیان لەخۆ دەگرت کە گوزارشت بوون لە بیروباوەڕی یاخیبووانی وڵاتانی کۆلۆنیالیزەکراو. لەساڵی ١٧٧٠ ستایشێکی ئایینی لەبارەی مەسیحییەتەوە بۆ ئینجلیخواز جۆرج وایتفیلد دەنووسێت. ویتلی گەلێ شیعری بۆ کەسایەتییە ناودارەکان نووسیوە، کە ناوەڕۆکی شیعرەکانی زیاتر لاوانەوەن و ناوەڕۆکی هەندێکیشیان دەربارەی ئاینی مەسیحی و کلاسیک و ئەبستراکتن. ئەم شاعیرە زۆر بەدەگمەن لە شیعرەکانیدا لای لەخۆی کردۆتەوە.(٧) فلزە شاعیر، شیعرێکی لەسەر کۆیلەتی هەیە بەناوی (کاتێک لە ئەفریقاوە هێنرانە ئەمریکا).

بەخشندەیی منی لەسەر زەمینی بت پەرستییەوە هێنایە ئێرە
روحی پیسی حاڵی کردم کەوا
خوایەک هەیە،هەورەها دڵسۆزێکیشی هەیە
جارێکیان نە دەمویست ڕزگار بم و نەفێر بم
هەندێکیش بەچاو دەیانڕوانی
ڕەنگیان بۆیەی ئەهریمەنیانەیە
لەیادت بێت، مەسیحییەکان، پێسترەشەکان،شێرەکانی هەروەکوو قابیل دەتوانرێت پاکبکرێنەوە و پەیوەست بن بە شەمەندەفەری فریشتەکان.(٨)

بەسووک تەماشاکردنی ئینسانی کۆیلە لەو سەردەمە تاریکەدا کە کۆلۆنیالیزم نەخشەی ژیانی دەکێشا و پێداویستی و دابینکردنی بازاڕی تازە و کەرەسەی بەرهەمهێنان، ببووە دیدی زاڵ لەناو کۆمەڵگەی فیودالی و تازە هەنگاونەر بەرەو سەرمایەداری. بۆیە لەلایەن کۆلۆنیالیستەکانەوە بوونی شاعیرێکی بەتوانا و بەهێزە وەک فلز ویتلی پیتەرس جێی قەبووڵ و هەرسکردن نەبوو.(٩) بۆیە لەشارۆ بۆستن لەلایەن گروپێک لە نووسەران و شاعیران و بەئامادەبوونی نوێنەری دەوڵەت، شاعیرێتی فلز تاقی دەکەنەوە. گروپەکە پێکهاتبوو لەهەریەک لە(جان ئارڤینگ، چاڕلز چاونسی، جان هەنکاک، تۆماس هاچنسن و ئەندرۆ ئۆلیڤەر). لیژنەکە گەیشت بەو بڕوایەی کە بەڵێ ئەم کۆیلەیە خۆی شیعرەکانی نووسیوە و تەنانەت پێشەکی کتێبەکەشی هەر خۆی نووسیویەتی. کەچی لەگەڵ ئەمەشدا هیچ دەزگایەکی پەخش و بڵاوکردنەوە ئامادە نەبوو کتێب بۆ ئەو شاعیرە چاپ بکات. بەڵام جوانی شیعرەکانی و هێزە شیعرییەت سەرنجی خوێنەرانی لەندەنی بەلای خۆیدا ڕاکێشا. ساڵی ١٧٧٣ گۆڤاری

لەندەن سەبارەت بە نموونەیەک لە شیعری فلز ویتلی پیتەرس دەنووسێت: (ئەم شیعرانە هیچ کارێکی سەرنجڕاکێش و عەبقەرییان تێدا نییە، بەڵام کاتێک دەبینی گەنجێکی ئەفریقی دوای شەش مانگ لە خوێندنی وردی زمانی ئینگلیزی نووسیویەتی، هیچمان پێناکرێت جگە لە سەرسامبوونمان بە بەهرە و توانای بەهێز و زیندووی ئەو شاعیرە.)(١٠) دوای ماوەی چەندین ساڵ، بەتایبەتی ساڵی ١٨٣٨ ئینجا لەشاری بۆستن ڕێگەدرا، شیعرەکانی ویتلی پیتەرس چاپ ببن و بڵاو بکرێنەوە.

ویتلی بڕوای وابوو کە هێزە شیعر ناپێوڕێت. ڕەخنەگرانیش گەلێ لێکۆڵینەوەیان دەربارەی بەرهەمە شیعرییەکانی ویتلی نووسیوە کە چۆن تیشکی خۆر وەک هێما و ئێنجا وەکووو باوەڕی مرۆڤەکانی ئەفریقا لەشیعردا بەناوی جیاجیا بەکاربردووە. کەچی سەرباری جوانی و سەرنجڕاکێشی شیعرەکانی، ئەم شاعیرە کۆیلەیە بێبەری نەبووە لە ڕەخنە. ڕەخنەگران پێیانوایە شیعرەکانی ویتلی بەدەرن لە هەستی شوناسی ڕەشپێستی خۆی وەکوو کۆیلەیەک. هەورەها جۆری پەروەردەی بنەماڵەی ویتلی لەگەڵ ئەم شاعیرە جێی سەرنج بووە و وای لە شاعیر کردووە کە جۆرە تێگەیشتنێکی تری هەبێت سەبارەت بە شوناسی کۆیلەبوونی خۆی. نەک هەر ئەمە تەنانەت ئەم شاعیرە ڕێگەپێدراو بووە لە ئاهەنگی سپیپێستەکانیشدا بەشدار بێت. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم وێنە گشتییەی فلز، ئەم شاعیرە لەگەڵ بەرەوپێشچوونی شۆڕشی ئەمریکا ڕوحی بەرەنگاری دژ بە کۆیلەتی لا بەرجەستەتر دەبێتەوە و لەم پێناوەشدا گەلێ نامەی بۆ کاربەدەستانی ئەوکاتی ئەمریکا نووسیوە.(١١)

ساڵی ١٧٧٣ ئەو کۆشیعرەکەی ویتلی بوو بە بەهێزترین کتێبی ئەفریقی

لەسەر ڕووی زەوی. ڤۆڵتێری نووسەر لەنامەیەکیدا بۆ هاوڕێیەکی دەنووسێت: فلز ویتلی پیتەرس سەلماندی کە خەڵکی ڕەشپێست دەتوانن شیعر بنووسن. جان پاوڵ جۆنز چەندین بەرهەمی بۆ فلز ناردووە. جۆرج واشنتۆنیش لەبەرامبەر ئەو شیعرەی فلز بۆی نووسیبوو دەڵێت(شێوازە شیعر نووسینت بەڵگەیە لەسەر بەهرەی شیعریی و ڕۆشنبیریت).(١٢) ئەم شاعیرە یەکەمین ژنە کۆیلە بووە کە کتێبی شیعریی نووسیوە و دووەمین ژنیش بووە لەمێژووی ئەمریکا کە کتێبی چاپ و بڵاوکردۆتەوە(دوای ئانا بردستریت)(١٣) و هەروەها لەسەر نووسینەکانی ژیاوە. ساڵی ٢٠٠٢ موڵفی کەیت ئەسانتێ ئەم شاعیرەی لە ڕیزبەندی ١٠٠ لە کاریگەرترین کەسایەتییە کاریگەرییەکانی ئەفریقا – ئەمریکا ڕیزبەند کردووە. ساڵی ٢٠٠٣ لەشاری بۆستن پەیکەری بۆ دروستکرا و دانرا. ساڵی ٢٠١٢ زانکۆی ڕۆبەرت مۆریس باڵەخانە نوێیەکەی قوتابخانەی کۆمیونیکەشن و زانستی زانیاری بەناوی ئەم شاعیرەوە ناونا. هەروەها هۆڵی ویتلی لە زانکۆی مەساسویتس هەر بەناوی ئەو شاعیرەوە ناونراوە. ساڵی ١٩٩٢ لە گرینگیڵ لە شاری مسیسپی حەلقەی ویتلی دامەزرا. ئیتر دەیەها باڵەخانە و قوتابخانەی لەشوێنە جیاجیاکانی ئەمریکای بەناوەوە کراوە. لە ٦ی حوزەیرانی ٢٠١٩ جارێکیتر کۆشیعرەکەی ساڵی ١٧٧٣ ی بڵاو دەکرێتەوە. ئەمە جگە لەوەی ئەم شاعیرە و نووسین و شیعرەکانی دەبنە بابەتی دەیان و بگرە سەدان لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی و ڕەخنەیی و تێزە خوێندن لە زانکۆکان. دواجار ئەم شاعیرە بەتوانا و بەبەهرەیە لە ٥ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٧٧٤، لە تەمەنی ٣١ ساڵیدا لەنالەبارترین دۆخی هەژاریدا بۆ هەمیشە چاولێک دەنێ و ئەم دنیا بێڕەحمەی کۆیلایەتییە

بەجێدێڵێت. دوای مردنی ئینجا خاوەن کۆیلەکەی، بەفەرمی ئازادی دەکات.

## پەراوێز و سەرچاوەکان:

١-نابێت لێمان ون بێت کە کۆیلەتی لەئەمڕۆی سیستەمی سەرمایەداری بە فۆرمێکی تر درێژەی هەیە.ئەگەر ئەو سەردەمە مرۆڤ کۆیلەی بازرگانە چاوچنۆکەکان بووبێت، ئەوا ئەمڕۆ کۆیلەی کارە. لە هەندێک لە وڵاتە مۆدێرنەکانیش بازرگانیکردن بە مرۆڤ(هیومەن ترافیک) بەرێژەیەکی زۆر هەیە و لە سەرزەمینە دواکەوتووەکانیشدا پاشماوەی کڕین و فرۆشتنی مرۆڤ هەر بوونی هەیە.چ لە دۆخی هاوسەرگیریی یان نەتوانینی قەرز لەلایەن قەرزارەوە و دەستگرتن بەسەر ژن و منداڵی کابرای قەرزار وەک لە هیندستان هەیە، یانیش فرۆشتنی بەشێکی جەستەی مرۆڤ لەپێناو درێژەدان بەژیان وەک فرۆشتنی گون و گورچیلە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین.

٢-نووسەر و ڕەخنەگری وەک ڤینیست کارێتا ساڵی ٢٠٠١ کتێبێکی لەسەر ژیان و شیعرەکانی فلز ویتلی نووسیوە.

Carretta, Vincent. Complete Writings by Phillis Wheatley, .New York: Penguin Books, 2001

٣-پاپۆڕی کۆیلەکان کەناوی فلز بوو،بەو پاپۆڕە دەترا کە لەسەدەی حەڤدەهەم تا نۆزدەهەم کۆیلەی دەگواستەوە لە ئەفریقاوە بۆ ئەمریکا. ئەو پاپۆڕە بە پاپۆڕی پیاوانی گینیاش ناودەبرا. خاوەنی ئەو پاپۆڕە تیمۆثی فیچ بوو و کاپتنەکەشی پیتەر گوین بوو.

٤-سلێنا هەستینگز لە ٢٤ی ئابی ١٧٠٧ لەدایکبووە، سلینا پێشەوایەکی ئاینی مەسیحییەت بوو لە بەریتانیا. لە ١٧ی حوزەیرانی ساڵی ١٧٩١ لە تەمەنی ٨٣ ساڵیدا مردووە. شایانی باسە هەستینگز و فلز بەهۆی نەخۆشی هەستینگەوە تا مردنیش نەیانتوانی یەکیتر ببینین.

٥-ڕۆژنامەی پەنسەڤیلیا ڕۆژنامەیەکی ئەمریکی و زمانحاڵی فەرمی ویلایەتی پەنسەڤیلیا بوو، کە بنیامین فرانکلین ساڵی ١٧٢٨ دەریدەکرد.

٦-جەنگی شۆڕشگێرانەی ئەمریکا، یان جەنگی سەربەخۆیی ئەمریکا (١٩ی نیسانی ١٧٧٥–٣ی ئەیلوولی ١٧٨٣) هەڵوێستگیریی ئەندامانی سیانزەمین گۆنگرێسی ئەمریکا بوو دژ بە بەریتانیان مەزن لەپێناو سەربەخۆیی ئەمریکا. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم شۆڕشە بڕوانە سایتی ویکیپیدیا https://en.wikipedia.org/wiki/American_Revolutionary_War

٧-بەبۆچوونی من هۆکاری لا لەخۆنەکردنەوەی ئەم شاعیرە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە :یەک؛ هەر لە تەمەنی حەوت هەشت ساڵییەوە لە بێخەوە هەڵدەکێشرێت و دەبردرێتە جێگایەکی دی. دوو؛ لەژێر کاریگەری و پەروەدەیەکی چینی سەردەستە (خاوەن کۆیلەکان) بووە و بیروبۆچوونی ئەوانی بەسەردا زاڵبووە.سێ؛ ڕەنگە لەژێر هەڕەشە نەیتوانیبێت ئەو کارە بکات.

8-https://en.wikipedia.org/wiki/Phillis_Wheatley

٩-لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بە کتێبی هێنری لویس گەیتس ئەفریکانا بکەین بەناوی ئینسکلۆپیدیای ئەزموونی ئەفریقا و

ئەفریقا-ئەمریکا و هەروەها ڕانانی ئەلیس کەشمۆر لەسەر کتێبی ئەنتۆلۆجیای ئەدەبی ئەفریقی –ئەمریکی کە بەدوورودرێژی لەسەر ئەم ئاریشەیە وەستاون.

10-https://en.wikipedia.org/wiki/Phillis_Wheatley

11-https://www.womenshistory.org/education-resources/biographies/phillis-wheatley

١٢-نامەی جۆرج واشنتۆن بۆ ویتلی پیتەرس لە ٢٨ی شوباتی ساڵی ١٧٧٦ کۆپی پارێزراو لە ئەرشیف و نامەخانەی جۆرج واشنتن ١٧٤١ – ١٧٩٩.

13-https://www.womenshistory.org/education-resources/biographies/phillis-wheatley

**تێبینی: ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی ڕەوت ژمارە ١٤ی ساڵی ٢٠٢١ بڵاوبۆتەوە.**

# پاشکۆ ئەستێرە سوورەکان

## کورتەی ژیاننامەی نووسەران و
## هونەرمەندانی کرێکاریی و مارکسیستیی

**تێبینی: سەرجەم ئەم بابەتانەی ئەم پاشکۆیە لە سایتی دەنگەکان و پاشان لە هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان و ڕۆژنامەی ڕەوت بڵاو بوونەتەوە.**

# ئەناتۆلی لۆناشارسکی
# ڕەخنەگری مارکسیستی ڕووسی



ئەناتۆلی ڤاسیلیڤیچ لۆناشارسکی ڕەخنەگری ڕووسی سۆڕشگێڕ و یەکەمین وەزەری رۆشنبیری حکومەتی شوراکانی خەڵک، لە پانزەی تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٧٥ لە شاری پۆلتاڤا لە ئۆکرانیا، لە ئیمپڕاتۆریەتی ڕووسیا لە دایک بووە. لەتەمەنی پانزە ساڵی ئاشنایەتی لەگەڵ مارکیسیزم پەیدا دەکات و دەبێتە هەڵگری ئەو بیروباوەڕە. بۆ ماوەی دوو ساڵ لە زانکۆی زەورخ دەخوێنێ بێ ئەوەی بڕوانامە بەدەست بهێنێت. ئەو کاتەی لەزانکۆ دەبێت هەریەک لە ڕۆزا لۆکسەمبۆرگ و لیۆ جۆگیش دەناسێت و پەیوەندی دەکات بە حیزبی کرێکارانی سۆشیال دیموکراتی ڕووسیاوە. لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٠٢ لەگەڵ ئالیکسەندەر بوگدانۆف دەژێت و دواتر لەگەڵ خوشکی بۆگدانۆف هاوسەرگیریی دەکات. ساڵی ١٩٠٣ کاتێک حیزب دابێتە دوو بەش بەلشەفیکەکان و مەنشەفیکەکان، لۆناشارسکی لایەنگیری بەلشەفیکەکان دەکات بە ڕابەرایەتی لینین. ساڵی ١٩٠٧ بەشداری کۆنگرەی شۆشیالیستی نێونەتەوەیی دەکات. ساڵی ١٩٠٩ لەگەڵ بۆگدانۆف و مەکسیم گۆرکی دەستیان کرد بە وانە وتنەوە لە قوتابخانەی کرێکارانی سۆشیالیستی ڕووسی و تا ساڵی ١٩١١ بەردەوام بوون. ساڵی ١٩١٣ دەچێتە پاریس و حەلقەی فەرهەنگی پرۆلیتاریا دادەمەزرێنێت. دوای هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم لۆناشارسکی شانبەشان لینین و لیۆن ترۆتسکی هەڵوێستی دژەجەنگی وەردەگرێت. ساڵی ١٩١٥ لەگەڵ پاڤێل پۆلیانسکی ڕۆژنامەی بۆ پێشەوەی سوشیال دیموکرات دەردەکەنەوە و پێ لەسەر فەرهەنگی پرۆلیتاریا دادەگرن. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەگەڕێتەوە ڕووسیا و دەبێتە وەزەری ڕۆشنبیری

حکومەتی سۆڤیەت و تا ساڵی ١٩٢٩ بەردەوام دەبێت. ساڵی ١٩١٩ شانۆی درامای بەلشەفی لەگەڵ مەکسیم گۆرکی و ئالیکسەندەر بلۆک و ماریا ئەندەریاف دادەمەزرێنێت. لۆناشارسکی ساڵی ١٩٣٠ دەبێتە نوێنەری یەکێتیی سۆڤیەت لە نەتەوە یەکگرتووەکان. پاشان لە ساڵی ١٩٣٣ دەبێتە سەفیری یەکێتیی سۆڤییەت لە ئیسپانیا. ئەم ڕۆشنبیرە مارکسیستە خولیای فەلسەفەی هەبووە، لۆناشارسکی نەک هەر مارکسیستێکی دیالەکتیکی بووە، بەڵکوو لەوکاتەوەی کە خوێندکار بووە شەیدای جۆهان گۆتلیب فیشتە و فریدریک نیتشە و ڕیچارد ئەڤێناریۆسیش بووە. توانای ئەم ڕەخنەگرە لەڕووی زمانەوە بەجۆرێک بووە کە توانیویەتی بە شەش زمان بخوێنێتەوە. لۆناشارسکی خوێنەرێکی بە سەلیقەی سەردەمەکەی خۆی بووە ئەمە جگە لەوەی زەوقی هونەریی لەئاستێکی بەرزدا بووە. نووسەرێکی پڕ بەرهەم بووە. وتاری ڕەخنەیی لەسەر ئالیکسەندەر پۆشکین و جۆرج بەرنادشۆ و مارسیل برۆست نووسیوە. بەرچاوترین کاری لۆناشارسکی کتێبی (تارمایی شۆڕشگێڕەکان)ە، کە باری سەرنجی خۆیەتی سەبارەت بە لینین و ترۆتسکی و هەشت شۆڕشگێڕی تر. کتێبە چاپکراو بڵاوکراوەکانی لۆناشارسکی کە بەزمانەکانی ڕووسی و و فەرەنسی و ئینگلیزیی و یدیی بڵاو بوونەتەوە زەخیرەیەکی گرنگ و سەرچاوەیەکی مەعریفیی بەپێزن کە کۆڵەکەی ئەدەب و ڕەخنەی مارکسیستین. لە کتێبەکانی ئەم ڕەخنەگرە مارکسیستە :

یەک: تارمایی شۆڕشگێڕەکان ١٩٦٧

دوو: فاسیلیسای ژیر چیرۆکێکی خەیاڵی درامییە

سێ: سێ دەقی شانۆیی ١٩٢٣

چوار: سەبارەت بە پرسی ڕۆشنبیریی وتار و بابەرت نووسراو ١٩٨٢

پێنج: دەربارەی ئەدەب و هونەر ١٩٦٥

شەش: لینین لەچاوی لۆناشارسکییەوە ١٩٨٠

حەوت: باهۆزە ئۆکتۆبەر و دواتر ١٩٦٧

هەشت: مارکس و تۆلستۆی ١٩٧٩

نۆ: ڕۆشنبیریی گشتی لە یەکێتیی سۆڤییەت ١٩٢٨

دە: هەڵبژاردەیەک لە کارە هونەرییەکان ١٩٣٠

یانزە: حەوت کتێب بە زمانی ڕووسی و دانەیەک بە زمانی ییدی و دانەیەک بە زمانی فەرەنسی

دواجار ئەم ڕەخنەگرە مارکسیستە شۆڕشگێڕە لە بیست و شەشی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٣٣ لە شاری مێنتۆن لە وڵاتی فەرەنسا لە تەمەنی پەنجا و هەشت ساڵی بۆ یەکجاری ماڵاوایی لە مارکسیزم و پرۆلیتاریا و نووسین دەکات.

**تێبینی: بۆ نووسینی ئەم کورتە ژیاننامەیە سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە :**

1-https://en.wikipedia.org/wiki/Anatoly_Lunacharsky

2-https://www.marxists.org/glossary/people/l/u.htm#lunacharsky-anatoly

3-https://russiapedia.rt.com/prominent-russians/poli-/tics-and-society/anatoly-lunacharsky

# ئالیکساندەر بۆگدانۆڤ
# نووسەر و ڕۆشنبیری کرێکاریی



لەخۆرئاواوە ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

ئالیکساندەر ئەلەکسەندرۆڤیچ بۆگدانۆڤ، فیزیاناس و دکتۆر و فەیلەسوف و نووسەری خەیاڵی زانستی، لە بیست و دووی ئابی ساڵی ١٨٧٣ لە شاری سۆکوڵکە لە ئەمپراتۆری ڕووسیای قەیسەر (پۆڵەندەی ئێستا) لە خێزانێکی ڕۆشنبیر لەدایکبووە. لەسەرەتای مێژووی سەر هەڵدانی بەلشەفیکەکان، بۆگدانۆڤ یەکێک بوو لە سیما هەرە ناسراو و گرنگەکانی و هەروەها کلیلی کار و چالاکییەکانی ئەو بزووتنەوە شۆڕشگێڕە و حیزبی کرێکارانی سۆشیال دیموکراتی ڕووسیا بووە. یەکێک بووە لە هاوەڵە هەرە نزیک و هاوشانەکانی لینین تا ساڵی ١٩٠٩ کە جیا بوونەتەوە. ساڵی ١٩٠٩ لەگەڵ لۆناشارسکی و مەکسیم گۆرکی دەستیان کرد بە وانە وتنەوە لە قوتابخانەی کرێکارانی سۆشیالیستی ڕووسی و تا ساڵی ١٩١١ بەردەوام بوون. بۆگدانۆڤ زانستی سروشت لە زانکۆی مۆسکۆ دەخوێنێت و هەر لەکاتی خوێندنی زانکۆ دووچاری زیندانیکردن و نەفیکردن دەبێت. ساڵی ١٩٠٣ سەپۆرتی بەلشەفیزم دەکات و زۆر بە جیددی دەکەوێتە تێکۆشان و هەوڵدان بۆ بردنە پێشەوەی سیاسەتی سۆشیالیستانەی بەلشەفییەکان. بەڵام بۆگدانۆڤ لەبەر ئەوەی ڕەخنەی لە مارکسیزم دەگرت بەردەوام لەلایەن پلیخانۆڤ و لینینەوە دراوەتە بەر ڕەخنە. لە ماوەی جەنگی جیهانی یەکەم وەکوو دکتۆرێک لە ڕیزەکانی سوپای ڕووسیا خزمەتی کردووە. ساڵی ١٩١٨-١٩٢٠ بۆگدانۆڤ یەکێک دەبێت لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی هونەری پرۆلیتاریا بەناوی (پرۆلیتکولت – کلتووری پرۆلیتاریا). بۆگدانۆڤ لە کۆڕ و وتار و نووسراوەکانیدا جەغدی

لەسەر ڕووخانی ئەدەبی کۆنی بۆرژوازی دەکردەوە و تەبلیغی کلتووری بێگەردی پرۆلیتاریای بۆ داهاتوو دەکرد. بۆگدانۆڤ لە زانکۆی پرۆلیتاریای مۆسکۆ تەواوی بۆچوونەکانی خۆی دەخستەڕوو. بزووتنەوەی پرۆلیتکولت – کلتووری پرۆلیتاریا، وەک بزووتنەوەیەکی ڕادیکاڵ هاوکاری مادیی لەلایەن حکومەتی بەلشەفیکەکانەوە دەکرا. ساڵی ١٩٢٠ ڕۆژنامەی براڤدا بەبیانووی ئەوەی ئەو ڕێکخراوە بۆرژوازییە و لەدەرەوەی دامودەزگاکانی یەکێتیی سۆڤییەت کار و چالاکی ئەنجام دەدات، دەسەڵاتی بەلشەفی سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە لا دەبات و بۆگدانۆڤیش لە ساڵی ١٩٢١ – ١٩٢٢ لە کۆمیتەی ناوەندی ئەو ڕێکخراوە بەیەکجاری لادەبرێت.
بۆگدانۆڤ پێداگری لەسەر فەرهەنگ و کلتووری پرۆلیتاریا دەکات و دەکەوێتە ڕەخنەگرتن لە حیزبی کۆمۆنیست. بۆگدانۆڤ لە گۆشەنیگایەکی ئەنتەرناسیونالیستانەوە لەهەوڵی بەرەوپێش بردنی تێگەیشتنی ڕۆشنبیری پرۆلیتاریا بووە. ئەو پێی وابووە کە حیزبی کۆمۆنیست پرۆلیتکولت وەکووو ڕێکخراوێکی بەرهەڵستکار دەبینێ. ئەو بڕوای بە ڕێکخراوێکی نوێ هەبووە بێتە کایەوە بە پشتیوانی بزووتنەوەی سۆشیالیستی و کۆمۆنیستی و ڕێکخراوە کرێکارییەکانی رۆژئاوا. ئەم بیرۆکەیەش کە ڕێکخراوێک چالاکی سیاسیی و سەندیکایی و ڕۆشنبیریی لە یەک کاتدا ئەنجام بدات وەک تێڕوانینی مەنشەفیانە بینراوە. بەگدانۆڤ پێی وابوو شۆڕش ئۆکتۆبەر شۆڕشی سەربازان و جووتیاران بووە و بەس. ئەو ڕەخنەی توندی لە ڕابەرایەتی حیزب و سۆڤییەت گرت و پێی وابوو

ئەم سیستەمەی دەسەڵات گوزارشت لە بەرژەوەندی دەستەیەکی ڕۆشنبیری بیرۆکرات دەکات. ساڵی ١٩٢٣ لەسەروبەندی مانگرتنە کرێکارییەکانی مۆسکۆ و بترۆگراد بە تاوانی دەست تێدا بوون بۆگدانۆڤ دەگیرێت و پاشان دوای سێ هەفتە ئازاد دەکرێت. ئەو هەرچەندە ئازاد کرا بەڵام پەروەندەکەی (فایلەکەی) بە کراوەیی مایەوە تا ساڵی ١٩٨٩ ئینجا بە یەکجاری داخرا.

ڕۆمانەکان و نووسینەکانی تری بۆگدانۆڤ لەو باوەڕەوە نووسیونی کە شۆڕشی داهاتوو دژ بە سەرمایەداری دەبێتە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵگە بگۆڕێ بە کۆمەڵگەیەکی تەکنۆکراتی چونکە چینی کرێکار خاوەن ئەو مەعریفە و دەست پێشکەرییە شۆڕشگێرانەیە نییە کە بتوانێ هەژموونی خۆی بەسەر کاروباری خۆیان فەراهەم بکات ئەویش بەهۆی شێوازە هەرەمی دەسەڵاتی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییەوە.

لەدەیەی بیستەکان و سییەکانی سەدەی بیستەم تێڕوانینەکانی بۆگدانۆڤ وەک بەرهەمی بەلشەفی – غەیرە لینینی کاریگەری زۆریان هەبووە لەسەر کۆمەڵی گروپی جیابووەوەی ناو دەسەڵاتی سۆڤییەت.

بۆگدانۆڤ سەرباری کتێبە چاپکراوەکانی ژمارەیەکی زۆر وتاری بەپێز و گرنگی نووسیوە وەکووو:

ئەلیف: چەند وتارێک دەربارەی ڕێکخراوی زانستی ١٩١٩

بێ: شیعری پرۆلیتاریی ١٩١٨

جیم: ڕەخنە لە هونەری پرۆلیتاریا ١٩٢٣

دال: ئایین، هونەر و مارکسیزم ١٩٢٤
هاء: چەند وتارێک سەبارەت بە تێکتۆلۆجی دواتر لە سێ بەرگ بە کتێب بڵاو کرایەوە.

## لە کتێبە چاپکراوەکانی بۆگدانۆڤ :

یەک: کورتەیەک سەبارەت بە زانستی ئابووری ١٨٩٧
دوو: ڕەگەزە بنچینەییەکانی تێڕوانینی مێژووی بۆ سروشت ١٨٩٩
سێ: مەعریفە لە گۆشەنیگای مێژووییەوە ١٩٠١
چوار: فەلسەفەی ئەزموونی زیندوو ١٩١٣
پێنج: زانستی ڕێکخستنی گشتی یان تەکتۆلۆجیا سێ بەرگ ١٩١٣ _ ١٩١٧
شەش: دەربارەی ڕۆشنبیری پرۆلیتاریا ١٩٠٤ _ ١٩٢٤
حەوت: ئیمپریومینیزم چەند وتارێک سەبارەت بە فەلسەفە سێ بەرگ ١٩٠٤ _ ١٩٠٦
هەشت: ئەرکە ڕۆشنبیرییەکانی ئەم سەردەمە ١٩١١
نۆ: نووسینەوەی بیرەوەری ١٩٢٦
دە: ڕۆمانی ئەستێرەی سوور ١٩٠٨
یانزە: ڕۆمانی ئەندازیار مانیی ١٩١٣
دوانزە: کۆمەڵە شیعرێک بەناوی مەریخییەک لەسەر زەوی دەگیرسێتەوە ١٩٢٤
سیانزە: خواوەندی ڕۆباتیک ١٩٢٦ - ١٩٢٧
بۆگدانۆڤ لە حەوتی نیسانی ساڵی ١٩٢٨ لە شاری مۆسکۆ لە

وڵاتی یەکێتیی سۆڤییەت لە کاتێکدا خەریکی تاقیکردنەوەیەکی زانستی بوو لەسەر خۆی، بۆ دواجار ماڵاوایی لە ئەدەب و فەلسەفە و زانست دەکات.

**بۆ ئامادەکردنی ئەم کورتە نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**


1-https://www.bing.com/search?q=alexander+bogdanoff

2-http://www.newworldencyclopedia.org/entry/Alexander_Bogdanov

3-https://www.myheritage.com/names/alexander_bogdanoff

# جان ڕید

# ڕۆژنامەنووسی سۆشیالیست و شۆڕشگێڕی ئەمریکی



جان سیلاس (جاک) ڕید، ڕۆژنامەنووس و شاعیر و هەڵسوڕاوی سۆشیالیستی ئەمریکی لە بیست و دووی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٨٧ لە پۆرتلاند ئۆریگن لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا،لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند لەدایکبووە. جان یان جاک لەگەڵ هێری برایدا دەنێردرێنە قوتابخانەی تایبەتی. جاک بەشی دەرچوون لە تاقیکردنەوەکان نمرە دێنێ، بەڵام کەس داوای کارکردنی لێ ناکات. کاتێکیش خوێندن بۆی وشک و وەڕسکەر دەبێ، دەنێردرێتە قوتابخانەی مۆریس تاون لە نیوجێرسی. جان ڕید لەخوێندن زۆر زیرەک نەبووە بۆیە ساڵی ١٩٠٦ دەچێتە کۆلێجی هارڤەرد و لەوێ گەلێ چالاکی ئەنجام دەدات، لەوانە چالاکبوون لەدەستەی نووسەرانی مانگانەی هارڤەرد و لامپوون. ساڵانی کۆتایی زانکۆ دەست بە شیعر نووسین دەکات. جان بەشداری کۆبوونەوەکانی یانەی سۆشیالیستەکان دەکات کە تایبەت بە قوتابیانی سۆشیالیست بوو. ساڵی ١٩١٠ کۆلێج تەواو دەکات و ئینجا دەست بە گەشتکردن دەکات و دەچێت بۆ هەریەک لە بەریتانیا و فەرەنسا و ئیسپانیا. ئەم گەشت کردنانەشی لەو ئامۆژگاریانەی مامۆستاکەی چارلز تاون سێند کوپلاند کە پێی وتبوو(ئەگەر دەتەوێ دەربارەی ژیان بنووسیت، دەبێ ژیان ببینیت). سەرەتا جان ڕید بەهۆی هاوڕێیەکی لنکۆن ستێفنس توانی لە شاری نیویۆرک لە گۆڤاری ئەمریکا دامەزرێت. شاری نیویۆرک بۆ جان ڕید دەبێتە شوێنی ئیلهام و تەقینەوەی وزەی بێبڕانەوەی. جاک لەگەڵ ژمارەیەک گۆڤار ئیش دەکات لەوانە زە ساتردەی ئیڤنینگ پۆست و

کولیەرس و زە فۆرم و زە سێنچری. یەکەمجار ساڵی ١٩١٣ زیندانی دەکرێت. جان لایەنگری خۆی بۆ بزووتنەوە نەقابییەکان و کرێکارانی پیشەسازە جیهانی دەردەبڕێ. نووسینەکانی جان نیشانەی توانایی و لێهاتوویی ئەو ڕۆژنامەنووسەیان دەردەخست. لایەنگری جان ڕید بۆ بزووتنەوەی کرێکاریی بووە بەشێک لە ژیانی. لەکوێ مانگرتنی کرێکاریی هەبووبێ، جان ڕید هەوڵی داوە لەنزیکەوە وردکارییەکانی بگوازێتەوە. هەر بۆیەش بە بڕیاری بیڵ هەیوود سەرۆکی کرێکارانی پیشەسازە جیهانی لەبەرژەوەندی کرێکارانی مانگرتوو لە مادیسۆن سکوێر گاردن کە گۆڕەپانێکە لەشاری نیویۆرک دادەنرێت کە ئەوکات یەکێک لە مانگرتنە کرێکارییەکانی تیا بەڕێوە دەچوو.

لە پایزە ساڵی ١٩١٣ لەلایەن گۆڤاری (میترۆپۆلیتان مەگەزەن) دەنێردرێت بۆ مەکسیک بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرت سەبارەت بە شۆڕشی مەکسیکی. جان بۆ ماوەی چوار مانگ بەشداری چەندین کردە یان ئۆپەراسیۆنی سەربازەی مەترسیداری سوپای پانچۆ ڤیلای شۆڕشگێڕی سۆشیالیستی مەکسیک کرد. هەروەها جان چەندین وتاری نووسی و لە بڵاوکراوەی پەیامنێری جەنگ دا بڵاو کردەوە. دواتریش دوای ئەوەی مەکسیک جێدەهێڵێ، جان ڕید دواتر وتارەکانی سەبارەت بە شۆڕشی مەکسیک لە کتێبێکدا بڵاو دەکاتەوە.

لە سی نیسانی ساڵی ١٩١٤ جان ڕید دەگاتە کۆلۆرادۆ، بەتایبەتیش دەچێتە شوێنی (لادلۆ مەساکر) و زیاتر لە هەفتەیەک لەو ڕووداوە

دەکۆڵێتەوە و دەبێتە قسەکەری ١٢٠٠ کرێکاری کانی خەڵووز. لەوێدا جان ڕید وتاری (جەنگەکەی کۆلۆڕادۆ) ی نووسی و لەو وتارەدا بەقووڵی دەگاتە باوەڕی ململانێی چینایەتی. لە چواردەی مانگی ئابی ساڵی ١٩١٤دا دوای ڕاگەیاندنی جەنگی ئەڵمانیا دژی فەرەنسا، بەکەشتی سەفەری ئەوروپا دەکات و دەچێتە ئیتاڵیا. لەوێ لەگەڵ خانمێک بەناوی (مەیبڵ دۆج) بەیەکتر ئاشنا دەبن و ئینجا پێکەوە دەڕۆن بۆ فەرەنسا. لەوێدا جان بەجوانی بۆی دەردەکەوێت کە جەنگ پێشبڕکێ و مونافەسەی ئیمپریالیستەکانە و تەنها قازانجی بۆرژوازی تێدایە و بە زەانی خەڵک کۆتایی دێت. دواتر جان ڕید و مەیبڵ دۆج بەرەو لەندەن دەڕۆن. ئینجا دەچنە بەرلین و لەوێدا جان ڕید چاوپێکەوتنێک لەگەڵ کارڵ لیبکنخت ساز دەکات کە یەکێک بوو لەو سۆشیالیستانەی ئەڵمانیا کە پەنجەی دەست ئەژمێردران کە دەنگیان دژ بە شەڕ دابوو. جان ڕید بەقووڵی تووشی نائومێدی بوو لە ئەنجامی دارمانی هاوپشتی کرێکاریی ئەنتەرناسیونالیزمی دووەم.
جان دەگەڕێتەوە بۆ نیویۆرک و دەست دەکات بە نووسین دەربارەی جەنگ. ساڵی ١٩١٥ بە هاوەڵی هونەرمەندی کەنەدی بۆردمان ڕۆبنسن جارێکی تر دەڕواتەوە ئەروپا. دەڕواتە سێربیا و بولگاریا و ڕۆمانیا و دواتریش ڕووسیا. بەرهەمی ئەم گەشتەش کتێبێک بوو لە ساڵی ١٩١٦ بە ناوی (جەنگ لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات). جارێکی تر جان ڕید دەگەڕێتەوە نیویۆرک و سەردانی دایکی دەکات لە پۆرتلاند. لەوێ دەکەوێتە داوی خۆشەویستی خانمێک

بەناوی لویس براینت . ساڵی ١٩١٦ جۆرج ئۆرنێڵ دەناسێت و ئینجا هەرسێکیان خانوویەک بەیەکەوە بەکرێ دەگرن.
لە مانگی ئابی ساڵی ١٩١٧ لەگەڵ لویس بە سواری کەشتی لە نیویۆرکەوە دەچنە ئەوروپا و دواتریش وەکووو نوێنەرانی حیزبی سوشیالیست بەشداری کۆنگرەی ستۆکۆڵم دەکەن. ئینجا بەرەو فینلەند و لەوێشەوە بۆ ڕووسیا. ئەوان لە سەرەتاوە تا کۆتایی شۆڕش ئامادەییان بووە. کاتێکیش بەلشەفییەکان بە ڕابەری لینین حکومەتی کاتی کیرنسکی ڕادەماڵن، لەوبڕوایەدا بوونە کە ئەمە یەکەمین لێدانە لە شۆڕشی سۆشیالیستی جیهانیی. جان ڕید بە پەرۆشەوە پشتیوانی شۆڕشی سۆشیالیستی ڕووسیای کرد. ڕید بە لیۆن ترۆتسکی ئاشنا دەبێت و ساڵی ١٩١٨ بە لینین ئاشنا دەبێت. جان و لویس تەواوی ئەزموون و شاهێدحاڵیان دەکەنە کتێب. سەرەتا لویس براینت کتێبەکەی بەناوی (شەش مانگی سوور لە ڕووسیا) و دواتریش ڕید کتێبە بەناوبەنگەکەی بڵاو دەکاتەوە (ئەو دە ڕۆژەی هەموو جیهانی هەژاند) لە ساڵی ١٩١٩ بڵاو دەکاتەوە. ڕید لە بیست و هەشتی نیسانی ساڵی ١٩١٨ دەگەڕێتەوە نیویۆرک لەڕێگەی فینلەندەوە بەبیانووی ئەوەی ڤیزەی نییە دەیگرن و دەست بەسەری دەکەن. پاشان لەلایەن پۆلیسی فیدڕاڵی ئەمریکاوە دەستبەسەر دەکرێت و دوایی ئازاد دەکرێ.
دوای گەڕانەوەی بۆ ئەمریکا جان ڕید بە جیددی دەکەوێتە بەرگریکردن لە بەلشەفیکەکان و دژ بە خۆتێهەڵقورتانی ئەمریکا بوون لەو وڵاتە. لە ئەمریکا لەسەر وتارێک کە بڵاوی

کردبۆوە دادگایی دەکرێت و بە کەفالەتی ۲۰۰۰ دۆلار ئازاد دەکرێت. ئیتر چەند جارێک لەسەر باوەڕی خۆی دادگایی و سزای مادیی و دەستبەسەر دەکرێ. دوای تێپەڕاندنی ئەم کێشانە بەشێوەیەکی بەربڵاو دەست دەکات بە تەبلیغاتی بەلشەفیکانە و ئینجا دەبێتە سەرنووسەری هەفتەنامەی زە نیویۆرک کۆمۆنیست کە لەلایەن بزووتنەوەی چەپی نیویۆرکەوە بڵاو دەکرایەوە. لە سی ئابی ۱۹۱۹ جان ڕید و چەندی کەسایەتی ڕادیکاڵی تر لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا لە شیکاگۆ دەبنە دوو بەش و حیزبی کاری کۆمۆنیستی ئەمریکی و حیزبی کۆمۆنیستی ئەمریکی دادەمەزرێنن. جان رید لە نووسراوەکانیدا گومانی لە دیموکراتی رۆژئاوایی هەیە و بەجیددی بەرگری لە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا دەکات. جان ڕید لایەنگری حیزبی کاری کۆمۆنیستی ئەمریکی دەکات و بەرپرسیارێتی سەرنووسەری بڵاوکراوەی (دەنگی کار) لە ئەستۆ دەگرێ.

زستانی ساڵی ۱۹۱۹ – ۱۹۲۰ جان ڕید لەڕێگەی ئەوروپاوە دەچێتەوە مۆسکۆ و حکومەتی بەلشەفی هەوڵ هەردوو حیزبی کۆمۆنیست و کاری کۆمۆنیستی ئەمریکی دەکاتە یەک حیزب و ئینجا داوا لە ڕید دەکرێ بگەڕێتەوە ئەمریکا، بەڵام لە ڕێگای گەڕانەوە دووچاری گرتن و ئازار و ئەشکەنجەی زۆر دەبێتەوە و دواجار بەناچاری دەگەڕێتەوە مۆسکۆ. لە بیست و پێنجی ئەیلوولی هەمان ساڵ نەخۆش دەکەوێت. سەرەتا وا دەزانرێت ئەنفلۆنزایەتی و پاشان دوای پێنج ڕۆژ لە نەخۆشخانە ئینجا دەزانرێ کە گرانەتای

گرتووە. ئەو ماوەیەش کە نەخۆش بوو لویس نەیهێشت تەنیا بێت و بەردەوام لەپاڵییەوە بوو. جان دۆخی تەندروستی خراپتر دەبێ و بەهۆی ئابلۆقەی هاوپەیمانانەوە دەرمانی پێویست لەبەردەستدا نابێت. سەرەتا عەقڵی دووچاری کێشە دەبێت و پاشان لای ڕاستی جەستەی لەکار دەکەوێ و ئینجا لە زمان دەکەوێ. تا ئەو ساتەی دوا هەناسە دەدا دەستی لەدەستی خۆشەویستەکەی دابوو و دواجار جان ڕید لە حەڤدەی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٠ بۆ یەکجاری چاو لێک دەنێ و پاشان تەرمی ئەم پاڵەوانە سۆشیالیستە لە گۆڕستانی دیواری کرملین بەخاک دەسپێردرێت.

جان ڕید لەماوەی ژیانیدا سیانزە کتێبی چاپ و بڵاو کردۆتەوە. دوای ماڵئاوایشی لەژیان، شەش کتێب دەربارەی ئەو ڕۆژنامەنووسە شۆڕشگێڕە سۆشیالیستە لەنێوان ساڵانی ١٩٢٧ تا ١٩٩٨ نووسراون و بڵاو کراونەتەوە.

## سەرچاوە:

(https://en.wikipedia.org/wiki/John_Reed_(journalist
https://www.britannica.com/biography/John-Reed

# ڕیچارد ڕایت
# شاعیر و ڕۆماننووسی
# کۆمۆنیستی ئەمریکی



ڕیچارد ناثانیال ڕایت، شاعیر و ڕۆماننووسی ڕەشپێستی کۆمۆنیست، لە چواری ئەیلوولی ساڵی ١٩٠٨ لەشاری ناشیز لە ویلایەتی میسیسیپی لە ئەمریکا لەدایکبووە. ڕیچارد کە لەڕێگەی نووسین و بەرهەمە ئەدەبییەکانەوە بەتایبەتی لەڕێگەی ڕۆمانەکانییەوە باس لە ژیانی ئەمریکییە ڕەشپێستەکان دەکات لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم. ڕیچارد لەکارە ئەدەبییەکانیدا ئینسانی ڕەشپێستی وەکووو قوربانی هەژاری و دەستی سیاسەت وێنا دەکرد. ئەو لە ڕۆمانی (کوڕە زنجییەکە) کە زیاتر وێناکردنی ژیانی خۆیەتی لە تەمەنی چوار ساڵییەوە بۆ بیست و هەشت ساڵی، دەتوانرێ وەکووو ژیانی هەر منداڵێکی ڕەش پێست ببینرێ. دایک و باویکی دوای جەنگی ئەهلی ئەمریکی بە ئازادی لەدایک بوونە. بەڵام باپیری و داپیرەی کۆیلە بوونە و لە جەنگی ئەهلی ئەمریکا ئازاد بوون. ڕیچارد لە تەمەنی پانزە ساڵی یەکەمین کورتەچیرۆکی خۆی بڵاو کردۆتەوە. ڕیچارد قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە قوتابخانەی تایبەت بە قوتابیانی زنجیی دەخوێنێ. ساڵی ١٩٢٣ بۆ خوێندن دەچێتە دواناوەندی سمیس ڕۆبەرتسن. ڕیچارد بۆ ئاهەنگی دەرچوون وتاری خۆی دەنووسێ و بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکەش داوای لێ ئەکەن کە وتاری نووسراوی قوتابخانە بخوێنێتەوە. ڕیچارد ڕازی نابێت و قوتابخانەش داوا لە مامی ڕیچارد دەکەن قسەی لەگەڵ بکا و ئەویش هەر دەستبەرداری وتارەکەی خۆی نابێت و دواجار هەر بە مکوڕی خۆی وتاری

خۆی دەخوێنێتەوە کە بۆچوونەکانی خۆی تیا بەرجەستە کردۆوە.
ڕیچارد ڕایت لەماوەی ژیانیدا دووجار هاوسەرگیری دەکات، یەکەمجار لە ساڵی ١٩٣٩ لەگەڵ دیما ڕۆز مەیمان و دووەمجار لە دووی ئازاری ساڵی ١٩٤١ لەگەڵ ئێلن پۆپلەر دەبنە هاوسەر. ساڵی ١٩٢٧ لەگەڵ خێزانەکەیان دەچنە شیکاگۆ و لەپاڵ کارکردنەوە دەست دەکات بە خوێندنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی نووسەرانی تر و لەشێوازە نووسینیان ورد دەبۆوە. دوای لە دەستدانی کارەکەی لەئەنجامی قەیرانی ئابووری، ڕیچارد پەیوەست دەبێت بە (یانەی جان ڕید کە بەناوی جان ڕیدی ڕۆژنامەنووس و سۆشیالیستەوە ناونرا بوو) کە یانەی فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی ئەمریکا بوو ئامانجی لێک نزیککردنەوەی نووسەران و ڕۆشنبیران و هونەرمەندانی مارکسیست بوون لەیەکتر. یانەکە لەلایەن حیزبی کۆمۆنیستی ئەمریکییەوە پشتیوانی دەکرا. ڕیچارد پەیوەندی لەتەک ژمارەیەک لە نووسەران دانا. وە لە ساڵی ١٩٣٣ دەبێتە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئەمریکا. ڕیچارد وەکووو شاعیرێکی شۆڕشگێڕ ژمارەیەکی شیعری پرۆلیتاریی نووسی. ساڵی ١٩٣٥ یەکەمی ڕۆمانی خۆی نووسی و بڵاو کردەوە و هەر لەو ساڵی جگە لە کۆمەڵێ بەرهەمی ئەدەبی تر کە بڵاویان دەکاتەوە، دەست دەکات بە کارکردن لەگەڵ (کۆنگرەی نەتەوەیی ڕەش پێستەکان).
ڕیچارد بەوپێیەی لەڕیزەکانی حیزبی کۆمۆنیست هەڵدەسوڕا و پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ چەندین ئەندامی سپی پێستی حیزبەوە دانابوو و دواییش هەر لەلایەن ئەو چەند ئەندامەوە پێشنیاری

نیشتەجێبوونی لەشاری نیویۆرک بۆ کراو خانووی بۆ بەکرێ گیرا، وەک دژەکردارێکیش لەلایەن هەندێ جڤاتی ڕەش پێستەوە بە ڕۆشنبیری بۆرژوازی ناوزەد کرا.

ڕیچارد ڕایت ئەم دۆخەی هەروا بە سانایی بۆ نەچووە سەر. ئەو پێداگیری دەکرد لەسەر ئەوەی کە نووسەرە کۆمۆنیستە گەنجەکان دەبێ بواری زیاتریان بدرێتێ تا قاڵ ببنەوە و خەریکی تاوتوێکردنی مەعریفەی خۆیان بن و خۆیشی کاری لەگەڵ ناسیونالیست و کۆمۆنیستە ڕەش پێستەکان دەکرد. لەئاکامی ئەم پێداگرییەی ڕیچارد کە بووە هۆی دوورکەوتنەوەی ژمارەیەکی زۆری ئەندامان لە حیزب، ئەمەش بەدەوری خۆی بووە هۆی ئەوەی کە پەیوەندی لەگەڵ حیزبی کۆمۆنسیت ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات و چەندین جار هەڕەشەی لێکرا و تا گەیشت بەوەی پەلامار بدرێ و لێی بدرێ. کاتێکیش لە ڕێپێوانی ئایاری ساڵی ١٩٣٦ ویستی بەشداری بکار هەر لەلایەن هاوڕێ کۆنەکانی خۆیەوە بە چەقۆ پەلامار دەدرێ.

ڕیچارد لە ساڵی ١٩٣٧ دەچێتە شاری نیویۆرک و لە ڕێنمایی پڕۆژەی نووسەرانی فیدڕاڵ کاردەکات و ساڵی ١٩٣٨ پانۆراما بڵاو دەکاتەوە. کتێبێکی لەسەر گەڕەکی هارلم نووسی و دواتریش هەر لە گەڕەکی هارلم دەبێتە سەرنووسەری ڕۆژنامەی کۆمۆنیستی دەیلی وۆرکەر. لە هاوین و پایز ئەو ساڵە لەو ڕۆژنامەیە زیاتر لە دوو سەد وتاری نووسی و لە هەمان کاتدا لە دەرکردنی گۆڤاری ئەدەبی نیو چەلانج ڕۆڵی بەرچاو دەبینێ.

هەروەها لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٨ خەڵاتی گۆڤاری ستۆری کە بڕەکەی پێنجسەد دۆلار بوو بردەوە. ئەم بردنەوەیە بووە هۆی ئەوەی کە چیرۆکەکانی لە چوار بەرگدا چاپ و بڵاو بکاتەوە و بەمەش سەرنجی تەواوی ئەمریکای بەلای خۆیدا ڕاکێشا. پاشان لەڕێگەی نووسەر و ڕەخنەگری مارکسیستی گرانڤیل هیکسەوە ئاشنا دەبێت بە قاوەخانەی چەپەکانی بۆستن. لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٣٨ ڕێژەی فرۆشتنی کتێبەکانی بەرز دەبێتەوە و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بەو بڕە پارەیەی کە دەستی کەوت توانی بگەڕێتەوە گەڕەکی هارلم و دەست بکات بە نووسینی ڕۆمانی کوڕی ڕەسەن کە دواتر لە ساڵی ١٩٤٠ دا بڵاو بۆوە. ڕیچارد ڕایت لەڕێگەی بەدەستهێنانی مینحەی گوگنهامەوە توانی ڕۆمانی کوڕی ڕەسەن تەواو بکات. لەو ماوەیەش لەگەڵ هەردوو هاوڕێی کۆمۆنیستی هێربێرت و جەین نیوتن خانوویەک بەیەکەوە دەگرن و لە نیویۆرک دەژین.

یەکێ لەو ڕەخنانەی کە ڕووبەڕووی ڕیچارد ڕایت دەکرایەوە ئەوە بوو کە توندوتیژی لە بەرهەمەکانیدا بوونی هەبووە. ساڵی ١٩٤٠ دەچێتە شیکاگۆ و لەوێش لەگەڵ هەریەک لە لینگستون هیوز و ئانا بۆنتێمبس و کڵاودی مەککەی سەردانی پێشانگای کلتووری ڕەشپێستە ئەمریکییەکان دەکات. دواتر بە هاوڕێیەتی پاوڵ گرین گەشتی باکووری کارۆلینا دەکات. ئینجا دەچێتە هەرێمی کیوبێک لە کەنەدا. ساڵی ١٩٤٦ دەچێتە فەرەنسا و لەوێ لەگەڵ جان پۆڵ سارتەر و ئەلبێرت کامۆ دەبێت بە هاوڕێ. پاشان لە ساڵی ١٩٤٧

بە ئەوروپا و ئاسیا و ئەفریقادا دەگەڕێت و سەرباری ئەمەش دەبێت بە هاوڕێی هەر یەک لە نووسەران چێستەر هیمز و جەیمس باڵدوین. ساڵی ١٩٤٧ دەبێتە هاوڵاتی فەرەنسی. ئینجا لە ئەنتۆلۆژی ئەنتی کۆمۆنیست بەرهەمی بڵاو دەکرێتەوە. داوای لێ دەکرێ ببێتە ئەندامی کۆنگرەی ئازادی کلتوور بەڵام ڕیچارد ڕەتی دەکاتەوە پەیوەست بێت پێیانەوە چونکە پێی وابوو ئەو ڕێکخراوە پەیوەندی بە سی ئای ئەی ئەمریکییەوە هەیە. لەساڵی ١٩٤٣ وە دەکەوێتە ژێر چاودێری ئێف بی ئای ئەمریکییەوە. ساڵی ١٩٥٥ دەچێتە ئەندەنوسیاو بەشداری کۆنگرەی باندۆنگ دەکات. ڕیچارد لەو ماوەیە تا بڵێی پڕ بەرهەم دەبێت و چەندی کۆڕ و سیمینار دەکات و گەلێ بەرهەمی بۆ شانۆ ئامادە دەکرێ و ڕۆمانەکانی بە زمانی جیاجیا چاپ و بڵاو دەبنەوە.

ڕیچارد ساڵی ١٩٥٧ کە دەچێتە ئەفریقا دووچاری نەخۆشی ئەمۆبیا دەبێتەوە. هەرچەند چارەسەریش وەردەگرێت بەڵام بۆ سێ ساڵی پاشتر باری تەندروستی تێک دەچێت و لە تەمەنی پەنجا و دوو ساڵە بە جەڵتەی دڵ لە بیست و هەشتی تشرینی دووەمی ١٩٦٠ لە پاریس ئەم نووسەرە کۆمۆنیستە، ئەم ئینسانە گەورەیە دڵی لە لێدان دەکەوێت و ماڵاوایی لە خەبات و حیزبی کۆمۆنیست و نووسین و ئەدەب دەکات و لە گۆڕستانی بیرلاشیز دەنێژرێت. هەر ئەو کات جولیای کچی ڕای دەگەێنێت کە باوکی تیرۆر کراوە.

لەساڵانی کۆتایی ژیانیشیدا ڕیچارد ژمارەیەکی زۆر چوار هەزار

٤٠٠٠ هایکو دەنووسێت و ٨١٧ دانەیان لە کتێبێکدا بڵاو دەکاتەوە کە زۆربەیان باس لە تەنیایی و مەرگ و هێزەکانی سروشت دەکەن. نووسینەکانی تری ڕیچارد ڕایت کە لە گەشتەکانیدا نووسیوین، گۆڤاری زانکۆی میسیسیپی لە ساڵی ٢٠٠١ دا بڵاوی کردەوە. دوای مردنیشی کتێبێکی تەواونەکراوی لەپاش بەجێما بەناوی (یاسای باوک) دواتر جولیای کچی لە ساڵی ٢٠٠٨ دا بڵاوی کردەوە.
ڕیچارد ڕایت لەماوەی ژیانیدا سێجار خەڵات کراوە و ڕێزە لێگیراوە و پاش مردنیشی سێجاری تر خەڵات کراوە و ڕێزە لێنراوە. لەدوای خۆی ژمارەیەک بەرهەمی ئەدەبی بەجێهێشتووە کە بریتین لە کۆبەرهەم و درامایەک و دە ڕۆمان و نۆ کتێبی لێکۆڵینەوە و ڕەخنە و شەش کتێبی نووسین و وتار و یەک کتێبی شیعر.
ئەدەبی ئەمریکی تا ماوە دەبێ شانازی بە بەرهەمەکانی ڕێچار ڕایت بکات کە توانی تروسکەی جوانی ئینسانیی ببەخشێتە تاریکستانی ئەدەبی ئەمریکی و شانبەشانی نووسەرانی ئەفریقا ـ ئەمریکا توانیان کلتووری ئەدەبی ئینسانیی لە ئەمریکا ببەنە قۆناغێکی بەرزتر و نوێترەوە.

## سەرچاوەکان:

(https://en.wikipedia.org/wiki/Richard_Wright_(author
https://www.britannica.com/biography/Richard-Wright-American-writer

# گرانڤیڵ هیکس

# نووسەر و ڕەخنەگری ئەدەبی مارکسیستی ئەمریکی



گرانڤیڵ هیکس، ڕەخنەگری مارکسیستی ئەمریکی، لە نۆی ئەیلوولی ساڵی ١٩٠١ لەشاری ئێکستەر لە ویلایەتی نیو هامشایەر لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەدایکبووە. هیکس بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ئینجا ماستەر لە زانکۆی هارڤەرد بەدەست دەهێنێت. ساڵی ١٩٢٥ لەگەڵ دۆرتی تایەر هاوسەرگیری دەکات و کچێکیان دەبێت بەناوی ستێفینی. لەساڵی ١٩٢٥ تا ١٩٢٨ گرانڤیل هیکس لە سمیس کۆلێج لە نۆرت هامپتن لە ویلایەتی ماساشوسێتس وەک مامۆستای ئەدەبی مەسیحییەت دەست بەکار دەبێت. لەنێوان ساڵانی ١٩٢٩ ــ ١٩٣٥ یاریدەدەری پرۆفیسۆری زمانی ئینگلیزی بووە لە ڕێنسیلەر پۆلی تەکنیک، پاشانیش لە ساڵانی ١٩٣٨ - ١٩٣٩ وەک ڕاوێژکاری شارستانی ئەمریکا لە زانکۆی هارڤەرد دەست بەکار دەبێ.

گرانڤیڵ یەکێک بوو لەکاریگەرترین ڕەخنەگری ئەدەبی مارکسیستی لە دەیەی سییەکانی سەدەی ڕابردوو. گرانڤیل بە تێوەگلانی بە ژمارەیەک هۆکاری بەرچاو ناسراوەوەکووو دەست لەکار کێشانەوەی بە ئاشکرای لە حیزبی کۆمۆنیستی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٣٩. ئەو ئیعتباری خۆی وەک ڕەخنەگرێکی ئەدەبی مارکسیستی دامەزراند و ساڵی ١٩٣٣ کتێبی ترادیسیۆنی مەزن چاپ و بڵاو دەکاتەوە کە لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر ئەدەبی ئەمریکی لە سەردەمی شەڕی ئەهلییەوە تا سەردەمی بڵاوبوونەوەی کتێبەکە. ئەم کتێبە مێژووی سیستیماتیکانەی ئەدەبی ئەمریک،یە لە گۆشەنیگای مارکسیستییەوە. لە ساڵی ١٩٣٢ گرانڤڵ دەنگ لە بەرژەوەندی حیزبی کۆمۆنیستی

ئەمریکا دەدات و پەیوەندی لەگەڵ سەرجەم ڕێکخراوە کۆمۆنیستەکانی دەیەی سییەکانی سەدەی ڕابردووی ئەمریکا دادەمەزرێنێت. ساڵی ١٩٣٤ دەبێتە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیست و هەروەها دەبێتە سەرنووسەری گۆڤارە کلتوورییەکەی حیزبی کۆمۆنیست(جەماوەری نوێ).

گرانڤڵ ساڵی ١٩٣٥ لە جێوشوێنی وانە وتنەوەی لە پەیمانگای ڕێنسیلەر پۆلی تەکنیک دەردەکرێت بەهۆی بیروباوەڕی سیاسییەوە، هەرچەندە بەرێوەبەرایەتی پەیمانگا ڕەتیان کردەوە کە هۆکارەکە سیاسی بێت. گرانڤڵ بەردەوام دەبێت لە وانە وتنەوە لە ژمارەیەک پەیمانگای جیاجیا بەڵام کاتی زیاتر بۆ نووسین تەرخان دەکات. ساڵی ١٩٣٦ داوای لێ دەکرێ بەشداری نووسینی کتێبی جان ڕید (بەرپاکەری شۆڕش) بکات، کە تایبەت بوو بە ژیاننامەی جان ڕیدی ڕۆژنامەنووسی ڕادیکاڵ. پاشان ئێرڵ براودەر سکرتێری (لیدەری) حیزبی کۆمۆنیستی ئەمریکا داوای لێ دەکات چەند لاپەڕەیەک لەو کتێبە لا ببات کە ڕەنگدانەوەی نێگەتیڤی بەسەر یەکێتیی سۆڤییەتەوە هەبوو، بەڵام دواجار کتێبەکە هەڵسەنگاندنێکی یەکسان و نمایشێکی بێلایەنانە بوو. لەساڵی ١٩٣٩ وەک نارەزایەتییەک لەدژی ڕێکەوتنامەی ئاشتی نێوان نازەیەکان - سۆڤییەتییەکان، گرانڤیل هیکس واز لە حیزب دەهێنێ. ئینجا هەوڵیدا ڕێکخراوێکی ئەلتەرناتیڤی چەپی سەربەخۆ دابمەزرێنێ، بەڵام سەرکەوتنێکی کەمی بەدەست هێنا. ساڵی ١٩٤٠ بە تەواوەتی واز لە کۆمۆنیزم دێنێ و ئیتر خۆی

به سۆشیال دیموکرات لەقەڵەم دەدات. هەمان ساڵ وتارێکی بۆ تەواوی خەڵک نووسی بەناوی (کۆلانە کوێرەکەی مارکسیزم).
لە ماوەی دەیەی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، هیکس دووجار لەبەردەم (لیژنەی چالاکییەکانی پەرلەمانی ئەمریکی) گەواهی دەدات. ساڵی ١٩٥١ لە وتارێکی شەرحئامێزدا دەربارەی کۆمۆنیزم دەنووسێ(کۆمۆنیزم کۆمەڵێ ڕاگەیەندراوە لەدەرەوەی بێلایەنیدا) و ئامانجیش لێی سەرکوتکردنێکی شۆڕشگێرانەی وەحشییانەیە.
گرانڤیڵ هیکس بۆ ماوەی سێ ساڵ ١٩٥٥ ـ ١٩٥٨ لە شاری نیویۆرک لە نیو سکوڵ فۆر سۆشیاڵ ریسێرچ وانە دەڵێتەوە. لە زانکۆکانی نیویۆرک لە ساڵی ١٩٥٩، سیراکیوز لەساڵی ١٩٦٠، ئۆهایۆ لەساڵی ١٩٦٧ ـ ١٩٦٨ وەک پرۆفیسۆر وانە دەڵێتەوە. لەسەرەتای ساڵی ١٩٤٢ بەڕێوەبەری چڤاتی هونەرمەندانی یادۆ بووە و دواتریش هەر وەک بەرێوەبەری گشتی ئەو جڤاتە ڕەفتاری کردووە. هەروەها بۆ ماوەی سی و پێنج ساڵ ١٩٣٠ ـ ١٩٦٥ ڕاوێژکاری ئەدەبیی دەزگای چاپ و پەخشی مەکمیلان بووە.
گرانڤیل هیکس لەژمارەیەک گۆڤار و بڵاوکراوە بەرهەمی بڵاو کردۆتەوە، لەوانە: ئەمەریکەن مێرکری و هەفتەنامەی پاسفیک و نیویۆرک تایمز و زە بووکمان و نیو ڕیبەبڵیک و نەیشن و هەردوو گۆڤاری ئەنتیۆچ و سیوانی و چەندین گۆڤاری تر ئەمە جگە لە نووسینی پێشەکییەک بۆ کتێبی جان ڕید (ئەو دە ڕۆژەی

جیهانی هەژاند).
گرانڤیل هیکس لە لە هەژدەی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٢ لە شاری فرانکلین پارک لە ویلایەتی نیو جەرسی بە یەکجاری چاو لێک دەنێ و ماڵاوایی لە کۆمۆنیزم و حیزب و ڕەخنە و چالاکییە ئینسانییەکانی و نووسین و تەنانەت ڕەخنەکانیشی لە مارکسیزم دەکات. گرانڤیل سیانزە کتێب و چوار ڕۆمان بڵاو دەکاتەوە و هەروەها سێ کتێبیشی لەسەر نووسراوە. ئەوکاتەی گرانڤیل هیکس مرد، نووسینە ڕادیکاڵ و مارکسییە بەراییەکانی ئەم ڕەخنەگرە بەتوانایە هاوسەنگی ئەو گۆڕانەی دوایی خۆی بوو وەک ڕەخنەیەکی زۆر فراوان و ئینسانی.

## سەرچاوەکان:

https://en.wikipedia.org/wiki/Granville_Hicks
https://www.britannica.com/biography/Granville-Hicks

# تاکیجی کۆبایاشی
# ڕۆماننووسی پرۆلیتاری
# یابانیی



تاکیجی کۆبایاشی، گەورەنووسەری پرۆلیتاریی یابانی لە سیانزەی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٠٣ لە شاری ئۆداتا لە هەرێمی ئەکیتا لە وڵاتی یابان لە خێزانێکی هەژار هاتۆتە دونیاوە. لە تەمەنی چوارساڵان دەبێ کاتێ ماڵیان دەگوێزنەوە بۆ هەرێمی هۆکایدۆ. خێزانی تاکیجی لەبەر دەست کورتیی ناتوانن تێچووی خوێندنی تاکیجی بدەن، بۆیە مامی تاکیجی ئەو بەرپرسارێتییە لە ئەستۆ دەگرێ و یارمەتی برازاکەی دەدات بۆ ئەوەی لە خوێندن دوا نەکەوێت. تاکیجی هەر لەسەردەمی خوێندنەوە حەزە چۆتە نووسین و وتاری بۆ گۆڤاری ئەدەبیی دەنووسی. لە قوتابخانەش بوو بە ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ئەلومنی ئەسۆسیەیشن. یەکێک لە مامۆستاکانی کە شاعیر و ڕەخنەگر نۆبیوکی ئۆکوما بوو بەهۆی بوونی قەیرانی دارایی لەو سەردەمە و فشاری هەژاری بۆی، بە بزووتنەوەی کرێکارییەوە پەیوەست بووبوو.

دوای تەواوکردنی خوێندن تاکیجی لە یەکێک لە بانکەکانی یابان دادەمەزرێ و دەکەوێتە کارکردن. لە بانگەشەی هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٢٨دا، تاکیجی کۆبایاشی پشتگیریی کێنزۆ یامامۆتۆ دەکات و لە کەمپینی یامامۆتۆ بەشداری دەکات و ئەم ئەزموونەش دوایی لە نووسینەکانی پاشتری ڕەنگی دایەوە. هەر هەمان ساڵ چیرۆکی پانزەی ئازاری ١٩٢٨ کە لە ڕووداوی پانزەی ئازارەوە وەرگیراوە، لە گۆڤاری ئەدەبی سێنکی بڵاو دەبێتەوە. چیرۆکەکە بۆ تاکیجی دەبێتە مایەی ئەشکەنجە لەلایەن

پۆلیسی یابانەوە.
ئەدەبی (کرێکاریی) پرۆلیتاری یابانی لە دەیەی بیستەکان و سییەکانی سەدەی بیستەم گەیشتە ئەوجی گەشەسەندنی خۆی. نووسەرگەلی وەک هیرۆشیرۆ مەیداکۆ (١٨٨٨ – ١٩٥٧) و یۆشیکی هەیاما (١٨٩٤ – ١٩٤٥) و سوناو توکوناگا (١٨٩٩ – ١٩٥٨) و یوریکۆ میامۆتۆ (١٨٩٩ – ١٩٥١) و شیگاهارو ناکانو(١٩٠٢- ...) و تایکۆ هیرابایاشی (١٩٠٥-...) و سوساو هەیاشی (١٩٠٣ - ....) و ئیناکۆ ساتا(١٩٠٤ - ..) لە ڕووخسارە ناسراو ودیارەکانی ئەو بزووتنەوە ئەدەبییە کرێکارییە بوون، بەڵام لەهەموو ئەمانە دیارتر و ناسراوتر و بەرجەستەتر تاکیجی کۆبایاشی بوو کە بەهیچ شێوەیەک ناتوانرێ لە باسی ئەدەبی کرێکاریی یابانی بازە بەسەردا بدرێ. ئەم نووسەرە تێدەکۆشا کرێکاران و زەحمەتکێشانی یابانی لەژێر چەوسانەوەی چینایەتی ڕزگاریان ببێت. چەکی دەستی تاکیجی ئەدەب بووە و لەڕێگەی چیرۆک و ڕۆمانەکانییەوە نەک هەر توانیویەتی دۆخی چینی کرێکار و خەباتیان بنەخشینێ و باس لەڕێگەچارەی چینایەتی بکات، بەڵکوو بناغەی ئەدەبەکەشی زۆر بە توندی و تۆکمەیی دامەزراند. بزووتنەوەی کرێکاریی یابانیش لە ساڵی ١٩١٩ دەگاتە لووتکە و فیدراسیۆنی گشتی سەراسەری کرێکارانی یابان لە ساڵی ١٩٢١ دێتە دامەزراندن
ساڵی ١٩٢١ تا ١٩٢٤ تاکیجی زۆربەی کاتەکانی لە قوتابخانەی بازرگانی ئوتارو بردەسەر. پاشان یەکێتیی قوتابیانی سەرتاسەری

یابان لە ساڵی ١٩٢١ دادەمەزرێ و کە قوتابیان و لاوانی ڕادیکاڵ ڕۆڵی بەرچاویان تیا گێرا. ساڵی ١٩٢٢ حیزبی کۆمۆنیستی یابان دادەمەزرێ. ساڵی دواتر واتە ١٩٢٣ هاوپەیمانی لاوانی کۆمۆنیستی یابانی دێتە وجود. یەکەمین دەنگی ئەدەبی پرۆلیتاری(کرێکاریی) لە یابان لەڕێگەی گۆڤاری زە سۆوەرەوە بووە کە یەکەمین گۆڤاری ئەدەبی پرۆلیتاریی یابانی بووە کە لە شاری ئەکیتا و دواتریش لە شاری تۆکیۆ لە نێوان ساڵانی ١٩٢١ تا ١٩٢٣ بڵاو بۆتەوە.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٨، تاکیجی ڕۆمانی (پاپۆڕی کارگە) دەنووسێ کە دەربارەی تاقمی پاپۆڕی لە قوتوو کردنی قرژانگی دەریایە و وەستانەوەیە دژ بە خاوەن کات لەژێر سەختترین هەلومەرجدا، کە لە گۆڤاری ئەدەبی سێنکی لە ساڵی ١٩٢٩ دا بڵاو بۆوە. ئەم ڕۆمانە زۆر بە خێرایی بوو بە مایەی سەرنج و بایەخ و هەروەها بوو بە هەڵگری ناوی ئەدەبی مارکسی یان پرۆلیتاری. لە مانگی تەمموزە هەمان ساڵی (١٩٢٩)، ناوەڕۆکی ئەم دەقە بۆ شانۆ ئامادەکرا لەسەر تەختەی شانۆی ئیپمریاڵ گاردن لەژێر ناونیشانی (باکووری هێڵی پانی پەنجا پلە باکوور) . تەواوی ڕۆمانەکە وەکووو کورتە ڕۆمانێک تا ساڵی ١٩٤٨ لە یابان لەبەردەستدا نەبوو. پاشان ئەم دەقە مارکسییە تەرجەمەی گەلێ زمانی جیهانی کرا. لەوانە سێجار بۆ زمانی ئینگلیزیی وەرگێردرا. پۆلیس بەتایبەتیش پۆلیسی تۆکۆ، تاکیجی خستە ژێر چاودێرییەوە. هەمان ساڵ کاتێ دەقی (خاوەن موڵکێکی

نادیار) لە گۆڤاری شوکرۆن بڵاو دەکاتەوە، بەو هۆیەوە لە کارەکەی دەردەکرێت.ژیان لەنێو حیزبی کۆمۆنیستدا کارێکی تری تاکیجییە و بەدەم هەڵاتن و خۆشاردنەوە نووسیویەتی. لەم چیرۆکە نووسەر هەوڵیداوە لە دوو ئاستدا ئیش لەسەر هۆشیاری کۆمەڵایەتی کرێکارانی یابان بکات. یەک لەڕووی مەعریفەی خەباتی چینایەتی و دووەم لەڕووی ئاشناکردنی پرۆلیتاریای یابانە بە تێروانینی دژە جەنگ. هەروەها (زۆن) یشدواکاری ئەم نووسەرە مارکسیستییە کە باس لە مانگرتنی کرێکارانی بەندەر دەکات. لەدیدی پۆلیسەوە ئەو کرێکارانەی پەیوەست بوونە بە مانگرتنی کرێکارانەوە خەتەرناکن. کرێکارانی بەندەر توانیبوویان دڵنیایی و متمانەی پێویست بۆ ئەم مانگرتنە دابین بکەنکە خۆی لە خەبات لە دژی زیادکردنی سەعات کاری ڕۆژانە و کەمکردنەوەی هەقدەست و دامەزراندنی کرێکارانی گرێبەست بە هەقدەستێکی زۆر کەم.

تاکیجی بەهۆی بیروباوەڕی سۆشیالیستی و ناوەڕۆکی خەباتگێڕانەی ڕۆمانەکانییەوە بەردەوام لەژێر چاودێری پۆلیسدا بووە و بەردەوام هەوڵیداوە لەبەرچاوی پۆلیس نەبێ و لەم گەڕەک بۆ ئەو گەڕەک و لەم شار بۆ ئەو شار گواستۆتییەوە. ساڵی ١٩٣٠ تاکیجی کۆنایاشی دەچێتە تۆکیۆ و دەبێتە سکرتێری گشتی نووسەرانی پرۆلیتاری یابان. لە مانگی ئایاری هەمان ساڵ بەهۆی گومانی یارمەتی ماددی بۆ حیزبی کۆمۆنیستی یابان دەستگیر دەکرێت و بە شێوەیەکی کاتیی لە حەوتی حوزەیران

ئازاد دەکرێت. دوای ئەوەی جارێکی تر لە ٢٤ی حوزەیران دەگەڕێتەوە تۆکیۆ دەستگیر دەکرێت بە بیانووی نووسین و بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی پاپۆڕی کارگە. لەمانگی ئاب بە پێی قانوونی سیستەمی گشتی و پۆلیسی گشتی دادگایی دەکرێت و دەخرێتە زیندانی تۆیۆتاماوە. لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٢٣ بەکەفالەت ئازاد دەکرێ و ساڵی ١٩٣٥ بە فەرمی ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی قەدەغەکراوی یابان بووە.

لە مانگی تشرینی دووەم سەردانی ماڵی ڕۆماننووس و چیرۆکنووس نۆیا شیگا دەکات و لە بەهاری ساڵی ١٩٣٢ دووچاری خۆشاردنەوە دەبێت. لە بیستی شوباتی ساڵی ١٩٣٣ کۆبایاشی دەچێتە شوێنی کۆبوونەوەی ئاکاساکا تا پەیوەست بێت بە هاوڕێیەکی کۆمۆنیستەوە کە لەژێرەوە ببووە جاسوس و لەناو ڕیزەکانی حیزبدا جێی خۆی کردبۆوە. هەرچەند هەوڵیدا هەڵ بێت، بەڵام دەستگیر دەکرێ و دەبردرێتە بنکەی پۆلیسی سوکیجی کە لەوێ دووچاری ئەشکەنجە بۆوە. بۆ ڕۆژی دواتر بەرپرسانی پۆلیس ڕایان گەیاند کە تاکیجی کۆبایاشی بە سەکتەی دڵ لە تەمەنی بیست و نۆ ساڵی کۆچی دوایی کردووە. هیچ نەخۆشخانەیەک ئامادە نەبوو لاشەی تاکیجی تەشریح بکات لە ترسی پۆلیسی تۆکۆ. شایانی باسە ساڵی ٢٠٠٨ ڕۆمانی پاپۆڕی کارگە دەبێتە پڕفرۆشترین کتێب لە یابان لەبەر ئەوەی لە کەمپینێکی دیعایەدا نووسرابوو کە ئەم ڕۆمانە پەیوەندی بە ژیانی کرێکاری هەژاری یابانەوە هەیە. ئەم ڕۆمانە مارکسییە وەرگێردراوەتە سەر

زمانەکانی ڕووسی، چینی، ئینگلیزی، کۆری، ئیسپانی، ئیتالی، پرتوگالی، ئەڵمانی، فەرەنسی، پۆڵەندی و نەرویجی.

لە کتێبە چاپکراوەکان (ڕۆمان و چیرۆکەکان) ی ئەم نووسەرە مارکسیستە پرۆلیتارییە :

یەک: پاپۆڕی کارگە

دوو: پانزەی ئازاری ١٩٢٨

سێ: یاسوکۆ

چوار: ژیاننامەی ئەندامێکی حیزب

پێنج: خاوەن موڵکێکی نادیار

شەش: ئەو سەگانەی پیاوەکانیان کوشت

شایانی وتنە کتێبخانەیەکی گەورە بەناوی تاکیجییەوە دانراوە و هەروەها گەورە مۆسیقاری یابانی هیساشی ئینوی پارچە مۆسیقایەکی نایابی بۆ تاکیجی داناوە کە گوزارشتە لە ساتی دەستگیرکردنییەوە تا ساتی تیرۆرکردنی. ساڵی ٢٠٠٥ فلیمی دۆکیومێنتاری لەسەر ژیانی تاکیجی کۆنایاشی دێتە بەرهەم. لە نۆی تشرینی یەکەمی ١٩٦٥ مونومێنتی تاکیجی لەلایەن هونەرمەندی پەیکەرساز هۆنگۆ شین دروست دەکرێ.

## سەرچاوەکان:

1-https://en.wikipedia.org/wiki/Takiji_Kobayashi

٢-سوودم لەم پێشەکی ئەم کتێبەی خوارەوە بینیوە کەفرانک مۆتۆفوجی وەرگێڕ نووسیویەتی.

The Factory Ship and the Absentee Landlord

# جان لەنن هونەرمەندی شۆڕشگێڕ و کرێکاریی بەریتانیا



جان وینستن لەننی شاعیر و هونەرمەند وگۆرانیبێژ و ئاوازدانەری بەناوبانگی بەریتانی و یەکێک لە ئەندامانی تیپی (بیتڵز)، لە نۆی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤٠ لەسەروبەندی جەنگی جیهانی دووەم لە بنەماڵەیەکی کرێکار لە شاری لیڤەرپووڵ لە ئینگلتەرا لەدایکبووە. لەتەمەنی چوار ساڵیدا دایک و باوکی لێک جیا دەبنەوە و ئیتر جان لای میمکێکی دەگیرسێتەوە. دوای ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ هاوسەرەکەی لە ئەمریکا دەژیا. جان ژیانی هونەری لەگەڵ تیپی بیتڵز لە لیڤەرپوڵ لە بەریتانیا دەست پێدەکات. سەرەتا وەکووو گیتارژەن و پاشان وەک پیانۆژەنێک لەو تیپە هونەرییە کار دەکات. زۆربەی هۆنراوەی گۆرانییەکانی تیپی بیتڵز جان و بۆل مەکارتنی نووسیویانە. جان لەنن یەکێک لە بەناوبانگترین ئاواز دانەرانی سەدەی بیستەم بوو، بەتایبەت لە شێوازە راک ئەند رۆڵ (rock and roll) ناوی ئەو دوای مەک کارتنەی،درەوشاوەترین ئەستێرەی مێژووی تاک ئاوازەکانی بریتانیایە. جان لەنن جگە لە مۆسیقا لە بواری سیاسەت، ئاشتی خوازە، نووسەری و شانۆگەریدا کاری کردوە. ئەلبۆمە بەناوبانگەکانی جان بریتین لە :گروپی پلاستیک ئۆنۆ، شانسێک بدە بە ئاشتی، من گوڵزاری دەریام، قارەمانی چینی کرێکار، بێنە پێش چاوت کە ئەمەی دواییان زۆر بەناوبانگە.

دەسەڵات بۆ خەڵک

دەسەڵات بۆ خەڵک هەر ئێستا

بڵی تۆ شۆڕشت ئەوێ

وا چاکترە هەرئێستاکە دەست پێبکەین
دەی ڕاپەڕە و بچۆرە سەر شەقام
ملیۆنان کرێکار کار لەپێناو هیچدا دەکەن
وا باشترە ئەوەی هەیانە بیان درێتێ
گەیشتووین بەوەی رات ماڵین
ئەوکاتەی کەوا دێین بۆ شار
گۆرانی دەسەڵات بۆ خەڵک دەڵێین
دەسەڵات بۆ خەڵک
دەسەڵات بۆ خەڵک
دەسەڵات بۆ خەڵک هەر ئێستا
ئێستا ئێستا ئێستا ئێستا

جان لەنن، هونەرمەندێکی چەپ و شۆڕشگێڕ بوو. جان چەندین گۆرانی نووسیوە کە ڕەنگدانەوەی ئەم باوەڕە شۆڕشگێڕانەیەن لەوانە گۆرانی (دەسەڵات بۆ خەڵک) و (بێنە پێش چاوت). ساڵی ١٩٧١ لە هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە و ئینسانانەوە کەوتە ڕەخنە لە جەنگی ڤیتنام و سیاسەتی حکومەتی ئەمریکا کە سەرەنجام بوو بەمایەی هەوڵی حکومەتی ئەمریکا بۆ دیپۆرتکردنەوەی جان. بۆیە بەشێک لە گۆرانییەکانی لەلایەن بزووتنەوەی دژی شەڕەوە کران بە سروود. جان لەنن وەکوو یەکێک لە هونەرمەندە گەورەکانی موسیقای سەدەی بیستەم ئێستاش خۆشەویستە. لە ڕاپرسییێکدا کە بی بی سی لە ساڵی ٢٠٠٢ دا کردوویەتی؛ خەڵک ئەویان وەکوو

هەشتەمین کەس لە نێوان سەد کەس لە بەناوبانگترین کەسانی مێژوویی بریتانیا هەڵبژارد و ساڵی ٢٠٠٨ دانرا بە پێنج مەزنترین گۆرانیبێژ. لە کاتی شەڕی ئامریکا دژ بە ڤێتنام لەنن یەکێک لە گرنگترین بەرهەڵستکارانی ئەو شەڕە بوو و بە هەموو توانای لە هونەرەکەی بۆ لە قاودانی سیاسەتە شەڕخوازانەکەنی دەوڵەتی ئەمریکا کەڵکی وەرگرت. ڕۆژی ٨ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٠ سەعات دەور وبەری ١٠.٤٥ی شەو لە کاتی گەڕانەوەی بۆ ماڵ، جان لەنن لە تەمەنی چل ساڵیدا لەشاری نیویۆرک لەبەردەم ئەو باڵەخانەیەی کەلێی دەژیا، لەلایەن مارک دەیڤید چاپمەنی جوولەکە دەدرێتە بەر دەستڕێژی گوللە و تیرۆر دەکرێت. زۆربەی خەڵک پێیان وایە کوشتنی جان لەنن پیلانێک بوو کە لەلایەن (سی ئای ئەی)یەوە داڕێژرابوو بۆ خنکاندنی ئەو دەنگەی کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بە نەیارانی دەوڵەتی ئەمریکای زیاد ئەکرد. موعتادت دەکەن لەگەڵ سێکس و ئایین و تەلەفیزیۆن هەست ئەکەی زۆر زیرەکیت و لەدەرەوەی چینەکانیت و ئازادیت بەڵام تا ئەو جێیەی دەتوانم ببینم تۆ ئینسانێکی چەوساوەی ساڵی ٢٠١٢ (واتە سی و دوو ساڵ دوای تیرۆرکردنی) ئەلبومی سۆلۆی جان لەنن لە ئەمریکا خۆی دا لە چوارده ملیۆن دانە. ئەمەش ڕادەی خۆشەویستی و لە دڵ و ویژدان نەمری جان دەردەخات کە تا ستەم و چەوسانەوە لەسەر ئینسان بێت، هونەری شۆڕشگێڕانە و دەنگی زوڵاڵ و ئاگراوی جان لەنن بەرزتر و نەمرتر دەبێ.

# سەرچاوەکان:


1-https://en.wikipedia.org/wiki/John_Lennon
2-https://www.azlyrics.com/lyrics/johnlennon/powertothepeople.html
3-https://www.google.ca working classherojohn-lennonlyrics
4-https://www.youtube.com/watch?v=1qaHyvy-r43c

# لوویز براینت

# ڕۆژنامەنووس و هەڵسوڕاوی شۆشیالیستیی ئەمریکی



لوویز براینت، هەڵسوڕاوی سیاسیی و فیمینیستی و ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی، لە پێنجی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٨٨٥ لە سانفرانسیسکۆ لە ویلایەتی کالیفۆڕنیا لە دایکبووە. باوکی سیاسیی بووە و لەگەڵ حیزبی دیموکراتەکان بووە. لوویز لەکاری ڕۆژنامەنووسیدا بەوە دەناسرێتەوە کە وردکاری شۆڕشی ئۆکتۆبەری کرێکارانی ڕووسیای گواستۆتەوە. گەلێ نووسینی سەبارەت بە ڕابەرانی شۆڕشی کرێکارانی ڕووسیا نووسیوە لەوانە: کاسرین برێشکۆڤسکی و ماریا سپیریدینۆڤا و ئەکسەندەر کێرێنسکی و ڤلادمیر لینین و لیۆن ترۆتسکی. دوای چوونی بۆ بیترۆگارد، لوویز نووسینەکانی لە ناوەندی بڵاوکردنەوەی هیرست، هاتە وەشاندن، کە لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانیی لە سەرتاسەری ئەمریکا و کەنەدا بڵاو دەبوونەوە. کۆکراوەی وتارەکانی بەناوی(شەش مانگی سوور لە ڕووسیا) ساڵی ١٩١٨ بڵاو بۆوە، کە لوویز سەرسەختانە بەرگری لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەکرد و لەبەردەم لیژنەی پەرلەمانی ئەمریکا و کۆمیتەی بەدواداچوونی کاریگەری بەلشەفیزم بەسەر ئەمریکا ڕاشکاوانە وەستایەوە و هەروەها لەسەرتاسەری ئەمریکا هەوڵی دەدا لایەنگیری بۆ ئەو شۆڕشە بەرحەقەی کرێکاران دەستەبەر بکات. ئانا لویس مۆهان کە دواتر پاشناوی زڕباوکی شێڵدن براینت وەردەگرێت نەک باوکی خۆی، لە نیڤادا گەورە دەبێ و قوتابخانەی ئامادەیی وادسۆڕس لە ڕینۆ تەواو دەکات و پاشان دەچێتە زانکۆی نیڤادا لە شاری ڕێنۆ و زانکۆی ئۆریگن لە

ویلایەتی ئۆریگن و بەشی مێژوو لە ساڵی ١٩٠٩ تەواو دەکات. بەڵام لەبری کاری مێژوو، بەرەو ڕۆژنامەنووسی وەردەچەرخێ و دەبێتە سەرنووسەری گۆڤاری هەفتانەی سپێکتاتۆر لە هەردوو ویلایەتی پۆرتلاند و ئۆریگن. لوویز بە بڵاوکراوەی (زە ماسس) ی سۆشیالیستی ئاشنا دەبێ لە ڕێگەی پارێزەر (ود)ەوە. لوویز بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەمەی دەخوێندەوە و جان ڕیدیشی دەخوێندەوە. ساڵی ١٩٠٩ تا ١٩١٥ لە ویلایەتی پۆرتلاند لوویز دەکەوێتە چالاکی لەبواری بزووتنەوەی مافی دەنگدانی ژنان لە ئەمریکا. ساڵی ١٩١٤ جان ڕید دەبینێت ساڵی ١٩١٥ واز لە هاوسەرەکەی دێنێت و لەگەڵ جان ڕید بەرەو نیویۆرک دەڕۆن و لەوێدا ڕایەڵەیەکی فراوانی لە پەیوەندی لەگەڵ ڕابەران و چالاکوانی بواری مافی ژنانی ئەمریکی دادەمەزرێنێت. هەندێ لەو کەسایەتییانە لەڕێگەی جان ڕید و هەندێکی تریشیان لە کۆبوونەوەی گرووپی ژنان وەک گرووپی هێتێرۆدۆکسی و هەندێکی تریشیان لەڕێگەی ئیشکردن لەگەڵ گرووپی پرۆڤینس تاون پلەیەر دەناسێت. لوویز لە ڕێپێوانی پارتی نیشتمانی ژنان لە ساڵی ١٩١٩ دەستگیر دەکرێت و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە زیندان دەبێت.

لوویزەش چەشنی جان ڕیدی هاوڕێی لەدەرەوەی هاوسەرگیریی پەیوەندی تریان هەبووە. لەماوەی ژیانی لە گرینوچ لە نیویۆرک لەنێوان ١٩١٦ ـ ١٩٢٠ لە چەندی پەیوەندی هاوسۆزەدا بووە لەوانە لەگەڵ شانۆنامەنووس یوجین ئونێڵ و هونەرمەندی


شێوەکار ئەندرو دەسبێرگ. دوای مردنی جان ڕیدی هاوسەری لە ساڵی ١٩٢٠، لوویز هەر بەردەوام بوو لە نووسین ناردن بۆ ناوەندی بڵاوکردنەوەی هیرست دەربارەی ڕووسیا و تورکیا و هەنگاریا و یۆنان و ئیتالیا و هەندێ وڵاتی ئەوروپی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. دواتر هەندێ لەو نووسینانە لە کتێبێکدا لە ساڵی ١٩٢٣ لە ڕووسیا چاپ کرا بەناوی (ئاوێنەکانی مۆسکۆ). لە کۆتا ساڵی ١٩٢٣ لەگەڵ ولیەم کرستیان بەلێت هاوسەرگیری دەکات و ساڵی ١٩٢٤ کچێکی دەبێت بەناوی ئان. لوویز لە دەساڵی ئاخری ژیانیدا زۆر بۆی تاریک و قوورس بوو. ساڵی ١٩٣٠ لە هاوسەرەکەی جیا دەبێتەوە. تا لە شەشی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٣٦ بۆ یەکجاری ماڵاوایی لە نووسین و خەبات دێنێت.

لوویز سێ کتێب و شانۆنامەیەک و چەندین وتاری بەپێزە دوای خۆی بەجێهێشت کە وەکوو میرات و کەلەپووری شۆڕشگێڕانەی سۆشیالیزمە و جێی بایەخ و خوێندنەوەن. کار و پارتیکی شێلگیرانە و شۆڕشگێرانەی لوویز براینت لە بواری خەباتی جەماوەری و چاونەترسی و ئازایەتییەک کەلەخۆی نیشانداوە، شایانی ئەوەیە لێی ورد ببینەوە و وانە و ئەزموونی خەباتکارانەی لێوە فێر بین.

## سەرچاوەکان:

https://en.wikipedia.org/wiki/Louise_Bryant
/https://louis-bryant.com

# ڕەیمەند هێنری ولیەمز
# ڕۆماننووس و ڕخنەگری
# مارکسیستی بەریتانی



ڕەیمەند یەکێک لە کەسایەتییە خاوەن کاریگەرییەکانی ناو بزووتنەوەی چەپی نوێ و کلتووری بەریتانییە. نووسینەکانی لەسەر سیاسەت و کلتوور و ماسمیدیا و ئەدەب، ڕۆڵێکی گرنگیان بینیوە وەک ڕەخنەی مارکسیستی لەسەر ئەدەب و هونەر. هەندێ لە کتێبەکانی بە تیراژی چەند سەد هەزاریی لەناو بەریتانیا فرۆشراون و، هەندێکشی وەرگێڕدراون بۆ سەر زمانەکانی تر. کارەکانی بوونەتە بناغەی لێکۆڵینەوە کلتوورییەکان و میتۆدی ماتریاڵیستی کلتووریی.

ڕەیمەند لە خێزانێکی کرێکاریی هێڵی شەمەندەفەر لە ٣١ ی ئابی ١٩٢١ لە ئەبەرگاڤینی لە وەیلز لەدایکبووە. دەچێتە قوتابخانەی گرامەری هێنری پاشای هەشتەم. ڕەیمەند تەمەنی لاوێتی لەژێر سێبەری گەشەی ناسیزم و ترس لە جەنگ بەسەر دەبات. تەمەنی چواردە ساڵان دەبێ کە جەنگی ئەهلی ئیسپانیا دێتە ڕوودان و لەڕێگەی ئەندامێتی لە یانەی کتێبی چەپ دەیزانی چی ڕوو دەدات.

ساڵی ١٩٣٧ لەگەڵ کۆمەڵێ لاوی بەریتانی بەشداری کۆنفرانسی لاوانی جنێڤ دەکات. لەگەڕانەوەیاندا گروپەکەیان لا دەداتە پاریس و ڕەیمەند دەچێتە پێشانگای نێودەوڵەتی و بەشی یەکێتیی سۆڤییەت و لەوێ دانەیەک لە کتێبی مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیستی دەکڕێ و بۆ یەکەمجار کارل مارکس دەخوێنێتەوە. ڕەیمەند دەچێتە زانکۆی ترینیتی - کامبریج و لەوێ پەیوەست دەبێ بە حیزبی کۆمۆنیستی بەریتانیای مەزن. لە زانکۆ شانبەشانی ئەریک هۆبسباوم ئەرکی نووسینیناملکەی جەنگی زستانەی حیزبی کۆمۆنیستی پێ سپێردرا.

لەسەروبەندی جەنگی جیهانیی دووەم، ڕەیمەند لە خوێندن دائەبڕدرێ

و له زستانی ١٩٤٠ دا دەکرێتە سەرباز لە سوپای بەریتانیا، بەڵام تا مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٤١ هەر لە زانکۆ دەمێنێتەوە تا تاقیکردنەوەکانی بدات. پەیوەستبوون بە سوپاوە لەو ڕۆژگارە کە تازە ئەڵمانیا یەکێتیی سۆڤیەتی داگیر کردبوو، دژ بە هێڵێ گشتی سیاسەتی حیزبی کۆمۆنیستی بوو.لەبەر ئەوە لە حیزب دەردەکرێ بێ ئەوەی وازە لە حیزب هێنابێ. ساڵی ١٩٤٦ بڕوانامەی ماستەر لە زانکۆی کامبریج وەردەگرێ و پاشان وەکوو وانەبێژ لە زانکۆی ئۆکسفۆرد بۆ چەند ساڵێک وانە دەڵێتەوە.

ولیەمز گەرچی لەڕووی بیرکردنەوەوە مارکسیی بوو، بەڵام لەڕێی ئەدەبییەوە دەکەوێتە ژێر کاریگەری ت. س. ئیلیەت. ڕەیمەند لەسەر جومگە و پانتاییەکی فراوانی دونیای کلتوور ئیشی کردووە و ئارگیومێنتی خۆی سازداوە. ماوەیەکیش لە ڕۆژنامەی مانچستەر گاردیان وەک لێکۆڵەرەوە کاری کردووە. لەلایەن چەپی نوێشەوە نووسینەکانی پێشوازەیەکی باشی لێکرا. لە ساڵی ١٩٦١ دەگەڕێتەوە زانکۆی کامبریج و دەست دەکات بە وانە وتنەوە. لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦٧ تا ١٩٧٤ دراما خوێن بووە و ئینجا لە ساڵی ١٩٧٤ ەوە بوو بە پرۆفیسۆری دراما. و هەروەها لە زانکۆی ستانفۆردیش پرۆفیسۆری کردووە. ڕەیمەند وەکوو سۆشیالیستێکی مولتەزەم بایەخێکی زۆری بە پەیوەندی نێوان زمان و ئەدەب و کۆمەڵگە داوە و ژمارەیەک کتێب و وتاری دەربارەیان نووسیوە. مانای وشە و تێرمەکان لای ڕەیمەند جێی بایەخ بووە. ڕەیمەند ئیشی لەسەر مانا کردووە و ساڵی ١٩٨٣ نزیکەی ٢١ وشەی تازەی داتاشی. ساڵی


١٩٨٣ لە زانکۆی کامبریج خانەنشین بوو. دوا ڕۆمانی لە ساڵی ١٩٨٨ بەر لەمردنی تەواو کرد و جۆی هاوسەری بڵاوی کردەوە. ساڵی ١٩٨٩ کۆمەڵەی ڕەیمەند ولیەمز دامەزرا کە بۆ یارمەتیدان و پەرەپێدانی ئەو پرۆژە فیکریی و سیاسییانەی کە پەیوەندییان بە ئیشەکانی ولیەمزەوە هەیە.

ڕەیمەند ولیەمز حەوت ڕۆمان و شەش کۆچیرۆک و سێ شانۆنامە و سی وحەوت کتێبی لێکۆڵینەوە و ڕەخنەیی چاپ و بڵاو کردۆتەوە. ساڵی ٢٠٠٧ کچەکەی ولیەمز، مێرین، سەرجەم دەستنووس و نووسینەکانی باوکی بەخشییە زانکۆی سوانسی. شایانی وتنە کچەکەی ولیەمزەش شاعیر و نووسەرە.

## سەرچاوەکان:


https://en.wikipedia.org/wiki/Raymond_Williams
https://www.newworldencyclopedia.org/entry/Raymond_Williams

# گیۆرگی پلیخانۆڤ
# نووسەر و ڕەخنەگری ئەدەبی مارکسیستی



گەورە نووسەر و بیرمەند و ڕەخنەگری مارکسیستی ڕووسی جۆرج ڤالانتینۆڤیج پلیخانۆف کە بە باوکی مارکسیزمی ڕووسی و بە دامەزرێنەری بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراتی ڕووسیا دادەنرێت، لە ٢٩ ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٥٦ لە خێزانیکی تەتەر لە سان پترسبۆرگ لەدایکبووە. کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی بەهێز و ناوداری هەبووە. پلیخانۆف یەکێک بوو لە کاریگەرترین نووسەری مارکسیستی ڕووسی کە توانی ڕۆڵێکی مەزن بگێڕێت لە بنیادنانی بزووتنەوەی سیاسیی و ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست. ساڵی ١٨٧٣ دەچێتە قوتابخانەی ساین پترسبۆرگ سەربازەی. لە قوتابخانە هەم زیرەک و هەمیش خۆشەویستی مامۆستاکانی و هاوپۆلەکانی بووە. دوای دوو ساڵ واز لە خوێندن دەهێنێ و ئیتر خۆی تەرخان دەکات بۆ بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵکگەرایی. پلیخانۆف خاوەنی هیچ بڕوانامەیەکی خوێندن نەبوو، بەڵام بێئەندازە زیرەک و بلیمەت بووە و توانیویەتی نەک هەر لە سەردەمەکەی دوا نەکەوێت، بەڵکوو ببێتە پێشەنگی کۆمەڵگەی ڕووسی. ئەم ڕەخنەگرە مارکسیستەبەحوکمی مارکسیست بوونەکەی، توانی نزیکایەتی لەگەڵ کرێکارانی ڕووسیا و ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو چینە پەیدا بکات. کاتێکیش لە ساڵی ١٨٧٧ دا دەبێتە بەرپرسی یەکەمی ڕێکخراوی ئازادی و خاک، پلیخانۆف بەناچاری دەکەوێتە دۆخی خەباتی ژێرزەمینیی. ئەم نووسەرە مارکسیستە لە ساڵی ١٩٧٩ لەگەڵ ڕۆزاڵییە بۆگارد پلیخانۆڤا هاوسەرگیریی دەکات کە ئەوکات

ڕۆزەلیيا قوتابی کۆلێجی پزەشکیی و یەکێک بوو لە هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی پۆپۆلیزم. ئەوەبوو پاش بەلاڕێداچوونی ئەو ڕێکخراوە، پلیخانۆڤ لەترسی دەستگیرکردن، لە ساڵی ١٨٨٨ دا دەچێتە دەرەوەی وڵات و تا ساڵی ١٩١٧ ناگەڕێتەوە. لە تاراوگەش پلیخانۆڤ لە جنێڤ دەگیرسێتەوە و لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی تریدا یەکەمین ڕێکخراوی مارکسیستی شۆڕشگێر دروست دەکەن و پاشان لە ساڵی ١٨٩٨ ئەم گروپە لەگەڵ چەندین ڕێکخراو و گروپی مارکسیستی تردا حیزبی سۆشیال دیموکراتی کرێکارانی ڕووسیا دادەمەزرێنن. پلیخانۆڤ دژ بە پۆپۆلیزم دەکۆشێت و دەنووسێ و پاشان زنجیرە نووسینێک بۆ بەرگیری لە سۆشیالیزم لەڕوانگەی مارکسیزمی ئەرسەدۆکسەوە بڵاو دەکاتەوە. ساڵی ١٩٠٠ لەگەڵ لینین ڕۆژنامەی(تروسکە) دەردەکەن و ساڵی ١٩٠٣ ئەو حیزبە لێک دەترازێ و پلیخانۆڤ لایەنگری مەنشەفیەکان دەکات و لەدژی لینین دەوەستێتەوە. پلیخانۆڤ ساڵی ١٩١٧ دەگەڕێتەوە ڕووسیا و لەگەڵ بەلشەفیکەکان هەر ناکۆک دەمێنێتەوە. دواجار پلیخانۆڤ ئەم نووسەرە مارکسیستە مەزنە کە تا لە ژیاندا بوو گەورەترین خزمەتی بە مارکسیزم و ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستیی کردووە، لە تەمەنی ٦١ ساڵی و بە نەخۆشی سیل لە تریجۆکی لە فینلەند لە ٣٠ ئایاری ١٩١٨ بۆ هەمیشە چاوی لێک دەنێت. دوای مردنی پلیخانۆڤ بە فەرمانی لینین لە مانگی ئابی ساڵی ١٩١٨ سەرجەم بەرهەمەکانی بە زمانی ڕووسی چاپ دەکرێن و بڵاو دەکرێنەوە و دواتریش بۆ هەژدە زمانی زیندووی جیهانیی تەرجەمە دەکرێن. لە ساڵی ١٩٢٥ ڕۆزەلی پلیخانۆڤ بڕیاریدا ئەرشیف و

نامه و دەستنووس و کتێبخانەکەی پلیخانۆڤ بسپێرێ بە دەسەڵاتی ئەوکاتی یەکێتیی سۆڤییەت. ئێستا خانووەکەی پلیخانۆڤ بۆتە یەکێک لە گەورەترین نامەخانەکانی ڕووسیا کە ئەرشیفی ٢٠٠ ساڵ واتە لە ساڵی ١٧٩٩ تا ساڵی ١٩٩٩ لەخۆ دەگرێت.

بەشێک لە گرنگترین بەرهەمەکانی(کتیب و نووسینەکانی) پلیخانۆڤ بریتین لە:سۆشیالیزم و خەباتی سیاسی ١٨٨٣، جیاوازییەکانمان ١٨٨٥، شۆڕشی بۆرژوازی ١٨٩٠ ـ ١٨٩١، لە یادی شەست ساڵەی مەرگی هیگڵ ١٨٩١، ئەنارشیزم و سۆشیالیزم ١٨٩٥، تێڕوانینی ئیستاتیکیی تشرنیفسکی ١٨٩٧، سۆسیالیزمی زانستی و ئایین ١٩٠٤، بزووتنەوەی پرۆلیتاریا و هونەری بۆرژوازی ١٩٠٥، هێنریک ئەبسن ١٩٠٦، بەرەو سایکۆلۆژی بزووتنەوەی کرێکاران ١٩٠٧، گەشەی تێروانینی تاکلایەنە بۆ مێژوو ١٨٩٥، چەند نووسینێک دەربارەی مێژووی ماتریاڵیزم ١٨٩٦، ڕۆڵی تاک لە مێژوودا ١٨٩٨، کارڵ مارکس ولیڤی تۆڵستۆی ١٩٠٧، هونەر و ژیانی کۆمەڵایەتی ١٩١٢ ـ ١٩١٣ و زۆر بەرهەمی تر کە پلیخانۆڤ بەو بەرهەمانەی توانی کەلەپووری مارکسیزم لە ڕووسیا و جیهان بەهێز بکات و بەرەو ڕێرەوی بەرگریکردن لە سۆشیالیزم ئاراستەی بکات.

پلیخانۆڤ بە دامەزرێنەی زانستی ئیستاتیکای مارکسیزم دادەنرێت. ئەو ئەگەر چی کتێبێکی تایبەتی نییە بەو ناوەوە، بەڵام هەندێک لە نووسین و وتارەکانی بناغەی ئەو زانستەیان دامەزراندووە. خەباتی ئەدەبیی پلیخانۆڤ لەو سەردەمەی کە ڕووسیا دەرگیریی و ئاریشەی پۆپۆلیزم بووبوو، دەست پێدەکات و توانی گرفتەکانی زانستی

ئیستاتیکا و بە باوەڕی سۆشیالیزمی زانستی ببەستێتەوە و لێرەشەوە گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە ئەدەب و هونەر ئەو بوارانەن کە ڕۆڵی پەروەردەیی بەرچاو گرنگ دەگێڕن لە کۆمەڵگە. پلیخانۆڤ پێی وا بوو هونەر وێنای ژیان دەکات و هەروەها ئەدەب وهونەر ئاوێنەی ژیانی کۆمەڵایەتی ئینسانەکانن لە کۆمەڵگە.

**تێبینی: بۆ نووسینی ئەم بابەتە سەیری ئەم سەرچاوانەی لای خوارەوە کراون.**


الفن و علم الجمال الماركسي   فواد الكنجى موقح الحوار المتمدن ٦-٥-١ ٢٠١٧-

http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=557715&r=0

٢-الفن و التصور المادي للتاريخ  جۆرج بليخانوف ترجمة جورج طرابيشي دار الطليعة للطباعة و النشر  بيروت الطبعة الاولى ١٩٧٧.

3-https://en.wikipedia.org/wiki/Georgi_Plekhanov

4-https://en.wikipedia.org/wiki/Georgi_Plekhanov

5-https://www.hetwebsite.net/het/profiles/plekhanov.htm

6-https://biography.yourdictionary.com/georgi-valentinovich-plekhanov

7-http://nlr.ru/eng/coll/manuscripts/plekhanov

8-https://www.britannica.com/biography/Georgy-Valentinovich-Plekhanov

# کێنت فیرینگی شاعیر و ڕۆماننووسی مارکسیستیی ئەمریکی



لەخۆرئاواوە ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

کێنت فلێکسنەر فیرینگی شاعیر و ڕۆماننووس لە ٢٨ی تەمموزە ساڵی ١٩٠٢ لە دایکبووە. شاعیرێکی ناسراوی سەردەمی قەیرانی ئابووری ئەمریکای باکوور و سەر بە بزووتنەوەی شیعری پرۆلیتاری ئەمریکییە. لەنێوان ساڵانی ١٩٢٩ تا ١٩٥٦ شەش کتێبی شیعریی بڵاو کردەوە. باشترین شیعرەکانی لە کۆتایی دەیەی بیستەکان و سەرەتای دەیەی سییەکانی سەدەی ڕابردوو نووسیوە. ساڵی ١٩٢٤ دەچێتە شاری نیویۆرک، بەڵام لە ساڵی ١٩٣٩ وە دەست بە نووسینی ڕۆمان دەکات و کەمتر شیعر دەنووسێت. لەپاڵ نووسینی شەش کۆمەڵەشیعر وحەوت ڕۆمان دەیان وتار بۆ ڕادیۆ و ڕۆژنامەکانیش دەنووسێت. کێنت هەر لە سەرەتاوە پەیوەندییەکی قووڵی بە مارکسیزمەوە هەبووە و لەنێو بزووتنەوەی چەپی ئەمریکا چالاک بووە ، بەڵام ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئەمریکا نەبووە. کێنت لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت (نامەوێت بە ئەنقەست لە شیعرەکانمدا مارکسیست بم، مارکسیزم لە ئەدەبدا تەنها تا ئەو شوێنەبە بەهایە کە نووسەر بتوانێت تا ڕادەی پێویست ئیستیعابی بکات و پاشان پرنسیپەکانی ببنە بەشێک لە باکگراوندی نووسەر و ئەو ڕێگەیەی کە نووسەر بیری پێ دەکاتەوە و هەستی پێدەکات و شرۆڤەی پێدەکات.). لەگەڵ ئەوەشدا شیعرەکانی کێنت دەچنە خانەی بزووتنەوەی شیعری پرۆلیتاریی ئەمریکییەوە. کێنت زۆربەی ژیانی هەژارانە ژیان. ئەو جگە لەو برە پارەیەی کەلەنووسینەکانیدا دەستی دەکەوت، بەردەوام یارمەتی لەدایک و باوکییەوە بۆ دەهات. کێنت هەشت کتێبی شیعریی و هەشت ڕۆمان و دوو کتێبی لێکۆڵینەوەی

نووسیوه و تا له ٢٦ ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦١ له شاری نیویۆرک بۆ هەمیشه ماڵاوایی له ئەدەب و مارکسیزم دەکات.

## سەرچاوەکان:

https://en.wikipedia.org/wiki/Kenneth_Fearing
https://mypoeticside.com/poets/kenneth-fearing-poems

# مایک گۆڵد

# ڕۆماننووس و ڕەخنەگری ئەدەبی پرۆلیتاریی ئەمریکی



ڕەخنەگر و ڕۆژنامەنووس و شاعیر و ڕۆمانووسی ئەمریکی مایکڵ گۆڵد کە بە مایک بەناوبانگە، ناوی ڕاستەقینەی ئایتزۆک ئیسحاق گارنیشە کە لە ١٢ی نیسانی ١٨٩٤ لە خانەوادەیەکی جوولەکە لە شاری نیویۆرک لە ئەمریکا لەدایکبووە. سەرەتای دەسپێکی نووسینی لەژێر ناوی ئاروین گارنیش بووە. لە جەرگەی ڕەشبگیرییەکەی چەپ و کۆمۆنیستەکان و ئانارکیستەکانی ئەمریکا (١) لە ساڵانی ١٩١٩-١٩٢٠ لەسەردەمی سەرۆکایەتی وودرۆ ویڵسن، ئاروین گارنیشی کۆمۆنیست لە بزووتنەوەی ڕادیکاڵی ڕزگاربووانی جەنگ بۆ ئازادبوونی کۆیلەکان لە ئەمریکا ناوەکەی دەگۆڕێت بۆ مایکڵ گۆڵد. مایک ساڵی ١٩١٤ یەکەمین شیعری لە گۆڤاری سۆشیالیستی (زە ماسس)(٢) بە سەرنووسەری فلۆید دێڵ و ماکس ئیستمان یەکەمین شیعری خۆی بڵاو دەکاتەوە. مایک هەر لەسەرەتای لاوێتییەوە تا مردنی یەکێک بوو لە لایەنگرانی شۆڕشی بەلشەفیزم لە یەکێتیی سۆڤییەت. ساڵی ١٩٢١-١٩٢٢ مایک گۆڵد و کلاودی مەککی دەبنە سەرنووسەری گۆڤاری سۆسیالیستیی (زە لیبرەیتەر).(٣) ساڵی ١٩٢٥ گۆڵد مان دەچێتە مۆسکۆ. ساڵی ١٩٢٩ دەبێتە سەنووسەری گۆڤاری (زە نیو ماسس) (٤) کە بەرهەمی چەپی بڵاو دەکردەوە و هەروەها گروپی شانۆیی ڕادیکاڵی دامەزراند. ساڵی ١٩٢٨ تا ١٩٣٤ گۆڵد سەرنووسەری هەردوو گۆڤاری (زە نیو ماسس) و (زە لیبرەیتەر) بووە و گەلێ شیعر و نامە و چیرۆکی کرێکارانی ئاسایی بڵاو دەکردەوە. ساڵی ١٩٢٠ یەکەمین ڕۆمانی خۆی دەنووسێت بەناوی (جووە

دەستەنگەکان)(٥) کە ساڵی ١٩٣٠ بڵاو بۆوە، ڕۆمانەکە هەر زوو وەرگێڕدرایە سەر چوار دە زمانی جیهانیی و بوو بە یەکێک لە ڕۆمانە نموونەییەکانی ئەدەبی پرۆلیتاریا. کاریگەریی ئەم ڕۆمانەی گۆڵد وای کرد مایک گۆڵد وەک واجیهەیەکی کلتووری حیزبی کۆمۆنیستی ئەمریکی دەربکەوێت. مایک تا ڕۆژی مردنی لە ڕۆژنامەی (زە دەیلی وۆرکەر)(٦) ستوونێک یان گۆشەیەکی بەبەردەوامی هەبوو. مایکڵ گۆڵد خۆشی بەردەوام ئەو گوزارشتەی ڕۆمانەکەی خۆی دەوتەوە( ئەی کرێکارانی شۆڕشگێڕ،ئێوە مەسیحی ڕاستەقینەن). مایک گۆڵد وەک ڕەخنەگرێکی کۆمۆنیستیی سەرکۆنەی هەموو ئەو نووسەرانەی کردووە کە هێڵێکی چەپی بەسەر نووسینەکانیان زاڵە و لە هێڵێ گشتی حیزبی کۆمۆنیستی ئەمریکی لایان داوە وەک ئەلبێرت ماڵتز و ئێرنست هەمەنگوای. مایک گۆڵی نووسەری پرۆلیتاری لە تەمەنی ٧٣ ساڵیدا لە ئەنجامی جەڵدە لە ١٤ ی ئایاری ساڵی ١٩٦٧ لە شاری تێرا لیندا لە کالیفۆرنیا بۆ دواجار ماڵاوایی لە نووسین و خەباتی پرۆلیتاریا دەکات. دوای مردنی مایک گۆڵد تەواوی دەستنووس و بەرهەمەکانی بەخشرایە کتێبخانەی تامیمێنت و ئەرشیفەکانی ڕۆبەرت واگنەر لە زانکۆی نیویۆرک.

## پەراوێزەکان:

(١)حکومەتی ئەمریکا لە کۆتایی دەیەی بیستەکانی سەدەی بیستەم کەوتە ڕەشبگیریی زۆربەی ئازادیخوازان و چەپ و کۆمۆنیست و

سۆشیالیستەکانی ئەمریکا وەک ترسێک لە بڵاوبوونەوەی ئەزموونی بەلشەفیزم و شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ئەمریکا.

(٢)زە ماسس: گۆڤارێکی سیاسی سۆشیالیستی مانگانە بوو لە ئەمریکا لەنێوان ساڵانی ١٩١١ تا ١٩١٧ دەردەچوو. ئەم گۆڤارە بە سەپۆرتی ماکس ئیستمان دەردەچوو.

(٣)زە لیبرەیتەر: گۆڤارێکی سیاسی سۆشیالیستی مانگانە بوو ئەم گۆڤارە بە سەپۆرتی ماکس ئیستمان و خوشکەکەی کریستاڵ ئیستمان لە دەیەی بیستی سەدەی ڕابردوو لە ئەمریکا دەردەچوو.

(٤)زە نیو ماسس: گۆڤاریکی مارکسیستی ئەمریکی بوو لەنیوان ساڵانی ١٩٢٦ تا ١٩٤٨ دەرچووە. شایانی وتنە ئەم گۆڤارە نزیکایەتی لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی ئەمریکا هەبووە.

(٥)جووە دەستەنگەکان: یەکەمین ڕۆمانی پرۆلیتاریی مایک گۆڵدە کە لە دەیەی بیستەکانی سەدەی ڕابردووە دەست بە نووسینی کراوە و لەساڵی ١٩٣٠ لەلایەن دەزگای هۆراس برسبین لیڤ ڕایتەوە بڵاو کاروەتەوە. دوای بڵاوبوونەوەی وەرگێڕدراوەتە سەر چواردە زمانی جیهانیی.

(٦)زە دەیلی وۆرکەر: ڕۆژنامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئەمریکا بوو لە نیویۆرک یەکەم ژمارەی لە ساڵی ١٩٢٤ دەرچووە.


## سەرچاوەی ئامادەکردنی ئەم بابەتە:

https://en.wikipedia.org/wiki/Mike_Gold

# تێری ئیگڵتن

# بیرمەند و ڕەخنەگری ئەدەبی

# مارکسیستی بەریتانی



تێری ئیگلتن بیرمەند و ڕەخنەگری ئەدەبی مارکسیستی و مامۆستای بەشی ئینگلیزیی لە زانکۆی لانستەر ساڵی ١٩٤٣ لە خێزانێکی کرێکاریی شاری ساڵفۆرد لە بەریتانیا لەدایکبووە. ساڵی ١٩٦١ دەچێتە زانکۆی سالوس بۆ خوێندنی ئەدەب و بە پلەی یەکەم خوێندن تەواو دەکات. تێری دواتر ئەو ئەزموونەی زانکۆی بە فیرۆدانی کات ناوزەد دەکات. لە ساڵی ١٩٦٤ دەچێتە زانکۆی کامبریج بۆ خوێندنی دکتۆرا. رەیمۆند ولیامز سەرپەرشتی نامەی دکتۆراکەی دەکات و هەر لەو ماوەیە واتە ناوەڕاستی دیەی سەستەکان بیروباوەڕی مارکسیستی لا بەهێز دەبێ وڕاشکاوانەتربیروباوەڕی مارکسیستی خۆی دەردەبڕێ. دواتر دەبێتە سەرنووسەری گۆڤارێکی کاسۆلیکی چەپ بەناوی سلانت. ساڵی ١٩٦٩ دەچێتە زانکۆی ئۆکسفۆرد و تا ساڵی ١٩٩٣ لەو زانکۆیە و لە کۆلێژەکانی وادهام و لیناکر و کاترین وانەی ئەدەبی ئینگلیزی دەڵێتەوە. کاتێک لە کۆلێژی وادهام دەبێت بیردۆزە ئەدەبی مارکسیستی دەبێتە چەقی چالاکییە ئەکادیمییەکانی ئیگلتن. تێری لەنێوان وانەوتنەوە و کۆڕ و سیمینارەکانیدا دەیەها کۆڕ و سمیناری لە زانکۆی ئوکسفۆرد گێڕاوە. لە نێوان ساڵانی ١٩٦٦ تا ٢٠١٩ تێری ئیگڵتن ٤٩ کتێب و نووسینی بەبەهای دەربارەی مارکسیزم و ئەدەب و ڕەخنەی مارکسیزم و ئایدیۆلۆژیا و گرفتەکانی ئەدەب و نووسین لە دیدگای مارکسیزمەوە نووسیوە و بڵاو کردۆتەوە کە ئەمانەن:

کڵێسای چەپی نوێ ١٩٦٦
شەکسپیر و کۆمەڵگە؛ لێکۆڵینەوە ڕەخنەیی لە درامای شەکسپیر ١٩٦٧
پەنابەر و دوورخراوەکان؛ لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی نوێ ١٩٧٠
زمانی جەستە؛ نەخشەی لاهوتی چەپی نوێ ١٩٧٠
ئەفسانەکانی هێز؛ لێکۆڵینەوەیەکی مارکسیستییە دەربارەی برۆنتی ١٩٧٥
ئایدیۆلۆژیا و ڕەخنە ١٩٧٦
مارکسیزم و ڕەخنەی ئەدەبی ١٩٧٦
واڵتەر بنیامین یان بەرەو ڕەخنەی شۆڕشگێرانە ١٩٨١
دەستدرێژی کلاریسیا؛ نووسین و سێکس و خەباتی چینایەتی ١٩٨٢
سامۆیل ڕێچاردسن ١٩٨٢
تیۆری ئەدەبی؛ ناساندنێک ١٩٨٣
ئەرکی ڕەخنە ١٩٨٤
قەشەکان و زاناکان ڕۆمان ١٩٨٧
ڕەیمۆند ولیامز؛ چەند گۆشەنیگایەکی ڕەخنەیی ١٩٨٩
سان ئۆسکار شانۆنامەیەکە لەسەر ئۆسکار وایڵد ١٩٨٩
بایەخی تیۆر ١٩٨٩
ئایدیۆلۆژیای ئیستاتیکا ١٩٩٠
ناسیونالیزم و ئیمپریالیزم و ئەدەب ١٩٩٠
ئایدیۆلۆژیا؛ ناساندنێک ١٩٩١ ـ ٢٠٠٧

ویتگنشتاین؛ سیناریۆ بۆ فیلم ١٩٩٣
تیۆری ئەدەب ١٩٩٦
وەهمەکانی پۆستمۆدێرنیزم ١٩٩٦
هیثکلیف و برسیبوونە گەورەکە ١٩٩٦
مارکس ١٩٩٧
جانەشێت و قەشەکان و چەند نووسینێک دەربارەی ڕۆشنبیری ئێرلەندی ١٩٩٨
بیرۆکەی کلتوور (ڕۆشنبیری) ٢٠٠٠
ڕاستی دەربارەی ئێرلەندییەکان ٢٠٠١
پاسەوانی دەروازەکە بیرەوەری ٢٠٠٢
توونده وتیژی شیرین؛ بیرۆکەیەکی تراژیدی ٢٠٠٢
پاش تیۆر ٢٠٠٣
فیگەرە بەرهەڵستکارەکان؛ پیاچوونەوە بە فیش و سپیفاک و ژیژەک و ئەوانی دی ٢٠٠٣
ڕۆمانی ئینگلیزی؛ ناساندنێک ٢٠٠٥
تیرۆری پیرۆز ٢٠٠٥
مانای ژیان ٢٠٠٧
چۆن شیعر دەخوێنیتەوە ٢٠٠٧
کێشە لەگەڵ نەناسەکان؛ لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەخلاق ٢٠٠٨
تیۆری ئەدەبی؛ ٢٠٠٨
عەقڵ و باوەڕ و شۆڕش: تێرامان لە کەنگەشە دەربارەی خوا ٢٠٠٩

ئەرکی ڕەخنەگر؛ دایەلۆگی تێری ئیگڵتن و ماتیو بۆمۆنت ٢٠٠٩
دژ بە خراپەکار ٢٠١٠
بۆچی مارکس لەسەر هەق بوو ٢٠١١
ڕووداني ئەدەب ٢٠١٢
لەودیو گۆمەکە؛ دیدگای ئینگلیزییەکان بۆ ئەمریکا ٢٠١٣
چۆن ئەدەب دەخوێنیتەوە ٢٠١٣
کلتوور و مردنی خوا ٢٠١٤
ئومێد بەبێ گەشبینی ٢٠١٥
کلتوور ٢٠١٦
ماتریالیزم ٢٠١٧
قوربانی ڕادیکاڵییەت ٢٠١٨
بۆ خەندەی سەرلێو ٢٠١٩
تراژیدیا ٢٠٢٠

تێری ئیگڵتن تا ساتی ئامادەکردنی ئەم بابەتە لە نووسین و زیادکردنی بەرهەمەکانی هەر بەردەوامە. تێری ئیگڵتن پێیوایە مارکسیزم لەژیانی ئەودا هەر تەنها تیۆری فیکری نییە بۆ تێڕامان، بەڵکوو هۆکارێکیشە بۆ چالاکی نواندن و خەباتکردن لە ڕێکخراوە مارکسییەکان. تێری لەگەڵ دەستپێکی ڕەخنەی لە ترادیسیۆنی چەپی نوێی بەریتانیا لە ساڵی ١٩٧٠ و بەتایبەتیش لە کتێبی پەنابەر و دوورخراوەکان؛ لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی نوێ ١٩٧٠، ئینجا بەوپەڕی پشوو درێژییەوە کەوتە وەڵامدانەوە

بە تیۆری بونیادگەرا و پۆستمۆدێرنیستەکان، بەتایبەتیش لویس ئاڵتوسێر و پییەخ مەشخرەی فەرەنسی. گەلێ ڕەخنەگر و نووسەر وەکوو ولیەم دریسیوز و ڕەخنەگر و ڕۆماننووس دەیڤد لۆج و سێر جانەسن بەیت دەربارەی تێری نووسیویانە. تێری دووجار هاوسەرگیری کردووە و خاوەنی پێنج منداڵە. ئەم ڕەخنەگرە مارکسیستە پێیوایە تۆپێن تلیاکێکی تازەیە بۆ خەڵک و سەرنجی خەڵکانی سادە بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت و لەمەسەلە گەوهەرییە کۆمەڵایەتییە گرنگەکان دووریان دەخاتەوە.

## سەرچاوەکان:

1-https://en.wikipedia.org/wiki/Terry_Eagleton
2-Modern Critisism and Theory  Edited by David Lodge published in USA 1988, page 384

# کلۆڤیس هوگس...

# شاعیری کۆمۆنەی پاریس



کلۆڤیس شاعیر و ڕۆژنامەنووس و درامانووس و ڕۆماننووسی و هەڵسوڕاوی سۆشیالیستی فەرەنسی، لە ٣ی تشرینی دووەمی ١٨٥١ لە شاری ڤاوکلس لەفەرەنسا، لە خێزانێکی ئاشەوان لەدایکبووە. خوێندنی لاهوتی لەکاربینترا خوێندووە بەڵام هیچ کارێکی بەو خوێندنە نەکردووە. ئەم شاعیرە هەڵسوڕاوێکی سۆشیالیستی بووە و لەکۆمۆنەی پاریسدا وەک نووسەر و شاعیر ڕۆڵی شاعیرێکی شۆڕشگێڕی بینیوە و وەک شاعیری کۆمۆنەی پاریس ناسراوە. کلۆڤیس چەند وتارێک لە ستایشی کۆمۆنەی پاریس دەنووسێت و لە ڕۆژنامەی مەرسیل بڵاوی دەکاتەوە ، بۆیە ساڵی ١٨٧١ بە سێ ساڵ زیندانی و سزای ٦٠٠٠ فرەنگ سزا دەدرێت. ساڵی ١٨٧٧ لەگەڵ خانمە پەیکەرساز جین رۆیانز (١٨٥١ - ١٩٠٧) هاوسەرگیری دەکات. ساڵی ١٨٧٧ لەگەڵ ناحەزەکەی کە ڕۆژنامەنووسێکی رقەبەری خۆی بوو شەڕە شمشێر دەکات و کلۆڤیس هاوتاکەی دەکوژێت. کلۆڤیس زۆربەی نووسین و بەرهەمە ئەدەبییەکانی بەشێوەزاری ئۆکسیتانی تایبەت بە باشووری وڵاتی فەرەنسا دەنووسی. دوای کۆمۆنەی پاریس هەر لە فەرەنسا دەمێنێتەوە. ساڵی ١٨٨١ لە هەڵبژاردنی گشتی شاری مارسیل بە جێگر هەڵدەبژێردرێت کە ئەوکات نوێنەری حیزبی کرێکارانی فەرەنسا بووە. جارێکی تر لە ساڵی ١٨٨٥ و ئینجا ١٨٩٣ وتا ساڵی ١٩٠٦ درێژەی بەکارەکەی دا. لە ساڵی ١٨٩٨ وەک سەرۆکی کۆمەڵەی ئەدەبی - کلتووری فێلێبریج هەڵدەبژێردرێت. شایانی وتنە ئەم کۆمەڵەیە لەلایەن فریدریک فێرتزاڵەوە دامەزرابوو و زۆربەی چالاکییەکانی بەشێوەزاری ئۆکسیتانی بەڕێوە بردووە. کلۆڤیس

له ١١ى حوزەیرانی ساڵی ١٩٠٧ دڵی پڕ له ئومێدی بۆ بنیادنانی سۆسیالیزم بۆ هەمیشه لەلێدان کەوت.

**کۆپڵەشیعرێکی کلۆڤیس :**

پەیمان.. پەیمانه تا دوا بت
بتەکانتان پێشێل دەکەین
داسی مەرگ لەدروێنەی مرۆڤ دەخەین
به بازوومان له تەختەی سێدارەکانتان
کورسی خوێندن بۆ
منداڵان دروست دەکەین.

کلۆڤیس لەنێوان ساڵانی ١٨٧٥ تا ١٨٨٨چوار کۆشیعر و دوو ڕۆمان و دوو شانۆنامەی نووسیوه و هەروەها ئەندامی حیزبی کرێکارانی فەرەنسا بووه و دووجاریش ڕێزه لێنراوه و خەڵات کراوه.شایانی باسه بەرهەمه ئەدەبییەکانی کلۆڤیس لێوانلێون له زرنگیی و زەندوێتی.

**تێبینی: ئەم کۆپڵەیه شاعیری کرێکارانی کورد دڵشاد مەریوانی وەریگێڕاوه**

## سەرچاوە:

https://en.wikipedia.org/wiki/Clovis_Hugues

# ئالیکسەندەر تۆما
# شاعیری شۆڕشگێڕ و
# مارکسیستی ڕۆمانیا




ئال‌یکساندەر تۆمای (سۆلۆمۆن مۆسکۆفیجی) شاعیر و نووسەری مارکسیستی ڕۆمانیا، هەڵگری بیروباوەڕی کۆمۆنیستی بووکە ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لە پێشخستنی ئەدەبی ڕیالیزمی سۆشیالیستی لە ڕۆمانیا. ئالیکسەندەر؛ لەژێر کاریگەری شاعیری ڕۆمانی میهای ئیمینیسکۆ بوو و لەڕووی سیاسییەوە پەیڕەوکەری سیاسەتەکانی ئەو سەردەمەی ستالین بوو. باوکی سۆرین تۆما بوو کە هەڵسوڕاوێکی جیددی حیزبی کۆمۆنیستی ڕۆمانیا بوو. ئالیکسەندەر تۆمای لە یانزەی شوباتی ساڵی ١٨٧٥ لە ڕۆمانیا لە خێزانێکی جوولەکە لە دایکبووە. بەرهەمەکانی تۆما دەرباری سیمبۆلۆیزم و ڕەخنەی تەقلیدی بوون بەتایبەتی دەربارەی پرۆلیتاریا، باڵی چەپی بزووتنەوەی ڕەمزگەرایی ڕۆمانیا. تۆما نووسینەکانی شانبەشانی نووسینی چیرۆکنووسی کۆمۆنیست ئالیکساندەر ساهیا و سادۆفیانی ڕۆماننووسی خاوەن مەیلی چەپگەرا، لە کتێبی قوتابخانەکان دەخوێندرا. ئەمانە ڕۆحی زیندووی ئەدەبی ڕۆمانی بوون لە سەدەی بیستدا. ساڵی ١٩٤٩ تۆما و سادۆفیانو یەکێتیی نووسەرانی ڕۆمانیا دروست دەکەن کە وەلائیان بۆ جۆزەف ستالین و سەرۆکی حیزبی کۆمۆنیستی ڕۆمانی جۆرجی جۆرجی دیج نیشان داوە و یەکەمین خەڵاتی دەوڵەتی ڕۆمانی بۆ شیعر دەدرێت بە تۆما.

ئالیکسەندەر تۆمان، لە پانزەی ئابی ساڵی ١٩٥٤ لە شاری بوخارستی پایتەخت دڵی لە لێدان کەوت و شیعر و نووسینی بۆ هەمیشە جێهێشت.

## سەرچاوە:

https://en.wikipedia.org/wiki/Alexandru_Toma

# مەکسیم گۆرکی
# باوکی ڕێبازی ڕیالیزمی سۆشیالیستی



لەخۆرئاواوە ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە

عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ)

مەکسیم گۆرکی؛ کە بەباوکی ڕێبازە ڕیالیزمی شۆشیالیستیی ناوزەد دەکرێت، ناوێکە هێندە ناسراوە نەک تەنها لەنێو بزووتنەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کرێکاریی، بەڵکوو لەنێو ئەدەبی بۆرژوازیشدا، یەکێکە لە ئایکۆنە هەرە دیارەکانی دونیای ئەدەب. پایەی ئەدەبیی و سیاسیی گۆرکی لەئاستێکدا بووە کە لینین ژمارەیەک نامەی تایبەتی بۆ ناردووە و گفتوگۆیان لەسەر گەلێ مەسائیلی گرنگ کردووە وەک ئەوەی چ ئەدەبێک دەبێ بنووسرێت؟ زمانی نووسینی بەرهەمەکانی گۆرکی لای گەورە بیرمەندێکی وەکوو پلیخانۆڤ بەمجۆرە وەسف دەکرێت(زمانێکی تا بڵێی جوان ودروستە). ئەلێکسی مەکسیمۆڤیچ پێشکۆف یەکێک لە نووسەرە هەرە مەزنەکانی نێو مێژووی ئەدەبیات کە لە ڕووسیا و یەکێتیی سۆڤییەتی جاران، لە ٢٨ ی ئازاری ساڵی ١٨٦٨ لەدایکبووە. لەتەمەنی نۆ ساڵیدا هەتیو دەکەوێت و لەژێر دەستی زڕباوک دوچاری ئەشکەنجە و لێدان دەبێتەوە. باوکی و پاشان دایکی هەر زوو دەمرن و دواتر نەنکی دەیگرێتە خۆ. لەساڵی ١٨٨٠ لە تەمەنی دوانزە ساڵیدا ماڵ جێدێڵێت و هەڵدێت. دوای هەوڵی خۆکوشتن لە تەمەنی نۆزدە ساڵی کە بەخت یاوەری دەبێت و گوللەکە دڵی ناپێکێت، لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٨٨٧، بۆ ماوەی پێنج ساڵ دەست دەکات بە گەشت و بەنێو ئیمپراتۆری ڕووسی. چەندین جار ئیشەکانی خۆی گۆڕی هەر لە کەشتیوان و کرێکاری هێڵی شەمەندەفەر و کرێکاری هاڕینی خوێ و بەردەستی پارێزەر تا دواجار لەسەر نووسین گیرسایەوە. لە ماوەی کارکردنیشدا گۆرکی لەلایەن خاوەن کارەکانییەوە دوچاری لێدان و سووکایەتیکردن

بۆتەوە. سەرەتا وەکوو ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژنامەیەکی ناوخۆیی دەست بەکار دەبێ و لەوێوە نازناوی گۆرکی واتا (تاڵ) دەکاتە نازناو و پاشناوی خۆی. ساڵی ١٨٩٢ یەکەمین کورتەچیرۆکی خۆی لە ڕۆژنامەی قەوقاز بڵاو دەکاتەوە، یەکەمین کتێبیشی لەساڵی ١٨٩٨ بڵاو دەکاتەوە. مەکسیم گۆرکی ناوناوبانگی و ئیعتباری ئەدەبیی و سیاسیی لەوێوە بەرجەستە دەکات کە لە نووسینەکانی و بەرهەمە ئەدەبییەکانی دەبنە دەنگێکی ناوازەی هەژاران و چینی کرێکاری ڕووسی. دەوروبەری ساڵی ١٨٩٩ نزیکایەتی لەگەڵ بزووتنەوەی مارکسیستی سۆشیال دیموکراتی ڕووسیا پەیدا دەکات. مەکسیم گۆرکی بەهۆی چالاکی و خەباتی چڕ و پڕی سیاسیی دژ بە دەسەڵاتی قەیسەر، چەندین جار زیندانی دەکرێت. لەگەڵ زۆرێک لە شۆڕشگێڕانی ئەوکاتی ڕووسیا نزیکایەتی و هاوڕێیەتی دەبێت و بەتایبەتی دوای ساڵی ١٩٠٢ کە لەگەڵ ڤلادیمیر لینین یەکتر دەبینن و دەبنە هاوڕێی یەکتر. گۆرکی ساڵی ١٩٠٢ هەڵبژێردرا بۆ ڕێزلێنانی ئەکادیمی ئەدەبیی بەڵام قەیسەر ئەو ڕێزلێنانەی ڕەت کردەوە. وەک نارەزایەتییەکیش بۆ ئەم بڕیارەی قەیسەر، ئەنتوان چیخۆڤ و ڤلادیمیر کۆرۆلێنکۆ وازیان لە ئەکادیمیا هێنا. ساڵی ١٩٠٠ تا ١٩٠٥ نووسینەکانی گۆرکی بەرەو گەشبینی ڕێچکەیان گرت. ساڵی ١٩٠٤ لە شانۆی هونەریی مۆسکۆ کاری کرد. گۆڕکی وەک نووسەر و سەرنووسەر و شانۆنامەنووسێکی سەرکەوتوو ۆ ماوەیەکی باش بەردەوام کۆمەکی دارایی حیزبی کرێکارانی سۆشیال دیموکراتی ڕووسیا دەکات. ساڵی ١٩٠٦ بەلشەفیزم

دەینرێتە ئەمریکا بۆ کۆکردنەوەی ئیمکاناتی دارایی بۆ حیزب. هەر هەمان ساڵ ١٩٠٦ ڕۆمانی بەناوبانگی دایک دەنووسێت، کە ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕا لە هۆشیارکردنەوەی کرێکاران لە خەباتیان دژ بە دەسەڵاتی قەیسەر. گۆرکی ساڵی ١٩٠٦ تا ١٩١٣ گۆرکی لە تاراوگە ژیانی بردۆتە سەر. دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەریش گۆرکی لە ساڵی ١٩٢١ جارێکی تر ڕووسیا جێدێڵێ و دەڕواتە بەرلین. گۆرکی لەژیانی خۆیدا دژایەتی دەسەڵاتی بەشەفیزم و یەکێتیی سۆڤییەتی جاران یان ستالینیزمی ڕاستەخۆ نەکردووە، بەڵکوو لە تاراوگەوە ستالین هەوڵی جیددی دا قەناعەت بە گۆرکی بهێنێت تا بگەڕێتەوە وڵات. گۆرکی گەڕایەوە یەکێتیی سۆڤییەت و سەرپەرشتی ژمارەیەک گۆڤار و بڵاوکراوەی دەکرد. گۆرکی لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٣٤ بەشداری کۆنگرەی نووسەرانی یەکێتیی سۆڤییەتی جاران دەکات و وتارێکی تێروتەسەل دەربارەی ڕیالیزمی سۆشیالیستی پێشکەش دەکات. دەسەڵاتی ستالین لە ساڵی ١٩٣٤ دا گۆرکی لە ماڵەکەی خۆی لە نزیک مۆسکۆی پایتەخت ناچار بە ئیقامەی ئیجباری دەکا. لە چواردەی حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٦ مەکسیم گۆرکی ئەو ئەستێرە پرشنگدارەی نێو بزووتنەوەی ئەدەبی کرێکاریی بۆ هەمیشە چاو لێک دەبێ و ماڵاوایی لە نووسین و ڕۆمان و شانۆنامە دەکات. بەمەرگی گۆرکی بزووتنەوەی ئەدەبی مارکسیستی یەکێک لە نووسەرە هەرە ناودار و بەتواناکانی خۆی لەدەست دا. مەکسیم گۆرکی لە ٦٨ ساڵی تەمەنی خۆیدا چواردە ڕۆمان و پێنج کورتەڕۆمان و حەوت کۆچیرۆک و حەڤدە شانۆنامە

و حەوت کتێبی نووسین و یەک کتێبی شیعر و سێ کتێبی یاداشتنامە و چوار کتێبی کۆکراوەی بەرهەمەکانی چاپ و بڵاو کردۆتەوە. ئەمە جگە لە سەدان کتێب کەلەسەر ئەم نووسەرە کرێکارییە نووسراون. بەرهەمە ئەدەبییەکانی گۆرکی وەرگێڕدراونەتە سەر گەلێ لە زمانە زیندووەکانی جیهان.

## سەرچاوەکان:


1-https://en.wikipedia.org/wiki/Maxim_Gorky

2-https://www.imdb.com/name/nm0331003/bio

3-http://www.imagi-nation.com/moonstruck/clsc73.html

4-https://www.newworldencyclopedia.org/entry/Maxim_Gorky

٥- الفن و التصور المادي للتاريخ جورج بليخانوف ترجمة جرج طرابيشي دار الطليعة بيروت لبنان ١٩٧٧

٦-تراژیدیای مەکسیم گۆرکی, ئایکۆنی پرۆلیتاریا, عبدالله حبە, وەرگێرانی نەجات عەزەز, گۆڤاری هانا, ژمارە ٢ ساڵی ٢٠١٧.

# سوپاسنامە

سوپاسی زۆر تایبەتم بۆ ناوەندی هونەر و ئەدەبی کرێکاریی هانا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە. هەروەها زۆر سوپاس بۆ هاوڕێی فرە ئازیزم سلێمان قاسمیانی کە بە کتێبەکەدا چووەوە و بە گەلێ تێبینی و سەرنجی بەسوود کتێبەکەی دەوڵەمەند و جوانتر کرد.